زنجیرەی دۆسێیە فەرهەنگی و فیکریەکان
دۆسێی ژمارە (12)

# چەند دیدێك دەربارەی

# هونەرو ئەدەب و کتێب و نووسین

نووسینی: محەمەد هەریری





زنجیرەی دۆسێیە فەرهەنگی و فیکریەکان

دۆسێی ژمارە (١٢)

# چەند دیدێك دەربارەی

# هونەر و ئەدەب  و کتێب و نووسین

نووسینی: محەمەد هەریری

چاپی ئەلکترۆنی یەکەم:

ئایاری ٢٠٢٢

دیزاینی بەرگ و ناواخن

هادی هونەر

# دەروازەیەك

لە پاڵ نووسینە دینییەکان و سیاسییەکانم، وەك هونەر و ئەدەب دۆستێك زۆرجار دەست بۆ بابەتی ئەدەبی و هونەری و گۆرانی و دراما و فیلم وشیعر دەبەم.

ئەو دۆسێیەی بەردەستت کۆمەڵێ وتاری هونەری و ئەدەبین دەربارەی هەندێ لە حاڵەتەکان و دیاردە هونەری و ئەدەبیەکان نووسراوە، تیایدا وەك نووسەرێك ئەو بوارە گرنگانەی مێژووی میللەتەکەمان هەڵدەسنگێنم، بە تایبەتی لە سەردەمی ئەو گەندەڵستانە و جەنگەڵستانەی کوردایەتییە شێوێنراوەدا.

لە بواری مۆسیقا و هونەردا کەسانێکی ئاست نزم و نقووم بوو لە گەندەڵی دراوی و جەستەیی و چەژەیی، باڵیان بەسەر گۆڕەپانەکە کێشاوە، ڕۆژانە زەوقی هونەریمان لەناو دەبەن. دەیانەوێت ڕەسەنایەتی بە هونەر و ئاواز و مۆسیقای کوردی نەهێڵنەوە. لە بواری دراماشدا، ئەوە دەڵێم هیچ میللەتێك لەسەر گۆی زەوی مێژووی پڕ لە درامای جەرگبڕ نییە وەك کورد، کەچی کاتێك دێن بۆ بەرهەمهێنانی درامایەکی هونەری، سیناریۆ و ئەدا و نواندن و دەرهێنان لەوپەڕی پەرپووتی خۆی دەنوێنێ، بە قەد منداڵێکی وڵاتانیتر نازانن نواندن بکەن!

بەشێکی کتێبەکەشم بۆ شیعر و شاعیران تەرخانکردووە، لە سەرووی هەموویانەوە شاعیری گەورەی بێ وێنەی کورد عەبدوڵلا پەشێو، کە لە دەیان بۆنەدا بابەتم لەسەر نووسیوە، بە شانازیەوە وەك مامۆستایەکی ژیانی خۆمی دەزانم، وانەی خۆشەویستی گەل ونیشتیمان و زمان لەو فێربووم.

باسی شاعیری تریشم کردوە، لەوانەی پیشەیەکەیان بە گەندەڵی دزێو کردووە، هەروەها باسی شاعیری گەورەی عەرەبیشم کردووە وەك نەزار قەبانی و محمود درویش.

بەشێکی گەورەی ئەو دۆسێیەم تەرخان کردووە بۆ هەندێ لەو کتێبانە خوێندنەوەم بۆیان کردووە، بێگومان تەواوی ئەو کتێبانە نین، بەڵام ئەو کۆمەلە کتێبەم هەڵبژاردووە، کەلام زۆر گرنگن، ڕەنگە لە دوارۆژدا وەك دۆسێیەکی سەربەخۆ هەموو کتێب خوێندنەوەکانم لە یەك بەرگ کۆبکەمەوە.

هیوادارم توانیبێتم بەو وتارانە ونووسینانە خزمەتێکم کردبێت و زانیاریەکی بەسوود بخاتە سەر زانیاریەکانتان.

**محەمەد هەریری**

**٢٠٢٢/٥/١٠**

# بەشی یەکەم

# هونەر و گۆرانی و مۆسیقا

## تێڕوانینێک لە هونەری هەڵکەوت زاهیر دا

## ١-٢

هەڵکەوت زاهیر دیاردەیەکە لەگەڵ لێشاوی گەندەڵی وەک پاشکۆو پاشگرێکی ئەو تسونامیە گەندەڵەی کوردستان لەو خاکەدا سەوز بوو و باڵای دەرکرد. بەردەوامیشی لەسەر سوتەمەنی ئەو گەندەڵیەوە وەستاوە، دەنا کێ باوەڕ دەکات ئەو هونەرە ناڕەسەنە مایەی خۆشی بهێنێتەوە چ جای لەوەی قازانج بکات. ڕاستە ڕێژەیەکی زۆر لە هەرزەکاران وخەڵکی تر سەیری ئەو کارانە دەکەن، بەڵام بلێی پارەی پێبدەن ئەوە زەحمەتە. ئەوانەی پاڵپشتی ئەو هونەرە دەکەن هەر ئەوانەن کە پاڵپشتی وەزیرو وەزارەتە گەندەڵەکان دەکەن کە بە ملیۆنەها دۆلاردیزە بەدەرخونە دەکەن بێ ئەوەی ڕۆژێک لێیان بپرسنەوە، یان وەك وەزارەتە ناو جانتاکەی ئاشتی هەورامی سەرەرای ئەو هەموو تاڵانکردنەی نەوت وسامانی نەتەوەیی هێشتا بە زیان کەوتۆتە سەر بودجەی هەرێم!!

کێشەی هەڵکەوت زاهیر لەوەدایە زۆر بە نەفەسێکی بەرزەفرو بوغرایەوە قسە دەکات، لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ [ئێن ئار تیڤی] چەندین جار هەر وشەی تەحەدا بەکار دەهێنێت، لەوەش سەیرتر هەر لەسەرەتاوە خۆی لەسەروی ڕەخنەوە دادەنێت ودەڵێت گوایە ئەوانەی ڕەخنەی لێدەگرن دەیانەوێت لە سایەی عەزەمەت و گەورەیی ئەودا ناو دەر بکەن!! ئەو لەهجەیە لە خۆباییە نوسەرێکی کوردی کاتی خۆی، کە یاخی بوو لە سێبەرەکەی خۆشی، بەبیر هێنامەوە، کە ئەویش هەروای دەگوت، شەو ورۆژ وەک شۆڕشگێڕە ئاشوبیەکان یان فەوزەویەکان خەریکی پەلاماردانی ئەم وئەو بوو، کەچی کەس بۆی نەبوو وەڵامی داتەوە نەوەک تاوانبار بکرێت بەوەی دەیەوێت بە پلیکانەی باڵای بەرزی ئەودا سەرکەوێت، تا لە کۆتاییدا دەستەمۆ کرا لە لایەن ئەوانەی کە جوێنی بە باوک وباپیریانیشی دەدا بە ڤایرۆسی سەوزە دۆلار، ئێستا بۆخۆی لە ئوتێلیکی ڕاقی میوانی هەمیشەییە وهەرسەرگەرمی خواردنەوە ووڕێنەیە. کاتی خۆی لەڕابردودا خەڵکی زۆر هەبوو وەڵامی نەدەدایەوە نەوەک بڵێت دەیانەوێت لە سایەی زەبەلاحی و گەورەیی ئەودا ناودار بن، ئێستا هێندە سوک و ڕیسوا وقێزەون بووە خەڵک بێزی نایەت ناوی بخاتە ناو وتارەکانیان.

هەلکەوت زاهیریش جگە لە چەند کارێکی کەم کە دەتوانی بڵێی بەکار دەچێت وهەرچەندە سەرچاوەکانی ئاوازەکان ئەمڕۆ بۆ ئێمە مەعلوم نیە، ڕاست و چۆپ کەوتۆتە شێواندن وقێزەون کردنی هونەری کوردی. ئەو بەناو هونەرمەندە هەموو بەهرەکەی ئەوەندەیە لاسایی تیاترۆخانەکانی لوبنان و میسر بکاتەوە، چونکە لەوە دەچێت بە قەلب وقاڵبەوە لەو بەشە هونەرە نزمەی ئەو دوو وڵاتە توابێتەوە، ئەو پیاوە سەرچاوەی ئیلهامی (....) ئەو ئیلهام بەخشەی

هەڵکەوتی گرتوە.! هەڵکەوت خەریکی هونەرێکە کە پێشان تەنها درەنگی شەو لە مەلهاکانی بەیروت و شارع الهرم قاهیرە پێشکەشی سەرخۆش وعەوداڵانی ئەهلی زەوقی سەوان دەکرا، وتایبەتیش بوو بە بادانی سمت وسینگ ودەربڕینی وشەی وروژێنەر بۆ جولاندنی هەستە نزمەکانی خوارەوە، وەکو نۆتی وهۆم شیکەواوەو تامی ئەو وئەویش بکە وتا دوایی!!!

کەچی ئێستا بەرۆژی ڕوناک لە سکرینی تەلەفزیۆنەکان یەکێک لە مێگەڵەکەی هەلکەوت زاهیر بەشیوەیەکی زۆر ڕەخیس وبازاڕی بە تەنها یان بە یاوەری پلەی بۆیەکی playboy هەڵکەوت باسی دەست بردن بۆ سینە وگۆنا ولێو ماچ کردن دەکات وگوایە نۆتیە واتە[ بزێوو شەیتانە]... گوێبگرە بۆ ئاستی ئەو وشانە کە سەرەڕای ئەوەی دەڵێی عەرەبێکی تازە کوردی فێربوو نوسیویەتی، تەنها ئاخ وئۆفی هەیفا وەهبی وبوس الواوا و [بحبک یا حمار]ت بەبیر دێنێتەوە :

تۆ کۆرێکی هاری لاچۆ لە سەر رێگام
چاو لە چاوم دائەگری ماچت کرد لە گۆنام
ویستم لە دەستت ڕاکەم خۆت نزیک کرد لە لام
دەستت خستە ناو دەستم ماچت کرد لە لێوم

کاک هەلکەوت زاهیر تەحەداش دەکات کە هونەرەکەی ئەو لەناو هونەری کوردی لە لوتکە دایە، چونکە ئاهەنگەکانی پڕەبن لە کچ وکوری هەرزەکار، ئەو برادەرە یان نازانێ یان خۆی لە گێلی دەدات کە لەبەرچی ئاهەنگەکانی ئەو لە ئاهەنگی بۆ نمونە هونەرمەندێکی ڕەسەنی وەك عەدنان کەریمیش قەرەباڵغتر بێت. چونکە هەڵکەوت ئاسانترین چەك لەو گۆڕەپانە بەکاردەهێنێت، کە چەکی وروژاندنی سێکسییە وهێزی جوانی ئافرەتە، بۆیە گومانم نییە هەیفا وەهبیش بینەری زیاتری هەیە لە ئوم کەلسوم لەسەر یوتیوبدا، لە یەتیوب کچێکی مەسیحی میسری باسی سیاسەتیش دەکات نەک بابەتێکی سێکسی، بەڵام چونکە زۆر جوانە و زۆر بە نازوعیشوەوە ئەدای دەکات، وسەرەڕای ئەوەی قسەکانی فلسێکی قەڵب ناهێنێت لە دنیای سیاسەت وفیکردا، کەچی زیاتر لە ملیۆنێك و سێ سەد هەزار بینەری هەیە.

٢٠١٦/٤/٢٣

# ٢-٢

!!ئەوانەی لە مێگەڵەکەی هەلکەوت وهەیفا کۆدەبنەوە بە پاڵنەری جنسی وسێکسیەوە دێن بۆ ئەوێ نەک بە پاڵنەری دیتن وبیستنی هونەرێکی ڕەسەن، ئەی ماقوڵە ئەو ناسلی ولۆکە ودەشنێ وئەوانی تر بە نیمچە ڕووتی وبە وشە ڕوتەکانیان وجوڵە سێکسیەکانیان نیشانی گەنجانی وروژاو بدات لەجیاتی بچنە لای ئەو دەچن بۆ کۆڕی فاروق ڕەفیق بۆ نمونە؟!! کاری هونەرمەندی هەقیقی بەرزکردنەوەی هەست وچێژی هونەرە لای خەڵک نەک تەخدیرکردنیان بە غەریزەی سێکسی.

سەیر لەوەدایە لە چاوپێکەوتنەکەیدا هێندە خۆی فریشتە ئاسا دەردەخات خەریکە شەیتان شەرمی لێدەکات، کەچی قسەکانی هانی و باخان دەیسەلمێنن کە لەبەرامبەر ئەنجامدانی کاری هونەری داوای بەرامبەری نا (...)و نامادیان لێدەکرێت جا لەلایەن (.....)، نازانم کێ داوایان لێدەکات؟!! بێگومان کەسێکی زیرەکی ناوێت تا بزانێت ئەو شتە نامادیانە چیین کە داوایان لێدەکرێت، بەداخەوە نێوەندی هونەری کوردی بەرەو ئەو هەڵدێرە بردوە!!

کورە نازدارەکەی ڕاوێژکارەکەی حکومەتی پێشو وەک چۆن ژمارەی پێوانەیی لەو ئاوازو وشە بەرزانە شکاندوە بە دانانی ٦٠٠ ئاوازی بێ دایک وباوك کە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت لۆکە وناسلی بە کوردی بیکەنە گۆرانی یان نانا ودومنیک وهەیفا وەهبی بە عەرەبی بیان چڕن، بە هەمان شێوە خەریکە ژمارەی پێوانەیی دەشکێنێت لە زیادەڕۆییەکانی لە دەربڕینە بێ پەردەکانی وەك:

هەوەس و هەوەسبازی هاتیتە بەر دەرگام
ویستت ماچێکم بکەی لێوت هێنا بۆ لام
دەستت برد بۆ سینەی من وتت ئاە پێم خۆشە

یان هاندانێکی بێ پەردە بۆ ڕابواردنی بێ سنوری کچان لەگەڵ ئەم وئەو و شوو نەکردن :

بە قسەم کە شوو مەکە
یاری بە ئەو وخۆت مەکە
تا ئەتوانی خۆت ئازاد کە
تامی ئەو وئەویش بکە!!

ڕۆژ بەڕۆژ قسە بێ پەردەکانی زیاد دەکات ئەجوائی بێ مۆڕاڵی مەلهاکانی بەیروت وقاهیرە دەهێنێتە ناو هونەری کوردی بە پشتگیری کەسانێك لە دەسەڵاتەوە، ئەو دەسەڵاتدارانەی کە بەس نیە ئەو پیاوەیان کردۆتە صدام حسێنی هونەری کوردی بە قەولی باخان، بەڵکو دەیانەوێت یەك کەناڵی ئاسمانی تایبەتیشی بۆ دامەزرێنن تا زیاتر هونەرە بێ پەردە ونۆتی وپۆرنۆیەکەی برەو پێبدات! ئەو دەسەڵاتە چی ماوە تێکی نەدابێت تا لێی ئەمین بین لەسەر هونەری کوردی و ئەویش تێک نەدات؟! لە جیاتی زمانێکی فۆڕماڵی کوردی یەکگرتوو، دوو زمانی فەرمی دروست کردوە لە جوگرافیایەکی بچوکدا ...

پێناسنامەی نەتەوەیی لە نێو گۆمی وەلائی حزبیدا خنکاند... گیانی ئینتیمای نەتەوایەتی لە دەرونی زۆربەی خەڵکدا کوشت بە گەندەڵیە زەبەلاحەکان کە هەموو سنورێکی لۆژیکی تێپەڕاندوە .
سەروەت و سامانی ئەو میللەتەی هەموو تاڵان کردوو و بە هەدەری دا، وای لێهاتوە دەست و پێوەندە کانیان فرۆکەی تایبەت بۆ منالەکانیان بە دیاری دەکڕن! ڕۆژێک دێت ئەو وڵاتە دەگاتە چاخی تەواو بوونی نەوت هەمومان یەکسان دەبین لە هەژاری و سواڵکەریدا، چونکە خۆ وەك وڵاتانی ئەوروپا خەمی نەوەی دوارۆژ وئایندەمان نەخواردوە تا سامانە زیادەکانمان بۆیان بخەینە حیسابێکی تایبەتەوە، هەتا وڵاتێکی بچوکی وەك کوێت، لەترسی تەواو بوونی نەوت هێندە پڕۆژەی وەبەرهێنانی ئەنجامداوە لەسەر ئاستی جیهاندا، ئەگەر ئێستا نەوت کۆتایی پێ بێت کاریان لێ ناکات!!

# موفرەداتەکانی گەندەڵی یەک پاکێچن

پارەی زۆری بە هەوەنتە دەست کەوتوو پێویستی بە کاڵای گرانبەها هەیە، پێویستی بە سەیارەی دوا مۆدێل هەیە، پێویستی بە قەسرو تەلاری خەیاڵی هەیە، پێویستی بە گازینۆی قومار هەیە، پێویستی بە هونەرێکی شازونۆتی وەک (....) هەلکەوت زاهیری هەیە، پێویستی بە ئاخ وئۆفی نیشەبزوێنی دەشنێ ولۆکە وناسیلی وباقی مێگەڵەکەیە، بەڵکو لەجیاتی هێنانی نانسی عەجرەم وهەیفا وئەلیسا وسەماکەرە ئیرۆسیەکانی جەمشید بەرهەمی خۆماڵی برەو پێبدەین تا عوملەی سەعبەمان بۆ بگەڕێتەوە نەچێتە گیرفانی (....) عەرەب و فارس و تورک چونکە هینەکانی خۆمان ئەولاترن، کە ئەوە جۆرێکیشە لە کوردایەتی!

لە کێشەی کتێبی [ئایەتە شەیتانیەکان]ی سەلمان ڕوشدی وفەتوا بەناوبانگەکەی کوشتنی، خەڵکێکی زۆر بەرگریان لێکرد یان لە دژی بوون، بەڵام ئەوەی لە هەموان زیاتر سەرنجی منی ڕاکێشا ئەوە بوو نوسەرێکی بەریتانی گوتی:" من دەڵێم سەلمان ڕوشدی موستەهەقی فەتوای کوشتنە لەبەر بیروڕاکانی نا، بەڵکو لەبەر ئاستی نزمی ئەدەبی نوسیندا"!!

هەڵکەوتیش موستەهەقی ڕەخنە وئیدانەکردنە لەبەر هونەر نا، بەڵکو لەبەر ئاستی نزم ونارەسەنایەتی هونەرەکەی. دەسەڵاتیش وەک لەو بوارەی بەرهەم هێنانەدا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە وهەلکەوت زاهیر توانیویەتی لە ساڵێکدا ٦٠٠ ئاوازی [نۆتی وهۆم شیکەواوا وتامی ئەو وئەم بکە] دابنێت، ئەگەر لە بوارەکانیی تری بەرهەمهێناندا هێندە بلیمەت بایە نە پێویستیمان بە کەرەوزی ئێرانی و نە بە پیازی کوێتی ونە بە تەماتەی سعودی وڕۆنی تورکی وماستی مۆزەمبیقی دەبوو .

٠٤-٠٦-٢٠١٢

# له بەدبەختی شێخ عبداللطیفی سەلەفی
# مێبازێکی وەك هەڵکەوت زاهیر بەرگری لێ دەکات!

ئەو خەبیرە لە هونەری وروژاندن و سنگ و سمت، ئێستا دەڵیت من خەبیری دەنگم ئەو دەنگانەی بڵاوکرایەوە دەنگی شێخی ڕۆمانسی نییە... ئەو هەڵکەوتە دەزانێت کەسی وەك ئەو دەربازی نابێت لە هێرشی سەلەفیان بۆیە ڕۆژانە هەوڵی ماستاوکردن دەدات بۆ کەسایەتیە دینیەکان، ڕۆژێك لەگەڵ مەلا عەلی کەڵەکێ و ئەمڕۆش لەگەڵ شێخی سەلەفی!

لەوەش سەیرتر گۆرانیبێژێکی بێ شەخسیەت هەیە ناوی هەردی، بۆ ئەوەی ماڵی خەزوری ڕازین کچەکەیانی بدەنێ مەرجیان لەسەردانا واز لە گۆرانی و هونەر بهێنێت، ئێستا چەند ساڵێکە وازی هێناوە وەک هەڵکەوت تێوەگلاوە لە گەندەڵی و بزنز دەکات لەگەڵ دەسەڵاتی گەندەڵ، ئەویش بەرگری لە شێخی ڕۆمانسی دەکات، پاش ئەوەی بە زەبری شەقی ماڵە خەزوری کردیانە ئیسلامی و دەروێش!.

ئەو میللەتە چۆن شێوێندراوە، ڕۆژنامەی سێکیولار و میدیای سێکیولار و نووسەری دژی ئیسلامی سیاسی گوایە، هەمووی پشتگیری لە دواکەوتوترین پرۆژەی تێکدەری سەلەفیزم و بە عەرەبکردن دەکەن.

٢٠١٦/٤/٢٠

## ماناکانی پشت پشتگیریەکانی هەڵکەوت زاهیر
## لە مەلا و بانگخوازەکانی وەک لەتیف و ئەمجارە هەڵۆ!

ئەو کاک هەڵکەوت زاهیرە لە ناخەوە دەزانێت چەندە ئیستیفزازی هەستی دینی و ڕەوشتی خەڵک دەکات، بەو شتەی کە ناوی ناوە هونەر. ئەخر خۆی دەزانێ ئەو هەموو ئینحلال و ئەلفازی بازاڕی وسێکسیانەی ناو گۆرانیەکانی و بە دەمی کچە لووسەکانی هەموو سنورێکیان تێپەڕانداوە!

هەڵکەوت کەسێکە دەیەوێ بژێت لە نزیک ئەو کچ بە لەنجە ولارانە کە تا درەنگانی شەو پڕۆڤەی لەگەڵ دەکەن و جەوی خۆش دەکەن. هەروەها هەڵکەوت حەزی لەسەر ئێشەش نییە بۆیە ئامادەی هەموو تەنازولاتێکە بۆ دەسەڵاتی گەندەڵ .
لە کێشەکەی عبداللەتیف یش هەر زوو زوو هاتە سەر خەت و گووتی ئەو دەنگانە هی مەلا لەتیف نین! هێندەی نەبرد مەلا لەتیف و دەستوپێوەندەکانیشی دانیان پێداهێنا کە دەنگەکان هی مەلا لەتیفە!

ئەگەر ئەو هەڵکەوتە پلەی بۆیە playboy یەک تۆزقاڵ کەرامەت و ڕەوشتی هەبا قەت جارێکیتر نەدەهاتە دەنگ لەو بەزمانە پاش بەدرۆدەرکەوتنی! بەڵام وەک خائین ودز و فایلدارەکانی وڵات کە قەت ڕۆژێ شەرمیان لە کارە چەپەڵەکانیان نەکردۆتەوە، بە هەمان شێوە هەڵکەوتیش سەرەڕای بە درۆزن دەرکەوتنی لە کەیسی لەتیف، ئێستا جارێکیتر لەسەر کەیسی مەلا هەڵۆ هاتۆتە دەنگ وەک بڵێی نە بای دیبێت نەبۆران، دیسان دەڵێت وەک خەبیرێکی دەنگ ئەو دەنگانە هی مەلا هەڵۆ نین!

باشە کاکە کێ داوای ڕەئی مێبازێک وبەڕەڵلایەکی وەک تۆی کردوە؟!
هەڵکەوت هەمیشە موجامەلەی مەلا و گۆڕەپانی دینی دەکات، سەردانی بۆنەی ئیسلامی دەکات وسەردانی مەلا علی کەڵەک دەکات، سەردانی ولید ابراهیمی قورئان خوێنی عێراقی دەکات، لەلایەک ئاواز و گۆرانی وەیش وەیش، تامی ئەم وئەو بکە، هاتە هاتی بەربوک دادەنێ، لەلایەکیتر سرودی الله اکبر لە سعودیە ولەبەردەم کەعبە بەرهەم دێنێ!؟

ئەو هەڵکەوت زاهیرە دەزانێت ئەگەر وا ماستاو بۆ مەلا و گۆڕەپانی دینی نەکات، ئەو تیاترۆخانەیەی هەڵیدەسورێنێ بەناوی هونەر، و پەیوەندییە گوماناویەکانی لەگەڵ کچەکانی، و شەونخونییەکانی لەگەڵیان و سەردانەکانی قاهیرە وبەیروت و قوبرس لەگەڵ کچە لووسەکانی نارەزاییەکی زۆر بەهێز لە دژی دروست دەکات، بۆیە زۆر پێویستی بەو ماستاوکردنە و ساردکردنەوەیە بۆ مەلا و بانگخواز و جەماوەری ئیسلامی، دەنا لێی قبوڵ ناکەن و دەیدەنە بەر نەشتەری جوێن و هێرشەکانیان!

ئەوەی سەیرە هەڵکەوت لە بێدەنگکردن و نادیدەکردنی گۆڕەپانی دینی بۆ کارە قێزەونەکانی، سەرکەوتنێکی چاکی بەدەست هێناوە. زۆر لەو شەریفتر وچاکتر لەلایەن ئەو مەلا و بانگخوازە ئیسلامییانە ڕەخنەی لێدەگیرێت لەسەر بچوکترین کار، کەچی تا ئێستا نەمزانیوە مەلایەکی سەلەفی یان سۆفی یان حزبی هێرشێک بکاتە سەر هەڵکەوت زاهیر، چونکە مێشکی دینی وعاتیفیانەیانی فریوداوە بەو کردەوە نمایشکارە دینیانەی! چونکە ئیسلامی سیاسی پێوەری سیاسییە بۆ خەڵک، کێ دژیان بوو عابید و زاهیدیش بێ قبوڵیان نییە، ئەوەشی موجامەلەیان کات با سمسارێکی وەک هەڵکەوت زاهیریش بێ کێشە نییە!
وای لێهاتووە هەڵکەوت زاهیر چەکی لێخۆشبوون صكوك الغفران بفرۆشێتە هەر مەلایەک و بانگخوازێک تووشی سکانداڵێک بوون!

٢٠١٩/٩/١

# زۆر دیندارە و زۆریش فاسیدە!

هەڵکەوت زاهیر لە بەرنامەیەکی نوێدا، وەک هەمیشە بە دەنگێکی ئارام و لەسەرخۆ قسە دەکات، دەڵێت قەت تووڕە نابێت و ڕقی لەکەس نابێتەوە و قەت هەڵنەچووە لە ژیانی! دەڵێی باسی مرۆڤێکی میسالی وئایدیال دەکات نزیکتر لە فریشتە!

بەڵام باخان ی گۆرانبێژ دیاربوو ڕووە دزێوەکەی تری هەڵکەوتی دیتبوو، زۆر فشاریان لێکردبوو شتێکی تر ببەخشێ زیاتر لە هونەر ودەنگی! بەڵام دیارە دەیان کچی لاواز لەو ڕێگایە دەکەون، بێدەنگ دەبن وخۆیان دەدۆڕێن، بەڵام باخان وەک مرۆڤێکی پاک خۆی پاراست وحەیای ئەو نێوەندە زەلکاوەی هەڵکەوت زاهیری برد، و گووتی من لە دەنگم زیاترم پێ نییە بیدەم! ئافرەت و کچێکی زۆر هەن خۆبەخشانە حەزیان لەو خۆدۆڕاندنەیە تۆ بڕوانە ئەو کۆمێنتانەی کچە لووس و سوکەکان لە ژێر ئەو ڤیدیۆیە و ڤیدیۆی تری بۆی دەنووسن بە عەرەبیش، چونکە دەزانن مامسا هەڵکەوت ئەرابیسک حەزی لە عەرەبییە زیاتر لە کوردی، ئەوکاتە دەزانی چۆن لە پێناو شوهرەت وپارە، نەک هونەر کچانێک خۆیان مەزاد دەکەن!
نووسەری ژاپۆنی بواکی نۆتوهارا کە بیست ساڵی لەناو وڵاتانی میسر وعەرەبی بەسەر بردووە، قسەیەکی خۆش و بیلیمەتانەی هەیە لە وەسفی کۆمەڵگایە عەرەبیەکانی ئەو ناوچەیە دەڵێت: عەرەب زۆر دیندارن، زۆریش فاسیدن!

ئەو وتەیە هەڵکەوت زاهیریش دەگرێتەوە، کە دەڵێ من ساڵانە دوو جار دەچمە عەمرە کردن بۆ مەککە و مەدینە! دەڵێ خەڵک بە هەڵە لە من تێگەیشتوون وادەزانن لەناو ئەو هەموو کچە ڕووت و قووتە و شۆخ و شەنگەم دەبێ مرۆڤێکی خراپ بم! من زۆر مولتەزیمم بە دین و ئەگەر بڵێن لە نێوان دین و هونەر دەبێ یەکێکیان هەڵبژێری، ئەوە بە دڵنیایەوە دین هەڵدەبژێرم!
بەڕاستی عادیل ئیمام گووتەنی: حنعیط من الایمان و التقوی. لەبەر ئیمان وتەقوای گریانمان بۆی دێت!

بەو دواییە لە کلیپێکی دەنگی ئابڕووبەر لە سۆشیال میدیا بڵاوبوەوە، گوایە کابرایەکی خانەوادەی دەسەڵاتدارە، من قەت ئەو کابرایەم نەدیتوە قسە بکات بۆیە ناوی ناهێنم، چونکە دڵنیا نیم سەد دەر سەد! قسە لەگەڵ ژنێکی سۆزانی دەکات و زۆر سێکسی و بێ ئابڕووانە قسەی سێکس دەکەن، پیاوەکە بە کچە کوردە سۆزانیەکە دەڵێت ئەگەر هاتی بۆ کوردستان بڕۆ لای مامۆستا هەڵکەوت! یانی بەرلەوەی لەگەڵی جووت بێ، لای هەڵکەوت بحەسێتەوە بۆ ئامادەکاری!
بەڕاستی ئەو هەڵکەوت ئەرابیسکە زۆر بە تەقوا و زۆریش فاسیدە!

٢٠٢١/٩/٢٨

# کورد ئایدڵ ڕزگاربوونی کورد بوو لە عەرەب و تورک ئایدڵ

باشترین کارێک بوو کە یەکێتی کردبێتی، ئەو هەموو بینەرانەی لە هەموو کوردستان کۆکردەوە لە دەوری ئەو بەرنامەیە!

خۆزگە لە جیاتی سیاسەت یەکێتی هونەری کردبا!

ئاشنایەتیەکی زۆری لە نێو هەونەری کوردی هەر چوارپارچە دروست کرد، هەر گۆرانیبێژێک بە چەندین زارزمان گۆرانی دەچڕی. تەنها سەیرم پێهات بۆ گۆرانی زۆربەی گۆرانیبێژان لاسایی کرایەوە لەو بەرنامەیە تەنها گوێمان لە گۆرانیەکی گۆرانیبێژی گەورە زیاد ئەسعەد نەبوو ئەوە تەنها ڕەخنەیەکمە لەو بەرنامەیە.

لیژنەکە سەرەڕای هەر سەرنجێک زۆریش باش بوون . بەڕای من لە دادوەرە عەرەبەکان باشتریش بن خراپتر نەبوون.

لیژنەکە بە تایبەت کاک عدنان کەریم زۆر دڵسۆز بوون بۆ سەپاندنی ڕوحی گۆرانی و مۆسیقای ڕەسەنی کوردی بەسەر بەرنامەکە. پێویستە ئەو ڕوحیەتە ببێتە پرنسیپێکی کورد ئایدڵ و هەر بەرنامەیەکی هونەری کوردی تا ئاسەواری تێکدەرانەی ئەرابیسک و هەڵکەوت زاهیر لەسەر هونەری کوردی نەهێڵرێت.

هیوادارم ژیندا گەنجۆ هەر بە دەنگدان دەرچووبێت نەک لەبەر کۆبانێ بوون! چونکە ئەو قسەیە زۆر دەکرێ گوایە لەبەر خاتری کۆبانێ دەریانچواندوە!

بەڵام لە ڕاستیدا ژینداش دەنگێکی چاکی هەیە، هەروەها ڤیدات و ئاشتی عەزیز و فەرزاد و خەزەڵ و بانە و زۆریتر خاوەن دەنگی زۆر جوان بوون.

من لە جیاتی پارتی بم بەرنامەی The Voice دەکەم لە ڕقی یەکێتی! گرنگە مونافەسە سیاسیە بێ کەڵکەکانیان بچێتە مەیدانی هونەر و ئەدەب!

٢٠١٧/٧/١٥

# میللەتێکی بێ منەت لە سامانەکانی، شڤان و عەدنان بە نمونە!

لە دوێنێوە پارچە گۆرانیەکی پیرۆزبایی جەژنی شڤان پەروەرم بڵاوکردۆتەوە، کەسانێکی زۆر پەست کردووە لەبەر هۆکاری جیا جای حزبی یان نەتەوەیی و... هتد .

کورد لەگەڵ دڵسۆزەکانی زۆر بێ خەمە کاتێ لە لوتکەی دڵسۆزیشن تەنها بە وشە پشتگیریان دەکەن، ئەگەر بزانن لەبەر هەڵوێستە دڵسۆزەکانی باجی مەرگیش دەدات دەستی بۆ درێژ ناکەن، ئەگەر لە برسانا بشمرن هاریکاریان ناکەن، بەڵام کاتێ بچوکترین هەڵە و لاوازی بەدی کرد لە هەڵوێستی ئەو کەسە دڵسۆزە، وا بەر نەفرەتی دەدات، ئەگەر پەنجا ساڵیش لە خزمەتی میللەت دا بێت بەوپەڕی دڵسۆزیەوە، هەمووی بۆ دەسڕێتەوە و دەکەوێتە وێزەی، بە جوێندان و سووکایەتی پێکردنی، هەتا ئەگەر هەڵوێستەکەشی بە هەڵە وەرگرتبێت، و وەك ڕایەکی ئازادانەی خۆی بێت، ناوی خیانەتی لێ دەنێن.

شڤان بەر لە چەند ساڵێك پاڵپشتی پرۆسەی ئاشتی کرد بە ڕابەرایەتی ئەردۆگان، منیش ڕەخنەم هەبوو لەو کارەی، بەڵام ناتوانم بڵێم خیانەتی کردوە، ئەوە ڕای خۆیەتی گەیشتوە بەو ڕایە هەڵەیە لە نەزەری من و تۆ، لەوانەیە خۆی زۆر بە دڵسۆزانە پێیوابوو بێت ئەردۆگان کلیلی چارەسەری کێشەکەی لە دەستە، هەروەك من و هەزارانی وەك منیش ڕۆژێك فریومان بەو بیرۆکەیە خواردبوو! من ئەگەر لە مێردمنداڵیەوە شڤانم ناسیبێت و فێری خۆشەویستی گەل و نیشتیمان بووبم لێی، دەبێت ئەو هەموو دڵسۆزیەم لەبەرچاو بێت، هەرنەبێ ناڵێم وەک موسڵمان ٧٠ عوزر بۆ براکەت بدۆزەرەوە، بەڵکو تەنها یەك دوو عوزری بۆ بدۆزەرەوە!

لەبیرمە لە وتارێك لە گۆڤاری ئاڵای ئیسلام نووسیبووم ئەگەر قورئان بە دەنگی عبدالباسط و مەنشاوی ئیمانم بەرزبکاتەوە، ئەوە شڤان بە گۆرانییەکانی ڕووحی کوردایەتی و خۆشەویستی میللەتەکەم تێدا زیندوو دەکاتەوە، وەك پەشێوی مەزن دەربارەی شڤان دەڵێت:

ئەی نێرە هەڵۆی ڕەوەزان بچریکێنە

ئاسمانی بە تلیاک نوستوو ڕاچڵەکێنە

دوێنی لەگەڵ هاوڕێیەک باسی شڤانمان دەکرد، پێیم گووت، مرۆڤی گەورەی کورد دووچاری دەیان ئەزموونی دەوڵەت و حزبی دەرورو‌بەر و ناوخۆ دەبێتەوە، هەمووی هەوڵی کڕین و بە ڕۆبۆتکردن و ناوزڕاندنی دەدەن، بۆیە زۆر قورسە هەموو مرۆڤی کورد لە هەموو ئەزموونەکان بە سەلامەتی دەرچێ.

دوایێ کێ هەیە بە ئەردۆگان فریوی نەخواردبێت؟! منیش هەتارادەیەکی زۆر پێی فریوم خواردبوو، خودی پەکەکەش فریویان بە ئەردۆگان خواردبوو کاتێ چوونە ناوپرۆسەی ئاشتی لەگەڵی بۆ چەندین ساڵ خەباتی چەکدارییان بۆی ڕاگرت!

دەبا شڤانیش ئەو کوفرەی کردبێت، و فریوی پێ خواردبێت! بڵێن هەڵەی کردوە، نەیپێکاوە، و بڵێن نەدەبوایە وای کردبا، بەڵام بۆ دەبێت جوێن بە دایک و باوکی بدەین و بە خیانەتکار ناوزەدی کەین، لەناو ئاهەنگدا سازەکەی بەسەردا بشکێنین؟!

ئەخر هەموو مرۆڤیك قابیلی هەڵەیە، خۆ منیش ئەو کاتە بەر لە چوار ساڵێک لێی پەستبووم و ڕەخنەم لەو هەڵوێستەی هەبوو، بەڵام هەموو هەواڵەکان دەڵێن پاشەکشەی کردوە لە هەڵوێستەکانی کە زانیتی ئەردۆگان کلاوچییە. ئینجا بەڕاستی خاوەن دەنگێک و مێژوێکە لە هونەری بەرەنگاری زۆربەمان قەرزاری دەنگ و ڕوحیەتی شۆڕشگێری ئەوین. هیوادارم هەندێک نەرمتر بین لەگەڵ ئەو مرۆڤە بەتوانا و گەورانە بەڵکو ئەگەر هەڵەیەکیشی کردبێت، زووتر پەشیمان دەبێتەوە نەک دوژمنایەتی تا دێت تۆختر کەینەوە .جوێنی پێدەین و لەناو ئاهەنگێکی کۆمەڵایەتی هەڵکوتینە سەری و دەستدرێژی بکەینە سەری. نازانم ئێمە ئەو پیاوانەی کە مێژوو لە چەند سەد ساڵێك، تەنها دانەیەکمان پێ دەدات بۆ هێندە بەخشەندەین بۆ لە ناوبردنیان و تێکشکاندنیان؟!

بۆ هەلێکیتریان پێ نەدەین؟ خۆ تۆ خوا نیت و حزبەکەت خوا نییە بڕیاری خاینبوون و بێ باوەڕی و کوفری کەسێك دەدەیت بۆ هەتا هەتایی؟! شڤانێك ٣٧ ساڵ وڵاتی خۆی جێبهێڵێت لەبەر دۆزی میللەتەکەی، و گۆرانی بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان چڕیبێت، بەڵکو بۆ گەلی تورك و سوریا و فەلەستینیش گۆرانی گوتبێت، ڕۆژنامەیەکی عەرەبی العرب وەسفی بکات بە [شڤان هبة الله للاكراد] !شڤان دیاری خوایە بۆ کورد! تۆ چۆن دەتەوێ و دەتوانی وا بیسڕیتەوە؟!

ئەوە حزبە شاعیرێکی بەعسی پۆلێش دەکات وساف ولووسی دەکات و زیاتر لە ڕوبعە ملیۆنیك دەنگی بۆ کۆدەکاتەوە، هەر هەمان حزبیشە کابرایەکی توندڕەوی دینی لای حزبی [ئەلف] بەرزدەکاتەوە چونکە دژی حزبی [بێ] لێدوان دەدات، لە هەمان کاتدا هەر حزبە کابرایەکی وەك شڤان بە مێژوویکەوە لە خزمەتی کورد وا مەنبوز و بێ ئەرزش دەکات چونکە سەردانی حزبی [پێی] کردوە!

لەگەڵ عەدنان کەریم یش هەمان بەزمە. پێیان ئاساییە یاریکەرێکی وەك مێسی دوو بەقەد مووچەی هەموو کوردستان پارە وەرگرێت لەبەر یاری تۆپپێ کەس ناڵێت بۆ دەیەها هونەرمەند و زانا و خەڵکی لەو شایەنتر هەن هەتا مووچەی دەرگەوانی مێسی یش وەرناگرن، بەڵام ئەگەر گۆرانیبێژێکی گەورەی بێ وێنەی وەك عەدنان کەریم لە ئاهەنگێك دەفتەرێك دۆلاری وەرگرتبێت ئەوە زۆرە و دەبێت خاین بکرێت؟!

یان ئەگەر حزبێکی کوردی بە زۆر عەدنان لە هەڵوێستێك تێوەگلێنێ و تووشی هەڵەیەکی بکات، ئیتر فەیسبوك بە پاڵنەرێکی سیاسی حزبی یەك پارچە دەبێتە جوێندان بە عەدنان کەریم! هەتا ئەگەر عەدنان کارێکی چاکی وەك کوردئایدڵیشی کرد و دەیان گەنجی کوردی ڕزگار بکات لە عەرەب و تورك ئایدل، هەر خراپە، و نازانێ قسە بکات، نازانێ بڕیار بدات، سووکە شایی دەکات، تا کۆتایی لەو قسە منداڵبازارییانە.

عەدنان کەریم هونەرمەندە، دەنگێکە مەگەر خوا لە ٥٠٠ ساڵێك جارێك بە میللەتێکی بدات، تۆ چی تێدەگەی لە سامانی نەتەوەیی تا بڵێیت هەتا ماوم گوێ لەدەنگی ناگرم چونکە سەردانی زۆنی پارتی کردوە و خەڵاتی لێیان وەرگرتووە!؟ منیش پێم هەڵە بوو کە چوبوە ناو پەرلەمانی هەتککراودا، دڵنیام بە خۆشی خۆی نەچووە بۆ ئەوێ، دەتوانین ڕەخنەی توندی سیاسی لێ بگرین وگوێ لە وەڵامیشی بگرین، بەڵکو خۆی جارێکیتر هەزار حیساب بۆ هەڵوێستێکی وا بکات، نەك بیکەیتە هەڵمەتی ناوزڕاندن و قسەپێگوتن و لە سفرداندا! دەیان پۆستی نەزانانەم دیوە جوێنی پێدەدەن و دەڵێن جارێکیتر گوێی لێ ناگرین! عەدنان کەریم هەر گەورەیە بە دەنگەگەی، گوێت لێگرت یان نا، ئەخر خۆت شایانی ئەوە نیت گوێی لێ بگریت، لە ئاستی مەزنی ئەودا نیت.

عەدنان کەریم مرۆڤە وەك هەر مرۆڤێك هەڵەش دەکات، تۆ بۆ چاوەڕوانی خوداوەندی لێ دەکەیت؟! هەموو وەزیر وپەرلەمانتارەکانی حزبەکەی تۆش لەو زیاتر تێوەگلاون، بۆ لەوان خۆش دەبیت، کە هەریەکەی هەزاران بەدیلی هەیە، بەڵام لە عەدنان خۆش نابیت کە بەدیلی پاش ٥٠٠ ساڵیتریش نابێت؟! ئەی بۆ کاتێ لە سلێمانی عەدنان کەریم بۆ چەند مانگ مووچەی وەرنەگرتبوو، کەسێکتان یارمەتیتان نەدا؟! یا تەنها ئازان بیکوتنەوە؟!

بە خوا خائینم کەن و کافرم کەن من هەر قەرزارباری دەنگ و ڕووحی شڤان و عەدنان کەریمم، دەنگی عەدنان و چەند کەسێکیتر نەبێت، دەبێت شەرم کەین بڵێین ئێمە هونەرمان هەیە! منیش پێمخۆشە هەڵوێستی هەموو مرۆڤە ناودار وگەورەکانمان وەك هەڵوێستی پەشێو بێت، کە من دەزانم چەند بە قورس لەسەری کەوتووە، ئەوم کردۆتە ڕێنیشاندەرم، بەڵام لە هەموو کەسێکیش ڕانابینم وەك پەشێو بێت! چاوپۆشی لە خائینان ناکەین، بەڵام بە ئاسانیش کەس خائین ناکەین بەتایبەت ئەو کەڵە هونەرمەند وخەباتگێڕ و شاعیر وسیاسیانەی کە دەگمەنن لەناو میللەتدا. تا پێم بکرێ هەڵوێستی وایان لێ وەرناگرم بیانخەمە بەرەی دوژمن بە زۆری، وهیچ هەلێکی نەدەمێ بەخۆیدا بچێتەوە ئەگەر هەڵەیەکی کردبێت.

ڕەخنەشم لێیان هەبێت ناگەمە ئەو ئاستە بازاڕییەی کە کەسانێک نیشآنی دەدەن بەناوی سیاسەتکردن، درۆش دەکەن چونکە سیاسەت دەبێت فێری هونەری مودارات و هەڵکردن و زیان لە خۆنەدانت بکات نەك لەسەر بچوکترین شت شەق لە گەورەترین سامانی نەتەوە هەڵدەیت.

٢٠١٧/٦/٢٦

# بەرگرییە لە ماریا هەورامی یان؟

من دڵخۆشم بەو بەرگریە زۆرەی لە ماریا هەورامی کرا، بەڵام لە لایەکیتر وا هەست دەکەم بەرگرییە لە کچێکی گۆرانیبێژی جوان و زەعیفە، زیاتر لە بەرگریکردن لە خودی هونەر و فیکر و ئازادی. من دڵنیام لە جیاتی ماریا کوڕێک بایە هەمان گۆرانی و هەمان جادە و ڕێگا گرتنەی کردبا، هەر بەر لە مەلا هەڵۆ، خەڵک هێرشی دەکردە سەر!
بۆیەش وا دەڵێم لە کاتی شەڕی فیکریدا زۆرجار کەسانێکی وەک من دووچاری گەورەترین هێرش و سوکایەتی و جوێن هاتووین، لەسەر بابەتێک کە بەرگریکردن بووە لە خودی ئافرەت، بەڵام لێشاوی جوێنە ئیسلامییەکان تێپەڕیوە بێ ئەوەی کاردانەوەیەکی وا دروست کات لەلایەن ئەوانەی خەمی هونەر وفیکر و ئازادییەکانیانە، وەک لە کەیسی ماریا و هەڵۆ دروست بوون!

بۆ نموونە من کە ڕەخنەم لە مەلا شارستێنی گرت لەسەر تەکفیرکردنی ئافرەتی سفوور بە دە بەڵگە، وتارەکە لە خەندان بڵاوبوەوە، دە هەزار کۆمێنتی لەسەر نووسرابوو، ٩٠% ی جوێن و سوکایەتی بوو بە من، لە هەمووی سەیرتر دەیان ئافرەتی موحەجەبە کۆمێنتی خراپیان دابوو، لەوەش خەمتر ژمارەیەکی زۆر ئافرەتی سفووری بێ عەقڵ جوێنیان بە من دابوو، لە کاتێکدا بەرگریم لەوان کردبوو! یانی کافرکردنەکەی مەلایان پێ خۆشتربوو لە بەرگریەکەی من لە ئیمانی ئەوان!

ئەو کاتە دڵخۆش دەبم بەو هوشیارییە کە بۆ هونەرمەند وبیرمەند ونووسەر وشاعیر و ئەکتەری نێر ومێ وەک یەک بێت، نەک لەبەر ڕوخسارێکی مێینە وجلێکی ئاڵ ووالا بە لێشاو بێنە گۆ، بەڵام بۆ خاوەن فیکرێک بێ دەنگ بن کە ڕەنگە سەد قات زیاتر لە ماریا خزمەتی بەو کۆمەڵگایە کردووە!

سەرەڕای ئەو سەرنجانەش هەر دڵخۆش بووم بەو هەڵمەتەی دژی مەلا هەڵۆ کاراتی کرا، وناچار بە پەشیمانبوونەوە کرا.. بیلمو ناسەبە مەلا شارستێنییش پەشیمان بوەوە لە تەکفیرکردنەکەی ئافرەتی سفوور بەڵام بە خشکەیی... تا دان بە جێیی ڕەخنەکەی من نیهێنێ!

# هێشتا مەلا هەڵۆم پێ باشترە لە شارستێنی!

هەر بیرورایەک لە قەناعەتی تەواو هەڵنەقوڵێ ولە ژێر هەر هۆکارێکی یان فشارێکی سیاسی یان ئایدیۆلۆژی یان بەرژەوەندی هەڵقوڵێت، قابیلی گۆڕانە وجێگیر نییە. زۆر جار بابەتێک بۆ دووەم جار بەرچاوم دەکەوێتەوە، بەرلەوەی کۆمێنتی خۆم ببینمەوە لەسەر بابەتەکە، هەمان کۆمێنت بە خەیاڵمدا دێت، چونکە ئەو بیرورایەم لە ژێر فشاری هیچ هۆکارێکی کاتی دەرنەبڕیوە..
بەر لە چەند ساڵێک مەلا شارستێنی ڕاست و چۆپ ئافرەتی سفووری پێ کافر بوو، دەیگووت بە دە بەڵگە کافرن و جەنگ دژی خوا وپێغەمبەریان ڕاگەیاندووە بە سفوریەکەیان! دەیگووت ئەگەر ئافرەت باوەڕ بە ١١٣ سورەت بکات تەنها باوەڕی بە یەک ئایەت نەبێ لە سورەتی ١١٤ هەمین، ئەوە کافرە! ئافرەتی سفوور باوەڕی بە دوو سورەتی کامیل نییە کە سورەتی النور و الاحزابە، واتە کافرێکی شینن!
ئیسلام چیگۆڕاوە ئێستا مەلا شارستێنی ئافرەتی نەک سفوورێکی ئاسایی، بەڵکو سفوورێک بە دەم گۆرانی و هەڵپەرکێوەی پێ موسڵمان وشەرعیە؟!
هیچ نەگۆڕاوە تەنها ئیسلامی سیاسییە وا لەو سەر بۆ ئەو سەری دەبات، نەک ڕای هەقیقی دین!

من ئەو وتارەی شارستێنی ئێستام پێ باشترە، بەڵام بەرلەوە دەبوایە داوای لێبوردنی لە سەدان هەزار ئافرەتی سفووری کردبا ولایەنگرانی ڕاهێنابا لەسەر ئەو ڕایە نوێیەی کە سفوور کافر و دوژمنی خوا و پێغەمبەر نین، نەک لە ڕقی مەلا هەڵۆ ئەو بۆمبە بتەقێنێ، کە هەتا لایەنگران و گوێگرانییشی لێی تورە و نیگەران بوون!

من لە کاتی خۆی بە زنجیرەیەک وتار وەڵامم دایەوە، دەبێ بڵێم کە کاردانەوەکانی ئەو کاتە بە ڕوبعی کاردانەوەکانی دژی مەلا هەڵۆ کاراتی نەبوو، هەرچەندە قسەکانی شارستێنی بە دە قات ترسناکتر بوون لە هەڵچونێکی هەڵۆ، کە لە دانیشتنێکی تایبەت کردبووی، نەک وەک شارستێنی لە چوار وتاری هەینی سوکایەتی و تەکفیرکردن نەما نەیداتە پاڵ ئافرەتانی سفوور لە کوردستان !

هەڵۆ کاراتی تەنها جوێنی بە ماریا هەورامی دا، و سوکایەتیەکی شەخسی پێکرد، و هەتا بەکافریشی نەکرد، ئینجا مرۆڤ دەبێت بڵێت، هەڵۆ هێندە کەللەڕەقیش نەبوو، هەر زوو بە هەر هۆکارێک بێت داوای لێبوردنی لە ماریا کرد، بەڵام مەلا شارستێنی هەموو وتارەکانی منی دیت و کە بۆیم سەلماندبوو هەتا لەناو خودی ئیسلامدا هەڵەیە ئافرەتی سفوور تەکفیر بکەیت، ودەبێ داوای لێبوردن لە سەدان هەزار ئافرەتی سفووری کوردستان بکات، لە جیاتی داوای لێبوردن گەجەر وگوجەرەکانی هان دەدا جوێن وسوکایەتی بە من بکەن، هەرچەندە لەو ڕایەشی واتە کافرکردنی ئافرەتی سفوور پەشیمان بوەوە، بەڵام جورئەتی داوای لێبوردنی نەبوو لەو هەموو ئافرەتەی کوردستان کە ئەو بە کافری لە قەڵەم دان!

واتە بە خشپەپی پاشەکشەی کرد، لە جیاتی لە وتارێکدا بە جەماوەرەکەی بڵێت من هەڵەبووم کە ئافرەتی سفوورم بە کافر کرد و بە دژی خوا و پێغەمبەرم زانین، بە هۆکاری لەناوچوونی خێزان و بەها ورەوشتم لە قەڵەم دان، تا بەڵکو ڕۆژانە ئەو منداڵ وتواڵانە سوکایەتی بە ئافرەتی سفوور ناکەن، لە سۆشیال میدیا و ئینتەرنێت بە گشتی. نەخێر، مەلا چۆن دەبێ داوای لێبوردن بکات؟!
مەلا شارستێنی بە ١٨٠ پلە ڕایەکەی گۆڕیوە، تەنها لەبەر تازەقینی لە مەلا هەڵۆ، نەک ئافرەتی سفووری ئاسایی بێوەی پێ ئاساییە، بەڵکو ئافرەتێکی گۆرانیبێژی شۆخ وشەنگ وسەرکۆت و بە گۆرانی گوتن وهەڵپەڕکێ کردنەوە پێ شەرعییە، وهیچ کێشەیەکی تێدا نابینێ!

بە پێوەرەکانی ئەو ئیسلامە بێت کە من وەک لەپی دەستم دەیناسم، گۆرانی گووتنی ئافرەت وهەڵپەرکێ کردنی لە دیندا شەرعی نییە، من باوەڕم بەو شەرعی بوونە و نەبوونە نییە، بەڵام با خۆمان لە گێلی نەدەین، کوردیش ونەتەوەکانیتریش کە ئەو کارانە دەکەن لە کۆنەوە، پەیڕەو لە داب ونەرێتی خۆماڵی خۆیان دەکەن، نەک ئیسلام، هەر ئەو داب ونەریتەشە هەندێ هونەر و فۆلکلۆر و کلتوری پاراستوون، دەنا بە پێوەری دینی بێت نە دەبوایە نە شایی و نە هەڵپەڕکێ ونە جەژنە نەتەوەییەکانی وەک نەورۆز وهیتر هەبێت.

هەتا ئەگەر بڕوانینە سەردەمی خەلافەتی ڕاشدین شاعیرێکی مەزن یان گۆرانیبێژێکی مەزن نادۆزیتەوە، چونکە دین بە توندی پەیڕەودەکرا، بەڵام لە سەردەمی ئومەوی و عەباسی بە تایبەت سەدان شاعیری گەورە و مۆسیقاژەنی گەورە و گۆرانیبێژی ناودار دەدۆزیتەوە! هاوکێشەکە وایە تا لە دین زیاتر پەیڕەو بکەیت دەبێ دنیا و گۆرانی و هەڵپەرکێ و هەتا پێکەنین تورهەڵدەیت، تا چنگت لە دین شلتر کرد، هەموو ئەدەب و هونەر و زانستەکانیش دەگەشێنەوە..!

٢٠١٩/٨/١٩

# دیاردەی گەڕانەوەی هونەرمەندان بۆ دین!

پێت ئاسایی بێت کامەران عومەر پۆستەکانی لە پەیجی ئەحمەد کاکە مەحمود بێتامتر و منداڵبازاڕتر بێت، نوکتەیەک هەیە دەڵێن میللەتێک تەحەمولی پۆستەکانی کامەران عومەر بکات، ئاساییە تەحەمولی بێ کارەبایی و ڕوبعە مووچەش بکات!
ئاسایی بێت لات ئەگەر زانیت زەکەریا عبداللە لە مزگەوتێک پێشنوێژی دەکات وەک لە فەیسبووک بەرچاوم کەوتوە نازانم تا چ ڕادەیەک ڕاستە! پێت عادی بێت نیزام شوکر مەولود دەخوێنێتەوە، هەڵکەوت زاهیر و لۆکە زاهیر پشتێنی بۆمبڕێژکراو ببەستن، ناسلی بە لۆری بەسەر خەڵکدا بڕوات و هەردی سەڵاح دڵی بۆ شەهادەت لێ بدات و هتد .

ئەوە باسی عەرەب هەر مەکە فەزڵ شاکرتان دیت لە لوتکەی ڕۆمانسیەتەوە گۆڕا بۆ لوتکەی توندوتیژی! دەیان ئەکتەری ژن وپیاوی عەرەب و میسری وازیان لە هونەر هێنا و بەرەو دینداریەکی تووند گەڕانەوە هەتا ناو و دەنگ و ڕەنگیشیان بزربووە.

هۆکاری سەرەکی ئەو دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو هونەرمەندانە خەڵکانێکی نا ڕۆشنبیر و ڕەهەندێکی قووڵیان نییە لە خوێندنەوەی دینی و تێگەیشتنی بۆیە زۆر بە ئاسایی و سانایی تووشیان بێ بە تووشی هەر بازرگانێکی دینی قەناعەتیان پێ دەهێنن کە هونەر حەڕامە، گۆرانی حەڕامە، کۆمێدیا حەڕامە، تێکەڵبوون حەڕامە، دەنگی ژن حەڕامە، دەست بەریەککەوتن حەڕامە و دیموکراتیەت کوفر و حەڕامە، و تا دەگاتە حەڕامکردنی هەموو ژیان!
ڕاستیەکەی هەتا دیاردەی تەنکاوی لە مەعریفەتی دینی لای زۆر نووسەرە بەناو سێکیولارەکانیش بەدی دەکرێت، جا هونەرمەند چی بکات؟!

بۆیە لە ئێستا و ئایندەدا خوێندنەوەی ڕەخنەیی دینی زۆر گرنگە بۆ هونەرمەندان و هەموو خەڵکێک، بەڵکو بۆ منداڵی سەرەتاییش پێویستە نەک هەر بۆ گەورەکان! دەبێت پرنسیپی سەرەکی تەفکیرێکی مەدەنی و زانستی فێربکرێن لە ئاستی تەمەنی خۆی تا هیچ بازرگانێکی دین خۆیی و عەقڵی هاک نەکات!

٢٠١٧/٦/٢٣

# هونەرمەندێکی ئیسلامییش ئافرەتی کوردی پێ دایناسۆرە!

لە پۆستێکدا بە ناونیشانی [ئافرەتی کورد دایناسۆرە ؟؟؟ ] کاک بەرزان ئەیوبی وەك دەڵێن دۆی بادینان و دۆشاوی سلێمانی تێکەڵ وپێکەڵ کردوە، پشتگیری لە مەلا مەزهەری خاوەنی زۆرترین سوکایەتی بە ئافرەتی کورد دەکات، ئەو مەلا کەللە پووتە وا وەسف دەکات: [مەلا مەزهەر خۆراسانی ناوێکی دیارو کەسایەتیەکی جیاواز و بانگخوازێکی ئاینی بەشێوازی نوێی سەردەمیانە لەکوردستانی عێراق ... ] سەرەڕای کۆمەڵێ ستایشی تری بێ سەر وبەر!
مرۆڤێك بە شێوازێکی نوێ و سەردەمیانە بدوێ و بانگەواز بکات وەك مەلا مەزهەر سووکایەتی بە نیوەی زیاتری کۆمەڵگا دەکات؟! حەی لەو لەو شێوازە نوێ و سەردەمیانە! وەی لەو لۆژیکەی هونەرمەندێکی هەست ناسك!

من کاک بەرزانم لە کاتی کێشەکەم لەگەڵ مەلا لەتیفی سەلەفی ناسی، کە وەك هونەرمەندێکی ئیسلامی [! ] گووتی دەنگە تۆمارکراوەکانی مەلا لەتیف هەقیقین بە پێچەوانەی هەندێ هونەرمەندی [جاهیلی] وەك هەڵکەوت زاهیر و ئەوکابرایەی ماڵی خەزوری گۆرانیان لێ قەدەغە کرد، ئەوەی دەڵێ بەسمە گیانەکەم بەسمە!

کاک بەرزان ئەیوب پیی وایە خەڵك لە بێ ئیشی و بێ پارەیی پڕی مەلا مەزهەر دەدا! یان دەڵێت:" خەڵک کراوەتە کۆیلەو جورئەت و غیرەتی نیە لەبەرامبەر ماف و قوت و دەنگی دزراویا ئەلفێک بڵێت ، بەڵام وەک شێر پەلاماری کەسانێک ئەدەن کە دەسەڵاتی سەربازیان نیەو بۆچونێکی جیاوازیان هەیە " ...

جارێ خەڵك دەیەها و سەدەها نارەزایی کردوە دژی گەندەڵانی کە چەکیشیان پێیە، مەلا مەزهەر کە چەکی پێ نەبوو، مانای ئەوە نییە خەڵك لێی بێ دەنگ بێت بە کەیفی خۆی سوکایەتی بە خەڵك بکات! وشە و بیری بۆگەن و فریودەر وسوک ئامێز زۆرجار لە چەکیش کاریگەرترە! سەیرم پێ دێ هونەرمەند بیت نرخی وشەش نەزانیت!
کاک بەرزان دەڵێت: " رەخنەی توند لەسارد و سڕی خانمانی کورد ئەگرێت"! دەڵێت هیچی نە گوتوە " خەتاکەش لە دیجیتاڵ میدیاوەیە کە تەواوی مەبەست وقسەکان وەک خۆیان بڵاو ناکەنەوە و وەک ئایەتی لاتقربوالصلاە ، وانتم سوکاراکەی ئەپەڕێنن ..." بەگێڕانەوەکەی کاک بەرزانیشەوە، سووکایەتیەکانی مەلا مەزهەر وەک خۆی دەمێنێتەوە !
لای بەرزان: "تەنیا هەڵەیەک کە مامۆستا کردی گشتاندنی خانمان بوو ، ئەگەر بیوتایە هەندێ لەخانمان هیچ کێشەیەک ڕوی نەئەدا ، هەرچەند من دڵنیام مەبەستی ( لەهەندێ ) خانمان بوو.

بەبێ پچڕاندنەکەش سوکایەتیەکانی مەلا مەزهەر چاوپۆشی لێ ناکرێت، بێگومان ئەگەر ژنێك پێی ناخۆش نەبێت ژنێکیتر ببێتە هاوبەشی لە پیاوێك، ئەوە ژن نییە وگومان لە مرۆڤایەتیشی دەکەم! ژنان لە کۆنەوە لە ژێر فشاری دین وخوا و قیامەت وشەریعەت بە ناچاری ناخی خۆیان سەرکوت کردوە، یان لەبەر بێ دەرەتانی، دەنا کێ هەیە پێی خۆش بێت ئەگەر ساویلکە ودەبەنگ و تلیاکی دینی هۆشی نەبردبێ؟!

هەتا عایئشە و ژنانی پێغەمبەر برۆ ژیانیان بخوێنەوە بەردەوام خەریکی شەڕ و پیلان بوون لە ماڵەکانی پێغەمبەری نازدار! ببوونە دوو تیم، تیمی عائیشە و تیمی زەینەب کە دوو جوانترین و نازدارترینیان بوون لای پێغەمبەر! عائیشە لە چەندین دەقدا سەرکۆنە ورەخنەی پێغەمبەر دەکات، کە پیغەمبەر ژنانی موسڵمانان حەڵال دەکات بۆ خۆی لە جۆری ئایەتی ٥٠ ی سورەتی الاحزاب [وامرأة مؤمنة ان وهبت نفسها للنبي ان اراد النبي ان يستنكحها] هێندە تورە دەبێت لێی، گومان دەخاتە خودی پەیام و پێغەمبەرایەتیەکەشی و دەڵێت خواکەت زۆر پەلەیەتی بۆ جێبەجێکردنی ئارەزوەکانت! ئەگەر ژن بە ناخۆش بوونیان ببنە دایناسۆر، ئەوە عائیشە و ژنانی تری پێغەمبەریش گەورەی دایناسۆرەکانن.

ئینجا تۆخواکەی شەرم نییە مرۆڤ خۆی بە رۆشنبیر بزانێت وپێی ئاسایی بێت مەلایەك بڵێ: " ئافرەتی فارس و تورک و عەرەب زیاتر خزمەتی پیاو ئەکەن و ئەوان گونجاو ترن بۆ هاوسەرگیری" ئەو قسەیە لە باگراوانڍێکی ئیسلامی توراسی هەڵدەقوڵێت، کاک بەرزان بە من دەڵێ: من دژی ئەحزابی ئیسلامیم، کەچی هێشتا خۆی وەك هونەرمەندێکی ئیسلامی تاریف دەکات! کەوابوو حزبی ئیسلامیش نەبیت، هەر رۆڵەیەکی ئیسلامی سیاسی، چونکە هونەری ئیسلامی خۆی بەرهەمی ئیسلامی سیاسیە و بیدعەیەکی هاوچەرخە!

ئینجا کاک بەرزان ئەوەشی بۆ پەڕاند کە مەلا دەڵێت: قەت ژنی کورد مەهێنن و برۆن ژنی عەرەب و فارس و تورك بهێنن! کە لە چەندین ڤیدیۆ ئەو وتەیە دووبارە دەکاتەوە، کاک بەرزانیش پێی ئاساییە!
ئینجا کاک بەرزانیش دەڵێ "جا بامنیش باسی سیفەتی ( هەندێ ) خانمی داینەسۆریتان بۆ بکەم !"...
قسەیەکی شێرزاد حەسەن دەهێنێت و دەڵێت: " ئێ برا قەسەم بەخوا ئەو قسەیەی مامۆستا شێرزاد هەمان داینەسۆرەکەی مەلا مەزهەرە بەدیوە ئەدەبیەکەیدا ، کچێک پێی بڵێی جوانیت و ئەو پەلامارت بدات دایناسۆرە ، باوەڕبکەن من و دابانی برام لەهەرەتی لاویماندا کچێکمان تەنیا بەوە تورە ئەکرد پێمان ئەوت ( کە جوانیت ) ئەویش هەموجارێک پێی ئەوتین گوبخۆن بێ تەربێتینە" ...
کچی فارس پێی بڵێ چقد خوشکلی خنم ، یانی چەند جوانیت خانم ، بەتۆنێکی ناسکی کەمانچەییانە پێت ئەڵێ مێرسی ئەزیزیم چشمات خوب میبینی ، ئەوەندەناسک و رۆمانسیانە وەڵامت ئەداتەوە هەتا یەک مانگ تای عیشق بەرت نادات و ڕاستەو خۆ سمێڵت ئەوەرێنێت ...

ئافرەتی تورک و عەرەب هەرباس ناکەم چۆن بە گویلە گویلە و گەڵبی حەبیبم پیاو وابەستەی خۆیان ئەکەن ، چەند بەئەتەکێت و پڕ لەقسەو جەوی ڕۆمانسین ...
کاک بەرزان تۆ پێتخۆشە ئافرتی کورد وەک فارس و تورک ناسک و جوان بن، وەڵامی موغازەلە و عاشقاتیش بدەنەوە بەڵام بێگومان دەبێ پیاوی کوردیش وەک کیوی ترین ودڕەندەترین پیاو نەبێت، لەسەر وشەیەك و پەیوەندیەك و زەردەخەنەیەك کچ بکوژن!
من دڵنیام لە پیاوی کورد توندتر نییە بەرامبەر ئافرەتی کورد لە هەموو دنیا. ئەو توندیەشە کچی کوردی تۆقاندوە هەتا ناوێرێ وەڵامی قسەی گەنجێکی سەرساميش بداتەوە. هەر خۆت با لە پەنایەک خوشکت ببینی پێی بڵێن ماشەڵلا چەند جوانی! ئەویش بە ناسکی بڵێ زۆر سوپاس خۆت جوانبینی، بزانە چی پێ دەکەی!

ئینجا گلەیی لە کچی کورد دەکات کە لە کاتی زەواج داوای شتی زۆر دەکەن، دوایش خۆیان ئیهمال دەکەن و ناتوانن دوو مێوان بەرێ بکەن! من نازانم کاک بەرزان چەند ژنی هێناوە تا وا بە گشتی باسی ژنی کورد بکات! دووەم هەمان ئەو عەقڵیەتە ئیسلامییە توراسیەیە کە پێی وایە دەبیت ژن خزمەتکاری بێت، و پیاو هیچی لەسەر نییە تەنها پارە پەیدا کردن نەبێت! پیاو ئاساییە ئیهمال بێت و تووکی گوێ و پشت ملی یەك پەنجە درێژ بێت! تەنها بۆ ژن عەیبە خۆی ئیهمال کات! تۆ لە ئیسلامەکەی خۆشت تێنەگەیشتووی کە دەڵێن پێغەمبەر زۆر بایەخی بە هەیئەتی خۆی دەدا بۆ ژنەکانی، و ابن عباس یش دەڵێ منیش وەك ژنەکەم خۆم جوان دەکەم بۆی!

بەرزان لە مەلا ئەزهەریش تێپەڕی دەدا و دەڵێت خوا دایناسۆری بەڕاستی لەناوبرد، دایناسۆرێکیتری یان وەك دەڵێ زیندەوەرێکی تری بۆ دروست کردوە تا پیاو بخۆن ئەویش کە ژنە!
"جا ئەڵێن داینەسۆر کاتی خۆی تەنیا پیاوی خواردوە و بەهیچ شێوەیەک دەمی نەبردوە بۆ ئافرەت...
دەی ئەوە خودا تایەفەو خێڵی داینەسورەکانی لەناو برد و جۆرێکی تر لە زیندەوەری بۆ پیاو نارد هەتا مادییەن و مەعنەوییەن بیخۆن"...

سەیرە ئیسلامی کوردی ومەلا مەزهەر و هاوشێوەکانی چۆن سووکایەتی بە ئافرەتی کورد دەکەن، لە کاتێکدا پێغەمبەر وعەرەب دنیایەک ستایشی ژنی عەرەب وقورەیش دەکەن بە شایەنی پیاوی کورد وعەجەمیشی نازانن، کەچی مەلایەکی وا هیچ وپوچی کورد بێت بە گەنجەکان بڵێ ژنی کورد مەهێنن چونکە داینەسۆر و ئاغان؟! ژن لای مێشک دارزیوی دینی کۆیلە و خزمەتکارە بۆیە هەر داواکردنی مافێکی و هەر هەڵوێستێکی پیاوی دواکەوتوو بۆنی سەربەخۆی لێبکات، پیاوی بێ هونەری کورد قەڵس دەکات. بەداخەوە بۆ تۆ بەرزان هونەرمەندی هەست ناسک لە جیاتی لە قوڵایی بابەتەکە تێ بگەیت، هاتی پشتگیری لەو مەلایە قەشمەرە دەکەیت.

٢٠١٨/٦/١٠

# دەنگی ئەفسانەیی زیاد ئەسعەد

# لە نێوان شێرکۆ بێکەس و عەدنان کەریم دا!

عەدنان کەریم وزیاد ئەسعەد یەکەمین دەنگی دڵی منن، نازانم دەنگ و هونەری کامەیانم زیاتر پێ خۆشە. بەڵام لە بەرنامەی کورد ئایدڵ کەمێک دڵم لە عەدنان کەریمی گەورە ڕەنجا، کاتێ لە بەژداربوێکی ڕێزدار و متمانەداری ناو بەرنامەکە بیستمەوە، کە چەندین بەژداربوو هەوڵی وتنی گۆرانیەکانی زیاد ئەسعەد و زەکەریا شیان داوە، بەڵام عەدنان کەریم ڕێگر بووە و ڕازی نەبووە، بە بیانووی گوایە دەنگ و ئاوازەکانی زیاد کوردی نین!!!!

دڵنیام ئەو هەواڵە ڕاست بوو، چونکە ماقوڵ نییە، زیاد ئەو هەموو سەرسامە بێ شومارەی کوردستانی هەبێت، کەچی لە بەرنامەیەکی گۆرانی کوردی کەسێک بیری بۆ چڕینی ئەو ئاوازە ئەفسوناویانەی زیاد نەچێت!!!

بەداخەوە هەست دەکەم ئەو هەڵوێستەی عەدنان کەریم هێندە هونەری نەبوون، هێندە شتیتر بوون، سەرەڕای خۆشەویستی گەورەم بۆ عەدنان، کە بە وتاری تایبەتیش بەرگریم لە عەدنان کردوە. بەڵام چاوەڕوان نەبووم، کە زیاد خۆی ستەم لە خۆی دەکات، و خەڵکانێک ودەسەڵاتیش ستەمی لێدەکات، عەدنان کەریمیش ستەمی لێبکات و ڕای خۆی فەرزکاتە سەر مەزاجی کوردی!

ئەو گرتە ڤیدیۆیەی شێرکۆ بێکەس کە لە ڕووداو ئاشکرا کرا، بەڕاستی گەنجینەیەکی شاراوە بوو، ئەوەی تا ئەمڕۆش شاردویەتیەوە گەورەترین تاوانبارە. چونکە ڕاستە عەدنان گۆرانی بێژێکی گەورەیە، بەڵام مەرج نییە داوەرێکی هونەری پیشەیی باش بێت، سیاسەتی لە بەرنامەکەدا لە تیۆرەکانی پاسۆک دەچوو لە سیاسەت! زۆر بە هەڵپەبوو مۆری ناکوردیەتی بەم و بەو وەبنێ! ئەو وابزانم ئاواز وهونەری فۆلکلور و کۆی ئاواز و

هونەری کوردی تێکەڵ کردبوو!

شاعیری مەزن شێرکۆ بێکەس لە وەسفی زیاد دا گووتی: دەنگێکی بەرزی تاسە شکێنە، و لە عەدنان چاکتر دەیزانی زیاد چ وەستایەکە و چ شارەزایەکە بە هونەر و کلتور و ئاوازی ناوچەکە و گووتی:

زیاد ئەسعەد بە چاکی ئاگای لە گۆرانی و کلتوری کوردییە، ئاگای لە گۆرانی کۆن و تازەی میللەتانی دەوروبەرە، تەنانەت هەناسەکانیشیان لێک جیادەکاتەوە!

ئەڵلا لەو وەسفەی تەنانەت هەناسەکانیشیان لێک جیادەکاتەوە! مرۆڤی وەک شێرکۆ دەبێت دادوەر بێت لەو بەرنامانە.

خاکێتی و تەوازوعی شێرکۆ بێکەس گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە خۆی شاهەنشاهێکی تێکست و شیعرە، ستایشی تێکستە ڕوون وناسک و بێ گرێ و گۆڵەکانی زیاد ئەسعەد بکات، و سەرسامی لە هارمۆنیەتی تێکست و ئاوازەکانی زیاد دەربپڕێت! ودەڵێت:

لە ڕووی ئەو تێکستانەشەوە کە بۆ ئاوازەکانی هەڵیان دەبژێرێ، تێکستەکان ڕوونن و بێ گرێ و گۆڵن، بە تەواوی لەگەڵ ئاوازەکاندا دەگونجێن!

ئەو شایەدییە بۆ زیاد ئەسعەد گەورەترین شانازییە، لە یەکێک لە گەورەترین شاعیر و هەستیار و هونەرناسی کورد، هیوادارم عەدنان کەریم لەو هەڵوێستەی بەخۆیدا بچێتەوە، چونکە گەورەکان بە دانهێنان بە یەکتری جوانتر دەبن، نەک بە یەکتری شکاندن و بە پێشبڕکێی ناهونەریانە[1]!

٢٠١٨/٣/٦

٢٠١٩/٦/٢٦

[1] لینکی ڤیدیۆکە: https://youtu.be/wVpiPDKUaB٨

# چەند سەرنجێك لەسەر باسی زیاد ئەسعەد

لە سەروبەندی لێدوانەکانی ئەو مەخلوقە هەرچی وپەرچیەی کە بەو شێوەیە نامرۆڤانە دوا لەسەر زیاد ئەسعەد، من لە یەکەم ساتەوە زانیم درۆ دەکات وبە غەرەز ئەو قسانە دەکات. چونکە هەزاری وەک سەردار بەناو کەرکوکی، کە دڵنیام کەرکوکیش نییە، ناگەنە پاژنەی پێی هونەرمەند وهونەری زیاد ئەسعەد .
ئەو هەرچی وپەرچییە ڕەنگە بڵێ خواش یەکە گومانی لێبکەم، هەرچەندە هەرکەسێکی تر وابڵێ لێی وەردەگرم...بەس من دەزانم چ کەسێکی ساقیت و هیچ وپوچە!
خۆشبەختانە قسەکەی درۆ دەرچوو کاک زیاد ئێستا سکاڵای لەسەر تۆمار دەکات...هەرچەندە من پێمباش نەبوو زیاد بێتە ئاستی ئەو مرۆڤەی کە هیچ ڕوخسارێکی مرۆڤبوونی تێدانییە.

### لێرەدا هەندێ سەرنج لەسەر باسوخواسی زیاد ئەسعەد دەخەینە ڕوو:

١ -هەندێ دەڵێن زیاد بوە چ هێندە قسەی لەسەر بکەین! ئەوە پلانی دەسەڵاتە بۆ مەشغول کردنمان لە بابەتە گرنگەکان! وادەزانێ ئەگەر لەسەر ئەو بابەتە قسە نەکات باسی تەیارە دروست کردن دەکات! زیاد نەبێ باسی نیقابە ڕەشە دەکەیت، باسی سایە وئەستێرە دەکەیت! هەرباشترە باسی زیاد بکەین!

٢ -دەڵێن ئەوە دەنگی زیاد ئەسعەد نییە کە لەگەڵ بابیلۆن قسەدەکات، دەبێ ئیلا بە وێنە و ڤیدیۆ بێ! کابرا دەڵێ جەڵتەی مێشک لێیداوە، لای ڕاستی زەرەرمەند بووە هەتا ژێی دەنگیشی! دەیانەوێت زیاد وەک پێش ١٥ ساڵ هەمان دەنگ قسە بکات! ملیۆنێ کەس دەڵێ دەبێ ڤیدیۆی دەرکەوێ، ئەو خەڵکە نازانم بۆ وا هەستەستورن، ئەخر جەڵتە زۆرجار شێوە و ڕوخساری مرۆڤ دەگۆڕێت بە تەواوی ، بۆچی ڕێز لە هەستی کاک زیاد ناگرن کە نەیەوێ دەرکەوێ؟! ئەو کاردانەوەیە ئاساییە لەمێژوودا زۆرجار پاش ئەو ڕووداوانە مرۆڤ هەبووە حەزی نەکردوە خۆی نیشانی خەڵکی گشتی بدات!

٣ -مرۆڤی سوک ودرۆزنمان هێندە زۆرە لە پێناو چەند لایکێک ئامادەی هەموو درۆ وبێ ڕەوشتیەکە...سەرداری نە دەنگ ونە ڕەنگ پاش ئەو درۆ و بوهتانانەی دەرهەق زیاد کردی ئێستاش لەجیاتی لە کەرێتی بوەستێ، دەڵێ ئەوە دەنگی زیادنییە و زیاد نابێ وا وەک مرۆڤێکی عاقڵ قسە بکات! دەشڵێ من ڕوحم لە شوێن پێی زیادە! ئەستێرەی دەمشڕیش تەئیدی سەردار دەکات ودەڵێت ڕاستە بۆ زیاد پانزە ساڵە دەرنەکەوتوە، کەچی بەر لە دووسێ مانگ هەر ئەستێرە لە یەکێ لە لایڤە زۆر وبۆرەکانی گووتبووی دوێنێ شەو دوو سێ سەعات لەگەڵ زیاد بە تەلەفۆن قسەم کردوە! مرۆڤ کە زۆری وت بۆ لایک و حەشامەت خڕکردنەوە وا دەکەوێتە درۆی زلەوە! ئێن ئار

تی دەڵێ ئەو نەخۆشخانەیەی سەرداری نە دەنگ ونە ڕەنگ باسی دەكات گوایە زیادی تێدا دەسبەسەرە هەر ساڵانێكە نەماوە لەو شوێنە!

٤ -كەی گەلی ئێمەش كەمێ بەرزدەبنەوە وجیاوازی دەكەن لە نێوان بۆنەی گشتی وتایبەتی! گشتی و خێزانی.؟! زیاد دەڵێ بەردەوام سەردانی خەڵكی كوردم كردوە لە بۆنەتایبەتەكان گۆرانیشم بۆ گووتوون، كەچی بێ پرسی من دەچن ڤیدیۆی دانیشتنەكان بڵاودەكەنەوە، ئەوەش بۆتە هۆی ئەو گۆشەگیریەی! من سەرەڕای سەرسامیم بە دەنگی زیاد، كاتێ ڤیدیۆیە عائیلیەكانیم دەدیت پێم زۆر دزێو بوو، بەرلەوەی بزانیشم كە زیاد ڕازی لەسەر نەبووە! چۆن دەتوانن ڕێزی تابەتمەندێتی خەڵك نەگرن بێ پرسی ئەو ڤیدیۆ بڵاوكەنەوە؟! یان هەتا بابڵێین سەردار ڕاستیشی كرد، كێ ئەو هەقەتی پێدا بەو زمانە شەلاتی ولۆتیانە قسە بكەیت وبڵێی فلان شێت بووەو هتد؟! تەنها خانەوادەی زیاد بۆیان هەیە باسی باری تەندروستی زیاد بكەن، لەناو خانەوادەشی تەنها یەكێكیان.

٥ -بە نسبەت ئەو گفتوگۆیە من هەست بە ڕوحیەتی زیاد دەكەم تیایدا، ودەڵێم زیاتر دڵم بەڵای باوەڕكردنی ئەوەدەچێت كە زیادە، چونكە بە پێچەوانەوە ئەگەر خۆی نەبێ ئەوكارە دەچێتە خانەی تاوان وبێ ڕەوشتی وتەزویرەوە هەتا بە پاساوی بەرژەوەندی زیادیش كرابێ. بە نسبەت وشەكاری لەهجەی سلێمانیش ئاساییە مرۆڤ لە كاتی چاوپێكەوتنی ڕەسمیدا وا قسە بكات با خەڵكی سلێمانیش نەبێ.

زیاد پێشتر بەبێ دەنگ هەڵوێستی هەبوو لە دەسەڵاتی گەندەڵ، و هەموو داوەتەكانیانی ڕەتكردۆتەوە، ئەوەش گەورەیی نواندنە و بۆ من هۆكارێكیترە بۆ زیاتر نرخاندنی زیاد، بەڵام لەو گفتوگۆیە جارێكیتر بە دەنگیش سەلماندی كە هیچی لەو دەسەڵاتە بۆگەن و گەندەڵە ناوێ تەنها وازی لێبێنن، و فلمی هیندی بۆ ساز نەكەن!ڕەنگە ئەوەئاماژەیەك بێ بۆ ئەوەی سەردار قورمساغ بە فیتی دەسەڵات كرابێ! مرۆڤی پاك و مەرد تەنها ئەو كاتە بە پاكی و مەردی دەمێنێتەوە كە هیچ تەماعی وچاوەڕوانیەكی لەو دەسەڵاتە گەندەڵە نەبێ، بۆیە من زیاد لە ڕێزی پاكەكانی وەك پەشێو دەبینم كە لەسەر مەرگیش یارمەتی ئەو دەسەڵاتە گەندەڵە قبوڵ ناكەن!
بە هیوای چاكبوونەوەی تەواو وخێرای كاك زیادم، هیوادارم بە ئاوازیش بێ قوتابخانەكەی لە بەرهەم نەوەستێ...

٢٠١٩/٧/٢

# تەلەفۆنەکەی زیاد ئەسعەد!

چەند وتارێکم نووسی لە بەرگری لە هونەرمەند زیاد ئەسعەد، کە لە ڕێگای هاوڕێیەکی ناوداری نێوەندی هونەری کوردی سوپاس وپێزانینی خۆی پێ ڕاگەیاندم، گوتبووی حەزم لێیە بەخۆم سوپاسی کەم و تەلەفۆنی بۆ بکەم. بێگومان منیش پێمخۆش بوو ئەو تەلەفۆنە بکات، بە تایبەت کە پێشوتریش پێش ناوداربوونی کاک زیادم دەناسی، ناسینێکی وا قووڵ نا، چونکە من پاش ناسینی بە ماوەیەکی کورت چوومە ناو ئیلتیزامێکی توندی دینیەوە، زۆر حەزم بە برادەرایەتی بە زاراوەی ئەوکاتی (ئەهلی تەرەب و چاووشەکان) نەبوو! دەنا من ئەوکاتەی زیاد دەستی بە گۆرانی کرد منیش لە ئاهەنگەکانی گەرەک وسەفرەی برادەران گۆرانیم دەگووت.

لەبیرمە لە سێتاقان لە ئاهەنگێکی ماڵە برادەرێک گۆرانیم گووت، لە ئەمپلیفایەر دەنگی زیادم دەبیست لە نزیک ئاهەنگەکەی ئێمە گۆرانی دەگووت!
کات هاتوو و ڕۆیشت کاک زیاد نە تەلەفۆنی کرد و نەمنیش ژمارەی ئەوم هەبوو تا تەلەفۆنی بۆ بکەم، نە داواشم کرد لەوکەسەی نێوانمان لەبەر نەخۆشی زیاد، نە بەخۆشی دەستپێشخەری کرد ژمارەکەیم بداتێ، منیش لەبەر باری تەندروستی زیاد داوام نەکرد.

دوای ماوەیەکی درێژ پاش ئەوەی دیتم خەڵکێکی زۆری ئاسایی و هونەرمەندی تازە پێگەیشتوو و کۆن دەڵێن قسەمان لەگەڵ زیاد کردوە بە سەعات! سەیرم پێهات بەو برادەرەی نێوانمان گووت وەک گلەیی، هەتا ناوی چۆپی فەتاحم هێنا کە چۆن لە چاوپێکەوتنەکانی دەڵێ بە سەعات لەگەڵ زیاد قسە دەکات!

گووتم من هیچ پێویستیم بە تەلەفۆنی زیاد نییە، لەبەر باری تەندروستی هەوڵیشم نەدا ژمارەی وەرگرم، بەڵام سەیرە لەگەڵ کەسانێکی زۆر قسە و پەیوەندی دەکات، دیارە هەر لەگەڵ جنسی لەتیف قسە دەکات!
کابرا گووتی چۆپی فەتاح ڕاست ناکات، قسەی لەگەڵ نەکردوە، ئەو چۆپییەی کە تا بن چەناگەی تێوەگلاوە لە گەندەڵی، بە حیساب زیاد ئەسعەدیش زۆر دژی گەندەڵییە، لە نێوێترین کلیپی چۆپیدا کاک زیاد تێکست وئاوازی بۆ داناوە، لە سەرەتای گۆرانیەکە چاتی نێوان خۆی و زیاد لەسەر کۆمپیوتەرەکەی نیشان دەدات!

خەتای زیاد نییە مرۆڤی کورد خاتری جنسی لەتیفی زیاتر لایە، نەک هەر مرۆڤی کورد، کورە هەموو دنیا، پێغەمبەرانیش زۆر دڵیان بە ژنان کراوەتەوە تەنها ئادەمی فەقیر یەکی هەبووە! هەتا شێتەکانیشمان دەبینیت بۆ هەموو شتێک وەک شێت ڕەفتار دەکەن، بەڵام کە ژن دەبینن یەکسەر

دەمیان ئاو دەکات، کەوابوو لە کەسانی عاقڵی وەک کاک زیاد و کەسانیتر ناگیرێ ئەگەر خاتری ئافرەتانیان زیاتر لابوو لە خاتری نووسەرێکی پیاو کە بەبێ هیچ بەرژەوەندییەک بەرگری لێدەکات[2]!

هەر دوای ئەوە هاوڕێیەکم مامۆستا هەرێم حسن کە زوو زوو کۆڵم دەکات بۆ هەر بابەتێک بزانێ قسەم دەربارەی هەیە بۆ گووتن، چونکە وا هەست دەکەم خوێنەرێکی بەردەوامی نووسینەکانمە، بێگومان سوودی پێگەیاندووم بەڵام زۆرجار شەڕ وسەریەشەشی بۆ دروست کردووم.
خاتونێک کە یەکەم جارە ناوی دەبیستم ئەمەل سەعید کوردە، پۆستێکی کردووە دەربارەی گۆرانی جاز بە کوردی، دەڵێ زیاد ئەسعەد خۆی دەستپێشخەری کردووە و نامەی بۆ ناردووم!!! ئەوە بەشێکە لە قسەکانی ئەمەل کوردە:

"ئەو بەرهەمە هونەریەی زیاد ئەسعەدی هێنایە گفتوگۆ، سوپاسی تەکنەلۆجیاو ئەم کارە هونەریەم دەکەم کە تۆراوترین هونەرمەندی پێ ناسانم ئەویش"زیاد ئەسعەد" ی هونەرمەندە ،دوێنێ شەو لەڤایبەرەوە نامەیەکم پێ گەشت خۆشم گومانم لەڕاستگۆیی نامەکە دەکرد تۆ بڵێی ڕاست بێ؟ !! لەوەڵامی زەنگەکەیدا بە دەنگێکی ئارام سڵاوی کرد و پاشان پرسی تۆ ئەو بوێریەت لەکوێوە هێنا دەست بەری بۆجاز و بەکوردیش بیڵێت؟ ئەزانی جاز چیە؟ کە گوتم بەڵێ زانکۆم بۆ خوێندوە زۆری پێ خۆش بوو پاشان گفتوگۆکەمان بۆ ماوەی ٢٨ دەقە درێژەی خایاند" ....
منیش بۆ مامۆستا هەرێمم نووسی:

کەوابوو من ناهەقم نەگووت دەربارەی زیاد، کە دەتوانێ لەگەڵ مێینەکان قسە بکات وبەڵکو خۆی دەستپێشخەری بکات بۆیان بەڵام بۆ جینسی خەشن، شەڕی مان ونەمانیشی بۆ بکەیت پێی نازانێ! کاکە هەتا شێتی کوردیش شەیدای ئافرەتە!، بۆ زیاد جیاواز بێ؟!
هێشتا ڕستەی دووەمان نەنووسیبوو، ئەمەل کوردە من و مامۆستا هەرێمیشی بلۆک کرد! حەی لەو هونەرمەندە؟!

خەم ئەوەیە زیادێکی کەڕولاڵ بۆ ساڵەها، بڕوانە چی هێناویەتە دەنگ وگرێ کوێرەی زمانی کردۆتەوە، ٢٨ دەقە وەک بولبول بخوێنێ! لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەمەل خان، بەڵام ئەو جاز و ستایلە زۆر دوورە لە مۆسیقای کوردی وەک ئەوە وایە ڕانکوچۆغەلیان لەبەر بۆریس جۆنسن کردبێ بە فۆتۆشۆپ..

**٢٠٢٢/٢/١٨**

---

[2] ٢٠٢٢/١/١٤

# هۆمەر دزەیی ئەو دەنگە ئەفسانەییەی یادەوەری منداڵیم

هەر لە منداڵییەوە سەرسامی ئەو دەنگە کوردیە و ستایلە خۆرئاواییەی بەزێنەری زەمەن هۆمەر دزەیی بووم. کە دەڵێم بەزێنەری زەمەن بەڕاستیمە دەنا کێ هەیە لە ٨٦ ساڵی ئەلبومی نویی دەرکات و دەنگیشی لە گەنجێکی ٢٠ ساڵی خۆشتر بێ؟**!**

سەرسامی هۆمەر دزەیی بووم، هیچیشم دەربارەی هونەر و ستایلی خۆرئاوایی و جۆرەکانی مەقام و گۆرانی نەدەزانی، بەڵام هەر بە سروشت حەزم لەو ستایلەی هۆمەری دزەیی دەکرد. بەڕای من ئەو هەستە سروشتیەی دوور لە بنەما و تیۆرەکانی ئەدەب و هونەر باشترین حاکمە بۆ بڕیاردانی چی باشە وچی خراپ، چ دەنگێك و ئاوازێك خۆشە وکامەیان ناخۆشە.

لەبیرمە لە منداڵیدا چۆن گۆرانی باخچەی پاشام لەگەڵ دەگووتەوە، ئەو شیعرە ڕۆمانسیە جوانەی گۆران، بە دەم پێکەنینی گەورەکان، کە گۆرانی و دەنگی هۆمەر دزەییان لا سەیر و نامۆ بوو:

"باخچەی پاشا لەوبەر ئاوە ، خێڵی دووژمن دەورەی داوە ، دەڕۆم: ڕێگام لێ گیراوە ، نارۆم چاوکاڵ لێم تۆراوە...

گوڵ نەبێ بۆ سەرم زەرد چەپکێ ، ئاڵ چەپکێ ، نایەم بۆ زەماوەند ، نایەم بۆ هەڵپەڕکێ **!**

کچ لەڕێی جوانیتا ، کچ لەڕێی جوانیتا ، کچ لەڕێی نیو نیگای هاتو چۆی کانیتا"...

هۆمەر دزەیی کوڕی هەقیقی گۆرانی و فۆلکلۆری کوردییە، هەم لە ڕێگای وشە و تێکستەکانی کە زۆر بە ڕاشکاوی ئیرۆتیکین وەک زۆربەی تێکستە فۆلکلۆرییەکانی کوردی، هەم لە ڕووی ئاوازەوە سەرەڕای ستایلە خۆرئاواییەکەی، کە بەشێوەیەك تێکەڵی کوردی کردووە، مۆرکێکی کوردانەی پێداوە، زیاتر لە کوردی دەچیت تا خۆرئاوایی.

لە بیرمە لە گەنجی کە پازدە شازدە ساڵ بووم، لە یەکێ لە ئاهەنگەکانی ماڵە هاوسێکانمان، تیپێکی مۆسیقای باشی لێ بوو، داوایان لە من کرد گۆرانی بڵێم، منیش گۆرانی چەندی گەڕام لە شارای هۆمەر دزەیی گووت، لەگەڵ یارەکەم مریەمی ناو بووی سەعدی قەندیل، کە ئەوکاتە زۆر باو بوو.

ڕەنگە ئێستاش ئە كاسێتە ڤیدیۆیە مابێ، زۆر چاك لاسایی هۆمەر دزەییم دەكردەوە، هەتا برادەرانم بۆ بەیانی ئەوانەی لە دوورەوە گوێیان لە گۆرانیەكەم ببوو، دەیانزانی من سەرسامی هۆمەر دزەییم، دەیانگووت :

دوێنێ شەو هۆمەر دزەیی لە ئاهەنگێکی ئەو گەڕەکە گۆرانی دەگووت! داوام لە برایەكم كردووە سۆراخی ئەو كاسێتە بكات، وەعدیشی داوە، بەڵام تا ئێستا زۆر شتیترم داوا لێكردووە هەر گۆتیتی باشە، دوایش هیچی نەكردووە!

هۆمەر دزەیی هێندە متمانە بەخۆ و بێ فیزە بە پەنجا سال تەمەنی هونەرییەوە، زۆر پێی ئاساییە بڵێ سەرسامم بە دەنگی عەدنان کەریم و گۆرانیبێژیتری کەتەنها تەمەنی هونەریەکەی لەوان گەورەترە! نەك وەك گۆرانیبێژی تری ناەودار سەت جار پرسیاری لێبکەی دەنگی کیی پێخۆشە، ناوی كەس ناڵێ، یان ناوی مردوێکی زۆر كۆن دەڵێ! هۆمەر دزەیی زۆر سەركەوتووانە هەڵبەستیش بۆ ئاوازەكانی دادەنێت، بڕوانە ئەو وشانە:

خوایە ئەبێ ئێستا كێ ماچی بكا ... خوایە ئەبێ ئێستا كێ بۆنی بكا ...خوایە ئەبێ ئێستا كێ بگوێنێ ئەو كاڵە مەمكانەی، ئی من بوون دوێنێ

خۆزگەم بەو كەسەی كە ئەیگەوزێنێ... پەنجەی بەناو قژیا ئەگێڕێنێ... لێوی لە لێوی گەرمی ئەخشێنێ ... دوگمەی سوخمەی یەک یەک لێک ئەترازێنێ

یان بڕوانە وشەكانی ئاواتە مەخمەلییەكان، ئەو ئاوازە ٣٠٠ ساڵ كۆنە ئیتاڵیەی "جیۆڤانی باتێستا پیرگۆلیس" چۆن گیانی پێدا كردۆتەوە:

بریا سەوزە گیای بەهار بوام ... ئێواران پێش رۆژئاوا ...ئەو كچە جوانە بەرخەوانە...لەسەرم راكشابوا

بریا من سروەی بەیان بوام... لێوی تۆم فێنك دەكرد... بریا من هەوای ئاسمان ... بوام خۆم بەناو دەمتا دەكرد

بە نسبەت لایەنی ئیرۆتیكیەكەی دزەیی كە لە هەموو گۆرانییەكانی ڕەنگیان داوەتەوە، لە دوا ئەلبومی گۆرانی ماچی خودایی هۆنراوەی هێمنی مەزن و ئاوازی ناسری ڕەزازی، گوێی بۆ بگرە چۆن وەك وەستایەكی بلیمەت یاری بە ئاوازەكە دەكات، چۆن هەموو وشە ئیرۆتیكەكانی شیعرەكەی هێمن وەك خۆی دەڵێتەوە، ئەو وشانەی هەتا ڕەزازی نەیوێرا بیڵی و حیجابێكی ئیسلامی بەسەردا دادابوون**!**

وەرە یارم ، وەرە ئەی تازە یارم... وەرە ئەستێرەكەی شەوگاری تارم... وەرە ئەی شاپەڕی باڵی خەیاڵم ...وەرە ئەی شەوچرای ڕووناكی ماڵم

وەرە خاسەكەوی رام وكەویی من... وەرە ئیلهامەكەی نیوەشەوی من... وەرە ئەی نەونەمامی باخی ژینم... وەرە ئەی شاگوڵی مێرگی ئەوینم

وەرە با دەس لە باڵاكەت وەرێنم ... وەرە كوڵمەم لە كوڵمەی تۆ خشێنم... وەرە ئەی بت هەتاكو بتپەرستم... وەرە مەمكۆڵەكەت بگرم لە مستم

وەرە با هەڵمژم ئەم لێوە گەرمە... وەرە با هەڵگوشم ئەم رانە نەرمە... وەرە جوانێ، وەرە نازت بكێشم... وەرە وەك دەستەگوڵ داتنێم لە پێشم**...**

ئەوەش گۆرانی ماچی خودایی:

https://youtu.be/XgzPmhYsxCg

# ئەو گۆرانیە مێژووێکە بۆ کورد

شاکیلای ئێرانی بایەخێکی تایبەتی بە گۆرانی وئاوازی کوردی دەدا. بەتایبەتی ئەو گۆرانیەی ئەی یارێ، کە بە ئاوازێکی کۆن و وشەگەلێکی کارەساتبار ودڵتەزێنەوە گوتراوە.

وەک دەبینن چۆن لەسەر زمانی لاوێک

دەڵێ:

من ئەمڕۆ غەمگینم ئەی دولبەری من گوڵنارێ

لەو ناوەدا چاو دەگێڕم بەڵکو بتبینم ئەی یارێ گوڵنارێ

بەڵام هیچ نیشانەیەکی تۆ بەدی ناکەم ئەی گوڵنارێ

دەردی دڵی من کارییە ئەی یارێ، ئەی گوڵنارێ

پەژارە هەناوی منی خواردیە ئەی یارێ هەڤاڵێ

دیداری من وتۆ لە قیامەتە، ئەی یارێ گوڵنارێ

جاحێلانیان کوشتین و ژنانیان بردین ئەی یارێ، گوڵنارێ

گوڵنارێی من یەخسیر کردن، ئەی یارێ ئەی هەڤاڵێ

لە کوچە وبازاڕ ئەوانیان فرۆشتن ئەی یارێ، گوڵنارێ[٣]!

[٣] لینکی گۆرانیەکە: https://youtu.be/UyZUFNXbJ_E

وەک دەبینن ئەو گۆرانیە چ کارەساتێک دەگێڕێتەوە، چۆن لە کۆتایی دێرەکانی دەڵێ لاوەکانیان هەموو کوشت و ژنەکانیان هەموو فرۆشتن وەک کەنیزەک لە کوچە و کۆڵان و بازاڕەکانی کۆیلە.

میللەتێک لەوەتی هەیە بەو شێوەیە دەکوژرێ ودەبڕدرێ وبە کۆیلە دەکرێ، کاتێ دەسەڵاتی خۆماڵیشت دێ، لە دوژمن بێ ڕەحمتر وبێ ڕەوشتر بێ، چۆن لاوانی کورد لە ڕێگای چەند دوژمنی ناوخۆی کورد، تەبەرا لە کوردبوونی خۆشیان نەکەن؟!

ئێمە کارەساتی دەستی دوژمنانمان هێندە زۆر بوو، بەرگەی کارەساتێکی خۆماڵیمان نەمابوو، بەڵام کە دەسەڵات کەوتە دەستی چەند چەتەیەک ومافیا و خۆفرۆش ئیتر چۆن دەتوانن هەست بەو هەموو زامە مێژووییانە بکەن؟!

٢٠٢٠/٩/٥

# مەلا دەشتی ئەو جارە بە گوێی مەلا مەزهەر بکە!

ڤیدیۆیەکی بێ مانای مەلا دەشتیان بڵاوکردۆتەوە، زۆر شتێکی بێ ڕەوشتییە، کابرایەک دەست لە جەستە وشوێنی هەستیاری خۆی دەدات، نازانم چۆن گیراوە وچۆن بڵاوبۆتەوە، چونکە زۆر تایبەت و شەخسییە .
ئەو ڤیدیۆیە بەڕای من هیچ لە شکۆ و نرخی مەلا دەشتی کەم ناکاتەوە، چونکە ئەو دەست لە جەستەی خۆی دەدات، نەک دەستدرێژی کردبێتە سەر جەستەی خەڵکیتر. سەیر لەوەدایە برا موسڵمانە توندڕەوەکان، ئەوانەی بە دەنگی خۆش و مۆسیقا دڵیان تەنگ دەبێ، لە هەموو کەس زیاتر دڵیان بەو ڤیدیۆیە خۆشە، لە جیاتی سەتر بڵاوی دەکەنەوە، چونکە مەلا دەشتی گوایە حەیای مەلا و مەندیلی بردووە سروود و گۆرانی دەڵێت بە مۆسیقاوە!
مەلا مەزهەریش بە ڕاشکاوی ڕەخنەی لە مەلا دەشتی گرت، وگووتی هەموو مەلای کوردستان لێی تووڕەن چونکە سوکایەتی بە جوبە و مەندیلی مەلایان کرد، کاتێ سروود و گۆرانی گووت بە مۆسیقاوە!

مەلا مەزهەر دەڵێ ئەگەر ئەو سروود و گۆرانی و عیرفانیەتە بە جلێکیتری وەک جلی کوردی و جامانە، یان وەک سامی یوسف بە چاکەت و پانتۆڵەوە بڵێ هیچ کێشەیەکمان نییە لەگەڵیدا! تەنها قودسیەتی بەرگی مەلایان نەڕوشێنێ، هەرچەندە من لەگەڵ ئەوەم سروودیش نەڵێ، بەڵکو موسڵمان تەنها دەبێ قورئان بڵێ!
سەیرە ئەو مەلا مەزهەرە کۆمێدیيە خۆی گۆرانی بەسەر برنج و گۆشت و فاسۆڵیادا دەڵێت لە دانیشتنێکی تایبەتدا، بە جوبە و مەندیلەوە، نەک بەرلەوەی خوا هیدایەتی بدات، نازانم چۆن ئێستا بۆ گوێگرە سادە و ساویلکەکانی وا حاشا لە گۆرانی دەکات و ئەو هەموو قودسیەتە دەداتە جبە و مەندیل؟!

بەڕای من ئەگەر مەلا دەشتی هیچ جارێ بە گوێی مەلا مەزهەری نەکردبێ، دەبێ ئەو جارە بە گوێی بکات، ئەو دەنگە ئەفسووناوییەی سنوردار نەکات لەناو ئەو نێوەندەی جبە و مەندیل. ئەو دەنگەی مەلا دەشتی لە ئاستی دەنگە بەرز و ناوازەکانە، هیوادارم ئەگەر گۆرانی ئاسایش نەڵێ، هەرنەبێ وەک سامی یوسف با عیرفانیات وسروودی دینی بڵێت، گرنگ ئەوەیە دەنگەکە خەسار نەبێت.

ئەو ڤیدیۆیەش با هەر گوێشی نەداتی، هەموو مرۆڤێک لە ئێمە ژیانی تایبەتی هەیە، پەیوەندی تایبەتی هەیە بە ئەندامە ئاسایی و هەستیارەکانی جەستەی، بەڵام هەڵەکە لە ڤیدیۆکردنیەتی، جارێکیتر وریا بە، با ئەو دەنگە ناوازەیە بە شتێکی بێ ئەرزشی وا ون نەبێت.

٢٠٢٠/٦/١٧

# کورد نەك شۆڤێنی نییە هەستی نەتەوایەتی زۆر لاوازیشە!

وەك لە نوسینەکەی پێشوو گووتم: کورد نەك هەر شۆڤێنی نییە، بەڵکو هەستی کوردایەتی و نەتەوایەتیشی زۆر لاوازە، دەنا رازی نەدەبوو وا یاری بە چارەنووسی بکرێت، و خێر وبێری هەمووی بۆ کۆمپانیا بێگانەکان و بوکە سوشە خۆماڵیەکانیان بێت، لەولاوەش دوو سێ ملیۆن ئاوارە کۆڵی قورستر بکات بە گرانبوونی کاڵاکان.

هیچ میللەتێکی دەوروبەر هەیە ڕازی بێت، گوێبگریتە گۆرانی کوردی و دارامای کوردی؟!
دەی کوردەکە بە خۆمەوەش گوێ دەگرن لە گۆرانی و درامای عەرەبی و تورکی و فارسی زۆر زیاتر لە کوردیەکان. ئەوە بەرهەمی دەسەڵاتی کوردایەتییەکەی پارتی ویەکێتییە؟!
هیچ میللەتێك هەیە بەدیار ئەو دراما تورکیە لاواز و پڕ سوکایەتیەی بە کورد دانیشێت و مێشێکیش میوانی نەبێت؟! لە هیچ میللەت و نەتەوەیەك ڕوویداوە تەلەفزیۆنە سەخیفە بی رەوشتەکانی وەك کەناڵە کوردیەکان، پارەش بدەیت بەو درامایە تورکیانە، و دوبلاژیشی بکەیت، کە وێنەی کوردەکان و پ ك ك وەک تاوانبار و موجریم و تلیاک فرۆش و منداڵ و ژن کوژ نیشان دەدات؟! ئەوە خەسانبوون نییە لە کوردایەتی؟!

هیچ میللەتێکت دیوە هەستی نەتەوەیی بەهێز بێت، لەبەر خاتری بێگانە و ئاوارەکان هەموو دووکان و چێشتخانە و گازینۆ و فرۆشیاری سەر عەرەبانەکانی گۆرانی عەرەبی و تورکی لێبدەن؟
حزبە نەتەوەییەکانی هیچ نەتەوەیەکت دیوە وا لەو ساتە هەستیارە مێژووییەدا، بۆ ٢٥ ساڵە دژی هەموو خەونێکی کوردایەتی بن، لە دروستکردنی کیانێکی سەربەخۆ؟!
لە بنبڕکردنی گەندەڵی؟!
لە نەهێشتنی خیانەتکردن لە کورد و کوردایەتی لە بەرژەوەندی تورکیا و ئێران؟!
لە گەشەپیکردنی ئەرێنای سیاسی و دیموکراسی، و لە یەککردنی زمانێکی فەرمی کوردی وەك هەر وڵاتێکی تری پێشکەوتوو و دواکەوتوودا؟!
حزبی کوردایەتییت دیوە هەموو سامانی نەتەوە بدزێت بۆ چەند کەسێك و خەڵکیش بە پێشەنگی کوردایەتی بزانێت؟!
کوردایەتیت دیووە سامانی نیشتیمان هەمووی بۆ دوژمن و خۆی بدزێت، و هەتا مووچەی خەڵکیشی لێ نەدات؟!
ئەگەر ئەوانە کوردایەتییە هەزار نەفرەت لە کوردایەتی بێت!

بەڵام ئەوانە چەند گروپێکی مافیایی دژی کورد وکوردایەتین وبەس. تاوانە ئەو هەستە هاوبەشەی کوردایەتی نێوان کوردانی هەموو پارچەکانی کوردستان و جیهان بکوژین لەبەر خیانەتی ئەوکەس و مافیایانە.

ئەی میللەتێکت دیوە هەستی کوردایەتی بە هێز بێت، وا نیشتیمانەکەی هەڕاجی دووژمنان بکرێت، و سامانی بدزرێت، مووچەی ببڕدرێت، کەرامەتی ڕۆژی سەدان جار بڕژێندرێت، وبێ دەنگیش بێت؟!
ئەوەی ئەو دەسەڵاتە گەندەڵە دژی خەونی لەمێژیینەی کوردایەتی دەیکەن، هەرگیز دوژمنیش بە کورد وکوردایەتی نەکردوە.

من دەڵێم کوردایەتی هەستێکی سروشتی کوردە لە نەخوێندەوارترین مرۆڤەوە، تا خوێنەوارترینیان. کوردایەتی تەنها کۆکەرەوەی کوردە لە هەموو دینێك و بیرێک، مەگەر بیرێکی دژە نەتەوەیی و بازرگانیکردن بێت بۆ دوژمنی کورد .

لە ئێوە دەپرسم بۆ ئێمە دڵمان بۆ بردنەوەی دەمیرداش خۆشە؟! بۆ دڵمان بە سەرکەوتنی پ ی دە و پ ک ک خۆشە؟! بۆ کوڕی هەولێر و سلیمانی و زاخۆ و دهۆك و کەلار و گەرمیان دەچن لە کۆبانێ دەکوژرێین بە سەربەرزی و شانازیەوە؟! بۆ دڵمان خۆشە کە کوردەکانی ئێران دەستکەوتێکیان دەبێت، و دلمان ئازار دەخوات بە هەر کوشتارێك و لە سێدارەدان و قەسابخانەیەك بۆیان دەکرێت؟! ئەگەر کوردایەتی و کورد بوون نەبێت چییە؟! خۆ دنیا پڕی ستەمە بۆ هەمان هەستت نییە بۆ چەوساوەکانی ئەفریقیا و ئاسیای دوور؟! ئەگەر هەشت بێت بە قەد هەستت نییە بۆ چەوساوەکانی کورد، مەگەر درۆ لە گەڵ خۆت بکەیت؟ !
ئەگەر لە لوتکەی مرۆڤایەتیش بیت، درۆ لەگەڵ خۆت مەکە، دڵت بۆ سەرکەوتنی چەوساوەکانی کشمیر خۆشترە یان چەوساوەکانی کورد لە ئێران و تورکیا و سوریا؟!

ئەگەر کوردایەتی نەما، دەبێت گەنجەکانمان هەموو تەسلیم بە ئایدیۆلۆژیای جیهادیەکان بکەین، تا وەك کۆنە شوعیەکان دڵیان بە سەرکەوتنی ڤێتنام خۆشتر بێت لە کوردستان.

٢٠١٦/٦/٢٠

# میزاجی سەلەفییەت دژی هەموو ژیانە نەک هەر ماملێی مەزن

پێمبڵێن چ شتێکی جوان هەیە سەلەفییەت دژی نەبێ؟!
دژی پێکەنینە گوایە دڵ دەمرێنێ!
دژی عەشقە تا ڕێگری بکەن لە خراپەکاری!
دژی یەکترناسینی ڕەگەزی نێر و مێیە لە کەمترین ئاستدا، بۆ مەنعی تێکەڵاوی وئیختیلات!
دژی نەورۆزە چونکە جەژنی ئاگرپەرەستییە!
دژی مۆسیقا وگۆرانییە چونکە بلوێری شەیتانن!
دژی یەکسانی ژن وپیاوە، چونکە خودا یەکسانی نەکردوون!
دژی یەکسانی مرۆڤەکانە، چونکە نابێ موسڵمان و ناموسڵمان یەکسان بن لە دینی خودا!
دژی گەشتوگوزارە چونکە فەسادی لێدەکەوێتەوە، وگەشتوگوزاری ئومەتی پێغەمبەر جیهادە!
دژی ئاشتی سەرتاسەری جیهانە، چونکە باوەڕی بە جیهادی موتڵەق و ڕەهایە.
دژی وێنە وپەیکەرە چونکە شیرک پەیداکردنە بۆ خوا!
دژی دنیایە بە گشتی، چونکە ئاخیرەت مەبەستە ومرۆڤ دەبێ قیامەت دۆست بێ!

دەتوانین دژایەتی ئەو میزاجە سەلەفییە بۆ هەزاران شتیتری جوان بژمێرین، بەڵام پێویست ناکات.

بۆیە کاتێ ئەو میزاجە ڕەش وتووشە پڕ دەداتە گۆڕی هونەرمەندی مەزن ماملێ، هیچ شتێکی چاوەڕوان نەکراو نییە. لە هەر شوێنێک سەلەفییەت بڵاوبوەوە ونەشونمای کرد، کەس نەبوو بیانوەستێنێ، چاوەڕوانی ئەوە دەکرێ دژایەتی هەموو ئەو شتە جوانانەی باسمکردن بیکەن. بەداخەوە ئەو شێرپەنجە دینییە خەریکە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاودەبێتەوە. ئەگەر کارێک نەکەن بۆ ڕێ پێگرتنی، ئەو میزاجە تووشە هەموو ژیانیان لێدەکاتە دۆزەخ.
ئەو میزاجە ئەهریمەنیەیان هەتا گۆڕی مردووەکانیش لە دەستی ڕزگاریان نابێ.
هەموو سەلەفییەت لەوەتی هەبوون بەقەد ئاوازێکی مامڵێ ی مەزن سوود وشادی نەخستۆتە دڵی کورد. هەموو سەلەفییەت قوربانی گۆڕی مامڵێی مەزن بن.

٢٠٢١/١/١١

# ئەو عەقڵیەتە بۆگەنانەن قەبری ماملێ و عەلی مەردان دەشێوێنن!

ئەوە لەگەرمەی هاتنی دەسەڵاتی ئیخوان بوو لە میسر، وەک دەزانن لەو سەردەمانەی ئیسلامی حوکمی شەقام و دەوڵەت دەکەن، زۆر دیاردەی دزێو و دواکەوتوو و پڕ خورافات بڵاودەبێتەوە. جارێ وڵات پڕ دەبێ لە ڕیش ودیشداشەی عەرەبی، بۆن وعەتری خۆش ون دەبێت، تەنها بۆنی تیژ وئیزعاجی عەرەبی لە خەڵک دێ !

شەقام پڕ دەبێت لە دووکانی توبی نەبەووی ودەجالەکانی لە ئەمسالی مەلا علی.

دەیەها بەرنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی دینی دەردەکەون. دەیەها بێ عەقڵ وکورتبینی دینی داوەت دەکرێن لەو میدیایە بۆ ئەوەی هەواکە پڕ پیسایی بکەن ئۆنلاین!

ببینە ئەوە لەسەردەمی حوکمی مورسی وئیخوان ئەو سەلەفیە شێخ مورجان، داوا دەکات هەموو پەیکەر وشوێنەوارەکانی کۆنی میسر لەناوببرێت، وەک پەیکەرەکەی بودای ئەفغانستان!

دەڵێت دەبێ هەر وەزارەتی گەشتوگوزار هەرنەمێنێ، چونکە ئەوە وەزارەتی دەعارە وبەدڕەوشتییە!

جا میسر گەشتوگوزاریشی نەمێنێ، چی دەمێنێ، خۆ نەوتێکی واشی نییە؟!

لە کوردستانیش سەلەفیی و ئیسلامییەکان زۆر لە ئاستی سەلەفییەت وئیسلامیستی عەرەبی ئاست نزمتر بیردەکەنەوە، ئەوەتا هەتا گۆڕی گۆرانیبێژ و هونەرمەندە گەورەکانیشمان ناپارێزن، کە هێشتا دەسەڵاتی سیاسیشیان لە دەست نییە!

دوێنێ گۆڕی ماملێ، ئەمڕۆ گۆڕی عەلی مەردان دەشێوێنن، هەی بەخۆتان و سەلەفی ساڵحتان قوربانی گۆڕیان بن.

٢٠٢١/٤/٣

# یوسف ئیسلام خۆزگە هەر گۆرانیبێژەکەی پێشوو بایت
# نەک ڤایرۆسی دینی سیاسی لێتبدات!

ئەمن نازانم ئەو ئیسلامە بۆ ڤایرۆسی ملهوڕ وتاغیە پەرستی لە هەناوی هەڵگرتووە؟! یوسف ئیسلام، کە پێشتر ناوی کات ستیڤن بوو، گۆرانیبێژێکی ناوداری ئینگلیزی بوو، ئەو گوایە خوا هیدایەتی داوە، لەوەتی هاتۆتە ناو ئیسلام هەموو جوڵەکانی بازرگانییە، چەندین قوتابخانەی تایبەتی ئەهلی ئیسلامی کردۆتەوە، دەزانێ موسڵمانان تووشی فۆبیای شەرەف وجیاکردنەوەی کچ وکوڕبوون لە قوتابخانەکان، ئەویش ئەو غەریزەیە وەبەردەهێنێ!

هەرچەندە من لە مامۆستایەکی قوتابخانەکەیم بیستووە قوتابخانەکانی لە ڕووی ڕەوشتیەوە خراپترن وچاکتر نین لە قوتابخانە ئاساییەکان، ئەو جیاکر نەوەیە کوڕان وکچانی زیاتر تەشویق کردوە بۆ یەکتر!

ئەمڕۆش کاکی بازرگان کە گوایە خوا هیدایەتی داوە، هەموو فەرهەنگی مافی مرۆڤ و مرۆڤپەروەری جێهێشتوە، وەک پۆخڵترین ئیخوانی ئیسلامی دەچێتە خزمەت ئەردۆگان ودیاری شەمەندەفەری ئاشتی پێ دەدات! من گوێم لێبوە کە ئەردۆگان پارەیەکی باشیشی داوەتێ بەناوی قوتابخانەکەی! خۆی سەرانی دینی مەجالی تێدانییە یەک لە سیفاتەکانیان سواڵکردنە بەناوی دین، یوسف ئیسلامیش دیارە لەو بەهرەیە بێ بەش نەکراوە سواڵیش کە کرا، مرۆڤ دەبێتە سواڵکەرێکی چاوشۆڕی بەردەم وەلی نیعمەکەی وپولبدەرەکەی!

من دڵنیام یوسف ئیسلام ئێستا هەر کات ستیڤن بوایە شەرمی دەکردەوە پشتگیری خوێنڕێژێکی وەک ئەردۆگان بکات، بەڵام ئەو مێنتاڵیەتیەی ئەو دینە و توراسەکەی کاتێ قەوارەی عەقڵی هەر کەسێک داگیر دەکات، هێندە خراپ تەشویهی دەکات، پڕ دەبێ لە لاسەنگی وسەراوقون دیتنی ژیان وجیهان!
خۆزگە هەر گۆرانیبێژەکەی جاران بایت بە فەرهەنگێکی ئینسانی ومافی مرۆڤەوە، نەک ببیتە موسڵمان بە ڤایرۆسی نامرۆیی وبێ ئیحساس و پشتگیری جەوروستەمەوە!

٢٠١٩/١٠/٣١

# چاکەتەکەی فوئاد ئەحمەد

منداڵ بووم زۆر جار دەیان ناردم بۆ کڕینی سەوزە و تەماتە و ئەو شتانە. منیش هەموو جار سەرێکم لە دووکانی کۆنە جلی لەنگە دەدا لە بازاڕی شێخەڵای کە دووکانەکە بە قەبرستانەکەی وەنووسابوو، ئێستا بازاڕی نیشتیمانی لێیە .
من حەزم لە تیشێرتی تۆپانێ بوو، ڕۆژێکیان فوئاد ئەحمەدی گۆرانیبێژم دیت لەو دوکانە سەیری شتی دەکرد، دوایی چاکەتێکی نەخشی چوارگۆشەیی
کڕی. ئاگام لێبوو بە چەندیشی کڕی!

دوایێ دیتم لە تەلەفزیۆنی کوردی بەو چاکەتەوە دەرکەوت لە گۆرانیەکی نوێ، منیش کردمە هەرایەك میوانێکی زۆری گەڕەکیش لە ماڵمان. بوون گووتم: ئەها ئەو چاکەتەی لە لەنگە کڕی خۆم ئاگام لێبوو!

دوای ماوەیەك لە بەدبەختی خۆی خوالێ خۆشبوو ڕێی بە گەڕەکی ئێمە کەوت بە هەمان چاکەت. هەرکە لەلای ئێمە نزیك کەوتەوە گووتم: ئەها مندارینە بەخوای ئەو چاکەتەی لە پێش چاوی مندا کڕی لە لەنگەی بەوەندەی، فوئاد ئەحمەدی ڕەحمەتی بە توڕەیی تەماشای منی کرد بە برادەرەکەی گووت بە خوا حەیامی برد!

وەلحاسڵ لە پاش ئەو ڕوداوەوە قەت نەمدیت لەبەری کاتەوە، بەس بۆ من هەر نەبڕایەوە چونکە فەقیرەی گۆرانیەکی بەو چاکەتە تۆمار کردبوو، هەر جارەی دەرکەوتبا من ڕاپۆرتی تەواوم دەدا لەسەر چاکەتەکەی لەنگەی. پێش ماوەیەك لە تەلەفزیۆنیکی کوردی ئەو گۆرانیە کۆنەی فوئاد ئەحمەدی ڕەحمەتی لێدەدا، میوانیشمان هەبوو هیچی نەمابوو دیسان باسی چاکەتەکەی لەنگەی بکەم، لە جیاتی ئەوە لە خۆڕا پێکەنینێك گرتمی بە پەلە لە ژوور دەرکەوتم .

٢٠١٦/٣/٣٠

# مەلا و ئەخلاق

زۆرێك لە مەلاكان و كۆمەڵگا رۆژهەڵاتیەكانیش زۆر بەشێوەیەكی خواروخێچ لە ڕەوشت وئەخلاق گەیشتوون.

جارێ ئەخلاق لای ئەوان دوو جۆرە و رەگەزی هەیە، ئەخلاقی نێر و ئەخلاقی مێ. زۆر شت هەیە پیاو دەیات زۆر بەلای ئاساییە، بەڵام هەمان شت كە كچێك دەیكات دەبێتە بێ ئەخلاقی وبێ ڕەوشتی... پێش چەند رۆژێك پێش سی چل ساڵێك شێخ عبد الباسط ڤیدیۆكمان بلاوكردەوە دەڵێت گوێ بۆ هەموو دەنگێكی خۆش دەگرێت كە ئەوە لینكەكەیەتی.٤

گەورەترین قورئان خوێن ئەوە قسەیتی ودەڵێت بە تایبەتی گوێ دەگرم بۆ ام كلثوم كوكب الشرق، شێخ عبد الباسط الغرب یشی بۆ زیاد دەكات و دەڵێت: كوكب الشرق و الغرب! كەچی هەولێری موبتەلا بە چەندین مەلای بێ مێشك وبێ ڕەوشت ئەمڕۆ مەلایەكی هەموو كەناڵەكانی هەواڵ و تۆڕی كۆمەڵایەتی پڕ كردوە ە جوێنی ناشیرین وقسەی ناشیرین گوتن بە بەڕێز پەرواز خان چونكە گۆرانی وتوە ودەلێت بەس هەڵەبجە و ئەنفال و قازی محمد و ملا مستەفا كوردیان بە خەڵک ناساندوە...

لە غەزە كە ئیمارەتێكی ئیسلامی فەلەستینە، هەموو خەڵكی غەزە بە نەتەوەیی وئیسلامیەوە دەنگ دەدەن بە محمد عسافی بەژداربووی فەلەستینی، هەتا ئیسلامی ودیندارەكانیش زۆر بە حەماسەتەوە دەنگی بۆ دەدەن چونكە كوڕە وكچ نیە، دەنا ئەوانیش هەڵوێستێكی تریان دەبوو!!

بێ ئەخلاقی ئەوە نیە گۆرانی بڵێیت وهونەری میللەتەكەت بە خەڵك بناسێنیت، بێ ئەخلاقی سیفەتیكە لە خودی هونەر دا نیە، بەڵكو كاتێك بە مەبەست بتەوێ هونەرەكەت بێ رەوشتی پێ بكەی دەبێتە هونەرێكی بێ ئەخلاق... بێ ئەخلاقی دەكرێت لەگەڵ سیاسەت كردن و مەلایەتی كردن و بازرگانی كردن و هەر كارێكی تر بكرێت.

كاتێ مەلایەتی دەكەیت چاو لە هەزاران گەندەڵی و بێ دادی و ستەم و نابەرابەری دەپۆشیت ودەچیت پڕ دەدەیتە ئافرەتێك بە قەد هەموو مەلا و ڕۆشنبیر و بیرمەندی كورد خەڵكی بە كورد ناساندوە، ئەوە بێ ڕەوشتی وبێ ئەخلاقیە بە ئیمتیاز.

**٢٠١٣/٥/٢٧**

---

٤ http://www.youtube.com/watch?feature=player_embedded...

# بەشی دووەم

## دراما و بەرنامەی تەلەفزیۆنی و سۆشیال میدیا

### میدیای ئەڤین ئاسۆ و بە تورك كردنی خۆبەخشانە

لە بیرمە كاتی خۆی لە ساڵی ٢٠١٠ وتارێكم نووسی بە ناونیشانی : "ئافرەتی كورد و پیلانێكی موسڵمانانەی ئاكەپە! "تیایدا باسی لێدوانێكی سەرۆك شارەوانیەكی سەر بە حزبی ئەردۆگانم كرد كە تێیدا دەڵێت :

"هەر توركێك ژنێكی كورد بێنێت وەك ژنی دووەم تا كێشەی كورد نەمێنێت، هەمووومان ببینە تورك و ئەوكاتە مومان بە بەینی وەناچیت!" [١]

لەو وتارە باسی ئەو خالە لاوازەی ئافرەتی كورد دەكەم لە بەراوردا بە ئافرەتی ناكوردی ناوچەكە، كە ئافرەتی غەیرە كورد وەك ژنانی عەرەب و توركمان و عەجەم و فارس كە شو دەكەن بە پیاوێكی دەرەوەی نەتەوەی خۆیان، بە حوكمی پایەی ئافرەت وەك قوتابخانەی یەكەمی زمانی و پەروەردەی منداڵ بێ یەك و دوو فێری زمانی خۆیانی دەكەن، لەپاش ماوەیەكی كەم سەردانیان بكە دەبینی منداڵەكە كە دایكی توركەو باوكی عەرەبە یان كوردە یان هەر شتێكە، بە توركیەكی ڕەوان قسە دەكات لە خراپترین حاڵەتدا ئەگەر ژنە توركەكە لەناو نەتەوەی باوكەكە بژیت، زمانی دایك بە چاكی قسە دەكات و دەبێتە زمانی دایك mother tongue ، زمانی باوكیش بەسەقەتی فێری دەبێت وەك دەستی دوو بەكاری دەهێنێت!

بەڵام دەیان نمونەی ئافرەتی كورد دەزانم چۆن زمانی خۆشی لە دەست دەدا و فێری منداڵیشی ناكات و خۆیی منداڵەكانی بونەتە توركمان یان عەرەب یان هەر شتێكی تر، بڕواننە خێزانە كوردەكانی بەغداو موسڵ و دیالاو گەلێك شوێنی تر.

ئەمڕۆ لە سایەی دەسەڵاتێكی نا نەتەوی و نانیشتیمانی گەندەڵ، میداكانی كوردی بەبێ ئەوەی بەخۆشیان بزانن خۆبەخشانە بوونەتە ئامرازێك بۆ بە توركی كردنی زمان و جیهانبینی و میزاجی مرۆڤی كورد لە نێر ومێ، هەر تەنها كچیش نا، بەڵكو تاڕادەیەك گەنجی كوردیش سەرسامی ئافرەت و ستایلی ژیانی توركیا وئێران دەبن، لەبەر هونەر و مۆسیقا و زنجیرە درێژ و زۆرەكانی توركی، و ئەو داگیركردنە فەرهەنگەی تورك بۆ باشووری كوردستان.

ئەو ڤیدیۆیەی کە لە نێت تیڤی ئەڤین ئاسۆ بڵاوکراوەتەوە،[٥] زۆربەی کچانی کورد لەو ڤیدیۆیە کە لێیان دەپرسن: بە چ پیاوێک سەرسامی؟ لە وەڵامدا دەڵێن بە پیاوی تورك؟! ئەوەش لەبەرئەوەی چۆن بازرگانانمان تا تەماتەی حازری ئێرانی وماستی حازری تورکی هەبێت، پڕۆژەیەکی خۆماڵی بۆ بەرهەمهێنانی ئەو کاڵایانە دانامەزرێنێت، میدیای بێ ستراتیژ و بێ بەهای نیشتیمانی تا زنجیرەیەکی تورکی ئامادە هەبێت، بیر لە بەرهەمهێنانی زنجیرەیەکی کوردی ناکاتەوە وەك هەمان بازرگانی کەرتی کاڵا و خۆراك، دەبێتە بازرگانێکی کەرتی میدیا، کە میدیا هێندە گرنگە، فۆرمەڵەی عەقڵیەتی کوردی دەکات!

تەلەفزۆنەکانی ئەڤین لە یەکەم ڕۆژەوە ڕۆڵێکی تێکدەرانەیان بینیوە لەو تەتریک کردنەی میزاجی کوردی. ئەوە ئێستا بەرهەمەکەی دەبینینەوە!

کێشەکە لەوەدایە تورك هەر لەگەڵ شیری منداڵیدا فێری ڕقی کورد دەکرێن، تەنها کوردێکیان قبوڵە کە قەت باسی کوردبوونی خۆی نەکات! ئەو ڕق و قینەیەی تورك و هەتا تورکمانیش نیشانی کوردی دەدات، ڕووداوەکانی کەرکوک و دووز شاهێدن! ئەو ڕقە شتێکی ئاسایی نییە، نەخۆشیەکی دەستەجەمعی مێژوویی و دەروونیی تورک و تورکمانە، ئامادەن ئاسەواری کورد بسڕنەوە، کەچی ئێمە بچین بە پارە و ماندووبوون و میدیای خۆمان کچان و کوڕانمان تەتریک و تەفریس بکەین!

٢٠١٧/١٢/١

[٥] ڤیدیۆکە: https://www.youtube.com/watch?v=oWkiOUvatVI

# کەناڵی سپیدە وپەتای داعشیەت!

لە سەرجاوەیەکی ناو یەکگرتووی ئیسلامیەوە پێم گەیشتووە کە پاش فشارێکی لەفزی ودەرروونی سەلەفیانەی زۆری بەرپرسانی یەکگرتوو و بەڕیوەبەرانی کەناڵی سپێدە، خانمە بێژەری ناودار وسەرکەوتوو، ڤیان محمود یان ناچار بە دەست لەکار کێشانەوە کردوە، گوایە تەنها لەبەر ئەوەی ئەو خانمە ڕوخساری جوانە وگوناهە لەسەر تەلەفزیۆن بێت!!! ئەو سەرچاوەیە دەڵێت محمد فەرەج ی سکرتێری یەکگرتوو کەوتۆتە ژێر فشاری عەقڵیەت سەلەفیەکانی [ئەو دەڵێت داعشیەکانی!] ناو بەرپرسانی یەکگرتوو، کە ئەوانیش کەوتوونەتە ژێر فشاری دیندارە سەلەفی مەشرەبەکان کە لایان ژن نابێت بە پەچە ونیقابیشەوە لەسەر تەلەفزیۆن بیت!

کەناڵێکی میسری سەلەفی هەبوو ئافرەتەکان ڕەش ڕەش دەردەکەوتن هەتا دەموچاویشیان دادەپۆشی، بەڵام لەبەر ئەوەی ژن دەنگی عەورەیە، ناوەڵلا هەر خۆی هەمووی عەورەیە، سەدان ڕەخنەیان بۆ هات سەبارەت بەو شتە ڕەشانەی سەر شاشە! کەناڵێک ناودارترین واعیزی مەلا شێرزاد بێت و لەنێو بەرنامە پێشکەشکارەکان لە سەری مەجلیسی ڕەسمی دابنێن، مەلا شێرزادێك بە تێروانینە شەعبی وبازاڕی، کە زۆربەی زانیاریەکانی لە سایتە سواوە سەلەفیەکان دەردەهێنێت، وخەلك ئاڕاستە دەکات بۆئیسلامیکی داخراوی وەک ئەو ژنە مونەقەبەی لە ڕوسیا پاسپۆرتی بەبێ وێنە دەرکرد بە زەبری دوعا و شەونوێژان!! دەبێت یەکگرتوو چ پرۆژەیەکی کرانەوەی هەبێت بە پێچەوانەی ئەو هەموو توندرەوییەی وڵاتی داپۆشیوە؟!

بەر لەماوەیەك هەر سەبارەت بەو کێشەیە ئەو وشانەم نووسی وامزانی کەسیك گوێی لێدەگرێت، بەڵام دیارە پەتای داعشیەت لە یەکگرتوو ومحمد فەرەج و هەندێك لە قیاداتی یەکگرتووی داوە، گوێ بەس لە توندرەوان دەگرن، ئەوە ئەو بەشە وتارەیە کە ئەوکاتە نووسیم، هێشتا سەڵاحیەت پێنجساڵیتری یەکگرتووی ماوە:

"بێ هەڵوێستی حزبە ئیسلامیە میانڕەوەکان داعشیەت دروست دەکات کە میانڕەو دامەزراو نەبوو ، تەژی بوو لە حزبایەتی و دەمارگیری دەستەگەری، وبەڵگەی مەنهەجی میانرەوی پێ نەبوو، فێری توێژینەوەی زانستی نەکرا لە پوچەڵکردنەوەی بنەماکانی فکری توندڕەوی، زۆر ئاسانە لە نێوان شەو و ڕۆژێکدا ببێتە توندڕەوێکی تۆبەکار لە میانڕەوی! داعشیەت بە لەرزەلەرزی ئیخوان و بەناو وەسەتیەکان دروست دەبێت، کاتێك شەو و ڕۆژ باس باسی میانڕەویی دەکەن، بێ ئەوەی چالاکیەکی کاریگەریان هەبێت بۆ پوچەڵکردنەوەی بنەماکانی سەلەفیەت! بێ ئەوەی بنەمای شەرعی هەقیقی دانابێت بۆ میانرەوی!

نەك هێندە بەڵکو زۆرجار ژمارەیەکی زۆری ئەو وەسەتیانە لە ژێر کاریگەری مەنهەجی سەلەفیەتدان، و زۆرجار پێت جیا ناکرێنەوە! نیوەی ئیخوانی عەرەب سەلەفین، لە کوردستانیش سەرەڕای ئەو ئازادیەی هەیانبوو بۆ لیکۆڵینەوە و دامەزراندنی بنەماکانی میانڕەوی، کەرتیکی گەورەیان لە ژێر هەڕیشە وکاردانەوەی سەلەفیەکان هەنگاو بەرەو سەلەفیەت دەنێن، ئەوە نەبوو پاش ئەوەی دلشاد کەلاری دژی دەکەوتنی ئافرەت بوو لە تەلەفزیۆن، زۆری نەبرد کەسانیکی پلەدار لەناو یەکگرتووش دۆڕاندنیان لە هەڵبژاردن گەڕاندەوە بۆ بوونی ئافرەت لەسەر تەلەفزیۆنەکەیاندا!!

وەك ڕۆژنامەنووسێکی ناوداری یەکگرتوو کاک محمود یاسین لە فەیسبوکەکەی نووسیبووی: " لە چوارچێوەی ئیصلاحاتی فیکری و سیاسی و کرانەوە و تەجدید بە بیانووی دەنگ کەم کردن، چەند کەسێکی دەستڕۆیشتووی بڕیاریانداوە لە ئایندەیەکی نزیك یان دوور (بێژەری خوشك) لە سەر شاشە قەدەغە بکەن، فەشەلی قیادەکردنی خۆیان دەخەنە سەر (ڕەگەزی مێ) و دەستی چەوری خۆیان بە لەچکی ئافرەتان دەسڕن" دیارە یەکگرتوو لاسایی دڵشاد کەلاری سەلەفی دەکردەوە، کە ئەویش پێش ئەوان گووتی حەڕامە کچی بێژەر لەسەر تەلەفزیۆنی کۆمەڵ بێت!

لە جیاتی دانیشن و توێژینەوەیەکی ورد و زانستی هۆکاری فەشەلیان بکەن، ختووکەی هەستی دینداری سەلەفی دەکەن، وژن دەکەنە هۆکار وەك لاوازترین ئەڵقەی کۆمەڵی دواکەوتوو! ئەوەش لە ترسی قسەی سەلەفیەکان کە دەڵێن یەکگرتوو کەوتوەتە ژێر کاریگەری هێزە عەلمانییەکان و خەریکە وەك ئەوانی لێدێت، بۆیە یەکگرتوەکان لەبەر غیابی وەعی وهۆشیاری میانڕەوی جگە لە دروشم وئیدیعادا، بە ئاسانی کەوتونەتە ژێر کاریگەری ئەو وتارە غەیبیە و غەبیەی سەلەفیەکان وداوا دەکەن یەکگرتووش بەرەو داخراوی ببەن تا خەڵك لێیان ڕازی بێت"!!

٢٠١٥/٢/٢٨

# ئەبو عەنتەر و دەسەڵاتی کوردی

سەرنج: کە خوێندتەوە پێم بڵێ ئەو وتارە کەی نووسراوە، ئەو دەسەڵاتە چی گۆڕاوە؟!
کەم کەس هەیە لە نەوەکانی پەنجا وشەست وحەفتاکان کە ئەکتەری بەناوبانگی سوری ئەبو عەنتەر نەناسن. ئەبو عەنتەر کە ناوی خۆی (ناجی جبر)ە، لەگەڵ غەوار وحوسنیە فەندی ویاسین بەقوش بەشێک لە زاکیرەی ئەو نەوانە تەشکیل دەکەن کە ئاماژەمان پێکردن.
ئەو هونەرمەندە گەورەیە بەر لە چەند ڕۆژێک کۆچی دوایی کرد وهەزار ڕەحمەتی لێ بێت. ئەوەی زیاتر منی سەرسام کرد بە ئەبو عەنتەر ئەو بە خۆداچونەوە بوو کە بەو دواییە کردی بەبآگوێدانە تەمەنی گەورە ودەقگرتنی بەیەک شێوازی نواندن ویەک ڕۆڵی دوبارە بوەوە، و ئەستەمبوونی سڕینەوەی وێنەی کەسایەتی ئەبو عەنتەر لە یادوەری گشتیدا. بە دەستی خۆم نەبوو کە بەراوردی ئەبو عەنتەر ودەسەڵاتی کوردی بازیدایە سەر پەڕەی پیرکردنەوەم چونکە پێموایە لە زۆر ڕووەوە لەیەک دەچن!

• ئەبو عەنتەر وەک دەسەڵاتی کوردی لە ئەنجامی نەتوانینی (زیاد مەولەوی) لە یاری کردنی ڕۆڵی ئەبو عەنتەر لە دوو زنجیرەی بەناوبانگی (حمام الهنا) و(مقالب غوار) ئەو ڕۆڵانەی وەک ڕێکەوت دەستکەوت ولە پڕێک بوە ئەو ئەبو عەنتەرەی سەر گۆڕەپانەکە! وەک چۆن سەدام کۆتایی بە ڕۆڵی خۆی هێنا لە ئەنجامی ریسکە پڕ لە دەبەنگەکانی!

• ئەبو عەنتەر لەوەتی هەبوو بینەران لە ڕۆڵی کابرایەکی کەڵەگا ولۆتی وگۆبەندگێڕ وقۆڵ کوترای دەیاندیت، کە هەردەم مافی خەڵکی دەخوارد بە هێزی بازوو و هەڕەشە وگورەشە لە گەڕەکێک بە ناوی (حارە کل مین ایدو الو) (هەرکەسەو دەست ومستی خۆی)! (وەک هەرێمەکەی خۆمان)، وهەردەم ستەمی لە کەسانێکی هەژاری وەک (یاسین بەقوش) (خەڵکە هەژارەکە) دەکردا!!

• ئەبو عەنتەر بەس لە سەرۆکی مەخفەری پۆلیسی گەرەکەکە دەترسا وهیچ گوێی بە خەڵکی گەڕەکەکە نەدەدا (وەک چۆن دەسەڵاتی کوردی بە هەموو دەزگاکانیەوە ئەوەندەی دڵی ئەمریکا وتورکیا وکێ وکێ ڕادەگرێت، یەک لەسەدا دڵی میللەتەکەی ڕاناگرێت.)

• بۆ ماوەیەکی زۆر ئەبو عەنتەر ئەو وێنەیەی خۆی دوبارە دەکردەوە لە زۆربەی هەرە زۆری کارەکانی وەک (صح النوم ، یومیات ابو عنتر، ملح وسکر، حمام الهنا. و مقالب غوار. ) بێگومان خەڵک وجەماوەری ئەبو عەنتەر بۆ ماوەیەک بەو ڕۆڵانەی ئەبو عەنتەر دڵخۆش بوون وەک (چۆن خەڵکی کوردستانیش دڵیان بەو ئەزموونە ساوایە خۆش بوو بۆ ماوەیەکی زیاد لە حەد) ئەبو عەنتەریش وایدەزانی ئەو ڕۆڵەی قەدەری خوایە وهەرگیز نابێت بگۆڕدرێت یان گۆڕانکاری بەسەردا بێت، پێیوابوو خەڵکیش هەرگیز لێی بێزار نابن ئەگەر بۆ هەتا هەتایێ لە ناو پێستی ئەو ڕۆڵە بێت (ئەوە نییە هەرێم ئەو هەڵبژاردنانەی کە لە عێراق دەکرێت لە هەرێمدا ناکرێت!!). دەسەڵاتی

کوردیش بە هەمان شێوە، دەیەوێت هەر ڕۆڵی ئەو حکومەتە ساوایە ببینێت، کە بانگەشەی بۆ دەکات لە یەکەم رۆژی ئازاد بوونی کوردستاندا! چونکە ساوا بەرپرسیار نییە لە هیچ کارێکی دژی یاسا وشارستانیەت ودادپەروەری کە دەیکا. و هەر عەیبیشە کەسێک موحاسەبەی ساوایەک بکات!

ئەی ئەوە نییە کە مشتومڕ ودەودەوانێ لەگەڵ ساوایەک دەکەیت هەزار کەس لێت ڕاست دەبنەوە ورەخنەت لێدەگرن چۆن ئەو کارە دەرهەق بەو سەبی وساوایە دەکەیت!!

• ئەبو عەنتەر کە هەستی بە بێزاری ومەلولی خەڵکەکە کرد، وزانی هیچی تر ئەو ڕۆڵەی جێگای بایەخ وخۆشحاڵی ئەوان نییە، وخەریکە خەڵک بە تەواوی لە بیری دەکەن، پاش دانیشتنێکی زۆر لە چاوەڕوانی ڕۆڵی عەنتەر ئاسا، هەڵسا بیرێکی لە حاڵی خۆی کردەوە و توانی لە کەوڵی ئەو ڕۆڵەی ئەبو عەنتەر بچێتە دەرەوە، وسەر لەنوێ متمانەی خەڵکانێکی زۆر بەڵکو زیاتر لە جاران بۆخۆی بگەڕێنێتەوە.

ئەوەبوو لە ماوەیەکی کورتدا چەندین کاری جوان وسەرکەوتوانەی پێشکەش کرد وەک (اهل الرایە، الحصرم الشامی، اولاد القیمریە، بیت جدی،، غزلان فی غابە الذئاب، و رجل الانقلاب) وچەندین کاری تر.

بلیمەتی ئەبو عەنتەر لەوەدا بوو، بەو ماوەیە کورتە توانی چەندین رۆڵی جیاواز ودەگمەن بگێڕێت، بە جۆرێک خەڵک وێنە کۆنەکەی لە بیر بکات، وتوانی بیسەلمێنێت کە قۆناغی عەنتەریاتی بڕیوە وئێستا ڕۆڵێکی تر یاری دەکات، بەڵام بەداخەوە دەسەڵاتی کوردی تا ئەمڕۆش هەر لە قۆناغی نا بەرپرسیارەتی ساوایی دایە، نایەوێ کەس لێپرسینەوەی لەگەڵ بکات، کەس نەڵێ (من این لکم هذا)!

کەس نەزانێ بودجەی هەرێم چەندە وچۆن سەرف دەکرێت، وبە خێری خۆی یارمەتی بداتە حزب ودەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی (ئەگەر هەبن!!)، ودەسەڵاتی سیاسی تەنها بۆ خۆی قۆرخ بکات، ئەگەر خودی ئەمریکاش ڕەخنەی لێگرت ئەوە هۆیەکەی ئەوەیە چاویان بە ئەزموونە ساوایەکەی هەڵنایەت.

دەسەڵاتی کوردی هەموو هێلکەکانی چارەنووسی خستۆتە سەبەتەی ئەمریکا، وپێشی شەرم نیە وەک پیاوی یەکەمی ئەمریکا ناوزەدی بکەن لە ناوچەکە، بەڵام ئەگەر هەمان ئەمریکا یارمەتی هەر لایەنێکی دا لە کوردستان، وەک یارمەتی دانی میدیای ئازادی ناحیزبی، ئەوە دەسەڵاتی کوردی هارو هاج دەبێت، وپێیان دەڵێت ئەوانەی بەکرێگیراوی ئەمریکا وولاتانی ترن !تو بڵێی دەسەڵاتی کوردی بڕیاری مانەوەی هەتاهەتایی دابێت لە قۆناغی عەنتەریات، ماقوڵە ئەبو عەنتەر یان ڕاستر (ناجی جبر) لە دەسەڵاتی کوردی بلیمەتتر بێت؟!

**ئەپریلی ٢٠٠٩**

# گاڵتەپێکردنی تەلەفزیۆنی

# بە کەسانی وەک سەباح پەرۆش و بێگەڵاسی!

لە منداڵی لەبیرمە کەسێکی دەنگ ناخۆش هەبوو، زۆر حەزی بە گۆرانی گووتن بووا سێ بەشی زیاتری گەڕەک پێیان ڕادەبوارد ودەیانگووت دەنگت زۆر خۆشە، ئەویش باوەڕی کردبوو، بەشەکەی تر شەرمیان دەکرد پێی بڵێن دەنگت ناخۆشە! بەس لۆ خوای بڵێم زۆریش دەنگی لەو سەباح پەرۆشە خۆشتر بوو، کە بەگوێ لێبوونی زەغتم هەڵدەستێ!

وادیارە ئەو جۆرە ڕابواردنەی کۆڵان وگەڕەکان گەیشتۆتە ئاستی سۆشیال میدیا و تەلەفزیۆن و بەرنامە بۆ دارڕژتن!

ئەو کابرایە فەقیرحاڵەیان کردۆتە مەزەی تەلەفزیۆنەکان وسایتەکانی میدیا گوایە هونەرمەندە! ئەو ئەڤینەش کە دەیان جار بەرگریم لێکردوە بەرامبەر ئەو جوێنانەی پێی دەدرێ، لەلایەن زۆربەی ئیسلامییەکان گوایە ڕەوشتی کچان تێک دەدا! لێرەدا دەبێ بڵێم کارێکی زۆر دزێو و نارەوشتی دەکات بە هێنانی کەسانی وا فەقیرحاڵ بۆ بەرنامەکانی بۆ ئەوەی خەڵک زیاتر پێیان ڕابوێرن!

پەیامی میدیای موحتەرەم نابێ پێ ڕابواردن بێ بە خەڵکانێک دڵنیام لە ڕووی عەقڵیەوە یان دەروونیەوە کێشەیان هەیە!

ئەو سەباح پەرۆشە کە دەنگی ئینزاری تەیارەی سەردەمی شەڕی عێراق ئێرانم بیردەخاتەوە، ئەگەر لە ڕووی عەقڵیەوە تەواو بێت چۆن دەمی دەکاتەوە؟! ئەوە خۆشە لەو چاوپێکەوتنەی کە لینککەیم داناوە دەڵێت کەسانێک هەن هونەری کوردیان تێکداوە! ئەگەر وابێ کۆمێنت لێدەرەکانت ڕاست دەکەن خۆشت عەرز و عروزت گاوە!

نوکتەیەکی خۆشی واقیعی، ئەو برادەرەی گەڕەکەکەمان تا درەنگانێک خەیاڵی بەو ڕۆڵە دەبینی گوایە دەنگی خۆشە! ڕۆژێک لە دووکانێک بە سودفە لەوێ بووم زیاد ئەسعەدی هونەرمەند تازە دەرکەوتبوو، ئەو برادەرەش خۆی هێنابووە ڕێزی زیاد و گۆرانی دەگووت بۆی! زیاد دیاربوو سوعبەتچی وقسە لە ڕوو بوو، پێیگووت: کورە دەبەسە کاکی من ئەوە کەی دەنگە بەخوای ئەمن کە زگم دەچی، دەنگم لەوەی تۆ خۆشترە!

ئەو دووکانە تەقیەوە لەگەڵ قاقای پێکەنین، لە منداڵیەوە کەسم نەدیتبوو بەو جورئەتە بەو کاکە دەنگ ناخۆشە بڵێ دەنگت ناخۆشە! بەڵام کێشە ئەوەیە ئەو سەباح پەرۆشە وکەسانی تریش لەبەر هەر هۆیەک بێت عەقڵیان بەو هەموو جوێن و سوکایەتی پێکردنەی کۆمێنتەکان ناشکێ، کە هەمووی گاڵتە بە دەنگی دەکەن! بۆیە تاوانە کەسانی وا بانگ بکرێ بۆ بەرنامە وبیانکەیتە قەشمەرجاری خەڵک[٦].

٢٠١٩/١٠/٤

[٦] https://youtu.be/QxUMoZT_Mac

# بۆچی زنجیرەی غرابیب سود ڕاگیرا؟!

ئەمڕۆ ٢٠١٧-٠٦-١٦ هەواڵێك بڵاوبووەوە کە زنجیرەی غرابیب سود ی ئێم بی سی لە ئەڵقەی ٢٠ دا ڕادەگیرێت! هەواڵەکە زۆر لە ناکاو بڵاوبووەوە بۆ زۆرینەی خەڵك ناخۆش بوو کە دەیانەویست لە داعش بگەن لەناوەوە، بەڵام بێگومان هەواڵێکی خۆش بوو بۆ کۆمەڵێ میدیا و گروپی دینی وتیرۆرستی و دەوڵەت وخەڵکانێك لەبەر هاوبەشی زۆریان لەگەڵ داعش، ئەمانە ئەو ڕاگرتنە لە ئەنجامی هەڵمەتەکانی خۆیان دەبینن. لە یەك کاتدا ئیخوانەکان و میدیاکانیان و زانا وەهابیە توندڕەوەکان و مینبەر ومیدیاکانیان و سیاسیە ئیسلامیەکانی قەتەر و لە جەماعەی ئیسلامی و باقی گروپە جیهادییە سەلەفیەکان هەڵمەتی دژایەتی خۆیان ڕاگەیاند دژی زنجیرەی غرابیب سود، لە ژێر بروبیانووی جۆراوجۆر وەك مەسەلەی شەرەف و وروژاندنی هەستی سوناتی و شیعاتی وشتیتریش! بێگومان الجزیرة مایسترۆی ئەو هەڵمەتانە بووا!

وەك هەمیشە کەناڵی الجزیرة سەرپەرشتی هەڵمەتی دژایەتی ئەو زنجیرەیەی کرد، تا ئێستا چەندین بەرنامەی بۆ تەرخان کردوە کە هەمووی لە دژی ئەو زنجیرەیە، وەك پیشەی هەمیشەیی الجزیرة لە بەرگری کردنی لە تیرۆریزمی ئیسلامی بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ بەرگری لە داعش دەکات، بە بیانووی تر وەك:

ناوی زنجیرەکە [غرابیب سود] هەڵەیە چونکە بە مانای ترێی ڕەش دێت یان چیای سەرکەش! بێگومان ناوەکەی لە سورەتی فاطر ئایەتی ٢٧ وەرگیراوە کە دەڵێت] :وَمِنَ الْجِبَالِ جُدَدٌ بِيضٌ وَحُمْرٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَانُهَا وَغَرَابِيبُ سُودٌ] ڕاستە بە ترێی ڕەش دەگوترێت بەڵام نەمزانیوە بە چیای سەرکەش بگوترێت، بەڵکو لێرە وەسفە بۆ ڕەنگی چیا، کە چیای سپی و سوور و ڕەشی قەترانیش هەیە، عەرەب بە پیاوی زۆر ڕەش دەڵێن: هو أسود غربيب، إذا وصفوه بشدة السواد! کەوابوو ناوەکەی تەواوە!

ئینجا جەزیرە تۆمەتباری زنجیرەی غرابیب سود دەکات کە گوایە بەرهەمێکی شیعییە، چونکە مودیری ئێم بی سی علی جابر شیعییە! ئەو پیاوە لە بەرنامەی حەرەب گۆت تالێنت دادوەرە کەسێکی هەتا بڵێی ڕۆشنبیر و دوور لە تائفیەت دیارە، زۆر ناخۆشە تۆ تەنها لەبەر ئەوەی لە خێزانێکی شیعی لە دایک بووبیت، هەتا ئەتێیستیش بیت بە شیعەیەکی تائیفیت بزانن! ئەگەر شیعەیەکی وا تائیفییە چی دەکات لە کەناڵێکی سعودی؟ هەمان شت بۆ چەند ئەکتەرێك کە شیعەن، ناکرێ هەر لەبەر ئەوە شەڕی تائیفی دژی زنجیرەکە بەرپا کەین.

یان نووسەرێکی کوێتیان هێناوە دەڵێت ئەوانە حەیای ژنی خەلیجیان بردوە، چونکە دوو ژنی کوێتی دەچنە ناو داعش لە پێناو دۆزینەوەی مێرد! دەڵێن ئەو شیعانە لە ڕێگای درۆیەکی ساختەی وەک [جهاد النكاح] ناوی ئافرەتی خەلیجی پیس دەکەن چونکە قەت ئافرەتی خەلیجی شتی واناکەن!

ڕاستە وشەی جهاد النكاح دروستکراوێکی میدیای شیعییە کاتی خۆشی لەسەرم نووسیوە، بەڵام ئەگەر فەتوایەکیش نەبێت بەو زاراوەیە، گومانی تێدا نییە سەدەها کچ و ئافرەتی موسڵمان لە جیهانی عەرەب و ئیسلام و هەتا ئەوروپاش بە پاڵنەری دینی و سۆزیاری چوونەتە ناو داعش

بەدوای پیاوێك! كورد هەیە بە ژنەوە چۆتە ناو داعش، لەوێ ژنەكەیان لێ گۆڕیوە ئێستا ڕۆژانە ژنی سعودیەك و كوێتیەک و شیشانیەكە! جهاد النكاح بە زاراوە و فەتواش نەبێت بەڵام بە كرداری هەیە لە هەردوو لای پیاوەكان و ژنەكانی داعش.

ئەی ئەو هەموو گەنجەی وڵاتە چەپێنراوەكانی عەرەب وئیسلام بۆ دەچن بۆناو داعش؟! مەگەر یەكێ لە سەرەكیترین ئامانج دەسكەوتنی سێكسێكی هەرزان و ئاسان نییە چ لە ڕێگای دەسكەوتنی ئافرەتێكی داعش یان كەنیزەیەكی ئێزدی و دیانەتی تر؟!

دەڵێن ئەو زنجیرەی غرابیب سودە تانە لە ئەڵقەكانی فێركردنی منداڵان بۆ خوێندن و لەبەركردنی قورئان دەدات، چونكە لە دیمەنێكیدا دەڵێن دەبێت ئاگادار بیت منداڵت دەخەیتە بەردەستی كێ چونكە دوور نییە لەو ئەڵقەیە فێری داعشیەتی بكەن! بێگومان ئەوەش ڕاستە ئەو ئەڵقە و دەرسانەی مزگەوت هێندە ترسناك بووە منداڵت لە دەست دەدەیت ئەگەر ئاگادار نەبیت، بۆ دەبێ لەسەر ئەو قسەیە ڕەخنە لەو زنجیرەیە بگیرێت؟!
یان دەڵێن ئەو زنجیرەیە تەنها تیرۆریزمی و خراپیەكانی جەماعاتی سوونی [داعش  [نیشان دەدات، بۆ باسی تیرۆری شیعە و حەشدی شیعی ناكەن؟!

تۆ ببینە الجزیرة چەندە مەخلوقێكی سەیرە شەڕی سعودیە دەكات كە شوانی وەهابیزمە، پشتگیری و بەرگری لە قاعیدە و داعش و تیرۆریزمی ئیسلامی دەكات لەوەتی هەیە، دژایەتی شیعەگەری دەكات، كەچی لە هەمان كاتدا لەو قەیرانە سیاسیەی دژی سعودیە و ئیمارات و میسر و بەحرەین، ئێرانی شیعە و دامەزرێنەری حشد الشیعي پاڵپشتی لە قەتەری جەزیرە دەكات؟!

ئەو ئەو ڕایەی من دەسەلمێنێت كە زۆرجار گوزارشم لێكردوە، كە دەڵێم تیرۆریزمی سوونی و تیرۆریزمی شیعی وەك وێنەیەكی پەزڵن لە دوو پارچە پێك هاتوون، بێ یەكتر هەڵناكەن و بەردەوامیشیان نابێت.

دەنا لە چ فەرهەنگێكی سیاسی بووە ئێرانێكی تائیفی سەفەوی شیعی بەرگری لە قەتەری الجزیرە پاڵپشتیكەری تیرۆریزمی قاعیدە و داعشی سوونی بكات؟!

وادیارە ئەو زنجیرەی غرابیب سودەش بووە قوربانی ئەو شەڕ و حەساسیەتە تائیفیەی شیعە وسونە، و توانییان لە ڕێگای مەلا و بانگخوازە توندڕەوەكان خەڵكی سادە و ئاسایش تاڕادەیەك بكەنە گژ ئەو زنجیرەیە، دیارە سعودیەش تا تۆمەتبار نەكرێت بە دژی سووناتی وەك الجزیرە ئاماژەی پێدەكرد لە بەرنامەكانی، بڕیاری ڕاگرتنی ئەو زنجیرەیان دا كە لەو ڕەمەزانە عەرەب لەوە بەسوودتریان بەرهەم نەهێناوە بۆ هاندانی خەڵك لە دووركەوتنەوە لە داعش و تیرۆریزمی دینی بە گشتی.

٢٠١٧/٦/١٦

# سۆشیال میدیای تەزویری کوردی!

عەبدوڵلا پەشێو پێیگووتم ئەو شیعرەی سەر مەزڵوم کۆبانێ هی ئەو نییە.
وەرە کابرا زیندوو بێ یاخوا تەمەنی هەزار ساڵ بێ، کەچی دەیان درۆ وشیعر و پەیج و ئەکاونتی بەناو بکەن! دەیفەرموو هەندێ پەیج و ئەکاونت لە جیاتی من وەڵامی پرسیار و بیرورا دەردەبڕن!

ئەو دیاردە پووچە نامرۆییە ڕەنگە هەر لە فەیسبوک وسۆشیال میدیای کوردی هەبێ بەو ڕادەیە بەدئەخلاقیەی!

عەنتیکەم بەو کابرایە دێت وا بە حەماسەت شیعرێکی تەزویر دەخوێنێتەوە بەناوی عەبدوڵلا پەشێو بێ ئەوەی دڵنیا بێت کە ئەوە شیعری ئەوە یان نا! ڕەنگە وابزانێ خزمەتیش بە پەشێو دەکات! نازانێ یارمەتی تەزویرچیان دەدات!

٢٠١٩/١٠/٢٨

# دوو ڕووەکان لە هەر کوێ بن یەک مەعدەنن!

عادیل ئیمام سەرەڕای ئەوەی من وەک ئەکتەر زۆر کەیفم پێیدێ و هەموو کارەکانیم دیتوە،بەڵام لە هەندێ ڕوەوە حەزی لێناکەم، وەک قرچۆکی و پوولەکی بوونی بێ سنوری
بەرامبەر هاوڕێ نزیکەکانیشی لە کاتی لێقەومان، ، وەک لە هەڵوێستی لە سەعید ساڵح و یونس شەلەبی لە کاتی لێقەومان و نەخۆشیاندا دەرکەوت.

شتێکیتریش لەو پیاوە کە پێم ناخۆشە ئەوەیە کە لە فلمەکانی زۆر بە شەهوانیەت ئەکتەرە مێکانی ماچ دەکات بەناوی هونەر، بە جۆرێک زۆربەی ئەو ئەکتەرانەی ڕازی دەبن بەو ڕۆڵانە لەبەر بەناوبانگ بوونە، ودوایی پەشیمانی دەردەبڕن لەو سوکایەتیەی عادل امام پێیانی کردوە! عادل امام باوەڕی بە هونەری خۆی نییە، چونکە سارە ی کچی وەک خۆی دەڵێ شێت وشەیدایە بۆ هونەری نواندن، بەڵام عادل امام قەدەغەی کرد لە ئەکتەربوون و زۆر دواکەوتوانە گووتی: نامەوێ کچم ماچ بکرێ بەناوی فلیم و نواندن!

لەوەش قەبیحتر ئەوەیە عادل امام هەموو فیلمەکانی یان زۆربەیان ئاماژەی نێگەتیڤی تێدایە لە دژی ئیسلامی سیاسی وئیخوان، چەند فلمێکیشی تەواو تەرخان کردوە بۆ ڕەخنەگرتن لەو دیاردەیە دینییە سیاسیە، کەچی ئەو سارەیەی کچی خۆی داوەتە ئیخوانیەک بەناوی احمد مقبل کوڕی ئیخوانیەکی قیادی کۆن بە ناوی نبیل مقبل!

ڕەنگە بڵێن کچەکە ئازادە شوو بە کێ دەکات! بەڵام گەر ئازاد با بۆ نەیتوانی بە ئازادی ببێتە ئەو شتەی خەونی پێوە دەبینێت کە ئەکتەرییە؟!
خەڵکانی وەک عادل امام لە نێو هەموو نێوەندەکان هەیە، لە بیرمە ئیسلامییەکی دژە ئیخوان هەبوو لە هەولێر ئێستا غەرق بووە لە گەندەڵی زنجیرەیەک قوتابخانەی تایبەتی هەیە، زۆر دژی ئیخوان بوو، هەر خەریکی کاری خێریش بوو، مەبەستم هاوسەرگیری وگەیاندنی نێر و مێ بە یەکتر. ئەو برادەرە کە دەیزانی یەکێ خوشکی جاحێڵی هەیە زوو زوو کابرایەکی جیهادی سەرشێت وبێ پارە وبێ کاری بۆ دەبردن بەڵکو لە ڕای خوا کچیماڵەکە شووی پێبکات!

کچەش ئەگەر مێشکی شۆردرابایەوە بە چیرۆکە خورافیاتەکانی پیاوچاکان کە چۆن کچی خۆیان داوەتە هەژارێک و پارەشیان لەسەر داوە! یەکسەر ڕازی دەبوو! ڕۆژێک ئەبو قەتادەی تەیراوەیی، ڕۆژێکیتر ئەبو ئەنەسی سێتاقانی، ڕۆژێ ئەبو سەعلەبەی خورماڵی بۆ کچانی ڕێکخراوەکەی دەهێنا! ئینجا برا وبابی کچەکانی بەو وەعز و مەوعیزە عاتیفی وپڕ زیادەڕەوییەکان قەناعەت پێ دەهێنا کە کچی خۆیان بدەنە کابرایەک نە کار و نەپارە و نەشوێنی نییە! چەند جار لەبەردەمی خۆم دەمدیت کە فریوی دەدان!

ئەو مرۆڤە دوو ڕووە لە کاتێکدا بۆ خەڵک وابوو، بۆ خوشکەکانی خۆی ڕێک بە پێچەوانە بوو. خوشکێکی خۆی نەدا بە موجاهیدێکی پرچ قرژنی وەک ابو قتادەی تەیراوەیی، بەڵکو سێ چوار خوشکی دایە ئیخوانییەکان بە تایبەتیش ئیخوانی خواپێداو و خاوەن پارە!
هەر کە جیهادییەک داوای خوشکی کردبا یاری پێدەکرد و تاخیری دەکرد دوایی دەیگووت خوشکم ڕازی نییە!

ڕۆژێکیان لەبەردەمی من داخوازی دەکرد بۆ ئەبو میحجەنی سابوونکەرانی لە برایەک و دەیگووت ئەبو میحجەن تا بڵێی کوڕێکی موسڵمان و مولتەزیمە و بەشداری بەدر و ئوحودی گەرمیانی کردوە، بریندارایش بووە لە ئوحودی گەرمیان کاتێ شەڕ هەڵگیرسا بوو لەسەر قازێکی موقەدەس! دوا وتەی گووتی تەنها عەیبی ئەو ئەبو میحجەنە ئەوەیە فلسێکی نییە!

منیش ئاگام لێبوو تا ئەو کاتە دوو خوشکی دابوە ئیخوانی دەوڵەمەند، ویستم لێی بتەقمەوە، بەڵام کوڕەی برای کچەکە بە تووڕەییەکی توندەوە گووتی: تۆ خوشکی خۆتی دەدەیێ ئەگەر بێتە داخوازی؟! تۆ خوشکێکت بدە برایەکی موجاهیدی بێ پارە، ئینجا وەرە داوای خوشکی من بکە! دەمی تێکئالا ورەنگی ڕەش هەڵگەڕا هیچی بۆ نەوترا و ڕۆیشت، گووتم تا ماوە جارێکیتر بەلای ئیخوان داناچێ، بەڵام زۆری نەبرد خوشکی سێیەمیشی دایە دەوڵەمەندێکی تازە ئیخوانی، ئەو دەیزانی موجاهیدە سەرشێتەکان زوو دەکوژرێن یان دەگیرێن و سەرەڕای ئەوەش بێ پارەن!

ئیخوانی لای ئەو سەرەڕای دژایەتی کردنیشیان بە ڕواڵەت لەناخیدا وەک هێزێکی ئاشتیخواز وباوەڕکز بە جیهاد دەیبینن و ڕووش لە دونیا و کاروکاسبین! کەوابوو خوشکەکانی دەحەسێنەوە! فليعبدوا رب هذا البيت الذي اطعمهم من جوع وامنهم من خوف!

٢٠٢٠/٥/١٢

# حیجاب و سفور پێوەری هەڵکشان و داکشانی ئیسلامیەکان!

ئیسلامییەکان بە گشتی هەوەسێکی سەیر ونامۆیان بە حیجاب گرتووە، وەك ڕۆکنی شەشەمی ئیسلام باسی دەکەن و حیسابی بۆ دەکەن. چونکە ئیسلامی سیاسی لە دەرگای بە حیجابکردنی ئافرەتان هاتە ناو گۆڕەپانی سیاسی دینییەوە، تا دیاردەی حیجاب کردن پەرەنەسێنێ ونەبێتە حالەتێکی گشتی، هەست بە بەهێزی ئیسلامی سیاسی ناکرێت لە شەقامدا، بە پێچەوانەوەش لەگەڵ ئاوابوونی خۆری حیجاب، ئیسلامی سیاسیش پاشەکشە دەکات، بۆیە ئیسلامی سیاسی مانەوەی حیجاب و بەردەوامبوونی بە هێمای مانەوەی خۆی و بەردەوامبوونی خۆی دەزانێت. هەر بۆیەشە دوژمنایەتیەکی سەرسەخت دەکات بۆ ئافرەتی ناحیجاب یان سفور، بە ئاشکرا وبە نهێنی ئیدانەی ئەو ئافرەتە سفورانە دەکەن تا سنووری تەکفیرکردنیان!

ئەو هەرایەی ئێستا لە میدیای میسری وعەرەبی بە گشتی هەیە لە دژی ئەو ئافرەتانەی حیجابەکانیان دەگۆڕن بە سفورەوە، بە تایبەتی ئافرەتە هونەرمەندە ناودارەکانی وەك سوهێر ڕەمزی و شەهیرە و سابرین و حەلا شیحە و دەیانیتر، کاردانەوەی توندی بانگخوازان و مەلاکانی ئیسلامی سیاسی و هەتا دەوڵەتیشی بەدوای خۆیدا هێنا، و دەیسەلمێنن کە حیجاب بۆ ئیسلامی سیاسی بۆتە ڕوکنی شەشەمی ئیسلام و مان ونەمانی خۆیان لەو پارچە پەڕۆیەی سەری ئافرەت دەدۆزنەوە!

لەو پێناوە ئیسلامییەکان هەمیشە بەردەوامن لە لێکچواندنی سەیر وسەمەرە لە نێوان حیجاب و سفوور، ڕۆژێ بە چوکلێتی بەرگکراو و بێ بەرگ و ڕۆژێ بە دۆڵمەی داخراو و داوەشاو، ڕۆژێ بە ئوتۆمبیلی تاکسی و خسوسی ئافرەتی حیجاب و سفور تەشبیھ دەکەن!
سەیر لەوەدایە بەوە ناوەستن ستایشی حیجاب بکەن، بەڵکو ستایشی نیقابیش دەکەن، ئەو نیقابەی کە ئافرەت دەکاتە بارستاییەکی ڕەش و هیچیتر!
ئەو مەخلوقاتە ڕەشە پێچراوانە، بەو دیمەنە پەستە نا ئینسانیەوە، کە گوزارش لە نا مرۆترین نەرێتی دینی و کلتوری دەکات، لە جیاتی بێ دەنگ بن، کەچی ئەوان بانگەوازی ئافرەتانی جیهان دەکەن بۆ ئەو نیقابە!

لە کتێبێکی سەلەفیدا چیرۆکێکی عاتیفی نووسرا بوو گوایە پیاوێك لەگەڵ ژنە مونەقەبەکەی لە پارکێك بوون، تووشی پیاوێك بوون لەگەڵ ژنە سفورەکەی! کابرای ژن سفور بە تەوسەوە گووتی ئەوە بۆ ژنەکەت وا پێچاوە چاویشی دیار نییە؟!
کابرای سەلەفیش گووتی: ئەخر ئەو تەنها ژنی منە وەك ئوتۆمبیلی خسوسی و تایبەتی من وایە، ژنەکەی تۆش وەك ئوتۆمبیلی تاکسی وایە ، هەموو کەس بەکاری دەهێنن!

ئەو لۆژیکە لەرزۆک و دەنیئە ڕەنگە کار لە کەسانێکی نەخوێندەوار و شەعبی بکات، بەڵام مرۆڤی وریا، کە لە سەرەتاترین مافی مرۆڤ تێدەگات دەزانێت، ونکردنی ئافرەت لە ژێر نیقابدا وکردنی بە بارستاییەکی ڕەش، چ تاوانێکی گەورەیە.

دوایی ئەو نەزانە نازانێت، ئافرەت بە ڕووی ئاشکراوە زۆر چاکتر ئاگای لە خۆی دەبێت تا ناوی نەزرێت، نەك لە ژێر نیقابدا کە دەتوانێ هەر کارێك بکات وبێئەوەی مێرد وباوك وبراشی بیناسنەوە لەسەر شەقامدا!

یەکێکیتر لەو لێکچواندنە ساویلکانە حەڵوا یان چوکلێتی پێچراو و نەپێچراوە! ڕاستیەکەشی عەقڵیەتی تێر و برسییە! لە دەیان جاردا بینیومە پیاوێکی گەنجی ئەوروپی بەرامبەر ئافرەتێکی نیمچە ڕووت دانیشتووە بێ ئەوەی لێی بڕوانێ بە بایەخەوە! ئەوە عەقڵیەتی تێری خۆرئاوایە لە تەنیشت حەلوای نەپێچراودا دانیشتوە بەس چ حەلوایەك!

کەچی ئافرەتی شەرقی بە حیجابەوەش بە جوبەی درێژیشەوە، بەخوا بە نیقابیشەوە ڕزگاری نابێت لە گێچەڵی سێکسی کە لە عەقڵیەتی عەرەب و ڕۆژهەڵاتیەکان سەرچاوە دەگرێت، ئەو عەقڵیەتە قێزەونەی کە لەپشتی حەڵوای پێچراویش دانیشتوە، کەچی هەر بە شەهوەتەوە لێی دەڕوانێت، لەوانەشە ئەو حەڵوایەش نەبێت، کەچی وەك یەکانە دەوروژێ و هەوڵی دەستدرێژکردن دەدات بۆ جەستەی حەڵوای پێچراودا، هەتا نیقابپۆشیش لە دەستی ڕزگاری نابێت! کێشەکە لە جەستەی پێچراو و نە پێچراوی ئافرەت نییە هێندەی لە عەقڵ و دەروون و زهنیەتی پیاوی خۆرهەڵاتیە.

خەڵکانێکی بایەخدەر بە پرسی ئافرەت دەناسم ڕۆژانە نووسین و کورتە ڤیدیۆ دەکەن لە بەرگری لە کێشەی ئافرەتدا، کەچی ئەو ئافرەتەی بە بیری سەرسام دەبێت پاش یەکەم چاك و چۆنی داوای پەیوەندی و ژوانی لێ دەکات!!

بەڕای من پیاوی خۆرهەڵاتی قەت نابێتە مرۆڤ تا لەبەردەم ئافرەتدا وەك مرۆڤێکی هاوسەنگ ڕەفتار نەکات. تا ڕەفتاری لەگەڵ هاوڕێیەکی ئافرەت لە زانکۆ، لە شوێنی کاری، لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی، لە سۆشیال میدیا، وەك ڕەفتاری نەبێت لەگەڵ هاوڕێیەکی پیاوی!
ئەگەر توانیت ڕێزی زیاتریش لە کچەکە لە ژنەکە بنێیت چاکتریش، بەڵام واز لەو کەڵکەڵەیەی ڕاوچی و نێچیر بهێنە، کەمێك بەرز بەوە ببە مرۆڤ نەك مێشکت ببێتە ئامرازێکی سێکسی دیڵدۆ!

# ڕەوشتی ئیسلامییەکان لە نێوان لەبەرکردن و داکەندنی حیجاب ونیقاب!

ئەوە چەند ڕۆژە هەموو میدیای بەریتانیا خەریکی باسکردنی بۆریس جۆنسنن کە لە وتارێکیدا وەسفی نیقابی کردوە وەك بانک برەکان و سندوقی نامە!

من زۆر گوێ دەگرم بۆ گفتوگۆیەکانی خەڵك لە رادیۆکان بە تایبەتی ڕادیۆی ئێل بی سی، کە ڕادۆیەکە تایبەتە بە بەرنامە گفتوگۆیەکان. هەزاران ئینگلیز و مەسیحی و هەتا هیندۆسی سێکیولار و لیبڕاڵ دژایەتی خۆیان بۆ ئەو لێدوانانەی جۆنسن دەربڕیوە، ئیسلامییەکان باش یاساکانی دیموکراسیەت و دەوڵەتی سێکیولاریان وەبەر هێناوە، بە ناوی ئازادی کەسێتی و ئازادی قسەکردن، و ئیدانە ئەو لێدوانانەی کە بۆنی تاوانی ڕق لێبوونەوەی hate crimes لێ دێت.

ڕاستیەکەی منیش دژی ئەو لێدوانانەی بۆریس جۆنسن بووم، هەرچەندە تا سەرئێسقان دژی نیقابم و هەتا بە پێوەری ئیسلامیش دەزانم نیقاب واجب نییە. بەڵام تازە بمانەوێ نەمانەوێ لەسەر موسڵمانان حسێبن، هەرچەندە ڕێژەی مونەقەبەکان لەناو ژنانی موسڵماندا ناگاتە ١ ٪ش!

من باوەڕم بە ئازادی هەڵبأاردەی هەموو کەسیك هەیە، بەو مەرجەی ئازادیەکەی پێشێلی ئازادی کەسانیتر نەکات، بەڵام لە یەك شتیش زۆر پەست دەبم کاتێ ئەوانەی بە تەنگ ئازادی و مافەکانی خۆیانن پێشێلی ماف و ئازادییەکانی خەڵکانیتر دەکەن. بۆ نموونە کچێکی پاکستانی زۆر وریا و ڕۆشنبیر تەلەفۆنی کرد بۆ ئەو بەرنامەیە، یەکەم جار زۆر بە توندی ئیدانەی لێدوانەکانی بۆریس جۆنسنی کرد، و گووتی نابێت کەسێکی سیاسی لە پایەکی وابەرز، کە خۆی ئامادە دەکات بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆك وەزیرانی دوای ترێزا مەی لێدوان و قسەی وا دزێو بکات، کە لەوانەیە ببێتە هۆی تاوانەکانی کەڕاهیەت.

هەروەها گووتی: بەڵام من لێرەدا داوا لەو ئیسلامییە و مونەقەبە و موحەجەبانەش دەکەم، ئەگەر کەسێکی وەك من حیجابم فڕێدا، هەزار تۆمەت و جوێن و قسەی ناشیرنم ئاڕاستە نەکەن! وەک چۆن تۆ باوەڕت بە ئازادی خۆت هەیە، دەبێت باوەڕت بە ئازادی منیش هەبێت. من لە شوێنیك دەژیم زۆربەی کچانی ئەو ناوە موحەجەبەن و هەندێکیان مونەقەبەن، ڕۆژ نییە پێم نەڵێن بۆ نابیتەوە موحەجەبە! ڕۆژ نییە ئاماژە و تەوسی خراپم بۆ نەکەن!

بابەتێکی تری گەرم کە تا ئەو ساتە مشتومڕی لەسەر دەکرێ، ئەویش، ئەکتەرێکی ئافرەتی میسرییە [حەلا شیحە] پاش دەساڵ لە لەبەرکردنی حیجاب و نیقاب، جارێکی تر نیقاب و حیجابی واز لێ هێنا، و گەڕایەوە بۆ ئەکتەری!

تا ئێستا ئاساییە، بەڵام هەڵمەتێکی وا بەرفراوانی کرایە سەری، دەیان شێخ و باگخوازی ئیسلامی ڤیدیۆیان لەسەر کرد و بە تۆقاندن و دەوچەورکردن [ترغیب و ترهیب]، هیستیریایەکیان دروست کردوە ئەو ئیسلامیانە، وەك باوکی حەلا، کە هونەرمەندێکی تەشکیلییە دەڵێ: " سەیرم بەو هەڵمەت وهێرشەی جەماعەتی ئیخوان و سەلەفیەکان دەیکەنە سەر حەلا، وەك بڵێی بە وازهێنانی لە نیقاب، وازی لە دین هێناوە، ئەوەش دەیسەلمێنێ تا چ ڕادەیەك نەزانن ئەو جەماعەتانە."

هەندێ لەو شێخە سەلەفیانە بە گریان لێی دەپاڕێنەوە بگەڕێتەوە بۆ لای خوا! و دوعایەکی بۆ دەکەن، وەك دوعاکردن بۆ کافرێك! دەڵێن خوایە بە جوانی بیگەڕێنەوە بۆ دینەکەت!

هەزاران کۆمێنتی پیاو و ژنی ئیسلامی جوێنی پیدەدات و دەڵێت خۆی لە بنەڕەتدا بێ ڕەوشت بووە! بانگخوازێك تەلەفۆنی بۆ مێردەکەی یوسف هاریسۆن، کە پیاوێکی سەلەفی کەنەدییە، کردووە بە گریانەوە دەڵێت مێدەکەی دەڵێت: عەرز وناموسم فەوتا بە داکەندنی نیقابی!

بانگخوازێکی تر لە ڤیدیۆیەك دەڵێت: بۆ خەڵکمان پێ خۆش دەکەیت حەلا، بۆ کافرانمان پێ خۆش دەکەیت، بۆ عەلمانییەکانمان پێ خۆش دەکەیت؟!!!

یەك کەسم لەو ئیسلامیانە نەدیت بڵێ ئەو ئافرەتە ئازادە نیقاب دەبەستێ یان فڕەی دەدات، بۆ بۆ نیقابێك وا دەگرین دەڵێی کەرەساتێکی جیهانی ئیسلامی ڕوویداوە، بەڵام بۆ ڕۆژێك نەگریان بۆ ئەو هەموو کوژراوانەی دەستی داعش؟! لە میسر دوا کردەی تیرۆرستی بوە هۆی کوشتنی ٣٠٠ موسڵمان لەناو مزگەتی ڕەوزە، بێ ئەوەی یەك لەو ڕدێن ئەستورە دڵ ناسکانە بێنە سەر تەلەفزیۆن و بگرین بۆ ئەو هەموو قوربانیانەی تیرۆری دینی!

ئەو ئیسلامیانە دەیانەوێت ڕێزی ئازادیەکانی کەس نەگرن، لە خۆیان زیاتر، بۆیە تا لەگەڵیان بیت وەسفت دەکەن وبەسەرت هەڵدەڵێن، بەڵام کە وازت لێ هێنان، وەك مورتەد و کافرێك مامەڵەت دەکەن.[٧]

٢٠١٨/٨/١١

[٧] ڤیدیۆی بانگخواز محمد الصاوي، ببینە چۆن دەگرییێ

https://www.youtube.com/watch?v=yQebgaYIZAo

چاوپێکەوتنی باوکی حلا شیحة:

http://www.masrawy.com/news/news_egypt/details/٢٠١٨/٨/١٠/١٤٠٨٧٥١/

# هذا المساء یان هاککردنی مۆبایلی ئافرەتان!

# ئەو زنجیرەیە میسریە زۆر گرنگە دوبلاژ بکرێ...

ئەو زنجیرەیە باسی هاککردنی مۆبایلی کچان و ژنان دەکات، چۆن ژیان لە هەزاران کچ و ئافرەت دەکەنە دۆزەخ.. بەڕای من مەترسیەکانی سەر ژیانی کچان و ژنانی کورد زۆر گەورەتر و ترسناکترن لەبەر سروشتی کاردانەوەی خوێناویانەی پیاوی کورد لەو حالەتانە. بێگومان کاردانەوەی توند وتیژ لە هەموو شوێنێکی کۆمەڵگا شەرقی وئیسلامییەکان هەیە بەڵام بەڕای من کورد توندترینیانە بۆ مەسایلی پەیوەست بە شەڕەف.

خۆزگە لەجیاتی ئەو هەموو زنجیرە دە هەزار حەلقەیەی تورکیە بێ فەڕانە، چەند زنجیرەیەکی میسری لەو بابەتانە کە تەنها ٣٠ ئەڵقەن دوبلاژ کرابایە، هەرنەبێ بەو سی ئەڵقەیە هوشیاریەکی گەورە بڵاودەبێتەوە لەناو کۆمەڵگا. زنجیرەیانم دیتوە لەسەر تەعەدا کردن لە منال، دڵنیام کورد بیبینێ وەک چۆن زنجیرە تورکیەکان دەبینێ، زۆر وریاتر دەبن لە ئاگا لێبوون لە منالەکانیان !

زنجیرەیەکی یوسرا هەیە لەسەر دەستدرێژی کردنە سەر کۆمەڵە ئافرەتێک، و چۆن هەموویان بە کەس وکاریانەوە دەیپۆشن تەنها یەکێکیان، یوسرا ڕۆڵەکەی دەبینێ، جورئەتی فەزح کردن و ئاشکرا کردنی تۆمەتبارەکانی دەبێت. چۆن هەتا کچە قوربانیەکانیش دژی یەسرای وەک ئەوان قوربانی دەوەستنەوە!

ئەوەش زۆر گرنگە دوبلاژ بکرێت، کاتی خۆی گووتم تەنها ئەو زنجیرەیەی یوسرا بارتەقای خەباتی بیست ساڵەی هەموو ڕێکخراوەکانی ئافرەت وریایی و هوشیاری بڵاودەکاتەوە! بەڵام کوا ئەو تەلەفزیۆنانە کەسێکی شیاویان تێدایە بیر لەو بابەتە گرنگانە بکەنەوە؟! کوا بیر لە بەرهەمهێنانی کارێکی وا گرنگ دەکەنەوە؟!

ئەو زنجیرەیە لەبەر گرنگی بە وەرگێڕانی ئینگلیزیەوە ئێستا لە Netflix هەیە[٨].

**٢٠١٩/٨/١٠**

---

[٨] ئەوەی عەرەبی دەزانی ئەوە لینکی ئەڵقەی یەکەمم لە ژێرەوە داناوە.

https://youtu.be/gvKXAh٣FSCg

# تەرزە دراما!

درامای کوردی بازاڕی سارده لەبەر درامای تورکی دۆبلاژکراو، نەبوونی دەزگایەکی تۆکمە بۆ بایەخدان بەو بوارە. بۆیە کاتێ هەر درامایەکی نوێی کوردی دەردەکەوێ، خەڵکێکی زۆر قسەی لەسەر دەکەن، نەک لەبەر باشی وخراپی دراماکە، بەڵکو لەبەر کەمی ودەگمەنی درامای کوردی!
منیش کە ڕوانیمە ئەڵقەکانی سەمای تەرزە، بەڕاستی دیسانەوە تووشی نائومێدیەکی زۆر بووم، کە هونەری کوردی لە بواری نواندن و سیناریۆ و دەرهێنان نەک هەر دوادەکەوێت بەڵکو خراپتریش دەبێت لەو درامایانەی کۆن دەریاندەکرد وەک مەرەزە و خولە چەخماخە و هەبوو نەبوو وهتد...
هەندێ سەرنجم لا کۆبوەوە لەسەر سەمای تەرزە کە ئەوانەن:
١-سیناریۆیەکی تابڵێی لاوازە، نووسەرەکەی لە ئاستێکی فەرهەنگی زۆر هەژاردایە، لە ڕووی دەروونزانیەوەش زۆر نەزانە، هەتا نازانێ ڕوداوەکان بە نەرمی ومەنتیقی لە خاڵێکەوە بۆ خاڵێکیتر ببات.
٢-بە هەمان شێوەی کوردێکی نەشارەزا وبێ ئاگا لە ئەوروپا و ئەو کوردانەی لە ئەوروپا دەژێن دەدوێ! هەتا کاتێ شوانەی ئەڵمانیا بە تەرزە دەڵێ بۆ ساڵێک زەواجت لەگەڵ دەکەم، باوکی شوانە تورە دەبێ دەڵێ: کوڕم ئێرە کوردستانە خەڵک شەرەف و کەرامەتی هەیە، خۆ ئێرە ئەوروپا نییە! وەک بڵێی ئەوانەی ئەوروپا نە شەرەف و نە کەرامەتیان هەبێت!

٣-تەرزە خوشکی گەورەی ماڵە، وا خۆی نیشان دەدا کە زۆر بەرپرسیار وخەمخۆرە بۆ خوشکەکانی، بەردەوام موحاسەبەیان دەکات، کاتێ خوشکە گەورەکەی کە شووی کردوە تووشی نەخۆشی دەبێ، هێندە بەخەم دەبێ لەناچاریدا شوو بە کوڕی ئاغا شوانە دەکات وبەمەرجە زەلیلەکەشی ڕازی دەبێت کە بە عەقدی یەک ساڵ شووی پێبکات! بەڵام کە خوشکە بچوکەکەی، خۆشەویستەکەی دەمرێت بە ڕووداوی ڕێگاوبان، خوشکەکەی عەقڵ لەدەست دەدا بێ ئەوەی تەرزە وخوشک ودایکی مێشێکیان لێ میوان بێ! هەرچەندە دەڵێن بچووکی ماڵ خۆشەویستر ونازدارترە!

نووسەری ئەو حەکایەتە وەک هەر کوردێکی نەخوێندەوار وادەزانێ تەنها نەخۆشی جەستە وگرێی سەری کچی گەورەیان شایانی چارەسەر ودکتۆرە، بەڵام کە یەکێ باری دەروونی تێک چوو، یان بە دوعا ونوشتە چاک دەبێتەوە یانیش لەماڵەوە وەک حەیوان بەزنجیر دەیبەستنەوە!
ئەو خێزانە هێندە بێ خەمن هەتا کچەکەیان نابەنە لای دەجالێکی وەک مەلا عەلیش!

یانی بۆ گرێی سەر کچێکیان بۆ چارەسەر دەنێرن بۆ ئەڵمانیا، بەڵام بۆ تێکچوونی باری دەروونی وعەقڵیی هیچ کێشەیەک نییە هەتاتەرزەی بەرپرسیار لە خوشکەکانی جارێکیش خۆی تێک نەداوە لە مەشهەدێکی خەمبار دەرکەوێ لەگەڵ خوشکەکەی!

ئەوە جگە لە هەڵەی عەنتیکەتری وەک گوڵلە بە قاچی شوانە کەوتووە، تەرزە بە کەوچک خواردنی دەداتێ، هەرچەندە دەستەکانی ساغن!
وابزانم ئێمەی کورد لە کۆنەوە هەر لە گۆرانی سەرکەوتووین لە نواندن وسینەما هێشتا زۆرمان ماوە!

٢٠١٩/٥/٢٢

# مامەڵەی عەرەب لەگەڵ سەرکردە ناعەرەبەکان لە مێژوو و درامادا!
# ئەبو موسلیمی خوراسانی و تاریقی کوڕی زیاد

کە دەڕوانیتە مێژووی فتوحاتی وداگیرکەری عەرەب لە ژێر پەردەی ئیسلام، سەرەڕای ئەوەی سەدان کاری پڕ قەسوەت ونامرۆیی و مرۆڤ کوشتن، بۆت دەردەکەوێت هەتا ئەو سەرکردە گەورانەی لەناو گەلانی ناعەرەب، ئەوپەڕی خزمەتیان بەو پرۆژە داگیرکارییە و هەتا دامەزراندنی شکۆ و دەوڵەت و ئیمپراتۆریەتیان کردوە، بەوپەڕی سووکایەتیەوە مامەڵەیان کردوون، دوایيش کوشتوویانن وەك ئەبو موسلمی خوراسانی، یان بە قوربانی کوشتنیان کردوون وەك تاریقی کوڕی زیاد!

ئەبو موسلیمی خۆراسانی، بەپێی شیعرێکی ئەبو دولامەی شاعیر و چاوەشی ابو جعفری المنصور کورد بووە، ابو مسلم ناوی خۆی بەهزاد بوە، ئەو ناوەیان وەك ناوی نهێنی لێنا، و خەڵکی خوراسانیش نییە، بەڵام ئیمامی دەعوەی عەباسی سیاسی، ناردیانە خوراسان لەبەر وریایی و زیرەکی، لە ماوەیەکی کورتدا توانی هەموو خوراسان هەڵگەڕێنێتەوە لە دەوڵەتی ئەمەوی، کە ڕەگەزپەرستی دەکرد دژی توخمە نا عەرەبیەکان، و هەتا لەناو خودی عەرەبیشدا هۆزچیەتی دەکرد و خۆیانیان پێ لە هەموو هۆزە عەرەبەکانیتر گەورەتر بووا!

ئەبو موسلم سەرەڕای ئەوەی سەدان درۆ و بوختانی بۆ هەڵبەستراوە لەناو مێژووی ئیسلامیدا، هێشتا ناتوانن نکوڵی لە کەسایەتی زۆر بەهێزی و بلیمەتی بکەن، ئەو درۆیانەی دەیدەنە پاڵی خۆشیان باوەڕیان پێی نییە. خەلیفەیەکی مونەوەر و مەزنی وەك مەئمون دەربارەی دەڵێت: مەزنترین شاکانی زەوی سێ کەسن، لەوانەی ولاتیان دامەزراندوە: ئەسکەندەر و ئەردەشیر و ئەبو موسلمی خوراسانی. مەئمونیش دایکی فارسی بوو دەنا قەت وای نەدەگووت !

الذهبي لە سير اعلام النبلاء دەڵێ: هێندە کەسایەتی بە هێز بووە قەت نەدیتراوە پێبکەنێ یان گاڵتە بکات، قەتیش نێوچەوانی گرژ نەدەبوو لە گەورەترین کارەساتدا، و دڵخۆشیشی پێوە دیار نەدەبوو لە گەورەترین سەرکەوتنیدا، ئەگەر توڕەش با هیچ هەڵچوونی پێوە دیار نەدەبوو، لەبەر سەرقاڵی بەکاروباری دەوڵەت وسیاسەت ساڵێ جارێك ئەگەر لە ئافرەت نزیک بووبایەوە!
ئەبو موسلم لە دەیان شەڕی گەورە سەرکەوت بەسەر سوپای خەلیفەی ئومەوی، هۆکاری سەرەکی بوو لە ڕوخاندنی دەوڵەتی ئومەوی و دامەزراندنی دەوڵەتی عەباسی. ئەوەبوو لە کۆتا جەنگی دژی خودی خەلیفەی ئومەوییەکان مروان کوڕی محمد [کە ئەویش دایکی کورد بوو] لەسەر زەمینی کوردستانی عێراق سەرکەوت بەسەریدا و بوە هۆی لەناوچوونی دەوڵەتی ئومەوی ساڵی ١٣٢ هیجری.

هەر لە سەردەمی ابو العباس السفاحەوە، ابو جعفر المنصوری برای رِقی لێ هەڵگرتبوو، چونکە کەسێکی زۆر بە هەیبەت بوو، زۆر سەخی بوو، کەچی خۆی پێیان دەگووت ابو الدوانق، دوانق وەك فلسی ئەو سەردەمە بچوکترین یەکەی پارە بوو، لەبەر ڕەزیلی ئەو ناوەیان لە ابو جعفر المنصوری نابوو، یانی حیسابی فلسیشی دەکردا!

جارێکیان مەوکیبی ئەبو مسلم و ابو جعفر پێکەوە گەیشتنە ناو شار، خەڵك هەمووی بەرەو پیری موکیبی ابو مسلم چوون لەبەر خۆشەویستی خەلك و دەستوالایی. کاتێ ابو جعفر بە غەدر کوشتی ئەو ڕوداوەی کردە بیانوێك بۆ کوشتنەکەی!

ئەبو موسلیم لە تەمەنی ٣٢ ساڵی بەوگەنجیە، خەلیفەی دووەمی عەباسیەکان ابو جعفر المنصور زۆر بە غەدر و نامەردانە بانگی کردە لای خۆی کوشتی، لە ترسی ئەوەی نەوەك هێزی زیاتر پەیدا بکات، و بیر لە لادانیان بکاتەوە بە هێزی خوراسان کە لە ژێر دەستی ئەبو موسلیم بوو، هەرچەندە شتێکی گومانلێکراو ڕووی نەدابوو لە ئەبو موسلیم، زۆر سەرڕاستانە خزمەتی خەلیفەی عەباسی دەکرد پاش ئەوەی خۆی دایمەزراند، نازناوی [صاحب الدولة] خاوەنی دەوڵەت بوو بە ڕەسمی!

کاتێ مامی ابو جعفر، عبدالله بن علي هەموو شامی خستە ژێر دەستی خۆی، ابو موسلمی بۆ نارد و شکاندی و هەموو شام ومیسری خستەوە سەر مولکی ابو جعفر، لەگەڵ ئەوەشدا هەر دڵی کرمی پاك نەبوەوە لە ئاستی ابو مسلم!

چەند نامەیەکی پڕ هەڕەشەی بۆ ابو مسلم نارد، گفتوگۆیەکی زۆر بە هێز لە نێوانیان ڕوودەدات، ابو مسلم وەك زانایەک شارەزا بە قورئان وحەدیس و زانستی عەرەبی خەلیفە ابو جعفر ڕووتدەکاتەوە لە تۆمەتەکانی و لۆژیکی بێ هێزی. هێندە زیرەک و ڕۆشنبیر بووە هەتا ئەهلی حەدیس وەک گێڕەڕەوەی حەدیسیان ناساندوە!

دەبوایە دوای ئەو هەڕەشانە کە بەدرێژی باسکراوە لە سەرچاوەکان، قەت باوەڕی بە قسە لوسەکانی ابو جعفر نەکردبا بچێتە لای. هەر کە گەیشتە لای ئەبو جعفر ڕۆژێك خۆی ئاسایی نیشان دا، بۆ ڕۆژی دوایی، کە داوەتی کردبوو بۆ نانخواردن، چەند پاسەوانێکی خۆی لە بۆسە دانابوو پاش ئەوەی قسەیەکی زۆری پێ گووت لەسەر سفرەی دەعوەتەکە کوشتی!

# بڕوانە بەشێك لەو گفتوگۆیانە و ئەو بیانووانەی خەلیفەی غەدار: خەلیفە ئەبو جەعفەر: بۆ لە ڕێگای حەج پێشمان کەوتی؟

ئەبو موسلیم: پێمناخۆش بوو لەسەر ئاو کۆبینەوە قەرەباڵغی زیان بە خەڵك بگەیەنێ، بۆیە بەرژەوەندی خەڵکم پێش خست.

خەلیفە: ئەی بۆ دوایی نەگەڕایەوە کە هەواڵی مەرگی ابو العباست پێگەیشت؟

ئەبو موسلیم: حەزم نەکرد ڕێگای حەج لە خەڵك تەنگەبەر کەم، زانیم لە کوفە کۆدەبینەوە، کێشەت نییە لە گوێڕایەڵی من!

خەلیفە: ئەی بۆ ویستت جاریەکەی عبدالله بن علی [کە مامی خەلیفە بوو دژی دەوڵەتی خەلیفە شۆڕشی کردبوو] بۆ خۆت بەری؟! [یانی نەك کچ وژنی بەڵکو ڕازی نەبووە جاریەی مامیشی کە دوژمنی سەرسەختیان بوو، ئەبو موسلیم بۆی لەناوبردن، بۆ خۆی بەرێت! چونکە عەرەب و ئەهلی بەیت نەبووە، دیارە جاریەکانیشیان موقەدەس دەبن وەك خۆیان؟!]

ئەبو موسلیم: نەخێر، نەمویست بیبەم بۆ خۆم، بەڵکو ترسام ون بێ و ویستم بیپارێزم.

خەلیفە: ئەی بۆ نامەم بۆ دەنووسی بە ناوی خۆت دەست پێ دەکەیت؟! یان بۆم دەنووسیت خوازبێنی ئامینەی کچی عەلی دەکەیت؟! یان لای خەڵك دەڵێی تۆ کوڕی سلیط بن عبدالله بن عباس یت؟!
[ یانی نابێ بنوسێت لە ابو مسلمەوە بۆ ابو جعفر! بزانە چۆن ئەبو موسلیمی دروستکەری دەوڵەتەکەیان بە هاوکوفی کچەتیوێکی بەنی عەباس نابینێت خوازبێنی بکات! وەك تاوانێکی گەورە دەیداتەوە چاوی! ئەوە عەباسیەکان کە کورد وفارسەکان دروستیان کردن وابوون، ئەی دەبێ ئومەویەکان چۆن ڕەگەزپەرستێك بووبن؟!...]

ئینجا کە کوشتی شاعیرێکی قەشمەری خەلیفە ناوی ئەبو دولامەیە، کە کاری بە پێکەنین هێنانی خەلیفەکان بوو، سواڵکەری وشە بوو دەربارەی کوشتنی ئەبو موسلیم دەڵێت:

أبا مُجْرِمٍ، ما غيّرَ الله نعمـــةً على عبدِهِ حتى يُغيّرها العبدُ
أفِي دولةِ المنصور حاولتَ غَدْرةً؟ ألا إنّ أهل الغدر آباؤك الكُرد
ئەبو موجریم خودا نیعمەتێ ناگۆڕێ تا عەبد نەیگۆڕێ لە خۆی
لە دەوڵەتی مەنسور ویستت غەدر بکەیت، وەك باوباپیرانی کوردت کە ئەهلی غەدر بوون
{ابن خلّكان: وفيات الأعيان: ٣/١٥٥.}

سەیر لەوەدایە کورد هەر دەرس وەرناگرێ، هەر لە پاش ئەبو موسلیم، هارونە ڕەشید خێزانێکی لە سەرکردە گەورەکانی ابو مسلمی، بەناوی خێزانی بەرمەکیەکان لەناو برد، کە ئەوانیش ڕۆلێکی گەورەیان لە دامەزراندن وبەهێزکردنی دەوڵەتی عەباسی هەبوو، هەروەها ئەوان هارونە ڕەشیدیان گەیاندە دەسەڵات!

لە زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی دیتم، چۆن هارون ڕەشید جەعفەر بەرمەکی برای خۆی لە شیردا کوشت، تەنها لەبەر ترس ودڵەڕاوکێی خۆی لە خۆشەویستی خەڵك ورێزی خەلك بۆ ئەو خێزانە، یەکێك لە تۆمەتەکانی کە جەعفەری پێ کوشت ئەوەبوو کە جەعفەر وعەباسەی خوشکی هارونە ڕەشید یەکتریان خۆش دەویست، زنجیرەکە بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن، هێندە عەرەبی وەك ڕەگەزپەرست نیشان دەدا، کاتێ هارون دەیگووت چۆن جورئەتی ئەوە دەکەیت کەسێکی نزمی وەك تۆ داوای کچێکی عەرەبی قورەیشی بکەیت؟! نەك هەر ئەوە هەتا عەباسەی خوشکیشی لە کۆتاییدا پەشیمانی دەربڕی کە خۆشەویستی لەگەڵ عەبدێکی خۆیان کردوە!
لێرەدا باشە باسی عەبقەریەت و وریایی سەڵاحەدین ئەیوبی و نجم الدين ايوب ی باوکی بکەین کە کاتێ نورالدین زەنکی تورک دڵی لە سەڵاحەدین کرمی کردبوو، بانگی دەکرد بێتەوە دیمەشق تا لە ناوی بەرێت، بەڵام سەڵاحەدین بە ئامۆژگاری باوکی کە بلیمەتێك بوو لە سیاسەت و بەڕای من دامەزرێنەری هەقیقی دەوڵەتی ئەیوبی بوو، قەت بەرەو پیری بانگهێشتنەکە نەچوو، دەیزانی تورك لە عەرەب چاکتر نین لە غەدر کردندا! ئەگەر ئەبو موسلیمیش خۆی نەدابایە دەست دەیتوانی ئیمپراتۆریەتێك بۆ خۆی دامەزرێنێ، نەك خەلیفەیەکی بێ ڕەوشتی نامرۆڤی ترسنۆکی وەک ابو جعفر بەو نامەردییە بیکوژێ.

٢٠١٨/١٠/٥

# هەڵسەنگاندنێك بۆ الرسالة
# ئەو فیلمەی کە هەموومان پازدە جار زیاتر دیومانە!

ئەو فیلمە الرسالە وابزانم کەس نەماوە نەیبینیێ لە گەورە وبچوکی وڵاتانی جیهانی ئیسلام. فیلمەکە بێگومان کارێکی گەورە و ناوازە بوو لەلایەن دەرهێنەری جیهانی سوری بلیمەت مصطفی العقاد، مستەفا عەقاد، کە دەڵێن بە ڕەچەڵەک کوردێکی حەلەبیشە. عەقاد خوێندنی سینەمایی خۆی لە ئەمریکا تەواو کردبوو لە هولیۆد چانسی باشیان پێی نەدەدا، تەنها وەک یاریدەدەری دووەم وسێیەمی چەند فلمێکی هۆرەر، تۆقێنەری دەرهێنەری ناودار هیچکۆک بەژداریان پێدەکرد.

ئەو فیلمەی الرسالە وفیلمی شێری بیابان عمر المختار، چاکترین دوو فیلمی ژیانی سینەمایی عەقاد بوون .
الرسالە یان پەیام کە بە ڤێرژنی عەرەبی وئینگلیزی بەرهەم هێنرا، بەڕاستی خزمەتێکی زۆر گەورەی بە ئیسلام و دەعوەی ئیسلامی کرد وەک دین. ئەو مستەفا عەقادەی نەیتوانی پاتریشا، ژنە ئەمریکیەکەی قەناعەت پێبێنێ ببێتە موسڵمان، بەو فیلمە زیاتر لە ٢٠ هەزار کەسی کردە موسڵمان!

فیلمەکە کاریگەریەکەی خۆی زیاتر لەوەوە بەدەست هێناوە، کە ژیننامەیەکی هەڵبژاردەی پڕ لە ستایش و خاڵە پۆزەتیڤەکانی بۆ بە کردن دراوە، خەڵکی ئاسایی هەست بەو کەموکورتی وئینتیقائیەتە و هەست بە هەڵە مێژووییەکانی فیلمەکە ناکات، بۆیە جەماوەری موسڵمان بە گشتی ڕازیبوون لە فیلمەکە، بە دیاریەوە شاگەشکە دەبوون و دەگریان، سەرەڕای ئەوەی قارەمانی فیلمەکە کە پێغەمبەر محەمەدە، نە دەنگ ونە ڕەنگی هەبوو لەناو فیلمەکەدا!

دەرنەکەوتنی پێغەمبەر تەنها نەرێتێکی جیهانی ئیسلامییە، دەنا هەموو پێغەمبەران لە نوحەوە تا عیسای مەسیح، زۆر ئاسایی دەردەکەون لە فیلمەکانی کە لە هۆلیود و جیهانی مەسیحیەت وخۆرئاوا بەرهەم دەهێنرێ. خۆزگە هەر بە پێغەمبەریش وازیان هێنابا، هەتا سەحابەی گەورەش وەک ابوبکر و عمر و علی و عوسمان ناهێڵن دەرکەوێ! هەرچەندە هەندێ سەحابە دەردەکەون گەورەش بوون، وەک دەرکەوتنی حەمزە و عەمار و بیلال و هیتریش لە خودی فیلمی الرسالە دا!

لەبەر دەرنەکەوتنی پێغەمبەر و سەحابە گەورەکان حەمزەی کوڕی عەبدولموتەڵیب ڕۆڵی قارەمانی یەکەم دەگێڕێ لەو فیلمەدا، کە لە واقیعی مێژوویدا وانییە.
الرسالە ڕەزامەندی ئەزهەر و ئەنجوومەنی باڵای شیعی لوبنانی بەدەست هێنا بەر لە بەرهەم هێنانی، هەرچەندە ئەزهەر هەر زوو پاشگەز بووەوە، فەتوای دژی نمایشکردنی فیلمەکە لە سینەماکانی میسر دەرکردا!

سعودیەی وەهابیەتیش، وەک لەو سەردەمە چاوەڕوان کراو بوو، دژی فیلمەکە وەستان بە هەموو هێزیەوە، هەتا نەیانهێشت کوێت وچەندین وڵاتی کەنداو بەشداری بکەن لە بودجەی فیلمەکە! ئینجا لە سەرەتا فیلمەکە لە مەغریب بەرهەم دەهێنرا، وپاش ئەوەی شارێک لە دیکۆریان دروست کرد بۆ مەککە و مەدینە، سعودیە پێیزانی وفشاری خستە سەر مەغریب بۆ وەستاندنی فیلمەکە یان تێکچوونی پەیوەندیان!

ناچار فیلمەکەیان وەستاند لە مەغریب وئەو هەموو دیکۆر و پارەیە بە فیڕۆ چوو، لەبەر مەزاجی سەلەفیەتی وەهابی! لە جیاتی یارمەتی دەن و مەرجەکانی خۆیان بسەپێنن لە سنووری ماقوڵدا، دژایەتیان کرد! شیعەکانی لوبنان لەوان زیرەکتر بوون زوو ڕەزامەندیان نیشاندا، بێ ئەوەی فلسێکیش لە فیلمەکە سەرف کەن، فیلمەکە بە دڵی شیعە و هاوتەریب لەگەڵ تێڕوانینی شیعی بەرهەم هێنرا!

تۆ بڕوانە ئەبوبەکر وعومەر و عوسمان هیچ ڕۆڵێکیان نییە لەو فیلمە، وەک بڵێی مێژووی شیعی تەبەنا دەکات بۆیە ابوبکر و عمر هیچ ڕۆڵێکیان نەبوو بێت لە ژیانی پێغەمبەردا! ئەو فەرامۆشکردنەی ئەوانە مەنهەجێکی تاریخی شیعییە، چونکە مەعلومە کە ئەوان ڕۆڵی سەرەکیان هەبوو لە بانگەواز وپەیامی پێغەمبەردا!
عائیشە وەک هاوسەری پێغەمبەر هیچ ڕۆڵێکی نەبوو، هەرچەندە ڕۆڵی عائیشە هێندە کاریگەرە لە ژیانی پێغەمبەردا و لە گێڕانەوەی لایەنە شاراوەکانی ژیانی پێغەمبەر، بە کەس نکوڵی لێ ناکرێت!

نیشاندانی هیند ی ژنی ئەبو سوفیان، کە مونا واسف ڕۆڵی دەگیرێ، وئەویش کوردە بە ئەسڵ، بەو دڕندایەتیەوە، کە ئەو فیلمە لە کۆخەیاڵدانی موسڵمانان تۆماری کرد، گوایە وەحشی هاندەدا بیکوژێ وتا جەرگی حەمزە دەربێنێ وبیخوا! ئەوەش بەپێی ڕیوایەتی شیعی خزاوەتە ناو فیلمەکە. چیرۆکی زگ هەڵدڕانی حەمزە مەرجەعی شیعی الطبرسي لە مجمع البيان وکتێبی شجرة طوبى، باسیکردوە، ئەو چیرۆکە هیچ پشتڕاست نەکراوەتەوە لە ڕیوایاتی سوونی! ئینجا لە فیلمەکە وادەردەکەوێ کە وەحشی کۆیلەی هیند بێت، لە کاتێکدا کۆیلەی جبير بن مطعم بوو، هەر ئەویش فەرمانی کوشتنی حەمزەی پێکردبوو!

بەڵام شیعە لەبەر دوژمنایەتیان لەگەڵ ماڵباتی ئەبو سوفیان، ئەوەی خراپە داویانەتە پاڵیان!
کەچی شمشێری عەلی لە فیلمەکە دەردەکەوێت، کە ئاماژە بە قارەمانیەتی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب دەکات.
بە نسبەت جەنگەکانی ژینامەی پێغەمبەر، کە تەنها ماوەی مەککەی لێ دەرکەیت، ئەویتر هەمووی شەڕ وغەزەوات وجەنگە، تەنها باسی بەدر و ئوحود دەکات، دیارە مستەفا عەقاد کە لە گەنجییەوە لە ئەمریکا ژیانی بەسەر بردبوو، یان لەبەر دەسەڵاتی جووەکان لە هولیود، یانیش بۆ دڵ نەشکاندنی موسڵمانانی ئینکار، باسی شەڕەکانی پێغەمبەر لەگەڵ جووەکان فەرامۆش کردوە، نە لە نزیک نە لە دوور باسیان ناکات.

ئەوەش کەلێنێکی زۆر گەورەی خستۆتە سیرەی فیلمەکەوە، هەتا هیچ ئاماژەیەکی تێدا نییە بۆ ناردنی سوپای ئیسلامی بۆ سەر ڕۆمەکان لە شام، ئەوەش لەبەر دڵی مەسیحییەکان !
کەوابوو ئەو فیلمە لە چیرۆکێکی هەڵبژاردە و پچڕپچڕ دروستکراوە، لەبەر هۆکاری سیاسی وئایدیۆلۆژی و دینی. بەر لە الرسالە ئەمریکییەکان بە تەمای بەرهەمهێنانی فیلمێک بوون لەسەر ژیانی پێغەمبەر، و قەول بوو ئەنتۆنی کوین، کە ڕۆڵی حەمزەی بینیوە لە نوسخە ئینگلیزیەکە، ڕۆڵی پێغەمبەر ببینێ، بەڵام دوایی پاشەکشەیان مرد لەبابەتەکە لەبەر هەستیاری دەرکەوتنەکە!

عەقاد لە گۆشەی بەرژەوەندی تایبەتی خۆی دەیڕوانیە بابەتی دەرهێنانی ئەو فیلمە ئیسلامیانە، نەک وەک ئیسلامییەک. چونکە بەدرێژایی ژیانی کارێکی گەورەی ئینگلیزی بەرهەم نەهێنا لە چەند فلمێکی تۆقێنەری نزم زیاتر!
هەتا بەر لە مردنی پڕۆژەی دەرهێنانی دوو فیلمی تری ئیسلامی لەبەردەست بوو، یەکیان دەربارەی سەلاحەدینی ئەیوبی، دووەمیان دەربارەی ئەندەلوس بەڵام مەرگ مەودای نەدا!
ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە ئەو مستەفا عەقادەی، کە بێ ئەوەی بیەوێ خزمەتێکی بە ئیسلام و بانگەوازی ئیسلامی سیاسی کرد، لە کۆتاییدا بووە قوربانی دەستی ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ئیسلامی القاعیدە لە تەقینەوەیەکی خۆکوژی لە ئوردن لە ٢٠٠٥/١١/٥ لە هوتێلی حەیات گراند خۆی وکچێکی بوونە قوربانی و کوژران.

ئەگەر من توندڕەوان بناسم، ئەو پیاوەیان کوشت چونکە هەوڵی دەدا ئیسلامێکی جوان و کیوت پێشکەش بکات، ئەو توندڕەوانەش دوژمنیان ئەو کەسانەیە کە بەزۆر لەخۆکردن هەوڵی جوانکاری ئیسلام دەدەن!

٢٠٢٠/١٢/٢٨

# بۆ زنجیرە تورکیەکان لە کەناڵەکانی MBC ڕاگیرا؟!

هەتا میدیای تورکیش دەڵێن ڕاگرتنی زنجیرە تورکیەکان، بڕیارێکی سیاسیە، بەڵام چونکە قەتەری بێ ئەخلاق بە هەموو توانای لە پشت تورکیایە. لەوکاتەی کە MBC بایکۆتی زنجیرەی تورکی ڕاگەیاند، هەواڵی کڕینەوەی زنجیرەکان لە لایەن قەتەریەک بڵاوکرایەوە، تا بڵێن MBC بەناچاری وایکردوە !

کوردەکەش یەکسەر دەچنە ژێرباری هەواڵە چەواشەکارەکانی قەتەر و جەزیرە، تەنها بۆ ئەوەی هەنگاوەکەی کوردسات بێ نرخ بکەن! وادەزانن تەلەفزیۆنەکانی  MBCو عەرەبی و کوردیەکان بەخۆڕایی زنجیرەکانیان دەست کەوتوە.!

هەندێ لەو موحەلیلە کوردیە دەبەنگانە، دەڵێن زنجیرەی تورکی هەقی بە شەڕی تورک چییە لەگەڵ کورد؟!

ناچێ سێرچێک بکات ببینێ هونەری نواندن وسینەمای تورکی هەمیشە کارەکتەرە کوردیەکان بە سووک وبێ نرخ و دڕندە نیشان دەدات! نازانێت ڕۆڵی فیکری و دەروونی دوژمنێکی وا سەرسەختی کورد چەند ترسناکتر دەبێت کاتێ نەوەی نوێت دەچێتە ژێر کاریگەری فەرهەنگی تورک!

ئەوەی میدیای قەتەری بۆ تورکیا و ئەردۆگانی دەکات سۆزانی بۆ مشتەری ناکات بە تایبەتی لە شەڕی عەفرین!

هەمیشە جەزیرە تورکەکان وەک فریشتە نیشان دەدات کە دەچنە غەزای کوردە تیرۆرستەکان و باوەش بە ژن و منداڵەکانیان دەکەن! وەک بڵێی کورد منداڵ و ژنی نەبێت !یان نیشانیان دەدات بە کۆمەڵ نوێژدەکەن!

کەناڵە ئاسمانیەکانی  MBCوەک حوکمەتی بێ مووچەی کوردی نین نەتوانن پارەی زنجیرە ڕەخیسەکانی تورک بدەن!

٢٠١٨/٣/٦

# ماڵئاوا ئیمپراتۆری کۆمێدیا سەمیر غانم

زۆر دڵپەست بووم بە مەرگی جوانترین و گەورەترین ئەکتەری کۆمێدیای میسری سەمیر غانم. ئەو یەکێکە لە یادەوەری زۆربەی نەوەکانی حەفتا وهەشتا وبۆ سەرەوە .
ئەو پیاوە مەوهیبەیەکی سەیری هەبوو لە بە پێکەنین هێنانی خەڵک، تەنها قسەکانی نا، بەڵکو جوڵە و گوزارشەکانی سەر ڕوخساریشی مرۆڤی دەخستە پێکەنین .

لەبیرمە لە دوکانێکی زۆر ناوداری میسری بۆ فرۆشتن وکرێدانی فیلم، سەرەتای هاتنم بوو بۆ بەریتانیا، زۆربەی شانۆگەری وفیلمەکانیم بەکرێ دەهێنا بۆ سەیرکردنی. لە هەموو کارەکانی بەلای من خۆشتر، شانۆگەری المتزوجون بوو، لەگەڵ جۆرج سیدهم و شیرین، ڕەنگە بڵێم بیست جارم دیوە، هەموو جارێکیش وەک جاری یەکەم دەمخاتە پێکەنین، هەتا هاوسەرم لەسەر ئەوە ڕەخنەم لێدەگرێ، چۆن وا پێدەکەنم بە شتێکی بینراو!

جوانی سەمیر غانم لەوەدا دێت، بەڕاستی میسری بوو، تا مردیش چیپ موسڵمانە بە دین، هەروام دەزانی مەسیحیەکی قیبتی میسرییە، چونکە لە هیچ چاوپێکەوتنێک باسی دیانەتی نەدەکرد، وەک هەندێ ئەکتەر و گۆراتیبێژی بەتاڵ وتافیه خەڵکی فریونەدەدا، بڵێ نوێژ دەکەم وقورئان هەمیشە لە باغەڵمدایە وهتد...

بەڕای من لەگەڵ عادل ئیمام دوو گەورەترین کۆمێدیانی میسرین، بەڵام سەمیر غانم لای من زیاتر ڕوحسوکتر بوو.
تەنها ڕەخنەم لە سمیر غانم لای برادەرێکی میسری زۆر شارەزا لە هونەری میسری ناوی فرید بوو گووتم: خراپترین شتی سمیردغانم ئەوەیە لە چەندین فیلم و شانۆگەری گاڵتە بە کەمئەندامەکان دەکات، خۆزگە یەکێک پێی دەگووت، ئەو کارە لە نرخی هونەری خۆی کەمدەکاتەوە.

فرید گووتی: من دەتوانم ئەو ڕەخنەیەی پێ بگەیەنم لە ڕێگای خزمێکم کە ڕەخنەگری هونەرییە و برادەراتی باشە لەگەڵ سمیر غانم. پاش ماوەیەک فەریدم دیتەوە گووتی: ڕەخنەکەی تۆ دەقاودەق گەیشتە سمیر غانم، زۆر بە دڵیشی بوو. جانازانم ڕاستە یان نا، بەڵام لە کارە هونەرییەکانی دوایی، ئەو دیاردەیەی گاڵتەکردن بە مرۆڤی کەمئەندامەم بەدی نەدەکرد .

هەرچۆنێکی بێت ڕوحی شاد بێت وەک چۆن ڕوحمانی شاد دەکرد بە قسە خۆشەکانی...

# عەمرۆی بانگخواز و ڕێکلامی مریشکی بەهەشتی!

ڕوحت بەرز نابێتەوە ئەگەر جەستە و زگت تەواو نەبێ، ئەگەر وەسفەی ئاسیای بۆ مریشکی نیشتیمانی تاقیبکەیتەوە، ڕوحت بەرز دەبێتەوە بۆلای خوا، لەگەڵ شەونوێژ وتەڕاویح لەپاش فیتارکردنەوە !
من دەمێکە دەڵێم دین کاری بێکارانە.

ببینە ئەو بانگخوازەی ملیۆنەها گەنجی بەخۆی سەرسام کردبوو، چۆن ڕێکلام دەکات بۆ مریشکێک بە وشە و گوتاری دینی!
بە هەمان شێوە دەرسی دینیان دەڵێنەوە، هەزارەها دۆلار وەردەگرن لە بری ئەو بانگخوازیە دینیەی !
شێخە بەناوبانگەکانی میسر و خەلیج و هەتا کوردستانیش ببینە چۆن ژیانێکی فیرعەونانە بەڕێدەکەن، کەچی شەو و ڕۆژ هانی هەژار دەدەن قەناعەتی هەبێت، دنیا هیچ نییە!

دیندار بەپێی حەدیسی پێغەمبەر لە ئاخیر زەماندا وەک ئەوە هەیە پەنگرێک لەناو لەپی هەڵبگرێت، بەڵام ئەو مەلا و بانگخوازانە پڕی ناو لەپیان زێڕ و دۆلارە!

# میدیای تەمەڵی کوردی!

میدیای کوردی حەزی لێیە هەموو کەرەستەکانی هەواڵی بۆ بێتە ژورەوە، و ئەگەر زۆر خۆی هیلاک کرد ئەوە لەناو شارەکەی پیاسەیەک دەکات! ئەگەر زۆری لە خۆ کرد و ئازا بوو دەچێتە شارێکی تر !

میدیای کوردی حەزی لێیە مێوانەکانی هەمیشە لەناو دەوروبەری تەلەفزیۆنەکە یان لە شارەکەی خۆی بن، ئەگەر زۆری لە خۆی کرد میوانێک لە شارێکی تر دەهێنن، بەڵام زۆربەی جار لە ستۆدیۆی خۆیەوە لە شارەکەی تر میوانداری دەکات!
هەر بۆیەش دەبینی دەموچاوی مێوانەکانیان بەردەوام دووبارە دەبێتەوە، بۆ هەموو بابەتێک بانگیان دەکەن و میوانداریان دەکەن!

ئەوە سێیەم تەلەفزیۆنە کە داوای چاوپێکەوتن دەکەن لەگەڵم لەسەر بابەتی دینی سەلەفی کە هەموو دەزانن لە کرۆکی تایبەتمەندی خۆمە و دەست وپێیەکی باڵام لەو بوارە هەیە! بەڵام کە دەزانن من لە لەندەنم و لە دەوروبەری تەلەفزیۆنەکە نیم، ئەوە پاش داواکردنی خۆیان، و ڕەزامەندی من، لە سایەی ئەە شۆڕشە تەکنۆلۆژیایە، پێیان قورسە کامێرایەک بنێرن یان بە دەنگ وڕەنگ لە ڕێگای ئەو هەموو بەرنامەیەی وەک مێسنجەر و سکایب و ئیمۆ و دەیەها ڕێگای تر بەکار بهێنن، یان پرسیارەکانت بۆ بنێرن بە ڤیدیۆ تۆش بە ڤیدیۆ وەڵامیان دەیەوە!

هێندە تەمەڵن تاقەتی ئەوەشیان نییە! گرنگ نییە لە بەرنامەیەک کە لەسەر عبدوللەتیف سەلەفی کراوە، بەژداری من تا چ ڕادەیەک گرنگە و تا چ ڕادەیەک هێز و تەشویقێکی تر بەو بەرنامەیە دەدات، گرنگ ئەوەیە خانم ماندوو نەبێت بە دەستی تۆدا !!!
لە دوا پەیوەندیم وام بۆ ئەو خانمە نووسی:

من خۆم هێندە حەز لە دەرکەوتن لە تەلەفزیۆن ناکەم، بەڵام بێ تاقەتی ئێوەش لە دەرچوون لە سنووری کوردستان و دووبارەکردنەوەی دەمووچاوەکان هەموو ڕۆژێ، زیاتر منی دوور خستیتەوە لەو ئەرکە، سەیرە من مە خاوەنی چوار پێنج کتێب و سەدان وتاربم لەسەر سەلەفیەت، کەچی ئێوە تاقەتتان نەبێت بە ئامرازێکی تەکنۆلۆژی من بەژدار پێ بکەن!

**٢٠١٨/٢/٧**

# بەشی سێیەم

# لە حزوری پەشێو وشیعر و شاعیران

## دەربارەی شیعرە نامۆکەی پەشێو بۆ بارزانی!

مرۆڤ کە باسی دەکرێت، دەبێت ئەوەی کە باسی دەکات زۆر لەوە وریاتر و بلیمەتتر بێت، کە نەجێت دەقێکی کۆنی، یان ئاکارێکی کۆنی، هەڵوێستێکی کۆنی پێش چل سالێك بهێنێتەوە لە حازردا پێی بفرۆشێتەوە!

مرۆڤ لە گۆڕانە، خەڵکانێك هەن ئێستا من دەیانناسم بەر لە دوو دەیە شیعر و هۆنراوەیان بۆ توندڕەوی دەچڕی، ئێستا ڕەخنەگرێکی سەرسەختی تیرۆریزم و توندڕەوییە. دەبێت من لەبەر نوسینێکی پێش ٢٠ ساڵی تۆمەتباری کەم بە توندڕەوی؟!

با دوور نە ڕۆم خۆم باس بکەم، منیش ستایشی توندڕەوانم کردوە لە سەردەمانێك کە خۆم هێشتا لەناو ژینگە وبیری توندڕەوی دابووم. ئێستا هەموو ژیانم تەرخان کردوە دژی توندڕەوی دینی و غەیری دینیش. دەکرێت کەسێك نوسینێکی پێش ٢٠ ساڵیم بهێنێتەوە لە ستایشی مەلا کرێکار یان شێخی موجاهیدینی عەرەب وعەجەم عبدالله العزام، تا بیسەلمێنێ من توندڕەوم یا تیرۆرست بووم؟!

من پێموایە هەتا پێغەمبەری مەککە، زۆر جیاوازە لە پێغەمبەری مەدینە! سەعید نەوروسی خۆی دوو قۆناغی ناوزەد کردوە لە ژیانیدا، سەعیدی کۆن و سەعیدی نویێ! عبدالله القصيمي لە شێخێکی توندڕەوی سەلەفی دڕ بۆ گەورەترین ڕەخنەگر لە خودی دین!

دەبێت بەو پێوەرە زانستییە مامەڵە لەگەڵ مرۆڤ بکەین، دەنا کەس ڕزگاری نابێت لە ڕەخنە کاڵ وکرچەکان. لە پۆستێکی فەیسبوکی برادەرێکدا، کە دەزانم حەماسەت پاڵی پێوەنا بوو، نەك وەك لێکۆڵەرێکی گەڕاو بە دوای ڕاستی. ئەو شیعرەم دیت بەناوی عەبدوڵلا پەشێو بلاویکردبوەوە:

لەم ڕۆژانە، ئازیزەکەم

خۆشەویستی گیانی برسیم

زۆر بە تاسە و پەرۆشەوە

هات لێی پرسیم

ووتی . . گەربلێم پەیکەرێ

داتاشە بۆکوردپەروەرێ

بۆکێی دەکەی؟

منیش ووتم . .

کوردستانم لە زەمینی تا ئاسمانی

تێیدا نییە دڵسۆزتر بێ لە بارزانی

گوایە ئەو شیعرە هی عەبدوڵلا پەشێوە، بەداخەوە زۆر بێ ڕێزیشی بە شاعیری مەزنی نەتەوەکەمان کردبوو، بێ ئەوەی دڵنیا بێت ئەو شئیعرە هی ئەوە یان هی ئەو نییە؟ کەی گووتراوە دوێنێ یان بەر لە چل پەنجا ساڵ!؟ بۆ بارزانی مستەفا گوتراوە یان بۆ بارزانی مەسعود یان ئیدریش؟!

جارێ لە چەندین وتاری پارتیەکانم دیت ئەوان دەڵێن ئەو شیعرە عبداللە پەشێو بۆ مستەفا بارزانی گوتوە. یانی هێشتا ئەو پارتیانە بە ویژدانترن دەزانن ئەگەر پەشێو شیعرەکەشی گووتبێت ئەوە بە دڵنیایەوە بۆ مەسعود و ئیدریس بارزانی نەگووتوە، باسی نێچیریش هەر ناکرێت! دەیکاکە پۆستیش دەکەیت کەمێك بە ویژدان، هەرنەبێ بە قەد ویژدانی پارتیەکان ویژدانت بێ!

بەڕای من ئەگەر ئەو شێعرە ڕاستیش بوایە پەشێو بۆ مستەفا بارزانیشی گووتبێت، من هێشتا هیچ نەنگیەکی تێدا نابینم، شاعیرێك بەر لە چل پەنجا ساڵێك شیعری بۆ مەلا مستەفا گووتبێت، کە تاک وتەرا نەبێت، کەس نەبوو مەلا مستەفای خۆش نەوێت ئەو کات و سەردەمە، دەبێت چ نەنگییەك بێت؟!

ئەوەتە شێرکۆ بێکەسیش ئەو شیعرەی بۆ مستەفا بارزانی گوتوە، و بەر لە کۆچی دوایشی لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ گووتی بەڵی من گوتوومە لێشی پەشیمان نیم.

خۆشمان ئەوێ

بەقەد ڕقی شمشێری ناوچاوی ئەوان

خۆشمان ئەوێ

بە قەد کینەی گولەتۆپ و

کوێرە بۆمبای فڕۆکەیان . . خۆشمان ئەوێ

بەقەد ناڵەی تەقینەوەی (تی،ئێن،تی) ناو

جانتاکانیان . . خۆشمان ئەوێ

بەقەد داوی پیلانی ژێر

مێزەر و جبەی پێداویان

خۆشمان ئەوێ

ئەمانەوێ

وەک گولە بۆچەکەکانمان ئەمانەوێ

وەک چەک بۆ پێشمەرگەکانمان

ئەمانەوێ

وەک باران بۆ کێڵگەکانمان

ئەمانەوێ

هەربۆمەرگ نامەنەوێ

ئەی بارزانی

ئینجا دوێنێ شەو کە دەربارەی ئەو شیعرەی پەشێو پرسیارم کرد لێی، دڵنیای کردمەوە کە ئەوە شیعری ئەو نییە، شیعرەکانی ئەو لەناو دوو بەرگی دیوانەکانیەتی بەس. من تەحەدای هەرکەسێك دەکەم ئەو شیعرە لە سەرچاوەیەکی ڕێزدار بدۆزنەوە، بە تایبەتی لە دیوانەکانی پەشێو.

زۆر شتێکی ناشیرینە لەسەر سەدان شیعری دژی گەندەڵی وبراکوژی ومیری دزان بازدەین، تا باسی شیعرێکی کەس نەناسی بێ ناسنامە بکەیت. بۆ دەبێت ئێمەی کورد هەڵپەی ئەوەمان بێت هیچ جوانیەکمان نەهێڵینەوە، ئەخر کورد بوونیان لێکردوینەتە زەقنەبووت، مەگەر مرۆڤ سەبارەت بە بوونی عبداللە پەشێو، دڵی بە کوردبوونی خۆش بێت.[٩]

**٢٠١٧/٣/٤**

[٩] https://www.youtube.com/watch?v=oaG٠١umruys

# دەربارەی شیعری [لە دەستم دێ] ی پەشێو و ئەو هەرایەی نایانەوە!

بەر لەماوەیەك چەند فێمنستێکی ڕادیکاڵی نا هاوسەنگ، هەرایەکی گەورەیان کرد لەسەر پەشێوی مەزن سەربارەت بە شیعری [لە دەستم دێ] گوایە دژی کەرامەتی ژنە و سووکایەتی بە پیرۆزی پەیوەندی پیاو و ئافرەت دەکات!

ئەو فێمنستانە وەك ئەو ڕاوچیانەن کە بۆمب بەکار دەهێنن لە ڕاودا، بۆ گرتنی چەند ماسیەك هەزاران گیانداری دەریایی و وردیلە ماسی تریش دەکوژن بە هەڕەمەکی! ئەخر بەس من دەزانم پەشێو چەند ڕیز لە ئافرەت دەگرێت، ئەوانیش دێن یەخەی پەشێو دەگرن لەسەر دەقێکی بەر ٤٨ ساڵ، کە سەرەڕای هەر شتێك شاکارێکە بۆ خۆی. وەرە لە ناو ئەو هەموو باوکسالارانەی مەمەلکەت، شەڕ بە پەشێو بفرۆشن!

ئەی چی دەکەن بەرامبەر زیاتر لە سەد دەق جوانی پەشێو کە بۆ ژن و ئافرەت گوتراوە، ماقولە ئەوانە هەمووی نەبینیت لەسەر دەقێکی بەر لە ٤٨ ساڵ نووسراودا هەڵنیشیت، بۆ ئەوەی بیسەلمینیت شاعیر مەزنی کورد باوکسالارانە بیردەکاتەوە!

" پەشێو لە هەڤپەیڤینێک لەگەڵ ڕادیۆی ئەمریکا گووتی: "ئەو شیعرە ٤٨ ساڵ لەمەوبەر و لەناوەڕاستی شەستەکاندا نوسراوە، کە مێردمنداڵێکی بیرکۆتی نوسیویەتی، ئێستا ئەکتیفی دەکەن، "ئەوانە چاویان کوێر دەکەن، چونکە زیاتر لە ١٠٠ شیعر کەبۆ بەرزڕاگرتن و بەپیرۆز ڕاگرتنی ژن نوسراوە نابینن ....ئەوانە بابچن شیعرەکانی ئاشتی، بەراورد، دوعا، مارگرێت و ...هتد، بزانن چییان تێدا وتراوە، کەچی دێن یەخەی شیعرێک دەگرن کە گەنجێک هاتووە خەم خەفەتی خۆی بۆخۆی باس دەکات و لەخۆشی بترازێت هیچ کەسێک نازانێت ئەو شیعرە بۆ کێ نوسراوە.

پەشێوی گەورە ئەوەشی وت، "ئەو شیعرە بەستراوەتەوە بەئەفسانەیەک، خۆم لەژیاندام کەسێک لێی نەپرسیوم ئەو ئەفسانەیە ڕاستە؟ کورە نەوەڵا هیچی بەسەر هیچەوە نییە. ئەو ئافرەتە فێمنستەی کە ڕەخنەی لە پەشێو گرتبوو، ناوی ڕۆزا حوسێنە، وادیارە لە بەدبەختی ئافرەتی کورد ئەو ڕۆزایە بۆتە داکۆکیکاریان! چونکە کاتی خۆی کە بابەتێکم لەسەر ئافرەت بڵاوکردبووەوە لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ئەوەی ئاشنا بێت بە نووسینەکانی من دەزانێت چەند داکۆکی دەکەم لە دۆزی ئافرەت، سەدان وتارم لە پشتگیری دۆزی ئافرەت نووسیوە، لەگەڵ دوو کتێب، کەچی وەڵامێکی دوور ودرێژی بۆ منیش نووسیبوو!

خەڵك چۆن گومانی ئافرەت دۆستی لە پەشێوێك دەكات كە ڕوخساری خۆشەویستەكەی وەك كتێبێكی پیرۆز دەبینێت و ئایەتی تێدا دەخوێنیتەوە؟! لە شیعری [بەراورد] دەڵێت:

نیوەشەو بوو،

سروشت مات و دنیا بێهەست

تۆ نووستبووی ،

ڕوومەتت لەسەر پشتی دەست.

لە ئادگارت وردبوومەوە:

پێڵی شەو بۆ هەڵیگرتم ،

ڕایهەژاندم ئاوازێكی جاویدانی ،

كتێبەكەی دەستم داخست ،

خۆم ڕەهاكرد لە زیندانی–

ڕووی پیرۆزی تۆم خوێندەوە ،

نەرمە نەرمە ،

ئایەت ئایەت ،

تا بەیانی

پەشێو پێیوایە با خەڵك و فیزك ناسان چ دەڵێن با بیڵێن دەربارەی چەقی گەردوون چۆنە و لە كوێیە، چونكە لای ئەو چەقی گەردوون ناوكی ژنە وەك هێمایەك بۆ بەردەوامی مرۆڤ و ژیان:

دەستخۆش مۆستا. ئەمەش شعرێکی تری مامۆستا پەشێو. ئیتر لەمە زیاتر چی!....

کێ دەزانێ کوێیە

چەقی ئەم گەردوونە؟

ئەم گەردوونە بێ سنوور و میچ و بنە

ئێوە هەرچی دەڵێن بیڵێن

بەڵام بۆ من

چەقی گەردوون ناوکی ژنە

لە شیعری نهێنی دا، ببینە چۆن پەشێو وەك قەدەربەدەستێك لە ئافرەت دەڕوانێت، کە چۆن شتەکان لە دزێوی دەکاتە جوان، و لە هەڵچوون بۆ ئارامی، دنیای بەستەڵەک بۆ ڕەنگینی، لە پەژارەیی بۆ شادی، و لە ئاگر بۆ ئاو و خۆڵەمێش:

نهێنی
خانمۆڵەکەم!

دە پێم بڵێ:
لە کوێ فێر بووی،
هۆنراوە بکەیتە پەخشان؟
لە کوێ فێر بووی،
دەریای یاخی
ئارام بکەی وەکوو ئاسمان؟
خۆ تۆ شلکەنەمامێکی، گیانی گیانان،
چۆن دەتوانی
سندم لە پێی گرکان بکەی،
لغاو بکەی دەمی زریان؟
چۆن بە ساتێك
ئاوا ژینم دەرەنگێنی،
بە ساتێکیش
بەستەڵەکی تیا دەکەیتە سەرچۆپیکێش؟
چۆن بە ساتێك
وەکوو ئاگر هەڵمدەکەی،
بە ساتێکیش ئاوا دەمکەی بە خۆڵەمێش؟

گوێبگرن بۆ ئەو شاکارەی [دوعا] ببینە چۆن پیاو لە خۆی تەریق دەبێتەوە، بارتەقای سەد کتێبی فێمنستان بەرگری لە ئافرەت دەکات وکوشتنیان شەرمەزار دەکات:

ئێستا گومان لە چی بکەم؟
لە چی نەکەم؟
ئێستا گومان لە کێ بکەم؟
لە کێ نەکەم؟
لە هەر ٤٠ هەزار پێغەمبەر؟
لە کتێبە پیرۆزەکان؟
لە کردگار ؟
فیرعەونەکان دنیایان خوارد
بۆچی موسا دارعەساکەی هەڵنابڕێ ؟
و نایکا بە مار؟
ئەوا دیسان بەردبارانی مەجدەلیە
کەنگی مەسیح دێتە هاوار؟
بۆ شێخ ئادی مەرقەدەکەی جێناهێڵێ؟
بۆ گومبەتێک منارەیەک بە زەویدا ناچێتە خوار؟
ئەی من بۆچی ناتپارێزم؟ ئازیزەکەم ،جگەر گۆشەم
نیشتیمانی بن پێلەقە و بلۆک و دار
بۆ بڵێسەی قەڵەمەکەم دەوراندەوری جەستەی پیرۆز
هەڵنابەستێ شورە و دیوار؟
دەک شەرمەزار بم ، شەرمەزار بم، شەرمەزار

لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە خودی شیعرەکەی [لە دەستم دێ] وەرە لە پەڕاوێزی ئەو وتارە بیخوێنەوە، ببینە چ شاکارێکە، جەستەت پڕی تەزوو دەکات، بەڵام بەو مێژووەوەش، کە بەر لە ٤٨ ساڵ نووسراوە، هێشتا دەیسەلمێنێت کە پەشێو ئەوکاتەش جیاواز و جوامێر بیری کردۆتەوە، کە دەیتوانی وەك هەر گەنجێکی زامداری ئاسایی، هەڕەشەکانی لە دژی دلبەری بێ وەفا جێبەجێ بکات، بەڵام خۆشەویستی زاڵ کردوە بەسەر رق و قینی لە خۆشەویستە ناجوامێرەکەی.

پەشێو دەڵێت: ئەوانەی کە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو شیعرە دەکەن نایەن بزانن لەکوێ و لەچ بارودۆخێکی کۆمەڵایەتیدا نوسراوە، ڕاستە شیعرەکە لە لەحزەیەکی توڕەیدا نوسراوە، بەڵام هەر بەو مێردمنداڵیەش هەستم بەوە کردووە، ئەو شتانەم لەدەست دێت وەک هەموو کەسێکی دواکەوتووی کۆمەڵگا، بۆیە وتومە:

بەڵام: چی بکەم؟!

خۆشەویستیت

نەهەنگێکە

خوێنی هەڵچووم ئەخواتەوە

خۆشەویستیت ڕووبارێکە

قینی ڕەشم ئەشواتەوە هیچ فێمنستێك و فێمنستامەیەك و وتارێکی فێمنستی بە قەد ئەو شیعرە کاریگەری هەیە لەسەر پیاو و مرۆڤی کورد، ئەگەر بێتوو لە قوتابخانەکاندا بخرێتە ناو مەنهەجەکانەوە؟! باوەڕناکەم!

ئەمەش دەقی شیعری لەدەستم دێ، عەبدوڵا پەشێوە.

له دەستم دێ
کاتژمێری، کامەرانیت بوەستێنم
لەدەستم دێ
ئەڵقەی پەنجەت پێ فرێ دەم،
نامەی بەختت بسوتینم!
لەدەستم دێ
هەموشتێك ئاشکراکەم
کام شەوت کەش و ڕووناکە
ئەو شەوە پف لە چراکەم

لەدەستم دێ
بەدوو وشە
دڵی زاوای نوستوت ڕەشکەم
لەخۆشاوی
شەوی پەردەتان بێبەش کەم
***
نامەکانت
یەك یەك ماون
دیارییە سادەکانت
یەك یەك ماون
چاویان شۆڕە
دەست لەسەر سنك بۆم وەستاون!
لەتاوی ئەوکارەساتەم
ئارەقەی شەرم ئەتکێنن
مۆری حەزێکی ئاگرین
بەناوچاوتەوە ئەلکێنن!
***

تاڵێکی چت نەماوت
تێرتێربۆنم نەکردبێ!
جێی دەرزی یەك
لەسنکی برسیت نەماوە
پەنچەم پەی پێ نەبردبێ!
گەواهی ئەدەن...لەسەرت،
دارتێلەکانی، سەرشەقام!
گەواهی ئەدەن...ئەوانەی
نامەی تۆیان بۆدەهێنام
بەڵێ گیانە
گەربمهەوێ
کاتژمێری کامەرانیت بوەستێنم
گەربمەوێ
ئەڵقەی پەنچەت پێ فڕێ دەم
نامەی بەختت بسووتێنم
بەڵگەم پێ یە!
هەزار بەڵگەی ئاشکراو ڕوون
بەڵگەی چوار ساڵ پێکەوەبوون
بەڵام: چی بکەم؟!
خۆشەویستیت
نەهەنگێکە
خوێنی هەڵچووم ئەخواتەوە
خۆشەویستیت
ڕووبارێکە
قینی ڕەشم ئەشواتەوە

# ئێوە كێن بە پەشێوی مەزن بڵێن تۆ كێی؟!

مەعلومە لە زۆنی پارتی خەڵكە ئاساییەكەش لە ژێر چاودێری سیخوڕی و پۆلیسیدان، چونكە ئەوە كاری هەموو دەسەڵاتێكە كە دەزانێت چی لەو خەڵكە كردوە و چ كارەساتێكی بەسەر هێناون، ئەوانە چاك دەزانن ئەو مێژووەشی كە خۆیان پێ بادەدا و دەیانكردە منەت بەسەر خەڵك، دەمێكە وەك مۆبایلەكانی كۆڕەك زوو وەحدەی تەواو بووە.

گومانی تێدا نییە كە پەشێو بە دوژمن دەبینێت ئەو دەسەڵاتە سوپەرگەندەڵە خێڵەكییە بێ ڕێزەی، كە نازانێت ڕیزی مرۆڤێكی مەزنی وەك پەشێویش بگرێت! هەی تیاچن، هەی بێ بەها و ڕەوشتینە میللەتەكەمان چەند پەشێوی هەیە، تا وا بە پەشێو بكەن.؟!
گومانی تێدا نییە كە سیخوڕەكانیان دەقە بە دەقە بەدوای پەشێو بوون، دەزانن پەشێو كێیە، و بە ئەنقەستیش، كابرایەكی غەریبەی ئەو خاكە بە پەشێو دەڵێن : "تۆ كێیت و چ كارەیت و چی دەكەیت لێرە؟."!

لە گوندی باب وباپیری، بێركۆت لە هەولێر، چەند چەكدارێكی سووك وڕیسوای پارتی و نێچیرڤان، سوكایەتی بە عەبدوڵا پەشێوی شاعیر دەكەن و كامێرای لێ دەسێنن!
ئەوەی دەیسەلمێنێت كە ئەو سووكایەتی پێكردنە بە ئامانج بووە،ئەوەیە وەک لە هەواڵەكەی گۆران دوكانی هاتووە: "بەپێی زانیاریەكان سەرەتا هەر لەناو گوندەكەی خۆیان لەگوندی بێركۆت پاسەوانەكانی نێچیرڤان بارزانی ئیهانە بە پەشێوی شاعیر دەكەن و پێی دەڵێن :تۆ كێیت و چ كارەیت و چی دەكەیت لێرە؟!، پاشان كامێراو هەموو كەلوپەلێكی وێنەگرتنی لێ دەستێنن، دواتریش كاتێک پەشێوی شاعیر خۆی بەو كەسانە دەناسێنێت، ئەوان بەردەوام دەبن لەسەر ئیهانە كردن پێی و زیاتر دەنگی بەسەردا بەرز دەكەنەوە ". !!!زۆر ڕوون دیارە كاری ئەنقەستە!

نیگەران مەبە پەشێو ئەوە تۆڵەی میری دزانە لێتی دەكەنەوە...
نیگەران مەبە پەشێوی گەورە ئەوە تۆڵەی قون وكورسیەكانیانە لێتی دەكەنەوە...
نیگەران مەبە ئەوە تۆڵەی كەرە گیانە..تۆڵەی ڤیاگرایە، تۆڵەی شیعرەكانی براكوژییە...تۆڵەی هەموو وشە گوللەئاساكانە.

ئەوە باجی ڕاستگۆییە قەت نیگەران مەبە، زیاتر ڕیسوایان كە ئەو مەغۆل وتەتەرە كوردییانە، لەبیرتە لە ١٩٧٣، كە لە چاو ئێستا دنیا هێشتا شامی شەریف بوو، نە نەوت هەبوو بیدزن و نە بودجەی حوكمەتی بەغدا دەگەیشتە دەستی دزە گەورەكان، و نە پارەی گومرگ هەبوو بیخۆن، تۆ ئەو كاتە گووتت:

**دەریان کردم**
**چونکە شیعرم**
**منالێکی چەتوون ئاسا**
**پلوکە بەردی هاویشتە**
**ماڵی شوشە بەندی گەوران**
**دەریان کردم**
**چونکە شیعرم هێلی بەزاند**
**لە ڕووی گەنجینەی دزراوا**
**گلۆپێکی**
**دە هەزار فۆلتی داگیرساند**

نیگەران مەبە ئەو سووك و ڕیسوایانە دەزانن چەندە دوژمنی کوردن، و کوردایەتیەکیان دروست کردوە قێزەونتر لە وشەی شێرپەنجە وسەرەتان، کە لەبەر قێزەونی خەڵکێکی زۆر ناوێریت ناوی بهێنێت، دەڵێن نەخۆشیە پیسەکە.! کوردایەتیەکەی ئەوان نەخۆشیە پیسەکەیە، نیگەران مەبە قوربان هەموو بستە باڵاکانیان لەسەریەك هەڵچنن ناگەن بە پاژنەی تۆ. ئەگەر ڕاست دەکەن با لەگەڵ تۆ بێنە ناو دەنگدان تا بزانن ئەوان کێن و تۆ کێیت!

**٢٠١٧/٣/١٢**

## هەر ئەوەی بە پەشێو کرا سوکایەتی نەبوو!
## کوردستان یەك پارچە سووکایەتییە

خەڵك وادەزانێت سوکایەتی بەس ئەوەیە یەك دوو چەکداری نەزان بێت و دەستدرێژیت بکاتە سەر! خەڵک وادەزانێت هەر ئەوە سوکایەتییە کە کرا بەرامبەر عبداللە پەشێو. بەرلەوەی ئەوە بە سوکایەتی بزانرێت دەبێت بزانن ژیانتان پڕاوپڕە لە سوکایەتی...
سوکایەتی ئەوەیە ماڵی سەرۆك وەزیران ئەو هەموو ڕووبەرە داگیر بکات، بەخۆڕایی و سنوری بگاتە ناو گوندی باو وباپیری پەشێو و هەتا گۆڕستانیشیان لێ بکاتە ناوچەی قەدەغەکراو و بە خاوەن مردووی نوێ بڵێن، بە پێنج دەقە مەیتەکەت بنێژە وئەوێ چۆڵ کەن، دەنا تووشی ڕێکاری یاسایی دەبنەوە!

سووکایەتی ئەوەیە چەکداری گەنج هێندە نەخوێندەوار بێت لە سایەی ئەو وڵاتە مافیاوییە، نەزانێت عەبدوڵلا پەشێو کێیە، کاتێ خۆی ناساند تەقەی سەری بێت!
لە هەر وڵاتێکی جیهان با لە گوندێك شاعیرێکی وا مەزن هەڵکەوتبا، ئێستا گوندەکەش وچەندین دەزگا و قوتابخانە و ڕێگای دەوروبەریش بە پەیکەر وناوی ئەو شاعیرە دەڕازێنرایەوە، نەك گوندەکەشی بکەوێتە ناو قەڵەمڕەوی ماڵی یەك کەس!

سوکایەتی ئەوەیە لەو وڵاتەی کە نە لە ئەرز ونە لە ئاو و نە لە ژینگەی لەباری کەم نییە، تۆ شیری کوێتی ومیسری وسعودی بخۆیتەوە، و تەماتە و خیاری ئێرانی بکڕیت، وکەرە و ڕۆن وماستی تورکیایی بەکار بهێنیت!

سوکایەتی ئەوەیە کورد لەو شۆپینگ سەنتەرانە کاتێ بە کوردی قسە بکات کەس نەبێت تێی بگات، وگەنجی کورد خۆی بە نامۆ بزانێت تیایدا، چونکە بەڕێوەبەرانی هەموو شتێکی تێدا بێت، تەنها کوردی تێدا نەبێت.

شورەیی و سوکایەتی ئەوەیە ناوی شەقامت بنێیت بە تۆکیۆ و فلۆریدا و ئەی بی سی سیتی ونازانم چی، کەچی هەزاران مرۆڤی گەورە و ناوی جوانی کوردیت هەبێت!
سوکایەتی ئەوەیە ئەو دەسەڵاتە نەخوێندەوارە بێ ئەسڵ وفەسڵە بۆ بێژەرێکی کچی شۆخ وشەنگ شین وشەپۆڕ بکات لەسەر ئاستی سیاسی و میدیایی، بەڵام بۆ وەفاتی کەڵە ڕۆشنبیر ونووسەر وئەدیبێکی گەورەی وەك محەمەدی مەلا عەبدولکەریم وا بێ دەنگ و بێ باك بیت!
سوکایەتی ئەوەیە وڵات لەو تەنگژە گەورانەی ئابووری دابێت، وخەڵکەکەی برسی بکەیت، وشەو وڕۆژ نەخەیتە سەر یەك بۆ دۆزینەوەی چارەسەر، چونکە خەڵك بە هیچ نەزانیت، لە جیاتی ئەوە هەر خەریکی کۆڕ وکۆبوونەوە و فۆریۆم و پانێلی بێ کەڵك بیت، کە دار ناخاتە سەر بەرد...

سوکایەتی ئەوەیە خەڵکەی نیشتیمان پاڵ پێوەنێیت بۆ دەرەوە و کۆچ کردن و ڕاکردن لە ترسان ولە برسان، وڵاتیش بکەیتە هوتێلێکی بازرگانانی بیانی کاڵای ساختە وشەریکە دز و مۆڵگەی بێ بەهایی وبێ ڕەوشتی..
ئەوەی ئەو دەسەڵاتە بێ ڕەوشتە بەناوی کوردایەتیەوە بەو خەڵکەی دەکات، سەدام لە چاو ئەواندا سەرەڕای دڕندەییەکەی، فریشتە بوو، فریشتە.

٢٠١٧/٣/١٥

# پەشێو دەربارەی شارچیەتی!

لە گفتۆگۆیەکی دوو بە دوودا لەسەر وەزعی گشتی کوردستان و کورد، شاعیری هەرە گەورەی کورد عەبدوڵلا پەشێو زۆر بێزاری خۆی لەو پەتایەی شارچیەتیە دەربڕی و گووتی ئەوەی کورد بێت نەك نابێت جیاوازی بکات لە نێوان سلێمانی و هەولێر ، بەڵکو نابێت جیاوازی بکات لە نێوان سلێمانی و کۆبانێ، هەولێر و ئامەد، مەهاباد و دهۆك.

فەرمووی ئەوە پیلانی بەعس بوو پێی جێبەجێ نەکرا، ئێستا دەسەڵاتی کوردی لە جیاتی بەعس ئەو پیلانە گڵاوە جێبەجێ دەکات.

گووتی ئەو دەسەڵاتە بەناو کوردیە نابێت وەسف بکرێت بە گەندەڵ، چونکە وشەی گەندەڵ زۆر بچووکە بۆ وەسفی، دەبێت وشەیەکی تری بۆ بدۆزرێتەوە گوزارش لەو هەموو نەگریسیەی بکات کە تیایدایە .

ئەو دەسەڵاتە پێشڕەوی کوردی کرد بەرەو پەرتەوازەیی و دواکەوتوویی و دەیان کارەساتی تر.

٢٠١٦/١٠/٢٩

# شەهادەی پەشێو

لە ژیانمدا چەندین شەهادە وبڕوانامەم بە دەست هێناوە لە بواری خوێندن وئەکادیمیەت .. زۆریش شایەدی وستایشی کەسانی نوسەر وبیرمەند ورەخنەگرانم بۆ دراوە ...

بەڵام هیچ بڕوانامەیەك وشایەدیەك بە قەد شەهادەی عبدوڵلا پەشیوی پەپولەی بێگەردی کوردایەتی لەلام شیرینتر نەبوو... ئەو زاتە پاك وبوێر وداهێنەرە شەرمەزاری کردم، کاتێك لە ڕێگای نوسەر ورۆشنفیکر ،کاک بەختیار مام شێخەوە ئاشنایەتی بە نوسینەکانی بەندە پەیدا کردو.

ئەمڕۆ ٢٠١٣/٥/٢٢ لە کۆتایی سەردانەکەی بۆ لەندەن لەو پەڕی تەوازوع وخاکیبونیەوە بە مۆبایل لەگەڵم لوتفی کرد وپێی گوتم ئاگاداری هەموو نوسینەکانتم ودەست خۆشیت لێدەکەم، ونوسینەکانت تروسکایی دەبەخشنە دڵم وچەندین وشەی جوانتر کەمن لێرە لەبەر شاگەشکە بوونم بە قسەکردن لەگەڵ ئەو شاعیرە گەورەیە هەموویم لە بیر نەماوە، وادیارە دوێنێ شەو وتارێکی تازەی منی خوێندبۆوە وجێگای ڕەزامەندی جەنابیان بوو .

هەموو بڕوانامە وخەڵاتەکانی گەندەڵی پیرۆزی بەرۆکی گەندەڵخۆران وگەندەخۆران بێت، من بڕوانامەی عبد الله پەشێوم بەسە. با داهێنەرێکوخاوەن هەڵویستێکی گەورەی وەك پەشێو لێمان ڕازی بێت باکم چیە گەندەڵکاران لێوم لێ بکرۆژن...

زۆر سوپاس مامۆستای هەڵوێستی کوردایەتی پەشیو، بەو وشە جوانانەت بەرپرسیاریمت قورستر کرد تا لەو ئاستە بمێنمەوە جێگای دڵخۆشی جەنابت بم، پەیمان تا مابم لەسەر هەق بدوێم ولە هەق لانەدەم .

٢٠١٣/٥/٢٢

# پەشێو و کارە نەگریسەکانی سۆشیال میدیای کوردی

میدیای شڕەخۆری دەسەڵاتی گەندەڵ کە سوپایەکی ئەلکترۆنیان هەیە لە بندیوارانی فەیسبوک و تویتەر و ئامرازەکانیتر، زۆر کاری قێزەون دەکەن دژی خۆڕاگران و ئەوانەی قەت ئامادەنین بچنە ژێر چەتری گەندەڵی ئەوان.

جارێ دەمنادەم پڕوپاگەندەی مەرگی پەشێو بڵاودەکەنەوە، هەزاران کەسیش پێی فریو دەخوات، تا کەسانێکی نزیك لە پەشێوە بە درۆی دەخەنەوە!

سۆشیال میدیای تەزویری کوردی دەیان قسە و لێدوان بۆ پەشێو هەڵدەبەستن، هەیە پەیجێکی کردۆتەوە بەناوی پەشێو، وەڵامی پرسیارەکانیش دەداتەوە لە جیاتی پەشێو!

هەیە شیعری بەناوی پەشێو نووسیوە و بێ شەرمانەش بە مۆسیقاوە دەخوێنێتەوە وەك ئەو شیعرەی سەر مەزڵوم کۆبانێ کە عەبدوڵلا پەشێو پێیگووتم هی ئەو نییە. عەنتیکەم بەو کابرایە دێت وا بە حەماسەت شیعرێکی تەزویر دەخوێنێتەوە بەناوی عەبدوڵلا پەشێو بێ ئەوەی دڵنیا بێت کە ئەوە شیعری ئەوە یان نا! ڕەنگە وابزانێ خزمەتیش بە پەشێو دەکات! نازانێ یارمەتی تەزویرچیان دەدات!

وەرە کابرا زیندوو بێ یاخوا تەمەنی هەزار ساڵ بێ، کەچی دەیان درۆ وشیعر و پەیج و ئەکاونتی بەناو بکەن! پەشێو دەیفەرموو هەندێ پەیج و ئەکاونت لە جیاتی من وەڵامی پرسیار و بیروڕا دەردەبڕن!

لە کارێکیتری نەگریسدا چەند ڕۆژێکە وێنەیەکی فۆتۆشۆپکراوی پەشێو بڵاودەکەنەوە گوایە زۆر نەخۆشە و داماو، و هەژاریشی لێ دەتکێ و دەیەوێ بڵێ ئەو پەشێوە مەزنە زۆر داماو و شکاوە!
پەشێو یەکێکە لەو پیاوە سەنگین وپاک و بەهێزانەی، کە وێنەی کەمە لە مێژووی کورد، هەتا با بڵێین وێنەکەش ڕاست بێت، نەخۆش بێ یان هەژار بێ، دەبێ چ لە گەورەیی پەشێو کەمبکاتەوە؟!

٢٠٢١/١٠/١٥

# بوەستن ئێوە لە حزوری پەشێودان

بەڕاستی ئەو میللەتە کێشەیەکی مۆراڵی قوڵی هەیە کاتێك کەس لە سەرکردە وسیاسی وشاعیر وهونەرمەند ونوسەر ڕزگاری نابێت لە دەست سوکایەتی ورەخنە مومارەسەکردن بە شێوازی چەقۆ وەشێنی.
ئەوە چ عەقڵیەتێکی بۆگەن وبێ لۆژیکە بە باڵایەکی بەرزی شیعر وئەدەبی وەك پەشێو دەڵێت لە کۆڕەکەی هەولێر "پەشێو دڵی بنەماڵەی مەلا مستەفای لە خۆی نەرەنجان، وەک پارتییەکیش دەیشیران". شیراندن قابیلی ئەو کۆلکە نوسەرە نەناسەیە کە هەر ڕۆژەی لەترسی سەلامەتی خۆیەوە بە ناوێك دەنوسێت زاتی ئەوە ناکات هەتا خۆی بەخەڵک بناسێنێ، ئەگەر ئەو ترسنۆک وبێ مستەوایە بچێتە هەولێر گومانم نییە یان هەروەک چۆن نەناسە قروقەپی لێدەکات یانیش دەبێتە باش کاتبی دەسەڵات ولەوێوەش هەرکاری جوێن بەخشینەوە دەبێت بە ئاڕاستەکەی تردا.

یان ڕەخنەکەی ئەوەیە پەشێو لە تەک وێنەی مەلا مستەفای بارزانی شیعرەکانی خوێندەوە، وەک بڵێی لە تەک وێنەی ئەتاتورک وسەدام شیعری خوێندبێتەوە !نازانم ئەوە چ نەنگیەکە، ئەگەر ئەمرۆ کەسانێک بە ناوی بارزانی خوالێخۆش بوو گەندەڵی وکاری خراپ نەکەن، کێ زاتی ئەوەی هەبوو لەناو خەڵک بە خراپ باسی بارزانی بکات، سەرکردەیەک لەناو جوگرافیایەکی وا تەژی لە دوژمن وموخابەرات وپلانگێڕی بتوانێت ئەوەندە بکات کە کردی بۆ دەبێت نەنگی بێت کە ببێتە جێگای ڕیز وخۆشەویستی میللەتەکەی، لەبیرمە لە ماڵەکان وێنەکەی بارزانیان بە شاردراوەیی هەڵدەگرت وەک شتێکی بەنرخ وبەها، هەرچەندە لە ماڵێک بدۆزرایەوە لەوانەیە توشی گەورەترین سزا وئازار دەبوون، ئەوە بیروڕای خەڵک بوو، دەکرێت هەڵە وغەڵەتیشی هەر بوبێت خۆ پێغەمبەر نەبوو.

ئەگەر بە پێوەری مەعسومیەتی پێغەمبەرایەتی مامەڵە لەگەڵ سەرکردەکانمان وشاعیرانمان وسیاسیەکانمان ونوسەرانمان وهونەرمەندانمان بکەین، بڕواتان هەبێت نەك مەلا مستەفای بارزان بەڵکو هیچ سەرکردەیەکی تری وەک شێخ سەعید وسەید تەها وعبید اللە ی نەهری وقازی مەحەمەد وشێخ مەحمودیش لەدەست ئەو عەقڵیەتە شەڕانگێژ ونا واقیعیە ڕزگاری نابێت...

جاری تریش باسم کردوە کە بە بەردەم ساختومانی وێستمینستەری بارەگای پەرلەمانی بەریتانی تێدەپەڕم بە سەرسوڕمانەوە تەماشای پەیکەرێکی قەبەی گەورەی [ریتچارد لاینهارت] دەکەم کە چەند بە شانازیەوە لەوێ قوتیان کردۆتەوە، کەچی هەڵسەنگاندنی ئەو سەرکردەیە بدەیتە دەست ڕەخنەگرێکی واقیعی کوردیش نەک کوردێکی نەزانی بە شێوازی شەرە چەقۆ، لەوانەیە بڵێ ئەو سەرکردەیە هیچ چاکە وخێرێکی بۆ بەریتانیا نەبوە، پاشایەک لە بنەڕەتدا لە ڕەچەلەکی نورماندیەکان بوو کە فەرەنسی بوون، لە ساڵی ١١٨٩ کە کرا بە مەلیك، گەورەترین قەسابخانە لە دژی جولەکەکانی مەملەکەتە کراوە، دوایی پاشایەکی وا موتەعەسیب ودەمارگرژی خوێن ڕێژی وادڕندە کە وەک سەرکردەی سێیەم هەڵمەتی خاچ پەرستی لەیەک ڕوداودا لە شاری عەکا ٣ هەزار دیلی موسڵمانی کوشت وجگە لە چەندین بەدکاری تردا کە لێرەدا باس ناکرێت، دەبێت چ هێمایەک بێت بۆ پەرلەمانی مەزنترین دیموکراتیەتی جیهان؟!!!
سەرکردەیەک هەردەم شانازی بە فەرەنسیەتی خۆی دەکرد دەڵێن زمانی ئینگلیزیشی باش وپاراو نەبوو تەنها لە یادەوەری گەلێری بەریتانیەکان کراوەتە سوارچاك، کە یەك سیفاتی سوارچاکیشی نەبوو، ویەکپارچەی درندایەتی بوو کەچی لەڕیزی گەلانی بەریتانیا بەو شێوەیە ڕیزی لێدەگیرێت، ئێمەش بۆتە عەیب ونەنگی لە تەك وێنەی سەرکردەیەك شیعر بخوێنیتەوە، هەرچەندە من تا سەر ئێسقانیش دژی دیاردەی وێنە هەڵواسین وگەورەکردنی سەرۆکەکانم وکە تەنها دیاردەیەکی سیاسی دواکەوتوویی رۆژهەڵاتییە وئەنجامەکانیشی هەردەم عەکسییە وخۆشەویستی خاوەن وێنەکە زیاد ناکات وبگرە کەمیش دەکات ئەگەر حزب شوێنگرەوان وبنەماڵەی خاوەن وێنەکە بە قەد ئەو یان زیاتر پاك وباش نەبن! گومانیشم نییە کە بارزانی ڕەحمەتی دەیان جار چاکتر بوو بۆ کورد لە ریچارد شێردڵ بۆ ئینگلیز، ئەوەش ڕیزی ئینگلیزە بۆ ئەو وئەوەش ڕیزی کوردە بۆ ئەم.

دەبا بنەماڵەی شێخ مەحمود یان قازی محەمەد لەسەر دەسەڵات بان وگەندەڵ وستەمکاریش بان، دەماندیت چۆن هەزار ویەک عەیب وجوینیان پێدەدرا بەبێ ئەوەی هیچ جیاوازیەک بکرێت لە نێوان شێخی نەمر وپێشەوا قازی محەمەد وکەس وکارەکانیان!

سەیر لەوەدایە ئەو کەسە لەو ئاستە نزمەوەدا بە کەیفی خۆی لێکدانەوە بۆ شیعرەکانی پەشێوی باڵا دەکات بێ ئەوەی هەتا هەقی [المعنى في بطن او قلب الشاعر] [واتە مانا لەناو دڵ ودەروونی شاعیردایە [یش بۆ خودی شاعیر ناهێڵێتەوە ، دەڵێ شیعرەکە مەبەستی لە کۆسرەتە وتۆمەتباری دەکات بە کوشتنی شەهید سەردەشت، نازانم خوا لە کوێ ئەو ئیلهامە عەبقەریەی پێ بەخشی تا بگاتە ئەو دەرەنجامە، لەوەش سەیرتر ڕێگا بە خۆی دەدات بڵێ شیعرەکەی لاوازە کە بۆ سەردەشتی گوتوە عەرەب دەڵێ چاوی نارەزا کوێرە لە ئاست بینینی جوانیەکان، هەڵسەنگاندنی شیعری پەشێو بە هەموو داماوێک ناکرێت ڕەخنەگرێکی بابەتخواز ودەروون پاکی دەوێت نەك سوکە نوسەرێکی پشت کۆمپیوتەرێکی شڕ کە جوێن بۆ عەرز وئاسما دەبەخشێتەوە وشاش بە سەپان نازانێت!!

شیعرە ڕەخنەئامێزەکانی پەشێو کەسی نەبواردەوە لە کوردستان بە تایبەتی دوو زلحزبەکە وهەموو دونیاش ئەوە دەزانێت، ئەگەر شیعری تەزبیحیشی بۆ کەسێکی دیاریکراو گوتبیت، ئەوە مانای ئەوە نییە پێوەرە دواکەوتوەکەی کوردستانی لەسەر جێبەجێ بکرێت: [ئەگەر قسە بە یەکێتی بڵێیت کەواتە پارتی وبە پێچەوانەشەوە، یان کراست زەرد بوو کەوابوو پارتی وبۆینباغت سەوز بوو کەوابوو یەکێتی]!!! پەشێو نە قەرزاری کەسە ونە لەکەس دەترسێت ئەگەر ئینتیمای سیاسی بۆ پارتی یان هەر حزبێک ئاشکرا بکات، ئەگەریش ئەوەی دەکرد ئێستا وەک شاعیرەکانی تری دەسەڵات ملیاردێر دەبوو وا هەژاری مادە و دەوڵەمەندی جەماوەر نەدەبوو لە کوردستان .بەڕاستی عەیبیشە باسی هەولێریەتی شاعیرێکی وا نەتەوەیی گەورە بکرێت کە من گومانم نییە فەرق لە نێوان هەولێر وئامەد وقامشلی وبۆکان ناکات چ جای فەرق بکات لە نێوان هەولیر وسلێمانی.

سوکایەتی کردن بە شاعیرێکی وەك پەشێو هەموو کوردێکی دەست ودامێن ودەروون پاك ئازار دەدات نەک برادەرە هەولێرییە دڵ ناسکەکان، هەرچەندە پەشێو قەڵای دووەمە بۆ هەولێر، لە هەمان کاتیشدا نەنگیە بۆ هەر سەکۆیەك کە ئەو هەوڵە نەزۆکانە بڵاودەکاتەوە. پەشێو کە قسە دەکات دەبێتە مێژوو، کەس مافی ئەوەی نییە بۆی دیاری کات کەی شیعر بڵێ وبۆ کێی بڵێ، ئەوە قسە وکاردانەوەی پیرەژنێک نییە یەکسەربە لەکاردانەوەی هەر ڕوداوێکدا سنگی بکوتێ و بڵێت: چاوی دایکت کوێر بێت!!! منیش ئەگەر تاکە گلەییەکم لە پەشێو هەبێت ئەوەیە دەبێت هەموو ڕۆژ قسە وهەڵوێستی خۆی هەبێت لەسەر ڕوداوەکان و دەوری سەرەکی هەبێت لە تەشکیل کردنی ڕای گشتی کوردی ورۆحی نەتەوە بنیات بنێت ورزگاری کات لە دەست ناوچەگەرێتی وشارچێەتی وعەشیرەتخوازی وبنەمالەیی.

**لەندەن**

**٢٠١٢/٥/٢٠**

# ئەفسانەی پەیوەندی پەشێو لەگەڵ کوردستانی موکریانی!

من لە هەرزەکاریەوە ئەو دەنگۆیەی پەیوەندی خۆشەویستی عەبدوڵڵا پەشێو و کوردستانی موکریانی م گوێ لێبووە، دڵنیام زۆربەی هەرە زۆری خوێندەواری کوردیش گوێی لێبوە، بەڵکو وەک چیرۆکێکی فۆلکلۆری لێهاتبوو! لەوەتی پەیوەندیم بە ڕاستەوخۆ لەگەڵ پەشێوی مەزن هەیە، زۆرم پێ خۆش بووە کە پرسیارێکی لەو بارەیەی لێبکەم، بەڵام لەبەر شەرم و ڕێزم بۆ ئەو مرۆڤە مەزنە، زاتی ئەوەم نەکردوە هێندە پرسیاری کەسی لێبکەم، تەنها ئەوەی لەسەر ژیانی خۆشی زانیومە لە دەمی خۆیەوە بووە، لە کاتی پەیوەندیەکانمان بۆمی باس کردوە.

ئەو چاوپێکەوتنەی خاتوو کوردستانی موکریانی لە ڕووداو، دوێنێ ٢٠١٩/٩/٢١ لە بەرنامەی پەنجەمۆر، ئەو حەزەی زیاتر لا تۆخ کردمەوە، چونکە زۆر شتی گووت ئەو ئافرەتە، هەستم کرد جێگای گومانە، بەڵکو وا هەستم کرد کە ڕووداو و سیاسەتی پشت ڕووداو بەکاری دەهێنن بۆ شێواندنی وێنەی پەشێو، چونکە پەشێو ئامادە نییە لەگەڵ دەسەڵات وحزبی خاوەن ڕووداو بچوکترین سازش بکات، و ئامادەش نییە بۆ ڕووداو و ئەمسالی ڕووداو یەک وشەش قسە بکا، خۆشیان دەزانن چەند جار ئەو داوایەیان کردوە لە پەشێو، نائومێد بوون!

هەتا هەواڵی مەرگی ساختەی پەشێویش هەر هەوڵێک بوو بۆ شکاندنی ورەی پۆڵاینی پەشێو، بەڵام سەری نەگرت. ئێستاش ئافرەتێکیان هێناوە پەنجا ساڵە ئەفسانەیەکی بۆ خۆی دروستکردوە گوایە پەشێو حەزی لێکردوە و فلانە شیعر و فیسار شیعری بۆ نووسیوە!
من باسی هەلپەرستی و بەرژەوەند خوازی کوردستانی موکریانی ناکەم، کە ڕۆژێ پەکەکەیە ورۆژێ کۆنگرەی نەتەوەیی جەواد مەلایە و ڕۆژێ سەرۆکی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانە بێ ئەوەی هیچی بۆ ئافرەت کردبێت، دوایش دەگەڕێتەوە باوەشی چەوری پارتی و لە ئەکادیمیایەک دایدەمزرێنن و مامۆستای زانکۆشە، دوو سێ مووچەی وەزیرانەی هەیە، بەڕاستی پێم حەیفە ئەو ژنە کچی مرۆڤێکی پاکی وەک گیو موکریانی بێت، کە پەشێو زۆر ستایش وشانازی بە باوکی دەکات!

ئەو ئافرەتە هەر بۆ شۆرەتێکی بە خۆڕایی ئەو بەندوباوەی بڵاوکردیتەوە، لەسەردەمی هەڕەتی لاوێتیدا و هێندەی دووبارە کردۆتەوە، خۆشی باوەڕی پێ کردووە! بێ دەنگی پەشێویشی وەبەرهێناوە، کە خۆی لەو قسە وقسەلۆکانە گەورەتر دەزانێ، تا ڕادەی ئەوەی منیش قوربانیەکی ئەو میتۆلۆژیایە بووم.
من هەموو کەسێکی عەوداڵی هەقیقەت دڵنیا دەکەمەوە، وابزانن پەشێو خۆی قسەتان بۆ دەکا، کە پەشێو دەڵێ وەڵڵاهی پەیوەندیم لەگەڵ خوشک ودایکم هەبووبێ، لەگەڵ کوردستانی موکریانی نەمبووە!

هیچ شعرێکی پەشێو بە خەیاڵیش بۆ کوردستانی موکریانی نەنووسراوە...
ئەگەر پەشێو پەیوەندی هەبا لەگەڵ کوردستانی موکریانی بە شانازیەوە دانی پێدا دەهێنا، پەشێو هێندە بێ جورئەت نییە نەتوانێ بەو بڵێ خۆشم بوێ! چونکە پەشێو وەک گەنجێک چەنین پەیوەندی خۆشەویستی هەبووە، هەتا من دەزانم ئەو خۆشەویستە سەرەکییەی پەشێو کێیە و هەر پەیوەندیشی بە دنیای نووسین وشیعر و ئەدەب نەبووە!

کوردستانی موکریانی درۆیەکی کردوە و باوەڕیشی پێکردوە، گوایە ئەو شیعرانە بۆ ئەو نووسراون، گوایە پەشێو کوردستانی گەورەی جێهێشتوە لە پێناو ئەو( کوردستانی بچووک  (چۆتە ڕوسیا! دکتۆرە کە لە ڕووسیا بووە پەیوەندیدار بووە، ناوی کابراش دەزانم کە پەیوەندیەکی وەک هاوسەرگیریان هەبووە، بەڵام ناوی ناهێنم، پەشێویش پەیوەندیەکی ڕوحی وجەستەیی هەبوو بە ئافرەتێک کە کوردیش نەبووە، زۆریش یەکتریان خۆشویستوە، موکریانی لە چەند بۆنە پەشێو و مۆنیکای دۆست و خۆشەویستی پێکەوە دیوە وەک دوو خۆشەویست و دوو هاوسەر!

ئینجا سەیر لەوەدایە، موکریانی خۆی دەڵێ فەرهەنگی عەرەبی زاڵبووە بەسەری وبە عەرەبی شتی خوێندۆتەوە و نووسیوە، چۆن توانی شیعری پەشێو هەڵسەنگێنێ و پێداچیتەوە؟! لەکاتێکدا دەیان ڕەخنە لە کوردیەکەی دەگیرا وەک خۆی لە بەرنامەکەی پەنجەمۆر باس دەکات! ئەخر بەلایەنی کەم ئەو خۆی کۆڵەوار بوو لە زمانی کوردی، هەتا ئێستاش پاش ئەو هەموو نازناوەی دکتۆر وئەکادیمیای زمان ونازانم چی، تاکە بەرهەمێکی داهێنەرانەی نییە لە بواری زمان وئەدەب وشیعر، چونکە باوکی بە زۆر تووشی بەشی کوردی کردووە وەک خۆی دەڵێ.

جارێکیتر دووپاتی دەکەمەوە، ئەوەی دکتۆرە کوردستانی موکریانی دەیڵێت دەربارەی پەیوەندی سۆزداری خۆی و پەشێو، ئەفسانەیەکە خۆی دروستی کردوە، وهەر خۆشی پەنجا ساڵێکە برەوی پێدەدا بێ وچان! بۆ ئەوەی مێژوو چەواشە نەکرێ، بۆ ئەوەی هەقیقەت لای مرۆڤی مەزن وباڵای وەک پەشێو نەمرێ، من دڵنیاتان دەکەمەوە ئەو ئەفسانەیە هیچ بنەمایەکی نییە .

٢٠١٩/٩/٢٢

# دەربارەی شیعرە قرتاوەکەی پەشێو
# بە دەستی ئیسلامی کورد لەسەر فەلەستین*!

بێگومان هەمووومان ومنیش یەکێکم لەوانەی دڵم بەوشیعرە جوانەی شاعیری مەزن پەشێو خۆش بوو لە بارەی کیشەی فەلەستین، چونکە دەیسەلمێنێت، کورد نەك هەر ئیسلامیەکانی، بەڵکو نەتەوەیی وچەپەکانیشی زۆر لە مێژە سەر بە هەر فیکر وئایدیا ودینێك بن پشتگیری تەواویان لە کێشەی فەلەستین کردوە.

بەڵام لەگەڵ بڵاوکردنەوەی شیعرەکە هەستم دەکرد تەواوی شیعرەکە نیە، وبەشێکی لێقرتاوە لەبەر هەر هۆیەك بێت، نەزانی یا چەواشەکاری یان هەرشتێکی تر. چونکە دیوانەکەیشم لا نەبوو، نەمتوانی ڕاستەوخۆ بگەڕێمەوە سەر شیعرەکە. بەڵام پاش ناردنی بابەتەکەم بە ناونیشانی: "غەزە و وتارێکی چەواشەکارانەی ئیسلامیەکان" بە ئیمێلێک بۆ شاعیری مەزن پەشێو، سەرەڕای دەستخۆشی بابەتەکەم، دەڵێت کە ئەو شیعرە کۆنە لە ١٩٦٩ نوسراوە، کە لەو سەردەمەش وەك عادەتی هەمیشەیی کورد، کورد لە فەلەستینی فەلەستینیتر بوون !

ئەوەی زۆر جێگای سەرسوڕمانم بوو کە پەشێوە ئاماژەی بەوە کردبوو کە کاتی خۆی سەرەڕای ئەو شیعرە بەرزەش کەسانێکی شۆڤینیستی عەرەب هێرشێکی زۆریان کردوتە سەر!!
بەڕاستی سەیرم پێهات، چۆن کەسێك وا فەلەستین بلاوێنێتەوە و ئەو هەموو هاسۆزیەی بۆ دەربڕێت، کەچی هێشتا ببێتە ئامانجی تانە و تەشەری عەرەبە شۆڤێنیستەکان؟ !!!چۆن یەکێك بڵێت:

چەند حەز دەکەم
منی کوردیش
ئادەمزادێکی سەربەست بم،
بە چەلین و کەوشی کوردی
لە چیاکانی فەلەستینا چەکبەدەست بم؛
هێرش بەرم
بۆ سەر ئەو بووکەشووشانەی،
بۆ سەر ئەو داڵە تووشانەی
گۆشتی کۆرپەی ساوا دەخۆن،
مزگەوتەکان،
کڵێسەکان...
بە خوێن دەشۆن.
* * *
چەند حەز دەکەم
بژیێنمەوە
داستانەکەی سەلاحەددین،
دیسان، وەکوو بوومەلەرزە،
ڕاچڵەکێنم دڵی زەمین؛
تاو بسێنم وەك فەرتەنە،
لەسەر لێوی خاچپەرستان
ڕیشەکێش کەم زەردەخەنە.
بەڵام، چبکەم!
خۆشم ئەمڕۆ وا دەستبەستەم،
داگیرکەران لە چوارلاوە
ناهێڵن بجووڵێ جەستەم.
من کوردێکم...
هەرچەند ئەمڕۆ دەنگ هەڵبڕم،
دەنگم نییە

ئەو فەلەستینیانە بە حەماس وفەتحەوە هێندە بوغرابوون بە پاڵپشتی سەدان دەوڵەتی عەرەبی وئیسلامی بە گەلەكانیانەوەو سەرەڕای پاڵپشتی سەدان وڵاتی تری نا ئیسلامیش وهەزاران حزب و رێكخراو ودامەزراوەكانەوە، تا ڕادەیەك غیرەیەكی هەویێ یانیان هەیە بەرامبەر هەر گەلێكی تر كەسانێك پاڵپشتیان بكات، بۆیە لە بیرمە لە كاتی كارەساتەكانی كورد كە میدیا جیهان بایەخی بە كێشەی كورد دەدا، دەیان وتاری فەلەستینی لە دژی ئەو بایەخە دەنووسرا تا جارێكیان من وەڵامی وتارێكی شۆڤێستێكم داوە كە وتارێكی نووسیبوو بە ناوی: ناشێت بەراوردی دۆزی فەلەستین بكرێت بە دۆزی كوردی!!! كە تیایدا ئەوەی خراپ بوو دەرهەق بە كوردی گووتبوو!

دوایی كە تێكستی تەواوی شیعرەكەم پێگەیشت لەلایەن پەشێوی خۆشەویست ئەو كاتە دوو ڕاستیم بۆ بەدیاركەوت:

١ -چەواشەكاری ئیسلامیە كوردەكانی خۆمان لە قرتاندنی نیوەی دووەمی شیعرەكە، چونكە پەشێوە تیایدا یارمەتی دانی گەلانی دنیا لەلایەن كورد بە ڕزگاربوونی گەلی كورد دەبەستیتەوە، ئەوەش هیچ تەفسیرێكی بۆ ناكرێت تەنها سروشت دەروێشی تاكی كورد نەبێت كاتێ دەبێتە دەروێشی هەر فیكرەیەك جا ماركسی بێت یان ئیسلامی یان هەر شتێك، ئامادەیە بەرژەوەندی میللەتەكەی خۆی بكاتە قوربانی بەرژەوەندی فەلەستین وهەر نیكاراگوا وڤیەتنام وئەفغانستان! دەنا بۆ ئەو بەشە گرنگەی دەقرتێنێت، كە هانی تاكی كورد دەدات جاریێ هەوڵی ڕزگاركردنی خۆی بدات، دوایێ بیر لە یارمەتی كەسانێك بكەوە كە ماشەڵڵا هەموو جیهان یارمەتیانە !

٢ -كاتی خۆشی كە عەرەب هێرشی كردۆتە سەر ئەو شیعرە لەبەر ئەو بەشەی دووەمە بووە، چونكە عەرەب حەز ناكات باسی ڕزگاربوونی خۆت بكەیت، دەبێت هەر شیعارات ودروشمگەلی ئومەی عەرەبی دووبارەكەیتەوە تا لێت ڕازی بێت، چۆن باسی ڕزگاربوون دەكەیت، ئەگەر ئەو ڕزگار بوونە ببێتە هۆی نەخشە تێكچوونی دوو وڵاتی عەرەبی؟!!

بەشی دووەمە قرتاوەکەی شیعرەکە ئەوەیە:

کوردستانی گەورە و مەزن،
وەك خەرمانی جوتیاری کورد، بەش کراوە...
باستیلێکە،
توند کوردی تێ ئاخنراوە.
بەڵام پەیمان...
هەزار پەیمان...
لە دوارۆژا،
کە خۆم بینی کەسێکم نایێ بە گژا،
کە خۆم بینی،
لە سێبەری کوردستانی ڕزگاربووما،
لەکەی دیلی سڕاوەتەوە لە ڕووما-
ئەوسا منیش،
وەك کوردێکی خاوەن کیان،
چەك هەڵگرم
بۆ هەر کەسێك بڵێ: ژیان!
پەیمان...
پەیمان...
هەزار پەیمان،
کە ڕزگار بووم
لەو گەردەلوولەی تێی کەوتووم،
ئەوسا بڕۆم،
تا لە خاکی فەلەستینی ئاسمانگەشا،
نەك هەر لەوێ،
لە جەنگەڵە چڕەکانی ناو ڤێتناما،
لە ئەفریکای قولەڕەشا،
لە ئێرتیریای بێ بەهارا،
لە هەر خاکێك دۆلار بژی،
بژێێنمەوە سەد گیڤارا!

ئێستا دەزانن ئەو چەواشەکارییە چەند ئاشکرا وبێ پەردەیە بە دەستی خودی کورد دەکرێت، من گومانم نییە ئەوانەی ئەو شیعرەیان بە قرتاوی بڵاوکردەوە، ئامادەنین بە تەواوی بڵاویکەنەوە، چونکە ئامانجە ئایدیۆلۆژیەکەی ئیسلامی عرووبی شینگێڕ بۆ فەلەستین ناپێکێت.
سەرچاوە
ئەوەش تەواوی شیعرەکەیە:

دەنگێك لە کوردستانەوە*
چەند حەز دەکەم
منی کوردیش
ئادەمزادێکی سەربەست بم،
بە چەلین و کەوشی کوردی
لە چیاکانی فەلەستینا چەکبەدەست بم؛
هێرش بەرم
بۆ سەر ئەو بووکەشووشانەی،
بۆ سەر ئەو داڵە تووشانەی
گۆشتی کۆرپەی ساوا دەخۆن،
مزگەوتەکان،
کڵێسەکان...
بە خوێن دەشۆن.
* * *
چەند حەز دەکەم
بژیێنمەوە
داستانەکەی سەلاحەددین،
دیسان، وەکوو بوومەلەرزە،
ڕاچڵەکێنم دڵی زەمین؛
تاو بسێنم وەك فەرتەنە،
لەسەر لێوی خاچپەرستان
ڕیشەکێش کەم زەردەخەنە.
بەڵام، چبکەم!

خۆشم ئەمڕۆ وا دەستبەستەم،
داگیرکەران لە چوارلاوە
ناهێڵن بجووڵێ جەستەم.
من کوردێکم...
هەرچەند ئەمڕۆ دەنگ هەڵبڕم،
دەنگم نییە.
من کوردێکم...
هەرچەند ئەمڕۆ خۆم نیشان دەم،
ڕەنگم نییە.
کوردستانی گەورە و مەزن،
وەك خەرمانی جوتیاری کورد، بەش کراوە...
باستیلێکە،
توند کوردی تێ ئاخنراوە.
بەڵام پەیمان...
هەزار پەیمان...
لە دوارۆژا،
کە خۆم بینی کەسێکم نایێ بە گژا،
کە خۆم بینی،
لە سێبەری کوردستانی ڕزگاربووما،
لەکەی دیلی سڕاوەتەوە لە ڕووما-
ئەوسا منیش،
وەك کوردێکی خاوەن کیان،
چەك هەڵگرم
بۆ هەر کەسێك بڵێ: ژیان!
پەیمان...
پەیمان...
هەزار پەیمان،
کە ڕزگار بووم

لەو گەردەلوولەی تێی کەوتووم،
ئەوسا بڕۆم،
تا لە خاکی فەلەستینی ئاسمانگەشا،
نەك هەر لەوێ،
لە جەنگەڵە چڕەکانی ناو ڤێتناما،
لە ئەفریکای قولەڕەشا،
لە ئێرتیریای بێ بەهارا،
لە هەر خاکێك دۆلار بژی،
بژیێنمەوە سەد گیڤارا!

مێژووی نووسینی شیعر:  ٥/١٢/١٩٦٩ کوردستان

٢٠٢١/٥/١٢

# ئۆپۆزسیۆنی لەسەر شێوازی ڕەنج!

ڕەنج کاتی خۆی، هەوڵی دەدا وەک دەنگێکی ناڕازی و ئۆپۆزسیۆنی دەرکەوێت. بەڵام ئەو بەرەیە سەبرێکی زۆری دەوێت، هەروا بەدەم نابێت! بۆیە ڕێگایەکیتری هەڵبژارد، کە پێییوایە ئێستاش هەر لەسەر ڕێگا کۆنەکەیە !ناڕەزایی و ئۆپۆزسیۆنی لەسەر شێوازی ڕەنج خۆشترین وئاسانترین شێوەی ناڕەزاییە! کەمێ ڕەخنە لە بچووک وناکاریگەرەکان بگرە، کەمێ باسی کوردایەتی فشۆڵی پارتی بکە، کەمێ شیعر وقسەی گەورەی عاتیفی، وئاو بێنە ودەستان بشۆ!

ئەو شێوازە ناڕەزاییەی ڕەنج، نە کەست لە دەسەڵاتداران لێ توڕە دەکات، نە سەر ئێشەت بۆ دروست دەکات، نە لە ئاخوڕت بێ بەش دەکات! چونکە لە جیاتی حوتەکان، خەریکی وردە ماسییەکانیت، بۆ ئەوەی زوومی تێڕوانینی خەڵک لەسەر حووتەکانی گەندەڵی لادەیت، بیخەیتە سەر گەندەڵە بچووک ودەست وپێوەندەکان!

وەک حەزرەتی لی کوان یوو، دامەزرێنەری سەنگافورە دەڵێت: پاککردنەوەی وڵات لە گەندەڵی، وەک پاککردنەوەی قادرمە وپلیکانەیە، دەبێ لە سەرەوە دەست پێبکەیت، نەک لەخوارەوە. بۆیە هەر ڕەخنەیەک لە بەنزینی پیس وژەهراوی و ئاوی پیس وسەرەتانی، دزینی سەروەت وسامانی وڵات و فێڵکردن لە کاڵای بازرگانی، و ئەو باسە بچووکانە هیچ سودێکی نابێ، ئەگەر سەرانی وڵات خۆیان حالەتی گەندەڵیان دامەزراندبێ!

ڕەنجیش ئەوە چاک دەزانێت، بەڵام لەلایەک مووچەیەکی باش بە دۆلار لەو گەندەڵانە وەردەگرێ، لەلایەکیتر فەزای میدیای گەندەڵانی بۆ کراوەتەوە، لەناو میللەتێک لەوپەڕی ئاست نزمیدایە لە جیاوازی لە نێوان گەندەڵێکی دیار وبە ئیمکانیات، لەگەڵ دڵسۆزێکی پاک وبێ پشتیوان وئیمکانیات. لەلایەکیتریش خۆی قەناعەت پێ دەهێنێ، کە کارێکی پڕسوود و جورئەت دەکات، لە ڕەخنەگرتنی لە ماسییە بچوکەکانی زەریای گەندەڵی، و فەرامۆشکردنی حوتەکانی زەریاکە!

باشترین بەڵگە لەسەر هارمۆنیەتی ڕەنج لەگەڵ ئاغا خاوەن دەسەڵاتەکانی، ئەوەیە دەموچاوێکی دینی سەلەفی مەکروە وخاوەن گەورەترین فەزیحەت نوێدەکاتەوە، هێشتا لە ئاستی سەرەتایی زانیاری دینی نییە، حیوار لەگەڵ قایمێکی خنکاوی ناو قال وقیلەی سەلەفیەت و زۆرەبڵێی وەک عەبدوللەتیف دەکات، هەڤپەیڤینێک وەک لە ڕێکلامەکەی دیارە بۆ برەودان ودەمەزەرکردنەوەی عەبدوللەتیفە، پڕە لە پێکەنین و نوکتە وپرسیاری منداڵانەی وەک بۆ هیچ سیدیەکی گۆرانی لە کتێبخانەکەت دانییە؟!

ئەخر سەلەفییەت پێیکرابا گۆرانی سروشتی بولبولێکی قەدەغە دەکرد، وەک چۆن هەتا دەنگی ئافرەتیشیان حەڕام کردوە، ودەیانەوێ ئافرەت وەک فیلمە کۆنەکانی چارلی چاپڵن بێدەنگ بن، تۆ چۆن باسی نەبوونی کاسێتی گۆرانی لەگەڵ سەلەفییەکی ڕواڵەتبازی وا دەکەیت؟!

باشە لەو کوردستانە کەست دەست نەکەوت، عەبدوللەتیف نەبێ؟! یان بۆت دانراوە ودەبێ بتکردبا؟! دڵنیام ئەو دەسەڵاتە گەندەڵ ودەبەنگە، دڵی بە وەلائی عەبدوللەتیف بۆ دەسەڵات خۆشە وبە بەشێک لەخۆی دایدەنێ، بۆیە هەموو پیاوانی خۆی لە ئەمسالی هەڵکەوت زاهیر و ڕەنج و کەسانیتریش و میدیاکانیان، هەتا میدیای بەناو ئۆپۆزسیۆنیش، ئەوپەڕی بەرگریان کرد لە عەبدوللەتیف و ناوە ناوەش هەوڵی دەمەزەردکردنەوەی دەدەن!

٢٠٢١/٥/٢

# کەڵەشێرەکەی نەزار قەبانی

لە هەواڵێکدا کە سایتی ئاوێنە بڵاوکردۆتەوە و لە رۆژنامەی چاودێر وەریگرتوە بەبۆنەی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان مەلا بەختیار، پەیامێك ئاڕاستەی نێچیرڤان بارزانی دەکات. مەلا بەختیارلەو پەیامە پرسیارێکی زۆر هەستیار دەوروژێنێت کاتێ بە نێچیرڤان بارزانی دەڵێت: " لەم دوو هەفتەیەدا، پێدەچێت، کابینەی شەشەم، بە کابینەی حەوتەم، لەچوارچێوەی چوار ساڵ دەستاودەست پێکردنی دەسەڵات لەنێوان یەکێتیو پارتیدا، بگۆڕدرێت. ئەمەش بەپێی رادەی پێشکەوتنی ئەزمونی دیموکراسیمان، سەرەتایەکی باشی دەستاودەست پێکردنی دەسەڵاتە. بەڵام هێشتا بە چەمکە دیموکراسیە فراوانەکەی، یەکێتیو پارتی ماویانە، لە دوا مەحەکی دەستاودەست پێکردنی دەسەڵات بدرێن. ئەویش تەنها ئەوەیە، جگە لە خۆیان، ئاخۆ لە هەڵبژاردنێك لە هەڵبژاردنەکاندا، هێزێکی براوەی دیکە بۆ سەر دەسەڵات قبوڵ دەکەن یان نا؟ "

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە هەستیارە دەبوایە بەر لە نێچیرڤان ئاڕاستەی بەرهەم ساڵح کرابایە هەرچەندە مەرامی جەنابت لە بارەی ئەو پرسیارە وروژاوە ڕوون نییە، چونکە هەموومان قەبارەی نەفەسی دیموکراسی ئێوە وەک مەلا بەختیار و وەک یەکێتی و وەک پارتی هاوپەیمانی ستراتیژیتان دەزانین، دەکرێت ئەو لێدوانە لە چارچێوەی موشاکەسەی سیاسی بخوێندرێتەوە، وەڵامێکیش بێت بۆ موشاکەسەکانی فازیل میرانی کە ئەگەر سەرکردایەتی پارتی بێدەنگی نەکات لەوانەیە کێشەی زۆر گەورەتر بۆ پارتی بخولقێنێت، چونکە وەک خۆت لە نامەکەدا دانی پێدا دەنێیت:

" بەڵام هێشتا بە چەمکە دیموکراسیە فراوانەکەی، یەکێتیو پارتی ماویانە" ئێوە وەك دوو حزبی قۆرخکەری دەسەڵات نەك بە تەنها دەسەڵاتتان قۆرخ کردوە، بەڵکو هەموو وڵاتەکە وخاکەکەیی و چارەنووس و سامانیتان قۆرخ کردوە، زۆر زەحمەتە چاوەڕوانی دەستاودەست پێکردنی دەسەڵات بکەین لە دەرەوەی دوو زلهێزەکەدا، ئێوە وەک دوو برای سەیر دێنە بەرچاوم کە لە منداڵی لەبارەیانەوە دەمبیست کە پەیوەندیەکی نامۆ دەیانیبەستەوە، ئەو دوو برایە بەردەوام پێکەوە بوون، پێکەوە نانیان دەخوارد، پێکەوە لە منداڵی تریان دەدا، پێکەوە ڕاوەڕوتیان دەکرد و پێکەوە یاریان دەکرد، زۆر شەڕاوی بوون زۆربەی منداڵانی کۆڵانەکەیان تۆقاند بوو، ئەو دوو برایە ناوە ناوە وەردەگەڕانە سەر وگێلاکی یەکتر یەکتریان شل وکوت دەکرد، هەر کەسێك سەری بەرزکردبایەوە ئەوە هەموو ناکۆکیەکانیان دەخستە لاوە لە پێناو ئامانجە ستراتیژیەکەیان کە ئەوان بە تەنها کەڵەشێری کۆڵان بن بە تەعبیری شاعیری مەزن نەزار قەبانی لە شیعرێك بەناونیشانی [في حارتنا

دیك] كە من لێرەدا بە پێویستی دەزانم هەوڵی وەرگێڕانی بەشێک لە ماناکەی دەکەم، هەرچەندە زەحمەتە ئەو زمانە بەرز وموزیکیە تەرجەمە بکرێت:

في حارتنا
ديك سادي سفاح
ينتف ريش دجاج الحارة ،
كل صباح
ينقرهن، يطاردهن، يضاجعهن، ويهجرهن
ولا يتذكر أسماء الصيصان

]لە گەڕەکەکەمان، کەڵەشێرێکی سادی خوێنڕێژی ملهوڕ، پەڕوباڵی مریشکەکانی کۆڵانەکە دەکات بە گوڕ، هەموو بەیانیەک، دەنوکیان لێدەدات، ڕاویان دەنێت، لەگەڵیان دەخەوێت، ترۆیان دەکات، کەچی هەتا ناوی جوجەڵەکانیشی لە بیر دەکات[

في حارتنا
ثمة ديك عدواني ، فاشيستي ،
نازي الأفكار
سرق السلطة بالدبابة
ألقى القبض على الحرية والأحرار
ألغى وطنا
ألغى شعبا
ألغى لغة
ألغى أحداث التاريخ
وألغى ميلاد الأطفال
و ألغى أسماء الأزهار

]لە گەڕەکەکەمان، کەڵەشێرێکی فاشستی دوژمنکار هەیە، نازی لە بیر و ڕەفتار، بە زەبری تانك دەسەڵاتی دزی، ئازادی وئازادیخوازانی خستە زیندانی ژێربار، وڵاتی سڕیەوە، گەلێکی سڕیەوە، زمانێکی سڕیەوە، ڕوداوەکانی مێژووی سڕیەوە، سڕیەوە ساڵیادی منداڵان ، سڕیەوە ناوەکانی گوڵان[

في حارتنا
ثمة ديك أمي
يرأس إحدى الميليشيات
لم يتعلم
إلا الغزو و إلا الفتك
و إلا زرع حشيش الكيف
وتزوير العملات
كان يبيع ثياب أبيه
ويرهن خاتمه الزوجي
ويسرق حتى أسنان الأموات

]گەڕەکەکەمان، کەڵەشێرێکی نەخوێندەواری لێیە، سەرۆکایەتی میلیشیایەک دەکات، هیچ نازانێت، جگە لە شەڕ وغەزا وزەفەر پێبردن، جگە لە چاندنی حەشیشی کەیف وڕابواردن، جگە لە دراو تەزویرکردن، کەڵەشێری ناوبراو پۆشاکی باوکی ئەفرۆشیەوە، ئەڵقەی هاوسەری دەخستە بارمتەوە، هەتا دانی مردووەکانیشی دەدزیەوە[

كيف سيأتي الغيث إلينا ؟
كيف سينمو القمح ؟
وكيف يفيض علينا الخير ، وتغمرنا البركه ؟
هذا وطن لا يحكمه الله
ولكن تحكمه الديكه

]چۆن هاناو فەرەجمان پێدەگات، چۆن گوڵە گەنمەكان نەشونما بكات، چۆن خێر وبەرەكەت چوار دەورمان دات، كە ئەو وڵاتە خودا حوكمی ناكات، بەڵكو كەڵەشێر بەڕێوەی دەبات[

في بلدتنا
يذهب ديك يأتي ديك
والطغيان هو الطغيان
يسقط حكم لينيني
يهجم حكم أمريكي
والمسحوق هو الإنسان

[لە شارۆچكەكەمان، كەڵەشێرێک ئۆغر دەكات ویەكێكی تر بەدوایدا سەر دەردەكات، بەڵام جەور هەمان جەور، حوكمی لینینی دەڕوخێت، حوكمی ئەمریكی دەرگامان لێ دەگرێت، لە هەر بارێكدا ئادەمیزادە لەو نێوە دەهاڕدرێت]

بێگومان ئەوە چەند كۆپلەیەكی ئەو شیعرە بەرزەیە بۆ گوێكرتن لە تەواوی شیعرەكە بە دەنگی ئەفسوناوی نەزار قەبانی :

جا دەستاودەست پێكردنی دەسەڵات چۆن دەكرێت لە عەقڵیەتی حزب گەلێک كە خۆیان بە خاوەنی مێژووی گەلێك بزانن سەرەڕای هەموو ئەو نەهامەتیانەی بەسەر ئەم میللەتەیان هێناوە؟!
دەستاودەست پێكردنی دەسەڵات چۆن دەكرێت لە عەقڵیەتێك پێی وا بێت كە لە بەرزەكی دەسەڵات دابەزی جارێكی تر ناهێڵن سەركەوێتەوە؟ !
دەستاودەست پێكردنی دەسەڵات چۆن مومكینە بكرێت كە نە سوپا و نە پۆلیس و نە دەزگا موخابەراتیەكان هی نەتەوە نەبن وسەر بە حزب بن؟!
دەستاودەست پێكردنی دەسەڵات چۆن دەكرێت هێشتا كار بۆ ئەو فەرهەنگە نەكرابێت، دوو حزبەكەی دەسەڵات بەو پەڕی دردۆنگیەوە دەڕوانێتە حزبەكانی تر و هەموو هەوڵ و تێكۆشانی بۆ دەستەمۆكردنی نەیارەكانی دەخاتە گەڕ، ئەگەر توانی پەلكێشی بكات بە خۆشی وترشی حزبەكە لە بەرچاوی جەماوەر دەڕوخێنێت ولاوازی دەكات و ئینجا ترۆی دەكات. ئەوە وەنەبێت حزبەكانی تریش هەمان نەخۆشیان نەبێت بەڵام لە چەند وردەكاریەكدا لێک جیاوازن.

دەستاودەست پێکردنی دەسەڵات دەکرا ببوایە واقیعێک ئەگەر کاری بۆ کرابایە لەو ڕۆژەوە کە ئەو دەسەڵاتە لە کوردستانی باشوردا دامەزراوە ئەگەر لەژێر دەسەڵاتی فەرهەنگی حزبی ڕۆژهەڵاتی ڕزگارتان بوایە، ئەگەر لە جوغزی بە پیرۆز کردنی سەرکردە وبنەماڵە وخێڵ بتانتوانیبا کەمێک دەرچن، ئەگەر تەنها بۆ جارێک گەندەڵێک یان خاینێکتان لە ناو خۆتاندا سزا بدایە. کەوا بوو کەڵەشێرەکەی قەبانی بە هەموو مواسەفاتیەوە و سەرەڕای مواسەفاتی تریش کە تایبەتە بە کەڵەشێری خۆماڵی ناتوانێت دەستاودەست پێکردنی دەسەڵات بکات، مەگەر بە ڕوکەشانە نەبێت، بەڕای من لە هەر هەڵبژاردنێك ئەگەر هەموو جیهانیش تێیدا چاودێر بێت تیایدا هەردوو حزبەکە دۆڕاندیان لە جیاتی بە دەست دانەوەی دەسەڵات گەورەترین کارەساتی شەڕی ناوخۆی لێدەکەوێتەوە ئەگەر بە هەمان عەقڵیەت بمێننەوە ولۆسەرێك پەیدا نەبێت لە ناویاندا!.

٢٠١٢/١/٣٠

# بمانبەخشن.. نەزار قەبانی

ئەگەر میزمان کردە سەرهەموو
ئەو پەیکەرانەی گۆڕەپانی شاریان پڕ کردووین..

سەر هەموو ئەو وێنانەی پۆلیس بەسەر هەموو دیوارەکانی شار..
بە زۆردارەکی پێیان هەڵگرتووین

سەر هەموودروشمەکان کە منداڵانی شار
بەردیان تێگرتوون..

بمانبەخشن..
ئەگەر وەك مەڕوماڵات لەسەر پشتی گەمیەك کۆ بووینەوە

سەرگەردان بووین لە زەریاکان ساڵانێك هەر بخولێینەوە..

بازرگانێکی (کورد)مان نە دۆزیەوە
ئالیکمان پێ بدات.. وبمانکڕێ

لە نێو جوانانی (کورد)..ئافرەتێکمان
نەدۆزیەوە عاشقمان بێت و ئازادمان بێ

لەنێو شۆڕشگێڕانی (کورد) یەکێکمان نەدۆزیەوە
بە چەقۆ زگمان هەڵنەدڕێ..

نەزار قەبانی
وەرگێڕانی بە دەستکاریەکی کەم
محەمەد هەریری

# سامحونا..

إن تبوَّلنا على كلّ التماثيل التي تملأُ ساحاتِ المدينَهْ...

وعلى كلِّ التصاوير التي ألصقها البوليسُ . بالغَضْب .

على كلِّ حوانيت المدينَهْ..

وعلى كلِّ الشعارات التي يقذفُها بالطوبِ .. أطفالُ المدينَهْ.

سامحُونا..

إن تجمَّعنا كأغنامٍ على ظهر السفينَهْ..

وتشرّدنا على كل المحيطات سنيناً .. وسنينا..

لم نجد ما بين تُجَّار العَرَبْ..

تاجراً يقبلُ أن يعلفَنا .. أو يشترينا..

لم نجدْ بين جميلات العَرَبْ..

مَرْأَةً تقبلُ أن تعشقَنا .. أو تَفتَدينا

لم نَجدْ ما بين ثُوَّار العَرَبْ

ثائراً .. لم يُغْمِدِ السِكّينَ فينا

٢٠١٥/٩/١

# مەحمود دەروێش و پاشگەزبوونەوە لە کوردستان!

هەموو دەزانین کە محمود درویش ناودارترین شاعیری هاوچەرخی عەرەبە کە ناوی لە یادەوەری زۆربەی کوردە، چونکە لە ماوەی ژیانیدا دوو قەسیدەی لە بەرگریکردن لە نەتەوەی کورد نووسی، بەرامبەر ئەو ستەمەی لێی دەکرێ بە دەستی ڕژێمە عەرەبیەکان.

لە ساڵی ١٩٤١ لە گوندێکی شاری جەلیل لە دایك بووە، دوایی ماڵباتەکەی ئاوارەی لوبنان بووە لەگەڵ ئاوارەکانی فەڵەستین لە ١٩٤٨، دوایی بە نهێنی گەڕاونەتەوە بۆ فەڵەستین لە ١٩٤٩.

دەرویش خاوەنی ٣٠ دیوانە شیعر و ٨ کتێبە، هەروەها گۆڤاری الکرمل ی ئەدەبیشی دەردەکرد. زۆر زوو دەستی بە شیعر نووسین کردوە، هەندێ دەڵێن لە قۆناغی سەرەتایی خوێندنەوە شیعری نووسیوە!

قەسیدەی کوردستان لە ١٩٦٥ محمود درویش بۆ کوردستانی نووسیوە، هەرچەندە لە ڕووی فۆرمەوە، بە ڕای شاعیری مەزنی کورد شێرکۆ بێکەس لە ئاستی شیعرەکانی محمود درویش نییە، بەڵام لە ڕووی ناوەرۆکەوە نکوڵی لێ ناکرێت، کە یەکێکە لە جوانترین ناوەرۆکی هاوسۆزی وپشتگیری بە دەستی عەرەبێك نووسرا بێت بۆ کورد و کوردستان!

ئەوە قەسیدەکەیە:

**معكم**

**معكم قلوب الناس**

**لو طارت قذائف في الجبال**

**معكم عيون الناس**

**فوق الشمس تمشي لا تبالي**

**معكم عبيد الأرض**

**من خصر المحيط إلى الشمال**

**..معكم أنا.. معكم أبي .. أمي .**

**وزيتوني وعطر البرتقال**

**معكم عواطفنا ... قصائدنا**

**جنوداً في القتال**

**يا حارسين الشمس من أصفاد أشباه الرجال**

**ما مزقتنا الريح إن نضال أمتكم نضالي**

**ان خرّ منكم فارس شدت على عنقي حبالي**

بە ڕای شێرکۆ بێکەس ئەو قەسیدەیە لە ژێر کاریگەری ماوەی ژیانی محمود درویش نووسراوە، کاتێ تەمەنی ٢٤ ساڵ بوو، و ئەندام بوو لە حزبی شیوعی ئیسرائیلی! یانی خاوەن ئایدیۆلۆژیایەکی جیهانی چەپڕەو بوو، هەروەها زۆر گەنجیش بوو، بۆیە بەو جۆش و خرۆشەوە ئەو قەسیدەیەی نووسیوە!

من باوەڕناکەم ئەوە هۆکارەکە بێ، چونکە محمود دەروێش قەسیدەی دووەمی [لیس للكردي الا الريح] لە دیوانی ( لا تعتذر عما فعلت) سای ٢٠٠٤ بلاوی کردۆتەوە، ڕەنگە شیعرەکە هی ٢٠٠٢ بۆ ٢٠٠٤ بێ، چونکە دەرویش دیوانەکانی ساڵ بە ساڵ یان دوو ساڵ جارێ چاپ کردوە. دیوانی شیعری لە ٢٠٠٠ و ٢٠٠٢ چاپکردوە دیارە ئەو قەسیدەیەیان تێدا نییە، بۆیە ئەو شیعرە چاکترین حالەتدا لە نێوان ٢٠٠٢ و ٢٠٠٤ نووسراوە، هەرچەندە شیعرەکە پێشکەشی ئەدیبی گەورەی کورد سلیم برکات کراوە، بەڵام گوزارش لە هەموو کوردێك دەکات.

کەوابوو سەرەڕای گۆڕانی دەروێش لە چەپڕەویەوە بۆ نەتەوەویستی هێشتا ڕای باش بووە لەسەر کورد، بە بەڵگەی ئەو قەسیدەیەی. بەڵام ئەوەی مرۆڤ تێی ناگات بۆچی کاتێ شاعیر و ئەدیبی فەڵەستینی یوسف الخطیب ی بەعسی، قەسیدەی کوردستانی لە دیوانەکەی دەرهێنا بە جواب نەهات؟ دەکرا بە وتارێك نارەزایی دەربڕیبا، چونکە ئەوە کارێکی زۆر بێ ڕەوشتانەیە لە ژیانی شاعیرێکدا شیعرێکی بسڕیتەوە! ئایا بڵێی بە پرس وڕای خۆیدا ئەوەی کردبێت، بۆیەش محمود درویش وا بێ دەنگی لێکردوە؟! ڕەنگە ئەوە مەرجێك بوو بێت بۆ بڵاوکردنەوەی دیوانەکەی، دەرویش نەیویستوە لەبەر ئەو قەسیدەیە هەموو دیوانەکە فەرامۆش کرێ، بە تایبەتی کە لە دیمەشق و لە ژێر ڕەقابە وچاودێری بەعسیەکان چاپ دەکرا!

دەکرا محمود درویش لە دوادواییەکانی ژیانی کاتێ لەوپەڕی دەسەلات وشۆهرەت بوو، خاوەنی دەزگای میدیایی بوو، ئەو قەسیدەیەی [کردستان] بخستبایە ناو دیوانێکی یان کاتێ کۆبەرهەمی دەرچوو تێیخستبا.، چونکە هیچ بیانوێکی نەبوو ئەوکاتە! [١٠]

٢٠١٩/٦/١٤

[١٠] لەو لینکە شیعرەکە تەرجەمەکراوە بۆ کوردی:

https://www.youtube.com/watch?v=M١Nu٥-ucFT٤...

ئەوە شیعری دووەمی محمود درویش بە دەنگە سیحریەکەی خۆی:

https://www.youtube.com/watch?v=umtumhrlV٠M

# شێخ عائز قەرنی و قەسیدەکەی سەدام :

# بەدرۆخستنەوەیەکی درەنگ

لە پاش لە سێدارەدانی سەدام وئەو هەرایەی نایەوە گوایە لە رۆژی جەژن ورۆژێکی پیرۆز لە سێدارە دراوە، هەر لەو کاتانەدا کە عەرەب کێرڤی عەرەبچیەتی وسونەچێتیان زۆر بەرز ببوەوە، هەر لەو ساتانەدا قەسیدەیەک بەناوی شێخێکی داعیەی بەناوبانگ شێخ عائز قەرەنی بڵاوبوەوە لەسەر سەدام کە سەرتاسەری ستایشی سەدامی [شەهیدی عروبە وئیسلام بوو] ڕاستییەکەی لەبەر هەلوێستی عەرەب بە گشتی وسعودیەکان بە تایبەتی ئەو قەسیدەیە زۆر لەگەڵ کەشی گشتی رووداوەکە دەگونجا وکەس گومانی لە ڕاستی قەسیدەکە نەبوو تەنها کەسانێک کە شێخ عائز قەرنی یان دەناسی ودەیانزانی کە داعیەکی وا بەناوبانگە و کتێبەکانی بە سەدان هەزار چاپ دەکرێت وملیۆنەها خەڵک گوێی بۆ دەگرێت لە غەیری عەرەب کەمێک گومانیان هەبوو لە مەسەلەکە، بۆیان هەرس نەدەکرا یا شێخ بەو جۆرە ستایشی ئەو ملهوڕە بکات وپلەی شەهادەتی بداتێ وبەو شێوەیە زیادەڕەوی بکات لە ستایشکردنی.

بەڵام ئەوەی زیاتر جێگای سەرسورمان بوو بێدەنگی ئەو کابرایە بوو بەرامبەر بڵاوبوونەوەی ئەو قەسیدەیە لە زۆربەی سایتە عەرەبیەکان، تۆ بڵێی ئەو پیاوە کە ڕۆژانە لە چەندین سکرین وکەناڵی ئاسمانی وئەرزی دەردەچێت ئاگاداری ئەو هەرایە نەبوبێت کە قەسیدەی ئاماژە پێکراو نابویەوە؟؟!! من گومانم هەیە، هەرچەندە وەک رای شەخسی خۆم شێخ عائز قەرنی لە چاو شێخە توندڕەوەکانی سعودیە بە حەوت ئاو شوراوەتەوە، بەڵام بێدەنگی بۆ ئەو هەموو کاتە جێی گومانە چونکە ئەگەر خۆشی نەیدیبێت ئەوە دۆست وئەحبابی شێخ لە ژمار نایەن لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، بڵێی کەسێک پێی نەگوتبێت یان کەسێک ستایشی نەکردبێت لەسەر قەسیدەکەی لەدژی [شیعە رافیزە مەلعونەکان]؟!

وابزانم شێخ عائز قەرنی لەگەڵ ئەجوائەکە ئاوێتە ببوو لای خراپ نەبوو لە ڕێی ئەو قەسیدەیە ئەگەر هی ئەویش نەبوبێت کەمێک سەرسامی وحەزی شوهرەتی زیاتر بخاتە سەر ئەوەی هەیەتی!! بەتایبەتی خۆشەویستی سەدام لەو رۆژگارە وتا ئەمرۆش لای زۆر لە عەرەب جێگای شانازی کردنە نەک شەرمەزاری، ئەگەر ئەو قەسیدەیە لە ستایشکردنی سولحی نێوان عەرەب وئیسرائیل یان لە ستایشی خومەینی با بۆ نموونە ئەو هەموو ساڵەی دەویست شێخ عائز قەرنی بێدەنگ بێت ولە موناسەبەیەکی بچوکی کوردان لەبەر دڵی ئەوان تازە ئەو قەسیدەیە بەدرۆ بخاتەوە؟؟

دیسان باوەر ناکەم، شێخ عائز قەرنی خۆی چاك؛ دەزانێت کە تا ئێستا ملیۆنەها کەس بەو قەسیدەیە بە ێدام هەڵخەڵەتاون وهەزارەهاش رقیان لە شێخ وبەڵکو خودی ئیسلامیش بۆتەوە سەبارەت بەو قسە تورەهاتانەی ناو قەسیدەکە، سەیر نییە پاش ئەو هەموو ساڵە یا شێخ تازە بە درۆی بخاتەوە؟ ئەی ئەو هەموو کاریگەرە نێگەتیڤانەی ئەو قەسیدەیە دروستی کردوە چۆن یا شێخ قەرەبووی دەکاتەوە؟! لە هەمووی سەیرتر یا شێخ لەژێر کاریگەری پرسیار ونیگەرانی چەند کوردێک پاش ئەو هەموو ساڵە دێت ولە سوچێک ئەو درۆیە گەورەیەی کە گوایە لەسەر زمانی ئەو هەلبەستراوە بە درۆی دەخاتەوە هێشتا ئەگەر بابەتەکە گوگل بکەیت نایدۆزیتەوە، بۆ نموونە بنوسە [الشیخ عائچ القرنی و صدام] تەنها قەسیدەیەکی پڕ لە ستایشی سەدام ت دەداتێ، واتە هێشتا شێخ هێندە لای گرنگ نییە بە بەیاننامەیەکی نوسراو وبیستراو و بینراو لە سایتە عەرەبیەکان وسەلەفیەکان بەتایبەتی ئەو قەسیدەیە پڕ لە تاوانە بەدرۆ خاتەوە، کاکی کوردی هەمیشە ساویلکە سیفەتیش دڵی زۆر خۆشە بە قسەکانی یا شێخ وەک لە ڤیدیۆکەی بۆنەیەکی ئایینی لە بەریتانیا دەردەکەوێت لەپاش تەواو بوونی قسەکانی پڕ دەداتە سەری شێخ وماچی دەکات دەکات، نازانن جاروبار داوای لێبوردنی درەنگ لە تاوانەکە تاوانترە، هەر شتەی بەکاتی خۆی خۆشە[١١].

٢٠١١/١٢/٢٨

[١١] سەرنج: بۆ دیتنی ڤیدیۆکە ئەو لینکە بەکار بێنە: http://dangiislam.org/news/٥٩٦٧

# بێ ئیمانییەکەی مەهاباد باشترە لە ئیمانی ساختەی فەرهاد!

ئەگەر فەرهاد پیرباڵ سوکایەتی ناڕاستەوخۆ بە مەهاباد قەرەداغی دەکەیت، دەبێ لەبەر چی بێ؟!
لەبەرچی هەزاران گەجەر وگوجەری دینداری زمانپیست هانداوە ئەوەی قسەی ناشیرینە بەو ئافرەتە بدەن تەنها لەبەر ئەوەی وەک دەڵێن ئیسلامی قبوڵ نەبووە!
ئیمانەکەی تۆش لە لوتکەی دەبەنگی وخوڕافەتچی وسوکییە، تۆ مەلا عەلی قۆڵبڕت لێ بۆتە عەلی شەریعەتی، بەڵکو پێغەمبەرێک!
وەک نەخۆشێک لەژێر دەستی ئەو دەجالە دادەنیشتی تا جنت لێ دەربکا! دڵنیام ئەگەر جن هەبێ وهەقیقەت بێ ئەوە پڕی جەستەی بێ سەروبەر وعەقڵی شیزۆفرێنای تۆیە.
ئەگەر دژی مەهابادی چونکە لە دەسەڵاتی گەندەڵ نزیک بوو، ئەوە سەرەڕای ئەوەیش کە لە تۆ زیاتر سودمەند بوو لێیان، بەڵام بە نیوەی تۆ وا وەک خوداوەندێک باسی بارزانی وسەرانی بنەماڵەی بارزانی نەکردوە!
ئەو پارەیەکی مفت و چاکی دەست کەوتبێ، تۆ تەنها شەق وپێلاقە وقوندڕانت بۆ ماوەتەوە .
تەنها جیاوازیەکی مەهاباد و تۆ ئەوەیە، ئەو وەک تۆ ئیدیعای ڕۆشنبیریەت و فەلسەفە و قسەی قەڵەوی نەدەکرد، لەلایەکی تریش خۆی باوێتە باوەشی دەجالێکی وەک مەلا عەلی. دڵنیابە کە تۆ مردیت بەقەدەر جوێنی دەبەنگە دیندارەکان بۆ مەهاباد، ستایشی ئەو دەبەنگانەت بۆ دێ، چونکە مەهاباد وەک تۆ نەچوە ژێرباری دەبەنگایەتی، تەنها هەڵەی ئەوە بوو لە گڕی گەندەڵی نزیک کەوتەوە وخۆی پێ سوتاند، بەو حاڵەشیەوە لە تۆ سەنگینتر و سودمەنتر بوو.
محەمەد هەریری

٢٠٢٠/١٠/٩

# سێ پیاوی شاعیر و ئەدیب و نووسەری كورد
# كۆڵەگەی ڕزگاری ئافرەتان بوون لە خۆرهەڵاتدا!

ئەگەر ئافرەتی كورد بزانێت پیاوی كورد بخوێنێتەوە و چۆن لەگەڵ پیاوی كورد هەڵسوكەوت بكات، لە پیاوی كورد چاكتر نییە بۆ ئافرەت لە نێو هەموو گەلانی ناوچەكە!
كورد هەمیشە بە كراوەترین كۆمەڵگای ئیسلامی لە قەڵەم دراون، بە جۆرێك مامەڵەی پیاوانی كورد بۆ ئافرەتەكانیان وەك بەڵگەیەك لە دۆكیومەنتەكانی چاودێر و توێژەر و ڕۆژهەڵاتناسان تۆمار كراوە.

بەلگەی بێگانەكان زۆرن، بەڵام بە شایەدی گەورەترین مەوسوعی و ڕۆشنبیری كورد لە سەدەی هەژدەم، مەلا مەحمودی بایەزیدی [١٧٩٧ – ١٨٦٧ ] دەست پێ بكەین بزانە چۆن ئافرەتی كورد بەر لە ٢٠٠ ساڵ هەڵدەسەنگێنێ: " ئافرەتی كورد لە پیاوان خۆی ناشارێتەوە، ژنانی كورد ئازادن وەك ژنانی گەلانی فەرەنجیین [واتە ئەوروپیەكان]، چونكە پیاوان قەت بیر لەوە ناكەنەوە ژنانی كورد خیانەتیان لێ بكەن...!" ل ٤٨
" كورد قەت زەنی خراپ بە ژنانیان نابەن، بەڵكو دەیانبینن كە لەگەڵ خەڵكی نەناسیاویش قسە دەكەن كە زۆریش جوان و شۆخ وشەنگن، بێ ئەوەی كەسوكاری ژنەكان زەنی خراپیان پێ ببەن، بەڵام كە خراپەكیان دیت و دڵنیا بوون لێی، ژنەكە و پیاوەكە پێكەوە دەكوژن بەبێ دڵ لە دڵ دان" ل ٥٦

یانی كۆمەڵگای پێشووی كورد زیاتر ئازادی بە ژنان دابوو، وەك مەلا مەحمودی بایەزیدی بە شانازیەوە ژنانی كوردی وەك ژنانی ئەوروپا وێنا كردوە لە ڕووی ئازادیەوە، هەتا لە حالەتی هەڵەش ڕوویدابا ژن و پیاو سزا دەدران، نەك وەك ئێستا زۆربەی جار تەنها ئافرەت سزا دەدرێت.

مێجەرسۆنیش دەڵێ: ژنانی كورد لە گوند و لادێكان، پێشوازیان لێدەكردم بە ڕوێكی خۆش قسەیان لەگەڵ دەكردم، مێردیشیان لە ماڵەوە نەبوون، بەبێ ئەو شەرم و حشمەت و لاوازییە دەسكردەی ژنانی تورك و و فارسەكان، بەڵكو جاروبار نانیشیان لەگەڵم دەخوارد..."
بۆیە مینۆرسكی دەڵێت: "كورد كراوەترین گەلی نێو گەلانی ئیسلامین لە ڕووی هەڵوێستیان لە ئافرەت!" ل ١٧٣

ئەو میراتە رەفتاری و ڕەوشتی و نەریتیەی كورد، شوێن پەنجەی خۆی لەسەر پیاوانی بیرمەندی كوردی بەجێ هێشتوە، هەتا لەسەر زۆر مەلا و شاعیری ناوداری كوردیش وەك مەلای كۆیێ و موفتی پێنجوینی، كە هەڵوێستی زۆر بەرزیان هەبوو دەربارەی ئافرەت.
هەتا ئەو كاریگەریە كوردیە پەڕیوەتەوە بۆ ئەو پیاوانەی كە لە بنەڕەتدا كورد بوون، وەك ڕابەری مافی ئافرەت لەناو جیهانی عەرەبی و ئیسلامی هەڵكەوتن، وەك:

جمیل صدقی زەهاوی [١٨٦٣-١٩٣٦] کە لە خێزانێکی کوردی لە دایك بووە، و یەکەم کەس بوو بانگی ئازادی و ڕزگاربوونی ئافرەتی دا لە عێراق، کە تەها حوسێن، عەمیدی ئەدەبی عەرەبی دەربارەی دەڵێت: " زەهاوی شاعیری هەموو عەرەبە، شاعیری عەقڵ و ابو علاء المعري ئەو سەردەمە بوو" یان معروف الرصافي [١٨٧٥-١٩٤٥] کە کورد بوو و یەکێکە لە پێشەنگەکانی ڕیفۆرمی ئایینی و ڕزگاری ئافرەت لە ناو جیهانی عەرەبی، دەیەها شیعری هەیە کە ڕەخنە لە مامەڵەی گەلانی ئیسلامی دەگرێت لەگەڵ ئافرەت.

لە هەموویان ناودارتر قاسم ئەمین ١٨٦٣م-١٩٠٨ م، کە ناسراوە بە باوکی ڕزگاری ئافرەتان، خاوەنی کتێبی المرأة الجديدة و تحرير المرأة، کە بە دەستوری ئەدەبی ڕزگاری ئافرەتان دادەنرێت. کە هەموو سەرچاوەکان دەڵێن کورد بوو، هەتا جورجی زێدان یش بە کوردی دەزانێ لە کتێبی بناة النهضة العربية..

لێرە من دوو سەرنجم هەیە بۆ ئافرەتێکی دەمشڕ کە گوایە بەرگری لە مافی ئافرەتان دەکات بە جوێندان بە پیاوی کورد، سەرنجی دووەمیشم بۆ ئەو مەلا و بانگخواز وسەلەفیانەی کوردە کە دەیانەوێت هەمیشە لە نرخی ئافرەتی کورد کەمکەنەوە:

هەندێ ئافرەتی دۆڕاو و دەمشڕ و داماڵراو لە هەموو بەهایەکی بەرز، بە سەرخۆشیەوە لایف دەکەن بۆ جوێندان و سوکایەتی کردن بە هەموو کورد وپیاوانی کورد، وەك چۆن تورك گاڵتەیان بە کورد دەکرد وپێیان دەگووتن شەروال خوار، ئەو ئافرەتە دەمشڕە وبێ بەهایە هەر دەوی دەکاتەوە، دەڵی کوردە شەروال لە پێکان! من ئێستاش دەڵێم ڕێژەی پیاوانی کورد کە باوەڕیان بە مافەکانی ئافرەت هەبێت زۆر زۆرترە لە پیاوانی عەرەب وتورك وفارسیش. بەڵام چ لەو دەمشڕە نەخوێندەوارانە دەکەیت کە تەکنۆلۆژیا هەلی پێداوە مێشکجی پووچی هەموو ئێوارەیەك خالی کاتەوە!

مەلا و بانگوو-خوازانی ئیسلامی سیاسی کوردی بە جەستە و عروبی وبێگانە بە ناخ ومێشک، لە جیاتی پەرە بدەن بەو سیفاتە جوان و بەرزانە ژنانی کورد، تا پێیان بکرێت ژنی کورد دەشکێنن و هەوڵی سووککردن و بچووکردنەوەیان دەدەن.

٢٠١٩/٣/٥

# بەشی چوارەم

# هەندێ لەو کتێبانەی بۆتم خوێندۆتەوە

# دەربارەی ڕۆمان و کتێب و نووسین

## ڕۆمانی ماڵئاوا ئاسمان "وداعا ایتها السماء"ی حامد عبدالصمد

## ١

ماوەیەکە برای عەزیزم مامۆستا عەتا باسی کتێبی وداعا ایتها السماء، ی حامد عبدالصمد ی بۆ کردم کە شایەنی خوێندنەوەیە. لەو چەند ڕۆژە خوێندمەوە، وەک دەڵێن نیمچەژینامەی نووسەری کتێبەکەیە بەڕێز حامد، بەڵام من پێموایە ژینامەی هەقیقی خۆیەتی، بەڵام هەست دەکەم لەبەر ڕاشکاوی ڕادەبەدەری ڕۆمانەکە، حامد ناچار بووە لە شێوازی ڕۆمان پێشکەشی بکات!.

لەوانەیە زۆر کەس حامد عبدالصمد ی خاوەنی بەرنامەی سندوقی ئیسلام ، صندوق الاسلام بناسن، کەسێکی ڕەخنەگرە لە خودی ئیسلام، نەک تەنها لە دیاردە نێگەتیڤ و توندڕەویەکانی ناو ئیسلام و موسڵمانان. حامد کاریگەریەکی گەورەی هەیە بەسەر لاوانی جیهانی عەرەبی و تاڕادەیەک ئیسلامیش، چونکە بێ پەردە وبێ دیبلوماسیەت هەموو ڕەخنەکانی خۆی دەڵێت، هیچ سیاسەتێکی قۆناغبەندی و دپلوماسی نییە لە گووتنی بیروڕاکانی و درکاندنی ڕەخنەکانی.

منیش سوودی زۆرم دیوە لە بەرنامەکەی حامد، و ڕەخنەشم هەیە لە چەندین بیروڕاکانی، پێشم باش نییە لەگەڵ ڕەشید المغربی لە کەناڵە مەسیحیە تەبشیریەکەی دەرکەوێت، و دەیان ئەڵقەی آیة و تعلیق بکات لەسەر قورئان بە شێوازێکی پڕ گاڵتەجاری، وەک بڵێی بایبڵ کتێبی پیرۆزی مەسیحییان لە سەرووی ڕەخنەیە!. ئەو کارە بەو شێوازە هەڵەیە چونکە وادەردەکەوێت کە ڕەخنەی ئەو تەنها دژی دینی ئیسلامە و مەسیحیەتی قبوڵە، لە کاتێکدا وانییە خۆم چەند جار گوێم لە حامد بوە دەڵێت ڕەخنەی لە مەسیحیەتیش هەیە بە قەد ئیسلام، بەڵام ئەو چونکە پێشتر موسڵمان بووە وتاری ئاڕاستەی موسڵمانانە.

لەو ڕۆمانەدا حامد باسی منداڵێک دەکات ناوی شاکرە کە کوڕی ژنی دووەمی ئیمام و خەتیبی لادێیەکەیانە. دایکی ژنێکی خوێندەواری قاهیرە بووە، زۆر کەسایەتی بەهێز و کراوە بووە، سەرپۆشی نەکردوە و ڕوخساری سپی و جوان بووە، خەڵکی گووند وەک ئافرەتێکی بێ حەیا لێیان ڕوانیوە! دوایێ گووندیەکان پڕوپاگەندەی سەڵیی بۆ دەکەن و دەڵێن چونکە جوانە و چاوی سەوزە ئەو ژنە

لە پاشماوەی سەڵیبیەکانە کە لە چاخەکانی ناوەڕاست میسریان دەکەوتە ژێر دەست و لەگەڵ ژنەکان هاوسەرگیریان دەکرد یان لاقەیان دەکردن!

شاکر هەر لە منداڵیە باوکی هەست دەکات زیرەکە و قورئانی پێ لەبەر دەکات، بۆ ئەوەی ببێتە حافیز قورئان لە ١٢ ساڵی! شاکر لە قوتابخانە و قورئان لەبەرکردن زیرەکی دەنوێنێ و هەردەم یەکەمی پۆڵ دەبێت و قورئانیش هەر لەبەردەکات، دوو شت زۆر کاریگەری بەسەر دەبێت. یەکەم کاتێ ٩ ساڵێکە دەچێتە قاهیرە ماڵی باپیری بۆ ئەوەی لەوێ بخوێنێ، چونکە زۆر حەزی بە قاهیرەیە، ڕۆژێک بۆ نان کڕین دەینێرن وەک عادەتی کۆمەڵگا بێ سەروبەرەکان شاگردە فیتەرێک بە بیانووی ئەوەی یارمەتی دەنی دەیباتە ژێرزەمینی دوکانەکە بە زۆر تەعەدای لێدەکات و ئازارێکی دەروونی و جەستەیی زۆری دەدا !

لە ترسانا داوا دەکات بگەڕێتەوە گووندەکەیان چونکە لەوێ زیاتر هەست بە ئەمان دەکات، کەچی هەر لەوێش نیوەڕۆیەک دەکەوێتە بەر هێرشی کۆمەڵێ هەرزەکار و بە چەندین کەس دیسان دەستدرێژی سێکسی دەکەنە سەر! ئەو مرۆڤە بە تەواوی دەڕوخێت و ناوێرێت بە کەسیش بڵێ! بۆیە زۆر گۆشەگیر دەبێت. سەیر لەوەدایە لە قاهیرە کە لە زانکۆ وەردەگیرێ و دەچێتە ماڵە خزمێکیان دەخەوێ، بە هەمان شێوەی بەسەر ئەو هاتووە، هەوڵی ئەوە دەدات دەستدرێژی بکاتە سەر منداڵێکی ماڵە خزمەکەیان، وەک تۆڵەیەکی دەروونی لەوەی بەسەر خۆیدا هاتووە! بەڵام خۆشبەختانە ناوێرێت دەستدرێژی تەواو بکاتە سەر منداڵەکە لە ترسی لە دەنگدانی نەک لەبەر ویژدانی!

خاڵی دووەمیش ئەوەیە کە دەبینێ باوکی چۆن لە خوتبەکانی ئامۆژگاری خەڵک دەکات و داوایان لێدەکات سەبر بگرن لەسەر چەرمەسەریەکانی ژیان بە نوێژ و دووعا، کەچی خۆی بەرگەی ژیان ناگرێت و حەشیشە و ئەفیون بەکار دەهێنێت!!.

شاکر دەچێتە کۆلێژی زمان و دەست دەکات بە خوێندنی زمانی ئەڵمانی، لەوێ دەبێتە ئیخوانی و زۆر بەجیدی وەریدەگرێت، دوایێ لە ڕێگای ناسینی ئافرەتێکی ئەلمانی ئەنتۆنیا دەتوانێ بچێتە ئەڵمانیا بۆ تەواوکردنی خوێندن. لە ماوەیەکی کەم ئەڵمانیەکی زۆر باش فێر دەبێت، بەڵام کاریگەری هەڤدژیەکانی بەهاکانی ئایینی و کۆمەڵگای میسری زۆر تووشی سەرلێشێوان و نا هاوسەنگی دەکات تا چەندین جار دەکەوێتە نەخۆشخانەی عەقڵی و شێتان! دکتۆرە دەروونیەکان دەڵێن شاکر لە ئەنجامی یاداشتی تاڵی ژیانی پێشووی تووشی ئەو شڵەژانە دەروونیە بووە! هەوڵی زۆری لەگەڵ دەدەن باسی ژیانی پێشووی بکات بەڵام بێ سوودە و نایەوێ ئەوەی لە مناڵی بەسەری هاتووە باسی بکات!

لە ئەوروپا وەک کەڵچەر شۆک تووشی ئیزدواجیەتی سلوکی دەبێت، ناهێڵێ ژنە ئەڵمانیەکەی لەبەردەمی ئەو بیرە بخواتەوە، کەچی خۆشی بە دزی لەگەڵ سۆزانیەکان دەخواتەوە !

# ٢

لە ئەوروپا وەک کەڵچەر شۆک تووشی ئیزدواجیەتی سلوکی دەبێت، ناهێڵێ ژنە ئەڵمانیەکەی لەبەردەمی ئەو بیرە بخواتەوە، کەچی خۆشی بە دزی لەگەڵ سۆزانیەکان دەخواتەوە !
هەندێ کات بە گەرمی دەگەڕێتەوە بۆ دینداری و لەگەڵ جەماعەتی تبلیغ و دعوە، دەعوە دەکات، هەندێ جاری تر تەواو باوەڕی بە خوا و دین نامێنێت. هەندێ جار تەنها لەبەر ئەوەی هینری ناوێک جوو دەردەچێت، پەیوەندی لەگەڵ دەپچڕێنێ، هەندێ جاریش لەگەڵ کچێکی جووی ئیسڕائیلی چەندین سەعات دانس و سەما دەکات!

هەندێ جار گاڵتەی بە دین و ئاسمان دێت، هەتدێ جاریش هەست بە بۆشایی ڕووحی دەکات وپەنا دەباتە بەر چەندین دین و نەزهەبی ڕووحی، هەتا لە پێناو یەکێکیان دەچێتە تایوان بۆ دیتنی مامۆستای گەورەی ڕووحی کە پاش دیتنی بۆی دەردەکەوێت ئەویش وەهم فرۆشێکە وهیچیتر!

دوایێ دەیەوێ بچێتە ژاپۆن لەبەر سەرسامی بە بەها ڕووحی و زاتستیەکانی ژاپۆنییەکان، و بۆ ماوەیەک لەوێ دەژیێ، بۆی دەردەکەوێ ژاپۆنییەکان کۆمەڵگایەکی زۆر داخراون و ناهێڵن کەس بێتە ناویان ئینتیگرێشن بکات! ئەوانیش وەک هەر کۆمەڵگایەکیتر لایەنی پۆزەتیف و نێگەتیڤیان هەیە. ئەوەی شایانی ستایش بێت بەهای زانست پەروەری و پیرۆزکردنی کارکردنە تا ڕادەی تەقدیس! ئینجا تۆلەرانسی دینی و بوونی چەندین دین بێ کێشە. بەڵام لایەنی نێگەتیڤیشیان زۆرە وەک بێ ڕێزی بەرامبەر ئافرەت و نزمی پایەی کۆمەڵایەتیان!

دەڵێ جارێکیان لە زۆرانێی ژاپۆنی کلاسیکی کە دوو کەسی زۆر قەڵەو زۆرانێ دەکەن، دەبوایە پارێزگاری شار خەڵاتەکانی دابەش کردبا، بەڵام چونکە پارێزگار ژن بوو، کێشەیەکی گەورەی دروست کرد، چونکە ژن نابێت پێ بخاتە ناو گۆڕەپانی زۆرانێکە چونکە بەپێی بیروباوەڕی کۆنی ژاپۆنی پیسی دەکات و ئەرواحی نەگریس لەگەڵ خۆی دەهێنێت!!! تا ناچاربوون بە سەیارەیەکی تایبەت هێنایان تا پێی نەخاتە سەر گۆڕەپانەکە!!!

ئینجا دەڵێت پیاوی ژاپۆنی هەموو خەونیان ئەوەیە پەردەی کچێنی کچێکی بچووک بدڕێنن و دەوڵەمەندەکانیان ئامادەن ملیۆنەها دۆلار بدەن لەو پێناوە!
دەڵێ پیاوەکان بە ئاشکرا خیانەتی زەوجی دەکەن، ژنە ژاپۆنیەکانیش دەبێ بە دزیەوە بیکەن! وەک عەرەب و خەلیجی و تورک و کوردیش تا ڕادەیەک!

لەویێ یەکەم خۆشەویستی خۆی دەکات، کچێکی دایک دانمارکی و باوک ژاپۆنی خۆش دەوێت، کۆنستانسی ناوە، بەڵام درەنگ خۆشەویستی بۆیەک دەدرکێنن، وکچەکە شاکر دەڵێت جوانترین کچی دنیایە جوانی شەرق و غەربی لەخۆیدا کۆکردبوەوە!
پاش حەوت ساڵ و چەندین جار لە یەک ژوور پێکەوە دەخەون بێ ئەوەی دەستیان بەریەک کەوێت، ئەوە زیاتر کچەکە سەرسامی حامد یان شاکر دەکات و کۆتایی دێت بە هاوسەرگیری پاش ئەوەی ژنە ئەڵمانیەکەی داوای تەڵاقی لێدەکات و وەریدەگرێ، چونکە شاکر لای ئەو کەڵکی هاوژینی نەماوە!

کۆنستانس زۆر شاکری خۆش دەوێت و سەرسامیشە بە ئیسلام، هەر لەبەر ئەو هۆیەش شاکری خۆش دەوێت، نازانێت شاکر خۆی خەریکە ماڵئاوایی لە ئاسمان و خوا دەکات. شاکر هەوڵ دەدات لە گۆشەنیگای تەسەوف و عیرفانی باوکیەوە باسی ئیسلام بۆ کۆنستانس بکات، کە زیاتر کۆنستانس نزیک دەکاتەوە لە ئیسلام! کۆنستانس ئیماندارێکی زۆر یونیڤێرساڵە ولە ژوورەکەی وێنەی بودا و کەعبەی هەڵواسیوە، هەرچەندە زۆر سەرسامی ئیسلامە چونکە بت وسەنەمی تێدا نییە و پەرستکاری ڕاستەوخۆ لە نێوان بەندە و خوایە!

شاکر لەبەر پاشماوەی بەها نێرسالاریەکانی ڕۆژهەڵات ڕۆژێک لەسەر بابەتێکی زۆر ئەرزش زۆر خراپ لە کۆنستانس دەدات و کوێیەکی کەڕ دەبێت! بەڵام کۆنستانس هەر سکاڵای لێ ناکات لەبەر خۆشەویستی زۆری بۆ شاکر، و دەڵێت تەنها سزام بۆ تۆ ئەوەیە کە شوێنەواری لێدانەکەت ببینی لەسەر جەستەم تا چاک دەبمەوە!

شاکر پاش ماوەیەک لە ئەڵمانیا کە ١١ی سیپتەمبەر ڕوودەدات و عەرەب و موسڵمانان هەمووی دەبنە جێی گومانی بێ عەقڵەکانی ئەوروپا، چەندین وتار دەنووسێت لە ڕەخنەگرتن لەو تێڕوانینە ساویلکەیە، و دوایێ ناودار دەبێت و لە چەندین زانکۆ و دەزگای ڕۆشنبیری بانگهێشت دەکرێ بۆ سیمنار بەستن .

دوابەشی ڕۆمانەکە زۆر خۆشە لە ژێرناونیشانی: بینینی خوا لە ماکدۆناڵدز!
کە لەوێ تووشی منالێک دەبن ناوی Steven Gott دەبێت، گۆت بە مانای خوا دێت، ودەڵێت کەسم نەدیوە ناوی خێزانی خوا بێت! و منالەکە داوای خواردن بۆکڕینیان لێدەکات و لەگەڵیان دەچێتە ماڵەوە و دوایێ منالەکە بۆ ئەوەی یاریبکات لەسەر کۆمپیوتەرەکە، هەموو ژینامەکەی، ماڵئاوایی ئەی ئاسمان، بە هەڵە لەسەر کۆمپیوتەرەکە دەسڕێتەوە!

دوایێ خۆیی و کۆنستانس بەڕێز خوا دەبەنەوە ماڵی خۆیان و شاکر دەڵێت: ماڵئاوا ئەی خوا!
ئەوە کورتەیەکی ژیننامەی حامد عبدالصمده لەبەر هەندێ هۆکار لە شێوازی ڕۆمان پێشکەشی کردوە، ئەوە جۆرێکە لە زیرەکیش، لەوانەیە وەک ژینامە پێشکەشی کردبا خەڵکێکی زۆر نەیدەخوێندەوە، چونکە حامد هێندە ناودار نەبوو لە کاتی بڵاوکردنەوەی ئەو ڕۆمانە لە ٢٠٠٨! ڕۆمانەکە حامدی ناودارتر کرد، نەک ژینامەی خۆی!

هۆکاری دووەم ئەو ڕاشکاوییەیە لە باسکردنی چاکترین کار و خراپترین کاری خۆی، بەڵکو باسکردنی ڕووداوی وا کە لە موحەڕەماتە لەناو کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی و کەس باسی ناکات تا مردن، وەک ڕووداوی دەستدرێژی سێکسی بۆسەری و دوایی هەوڵی دەستدرێژی خۆی بۆسەر منداڵێکی خزمی خۆیان! کە دەکرێت دوو ڕووداوی ڕاست بن، دەشکرێت هەر داهێنراو بن!

٢٠١٨/١/١٦

# ئەو ڕۆمانە شاکارێکی هەولێریانەی فەرهاد پیربالە!

## ١-٢

ڕاستە ناوی ڕۆمانەکە و ناوەرۆکی ڕۆمانەکە باس لە دیاردەیەکی هەستیار و قێزەون دەکات، بەو پێوەرەی کە کەسانێک لە هەولێری کۆن ئەو کارەیان دەکرد... بەڵام باسکردنی و وتنی ئەو شتە هەستیارانە کەسێکی بوێری وەک فەرهاد پیربالی دەوێ بیڵێ! سەیرم پێ دێ کە کەسانێك لە جیاتی بڕواننە بەهای ئەدەبی وکۆمەڵایەتی ومێژوویی ئەو دەقە دانسقەیە، کردوویانەتە بۆنەیەك بۆ تانە لێدان لە هەولێر! نازانن ئەوان لە شارەکانیان فەرهاد پیربالێکیان نییە بوێرێ ئاوا ڕاشکاوانە بەشێك لە مێژوو تەمسکراو بگێڕێتەوە!

لەو ڕۆمانەدا چۆن نجیب مەحفوز باسی قاهیرەی کۆن دەکات، فەرهادیش دەڵێ مانگێکی ئاسمانییە و بست بە بستی هەولێری لەبەر چاویدا تۆمار کردوە، بەبێ وێنە هەولێری کۆنت بیردەهێنێتەوە، چۆن میسریەکان لە ڕۆمانەکانی نەجیب مەحفوزەوە قاهیرەیان لا شیرینتر دەبێت، فەرهادیش لەو ڕۆمانە هەولێر شێرینتر دەکات، و لەناو دەقێکی ئەدەبیدا نەمری پێ دەبەخشێ. دەڵێی ئەلبومێکی مێژووی شوێنەکانی هەولێرە وەك تەیراوە و خانەقا و سێتاقان ، قەیسەری هەولێر، حەمام سیروان، مزگەوتی کوێتی، سینەما حەمرا، چایخانەی بایز، چایخانەی ئەتلەسی، مزگەوتی حاجی مەغدیدی، مزگەوتی شێخی چۆلی، چایخانەی مام سەلیمی لاسووتای، وکەبابخانەی خالید بیرێژی.

فەرهاد لەو ڕۆمانە باسی ئەو دیاردە قێزەونە دەکات، کە نەک هەولێر، بەڵکو هەموو جیهانی ئیسلامی گرتبۆوە، هەتا لە هەندێ وڵاتی خەلیج و لە ئەفغانستان بەچەبازی دەگاتە ڕادەی زەواجی منداڵ بە منداڵباز!
کاریگەری فەرهەنگی تورکمانی عوسمانیش بەدیار دەخات، چونکە لە کۆمەڵگا عوسمانیە تورکییەکان ئەو دیاردەیە زۆر باو بووە لەوانەوە گواستراوەتەوە بۆ گەلانی تر غەیرە تورکی.

هەرچەندە پیربال وەك جیرۆکێکی تورکمانانە دەیگێڕێتەوە، بەڵام لەسەر زمانی دکتۆرێکی دەروونناس زەکەریا دۆغرەمەچی، ئەو دیاردەیە دەگێڕێتەوە بۆ جیاوازی وجودایی کۆنکرێتی نێوان نێر و مێ! چونکە هەولێر سەرتاسەر بگەڕێی ژنێك یان کچێك نابینی لەبازاڕ!
زۆر لە گفتوگۆکانی بە کوردیەکی تورکمانی نووسیوە،
"-بەخوا ماڵم قەبرە، مەغدیدی برام لەسەر کاکۆ گیراوە، چونکە ئیشتەم کاکۆی برام موخبیرییان لێ دابوو، ئەویش ئیشتەم چ بکا؟ بووە پێشمەرگە"

یان هەر بە تورکمانی تەواو نووسیتی هەتا وەرگێڕانیشی بۆ نەکردوە، و زۆر وشە و ناوی تورکمانی بەکارهێناوە لە ڕۆمانەکە. بۆ نمونە:
اللہ وێردی، کە فەرمانبەرێکی تورکمانی بانقی ڕافیدەین بوو، بە چرپە، بە فەرمانبەرە برادەرەکەی خۆی گوت:
- بێوگ قەرداشی، ئۆزدە جەمالسێوان دی! [هەڵبەتە من مانای نازانم!] ل ٤٣
یان لە شوێنێکی تر:
" دایزە ویداد ژنی مەلۆ خەنجەرچی، بە ئەبڵە سەمیرەی ژنی کاکل بنجووی دەگووت:
- گۆزم کۆر ئۆڵسن، یوسف نە گوزەل ئۆغڵانیدی!
- ویش" ل٦٧
هەروەها لەو ڕۆمانە فەرهاد کە وەک بەشێک لە یادەوەری دەوروبەری خۆی نووسیویەتی وەک شاگردە قەسابێکی باوکی، لەناو قەیسەری هەولێرێ، دەڵێی هەموو ڕووداوەکانی بە ڕاستی بینیوە!

دیاردەکە هێندە باوە هەتا کاتێ لە مەرکەزی پۆلیسی پرسیار لە شێرۆ مەدفەعی دەکەن دوێنێ فلان کاتە لە کوێ بووی؟! دەڵێ لەگەڵ قلەکەم بووم لە حەمام! قلیش بۆ منداڵی کوڕ بەکار دەهێنرا لەلایەن ئەو منداڵبازانە!
لە گفتوگۆیەکدا
"یاسین دەڵیت: ئەوە نەجۆ نازدارە، جەماعەت.
کامیار گۆتی: نەجۆ نازدار کێیە؟
- قلی سەلیم سارووخی.
کارۆخ تەمەنی ١٣ ساڵان بوو، گووتی:
- قل یەعنی چی، یاسین؟
- یەعنی وەک ئەوەی ببێتە ژنی!" ل ٢٥

کەسایەتیەکانی ناو ڕۆمانەکە زۆربەیان بە ناوی پیشەکانیان ناویان کۆتایی دێت، بازاڕیش کۆنترۆڵکراو بوو لەلایەن خێزانە تورکمانەکانی شار وەک: قاوەچی و چەرچی و بیرچی و قەیماغچی وپۆخچی و کورەچی و حەمامچی و قاپقاپچی وئوتووچی وپەڕەچی هتد ..
هەتا ناوی ژنەکانیش زۆر لەناو تورکمانان باون وەك دایزە نەزیهە و ئەبڵە نیهایەت و ئەبڵە سمیرە، فەهیمە، بەڵام پلکە بە دۆکەی نانکەریشی تێدایە، دیارە هەژارێکی کوردە!

ناوەکانیش هی ئەو ژینگەیەن کە باسی لێوە دەکات، مەولود منداڵباز، شێرۆ مەدفەع، جەمیل دۆخین، قادر قەنینە، کەریم کەرگێ، تاهیر تەسبیح، سەلیم سارووخ، مەلا چاو بەکل، قادر قیرۆ، عوسە کەڕ....

فەرهاد لەو ڕۆمانە هەم ئەو دیاردەیە قێزەونەی منداڵبازی سەرکۆنە دەکات، کە منداڵان و دایک وباوکیانی تۆقاندبوو، بۆیە نەدەوێران منداڵەکانیان هەر بچنە دەرەوە، لە زۆر خۆشی منداڵی بێبەش ببوون، نەدەوێران بچنە سینەما و مەلەوانگە و تۆپانێ لەبەر دەستدرێژی منداڵبازان. هەتا باوکی یوسف حەزناکات یوسفی کوڕی بنێریتە لای هیچ دوکانێکیش بۆ شاگردی، هەرچەندە دایکی یوسف، بەڵقیس پێ دادەگرێ بۆ ئەوەی فێری سنعەتێك بێت!
جابیر جەنازەی باوکی یوسف دەڵێ:

- من پیاوی ناو بازاڕم، باشتر لە تۆ ئەو پیاوە خوێڕی و تۆڕیانە دەناسم کە تۆ پێت وایە یوسف لەلایان فێری کەبابچێتی و نەجاڕی دەبێت!
.... جابیر جەنازە دەیزانی لەناو بازاڕ و چایخانە و کوچە و کۆڵانان، بە ناوی شاگردییەوە چی بە منداڵ و مەزنان دەکرێت!" ل ٣٥
فەهیمە خان بە دایکی یوسف دەڵێ:
- وڵاتی مە ئیشتەم ئاوهایە بەڵقیس خان.. منداڵ لە شاری ئێمە بۆیە فێری هیچ نابن. بەخوا منداڵی منیش، باوکیان ناهێڵێ لە کونی ژوورەوە بێنە دەرەوە" ل ٧٠

٢٠١٨/١٢/٢٢

## ٢-٢

یاسینی برای یوسف لە دوای ونبوونی یوسفم بەردەوام مۆتەکەی جارسکەر و تۆقێنەر دەبینێت: زۆربەی منداڵەکان کابوس دەبینن بە منداڵبازەکان، دەقی ئەو خەونە دووبارە دەبێتەوە، هەر جارەی لەگەڵ منداڵبازێك، بۆ نموونە یاسین نیوەشەو ئەو مۆتەکەیە دە بینێ:

کۆمەڵێك خوێڕی وتۆڕی و منداڵباز، بە هەموویان دەورەیان دابوو. سەلیم سارووخ، کە منداڵبازێکی گەڕەکەکەی خۆیان بوو، لێی هاتە پێشەوە و دەستی ڕاکێشا، لە ناو منداڵباز وخوێڕییەکاندا قوتاری کرد، ئینجا سواری پاسکێلێکی کردو پێی گووت:

-بچۆرە چایخانەکەی عومەر پاڵەوان، ئێستا منیش دێمە ئەوێ، ڕاکە!
-یاسین لەو دەمەیدا یوسفی برای دەبینی هاواری دەکرد:
-یاسین نەکەی سواری پاسکیلەکەی سەلیم سارووخ بیت! فێڵت لێدەکا، دەتبا! ئەتکت دەکا! نەکەی سواری پاسکیلەکەی بی!" ل ٣٧-٣٨
هەروەها لەلایەکیتر سەرکۆنەی بەعس دەکات کە چۆن ئەو شەلاتی وداوێن پیسانەی داڵدە دەدا! هەتا شێرۆ مەدفەع منداڵبازێکی پیس بوو چوار برای هەبوو کە زۆربەیان لەلای دەوڵەتی بەعس کاریان دەکرد، رائد نعیمی برای بەرپرسی شوعبەی ئیستخباراتی بەعس بوو لە مەخمور، شێرۆ هەر کەتنێکی کردبا بە ئاسانی ڕزگاری دەکرد لە زیندان و سزا! لە شوێنێك باسی دوو ئەندامی ئەمنی بەعس دەکات، کە چۆن گێچەڵی سێکسی بە یوسف دەکەن!

ڕوداوەکان لەوە دەست پێدەکات کە دایکی یوسف کوڕی مام جابر جەنازە ی لێفدوور، منداڵەکەی دەنێرێتە فڕنی مەلا چاو بەکلی بۆ نان کڕین، لەوێ گوایە بە زۆری لاقە دەکرێ، مەولود منداڵباز و مەلا چاو بەکل و شێرۆ تاوانبار دەکرێن لە سەرەتادا، دوایێ تۆمەتەکە دەدەنە پاڵ مەولود منداڵبازی! کە ڕادەکات لە مەخفەری پۆلیس ودەچێتە موسڵ، لەوێ دەکوژرێ بە دەستی کەسانێک کە مناڵی ئەوانیشی لاقە کردوە!

دوایێ دەردەکەوێ کە یوسف کە مناڵێکی زۆر قشت وجوانە لەلایەن ئەمنی بەعس فڕێندراوە، بە تۆمەتی تەنزیم بوون بۆ پێشمەرگە!
فەرهاد پەیامێکی زۆر ئینسانیانەی پێیە لەو ڕۆمانە، و دەجەنگێ دژی ئەو وەزعەی منداڵانی تێدابوو. مناڵەکان خەون بە شۆڕش کردن دژی منداڵبازەکان دەبینن، بەڵکو دژی هەموو گەورەکان کە ترسنۆکن وناتوانن منداڵەکان لە دەستی ئەو درندانە ڕزگار بکەن! یاسین لە خەونێکدا دیتی خۆیی وبرادەرەکانی دوو باڵیان لێ ڕواوە، بڕیاردەدەن هەموو منداڵبازەکان بکوژن!

– "برادەران ئێمە لێرە کۆبووینەتەوە بۆ ئەوەی دژی منداڵبازەکان بجەنگین و لەناویان بەین...
-ئێمە نەک تەنیا مداڵبازەکان، بەڵکو پێویستە هەموو خەڵکی گەورە [پیاوەکان] لەناو ببەین وبیانکوژین.
- -بۆچی؟ خۆ ئەوان منداڵباز نین؟!
-ئەو پیاوانە، ئەو گەورانە (باوکمان، خاڵمان، مامەکانمان..) ئەوانەی منداڵباز نین، خەتای ئەوانە کە ناتوانن ئەو منداڵبازانەمان لە کۆڵ بکەنەوە. خەتای ئەوانە کە دەمانخەنە ناو ئەو منداڵبازانەوە. خەتای ئەوانە کە نایانەوێ لە دەست ئەو هەموو منداڵبازانە بمانپارێزن. ئەو خەڵکە گەورانەن بوونەتە هۆی بەدبەختی ئێمە ودەردەسەریەکانمان.
-بەڵێ ئێمە پێویستە ئەم شۆڕشە دژی هەموو پیاوەکان و گەورەکان بکەین، بەڵام پێویستە لە سەرەتادا بە منداڵبازەکان دەست پێبکەین.
-چۆن دەست پێبکەین؟
-بیانکوژین" ل ٧٢-٧٦
دەتوانن ڕۆمانەکە لە کوردپیدیا دابەزێنن...

٢٠١٨/١٢/٢٢

# لێکۆڵینەوەیەکی گرنگی فەرهاد پیرباڵ

بەداخەوە زۆربەی خەڵک، کە کەسێك ناودار دەبێت، لە چاویلکەی میدیاوە بۆی دەڕوانن، نەك بگەڕێنەوە سەر نووسینەکان و بیرکردنەوەی و تواناکانی، کاتێك کتێبی: مەلا مەحمودی بایەزیدی (١٧٩٩ - ١٨٦٠) یەکەمین چیرۆکنووس و پەخشاننووسی کورد، ی فەرهاد پیرباڵم خوێندەوە، زیاتر فەرهاد پیرباڵم ناسی کە چەند لێکۆڵەرێکی گەورەی کوردە و لەو نووسینەیەدا پاش ئەوەی دەستنوسێکی زۆری کەڵە زانای کورد مەلا محمودی بایەزیدی دەدۆزێتەوە لە ئەرشیفخانەکانی فەرەنسا و ئەوروپا، ئینجا بە بەڵگە دەیسەلمێنێت، کە یەکەم چیرۆک نووس و پەخشان نووسی کورد مەلا محمودی بایەزیدییە، کە دەیەها کەلەپوری ئەدەبی کوردی لە فەوتان ڕزگارکردوە، بە هاوکاری قونسڵی ڕوسی ئەلکسەندەر ژاپا.

فەرهاد پیرباڵ دەڵێت چیرۆکی مەم و زینی خانی، مەلا محمودی بایەزیدی لە ساڵی ١٨٥٦ بە پەخشان نووسیویەتەوە، کەوابوو لە بواری پەخشاندا و هەورەها چیرۆکیشدا، چیرۆکە پەخشانەکەی مەلا محمەدی بایەزیدی لە هەموو پەخشانەکانی پێشوتر، وەک مەولودنامەکەی شێخ حسێنی قازی کە لە ١٨٦٠ نووسراوە، هەروەها عەقیدەنامەی کوردی مەولانا شێخ خالیدی نەقشبەندی کە نیو سەدە پاش وەفاتی مەولانا مەلایەك نووسیویەتەوە ١٨٧٧، کۆنترە. لە بارەی چیرۆکیشەوە ئەوە باسی ڕۆمانی [لە خەوما] ی جەمیل سئیب دەکرێت کە لە ١٩٢٥ نووسیویەتی، هەندێکیش باسی چیرۆکەکانی فوئاد تەمۆ دەکەن کە لە گۆڤاری [ڕۆژی کورد] لە ١٩١٣ بڵاویکردۆتە، کە چەند پاش چیرکەکەی مەلا محمودی بایەزیدیە...

فەرهاد پیرباڵ باس لە ڕووداوی ڕاگرتنی لە فرۆکەخانەی ئەنقەرە دەکات، کە چەندین دەسنووسی کۆنی بە نرخی کوردی کۆپی کردبوو، تورکە شۆڤینیەکان لێی دەستێنن و لەبەرچاوی خۆی ئاگری تێبەردەدەن! خوا ڕەحمی کردوە ئەوروپا وجودی هەیە، دەنا کورد لەوەبوو هیچی نەپارێزرابا، چونکە ئێستاش زۆربەی دەسنوسەکان لە ئەوروپا و ڕوسیا پارێزراون.

ئەوە لینکی ئەو لێکۆڵینەوەیە گرنگەی فەرهاد پیرباڵ م داناوە بۆ ئەوەی بیەوێت بیخوێنێتەوە وبزانێت پیرباڵ چەند لێکۆڵەرێکی دڵسۆز و گەورەی کوردە...
دەبێت سەد نەخوێندەواری خوڕافاتچی وەك مەلا عەلی کەڵەکێ وەك قوتابی بچوک لەبەردەم پیرباڵ دانیشن، بەس ئاخ لەو زەمانە سیاسیە و دینییە سەخیفە فەرهاد پیرباڵ ناچار بکات پەنا بۆ دەجالی سیاسی و دینیەکان ببات.

**٢٠١٧/٢/١٥**

# کەنیزەی ئەرمەنی کورد و کەنیزەی ئێزدی داعش لە ڕۆمانێکی فەرەنسیدا

لە کتێبی کورد: توێژینەوەیەکی سۆسیۆلۆژی باسیلی نیکتین، لەو بەشەی باسی پایەی ئافرەت لەناو کورددا دەکات، پاش زۆر ستایشکردنی پیاوی کورد سەبارەت بە ڕەفتاری لە تەك ئافرەتدا، ئەو ئازادییەی کە ئافرەتی کورد هەیبووە لە چاو ئافرەتانیتری ناوچەکە، و دەڵێت پیاوی کورد زۆر بە ڕەوشتی سوارچاکی و جەنتلمان و مێرخاسیەوە مامەڵەی ئافرەت دەکەن... مەلا محمودی بایەزیدیش نمونەی زۆر دەهێنێتەوە لەسەر ئەو ڕیزە تایبەتەی کە کورد بۆ ئافرەتی هەیە، و دەڵێت زۆرجار کێشە وشەڕ ببێت لە نێوان دوو هۆز و لایەنی کورد کە ئافرەت چووە نێوانیان یان شێخێك و مەلایەك، شەڕەکە دەوەستێنن. ئافرەتەکە ئەگەر دەسەسرِی خۆی فڕێدایە نێوان گۆڕەپانەکە، هەردوولا لە شەڕ دەوەستن دەمەودەست!

ڕۆژهەڵاتناسی هۆڵەندی و کۆردۆژیکی بەناوبانگ ڤان مارتن برۆنسن سەرەڕای ڕەخنەی زۆری لە کۆمەڵگای کوردی، دەڵێت هەرچەندە کورد کۆمەڵگایەکی باوکسالار ونێرسالار بوو، لە کۆندا بەڵام ئەو ڕێزە تایبەتەی کە هەیبوو بۆ ئافرەت دەکرێت بڵێین دیاردەیەك بوو بۆ خۆی!
باسیلی نیکتین ئاماژە بە خانمێکی فەرەنسی چیرۆکنووس دەکات بە ناوی [پۆل هنری بۆردۆ] لە چیرۆکێکی بەناوبانگ بەناوی [ئەنترامی ترابزۆنی] ”L’immortelle de Trébizonde“
باسی داستانێکی خشەویستی هەقیقی زۆر سەیر دەکات لە نێوان کچێکی ئەرمەنی بە کەنیزەکراو لەلایەن جەندرمەکانی تورك کە دەیفرۆشنەوە بە پیاوێکی کورد، و کچەکە بەو شێوەیە چیرۆکی کۆیلایەتی خۆی دەگێڕێتەوە:

"من چی بووم بە نسبەت ئەو کوردە؟ کەنیزەك؟ خزمەتکار؟ میوان؟ بۆچی منی کڕی؟ ئەو مرۆڤە سەرەتاییە هەستێکی قووڵی بە مێرخاسی سروشتی تێدایە... ماڵەکەی ئافرەتێکی تێدا نەبوو، ئەی ئەو هەموو ڕێزەی بۆ ئافرەت لە کوێ هێناوە؟ ئەو ڕیزەی وەختە بڵێم هەر بوونی نییە لەناو گەلانی ئیسلامی تردا؟

" من ئەو پیاوەم خۆشت ویست کە هیچیشم دەربارەی نەدەزانی، بەڵکو من هەتا زمان و مێژووی گەلەکەیشم نەدەزانی."
" بەیانیەکەی لە خەوی هەلساندم و دەستی گرتم بە نەرمی و لەگەڵ خۆیدا دەیخولاندمەوە بە دەوری ئاگرەکە، دیارە ئەو نەریتی خۆیان بوو. کاتێك کچێك شوو دەکات بەو جۆرە ماڵی باوکی جێ دەهێڵێت.
پاش چەند ساتێك من و دایەنەکەمی بانگ کرد بۆ حەوشی ماڵەکەی، سەد سەر مەڕ و پێنج گامێشی لەوێ کۆکردبوەوە، و گووتی: دەبوایە ئەو شتانەم وەك نەختی تۆ بدایە باوکت، بەڵام من ئێستا دەیدەم بە دایەنەکەت کە لەگەڵت هاتووە، وەك نەختی هاوسەرگیریمان. زۆر بە شادومانیەکی ئاشکراوە سەیری دەکردم. هەڵبەتە کەس ناچاری نەکردبوو کارێکی وا بکات، بەڵام

دەیویست بۆ هەموو خەڵکی نیشان بدات کە ئەو ئەو ئافرەتە بێگانەیەی تەنها بۆ ڕابواردنێکی جەستەیی بێ نرخ ڕانەگرتووە لە ماڵەکەی، بەڵکو منی وەك هاوسەرێکی شەرعی نیشان دا تا هەموو خەڵکیتر ڕێزم لێ بگرن. زۆر کاریگەر بوو بۆ من!

پاش هەفتەیەك گوێم لە دەنگ وهەرا بوو لە دەرەوەی ماڵ، بینیم کۆمەڵێک ئاژەڵیتری هێناوە و گووتی دەبوایە پاش هاوسەرگیری سەردانی ماڵی باوکت کردبا و ئەوانیش ئەو ئاژەڵانەت پێشکەش بکەن بە دیاری، بەڵام ئەوە ئەمن لە جیاتی ئەوان دیاریت دەکەم بەپێی داب و نەرێتمان، چونکە نامەوێت لە ژنەکانیتر هەژارتر دەرکەویت!"

ڕۆژگار تێپەڕی منالیکمان بوو، هێدی هێدی گەشەی دەکرد لە نێوانماندا. منالەکە یەك تاقە وشەی کوردیش قسەی نەدەکرد، وەك هەر منداڵێکی ئەرمەنی بوو، هیچ ڕۆژێك بێزاربوونی لەو وەزعە نیشان نەدەدا، تەنها ڕۆژێکیان پێی گووتم: بەلایەنی کەمەوە فێری وشەی [بابە] ی بکە! بەڵام ئەو ئاواتەیشم نەهێنایە دی! ئەو بەختیارییە هێشتا لە نێوانماندایە لەپاش چوار ساڵ هاوەسەرگیریمان."

وەرە ئەو ڕەفتارە بەراوردکە لەگەڵ داعشەکانی شەرمەزاری مێژوو، چۆن دەستدرێژیان کردە سەر خوشکانی ئێزدیمان، هەتا منداڵی ٩ ساڵەشیان نەپاراست لەو دەستدرێژیانە، یەکێك لەو ڕزگاربووانەی خوشکانی ئێزدیمان تەمەن ١٤ ساڵە دەڵێت: لای کوڕ وباوکێك بووم، کوڕەکەی بەردەوام دەستدرێژی دەکردە سەرم، کە سەگ تۆپ بوو کوژرا، ئینجا باوکی دەستدرێژی دەکردە سەرم! ئەوانە لە چ قوڕێك دروستکراون، ئەکید لە قوڕی ناو گواو!

کچەکە لە زانکۆی سلێمانی سیمنارەکەی پێشکەش کرد و گووتی کاتێ ژنێکی بە تەمەنی ٦٥ ساڵەم دیت، بەردەوام دەگریا، کە پرسیم بۆ دەگرییت؟! گووتی: منداڵێکی هەرزەکاری داعش بەردەوام دەستدرێژی کردۆتە سەر ئافرەتێك لەوانەیە لە تەمەنی دایکی گەورەتر بێت!

ڕاستە کۆیلەیی هەر کۆیلەییە و بە هیچ پێوەرێك قبوڵکراو نییە، بەڵام بڕوانە ئەو دوو حاڵەتە ئینجا لە مرۆیی کوردەکە و نامرۆیی داعشەکان تێدەگەیت! ئەو چیرۆکە زۆر دەنگی دایەوە جارێکیتریش لە ساڵی ٢٠١٥ چاپکرایەوە، خۆزگە ئەوەی فەرەنسی دەزانی وەریگێڕابایە سەر کوردی، من وێنەی ڕۆمانەکە دادەنێم، سوپاس بۆ باسیلی نیکتین کە ئاگاداری کردینەوە بەو شاکارە، کە ڕەوشتی سوارچاکانە و مرۆڤدۆستانەی کورد دەردەخات.

وێنەی ڕۆمانەکە دابنێ

٢٠١٩/٢/١٧

# لە خەوما و فەقیرانەی خزمانی شێخ!

ئەوەی لاپەڕەکانی چیرۆکە گرنگ و مێژوویەکەی جمیل سائیبی خوشکەزای پیرەمێردی نەمر (لە خەوما) بخوێنەوە دەزانیت چ تاریکستانێك و جەوروستەمێك بەرێوە دەچوو لە مەملەکەتەکەی شێخ محمود. جمیل سائیب کە لە ترسی ئەو دەسەڵاتەی شێخ و پیاوەکانی ڕایکردبوو بۆ کەرکوك لە ڕێگای خەوەوە باسی مافیایی چەتەگەری و بەرتیلخۆری و چەوساندنەوەی هەژاران دەکات. کاتێ دەخوێنیتەوە دەڵێی باسی چەتەگەری و تاڵانچیەتی دەسەڵاتی ئەمڕۆ دەکات .

ئەو چەند لاپەڕەیە پێت دەڵێ شێخ محمود و پیاوەکانی چۆن ڕەفتاریان کردوە و چۆن ئەزیەتی خەڵکیان داوە و ڕووتاندویانەتەوە، هەتا برایەکی جمیل سائیب ، عارف سائیب بەدەستی پیاوە گەندەخۆرەکانی شێخ تیرۆر دەکرێت.

یانی ئەو دەسەڵاتەی ئێستا نمونەی باڵاو و پێشینەی لەو سەلەفی ساڵحانەی ئەو سەردەمە وەردەگرێت!

خاڵێکی تریش کە ئاماژەی پێدەکات بەکارهێنانی مەلا و فەتوا و دینە بۆ حەڵاڵ کردنی خوێن و ماڵ و ژنی نەیارانی دەسەڵات لەوانەی وڵاتیشیان جێهێشتووە! بڕوانە هەڵوێستی مەلا و پیاوانی دینیش چەند هەلپەرست و دڕندانەیە، چۆن فەتوای دڵی شێخ دەدەن؟!

**کەواتە لە گەندەڵی سەردەمی شێخ محمودەوە بۆ گەندەڵی سەردەمی بارزانی خەبات بەردەوامە!**

لەوە دەچێت لە مێژە خۆمان باش ناناسین، لەبەر هەندێ سیفەتی باش، سیفەت وشتە خراپەکانی خۆمان نەزانیبێت. یەك لەو شتانەی کە نەماندەزانی ئەوەیە کە ئێمەی کورد هەمیشە گەندەڵی بەبەرچاومانەوە کراوە لەلایەن سەرۆك و سەرکردەکان، هەمیشەش یان ئەوەتا قەت دەنگیشمان نەکردوە، یانیش دەنگیشمان کردبێت هەر بۆیان چۆتە سەر، تا ڕادەی ئەوەی هەندێ لەو سەرۆك وسەرکردانە بۆنەتە ئیکۆنێکی مێژوویی پیرۆز و موقەدەس، هیچ کەش شتێکی ئەوتۆ لەبارەی دیوەکەی تری گەندەڵی و خیانەتەکانی نازانێت دەرهەق بە گەل.

من هەرگیز باوەڕ ناکەم ئەو هەموو گەندەڵەی کە دەسەڵاتی پارتی ویەکێتی دەیکەن، کە بڕستی لە خەڵك بڕیوە، بێ ڕەگی مێژوویی بێت، ڕاستە سەرکردەی باش وخاکیش هەشبوون، بەڵام نازانم ئەوانیش هیچیان لە دەستدا نەبوو، یان پارە نەبوو و کات لەبار نەبوو بۆ گەندەڵی بۆیە نەیانکردوە، یان هەر خۆیان مرۆڤگەلی چاك بوون!

من زۆرم لە کەسە زیندوەکان گویّ لیّ بووە دەربارەی ئەو گەندەڵییەی کە هەبوو لە شۆڕشی ساڵی ١٩٧٤، سەرەڕای داوێن پیسی بەرپرسان بەرامبەر ژنانی کوردی ئاوارە و دەیان کاری بۆگەنتر. بەس دیارە دەرامەتەکە ناکاتە ١٪ ئەوەی ئەمڕۆ بۆیە هەر کەس بە کتێبێکیش بەلایدا نەچووە، مەگەر وەك خاڵێك لە کتێبێکدا بە خێرایی باس کرابێت!

دەزانن ئەو شێخ مەحمودەی کە بۆتە ئەو کاریزمایە مێژووییە دەڵێن دەیان کاری گەندەڵی ڕوویداوە لەسەردەمی ئەو، بە عیلم و ئاگاداری خۆی، هەندێکیان بە دەستی خۆشی!

پێش ماوەیەك وتارێکی زۆر سەرنج ڕاکێشەری فەرهاد پیربالم دی دەربارەی گەندەڵیەکی گەورەی سەردەمی شێخ، کە گوزارش دەکات لەو دەروونزمییەی کە بەرپرسانی کورد تیایدان، بەڵکو تاکی کوردیش. ئەوە هەمان ئەو دەروونزمیەیە کە مرۆڤێك هاندەدات لە ئەوروپاوە بژیت ژیانی هەموو دابین بێت، کەچی بۆ مووچەیەکی گەندەڵی جرت وفرتی بێت لە نێوان ئەوروپا و کوردستان لە پێناو مووچەیەکی گەندەڵی!

وتارەکەی پیربالّ باسی شتێك دەکات کە پێیان گووتوە [فەقیرانە] لە سەردەمی شێخ مەحمود وەك مووچەیەکی هەژاران بڕاوەتەوە گوایە بۆ ئەو خەڵکە هەژارەی کە بژێوی ژیانیان خراپ بووە! بەڵام وەك پیربالّ دەڵێت:

" لەناو ڕۆژنامەکانی سەردەمی شێخ مەحموود، لەناو لیستی ئەوانەی “فەقیرانە”یان لە بەلەدییەی سلێمانی وەرگرتووە، ناوی دەیان بەگ و ئاغا و شێخ و بەگزادەی – بۆ نموونە وەك “ئەحمەد بەگی شەوکەت بەگ، شێخ حەمەومین ئاغا و فلان ئاغای ناودار و بەگزادەی شێخ فلان بەگ ” دەبینیت، وەك (سواڵکەر!) ناویان لە ڕۆژنامەکەی شێخ مەحمووددا تۆمار کراون، "“فەقیرانە-سۆسیال”یان لە حکوومەتی مەلیك مەحموود وەرگرتووە!

لە هەمووی ناخۆشتر وتارەکە دەڵێت : (دوو مەلای ناوداریشیان تێدایە کە هەمان فەقیرانەیان وەرگرتووە و ناویان نووسراوە)!

باشە ماقوڵە ئەگەر دەروون نزم نەبیت ناو لە خۆت بنێی ئاغا و شێخ و بەگ و بەگزادە، کە ئەو ڕۆژگارە سەرتۆپی کۆمەڵگا بوون، هەمووی دەرەبەگ وخاوەن خاك وگوند و زەوی، کەچی بچیت ناوت لە لیستی فەقیرانە تۆمار بکەیت، تا بەشی فەقیرەکانیش بخۆیت؟! بەخوای مرۆڤی فەقیریش پێی ناخۆشە مووچەیەك وەرگرێت بەناوی فەقیرانە ئەگەر ناچار نەبێت، ئەخر شێخ وبەگ و ئاغای تر زل چۆن شەرمیان نەکردوە " ناویان لە ڕۆژنامەی “ژیانەوە و ژیان”دا تۆمار کراوە، خەڵکی وای تێدایە کە ئەولادە ملیۆنێرەکانی ئەمڕۆ، روبعێکی سلێمانی بەناوی ئەوانە! هەر لەبەر هەمان هۆکاریش، نەمویست ناوەکانیان لێرەدا بڵاو بکەمەوە وەك بەڵگە."

ڕاستە کاوە حەفید وەڵامی دایەوە بەڵام چ وەڵامێك، گوایە بە پاڵنەری حزبایەتی وپارتی ئەو سوکایەتیە دەکرێت بە شێخ مەحمودم دەڵێت ئەو بەگ و ئاغا و شێخانە مەرج نییە هەژار نەبووبن! یانی شێخ وبەگ وئاغای تۆزوبا بوونە! ناڵێت چۆن شێخ محمود ڕازی بووە لە ڕۆژنامەکانی ناوی ئەو هەموو بەگ وئاغا وبرسی بەگانە ببینێت، لە لیستی فەقیرانە وچاوپۆشی لێ بکات، دەیەوێت کێشەکە بگەڕێنێتەوە بۆ کێشەی یەکێتی وپارتی.

من هەقم نییە پیرباڵ ئەو کارەی بۆ کێ و بە پاڵنەر چی کردوە، لەوەش ناچێت بەو پاڵنەرە کردبێتی، چونکە ڕەخنە لە گەندەڵی ئێستاش دەگرێت لە وتارەکە. گرنگ ئەوەیە لیستەکان وسەرچاوەکان هەن، دەیسەلمێنن کەسایەتی کوردی لە لوتکەوە وا سووك وچروک بوون هەمیشە، بۆیە ئەمڕۆ سەرکردەکانمان ئامادەن کورد لە برسان بکوژن و ڕیسواکەن، نەك دەست لە دزی و تەماعی بێ بڕوانەوە و چڵێسی هەڵگرن، دەستی ئەو مللەتە بگرن بیانبەنە ناو کۆڕی میللەتانەوە...دزی و تاڵانمان مەکەن دەوڵەتی کوردیمان لێتان ناوێت بەو برسێتییە و دەروون تێکشکاویە، دزی و تاڵانی خەڵك مەکەن، کەس نایەوێت ئاڵایان بۆ هەڵکەن ئەو چڕە مەعاشەی بەغداشیان لێ ببڕن![١٢]

٢٠١٧/٣/٢٨

[١٢] لە خەوما http://www.kurdipedia.org/default.aspx...

سەرچاوەی وتارەکە و وەڵامەکەی شێخ کاوە حەفید:

http://www.historyofkurd.com/٢٠١٦/٠٧/٠٦/%D٩٪٨٥٪D٨٪B٤٪D٨٪AA%D٩٪٨٨٪D٩٪٨٥٪DA%٩٥٪DB%٨C-%D٩٪٨٥٪DB%٨E%DA%٩٨٪D٩٪٨٨٪D٩٪٨٨-%D٩٪٨١٪DB%٩٥٪D٨٪B١٪D٩٪٨٧٪D٨٪A٧٪D٨٪AF-%D٩٪BE%DB%٨C%D٨٪B١٪D٨٪A٨٪D٨٪A٧٪D٩٪٨٤-%D٨٪B٤٪DB%٨E%D٨٪AE-%D٩٪٨٥٪D٨٪AD%D٩٪٨٥٪D٩٪٨٨/?fbclid=IwAR٢Y٦٠NWtywBpOChvACR٥-٠XQ١tnamJY_jCwa٨qwRdiLPxoGPKVDdwzVFoY

# چاوپێخشانێک بە کتێبی موزەفەرنامە

ئەو کتێبەم لە ئینتەرنێت بەرچاو کەوت، دەربارەی سوڵتان موزەفەرەدینی گۆگبوری تورکمانی سوڵتانی هەولێرە. کە لە ٥٤٩ هیجری لە دایک بووە. کتێبەکە بە دوو نوسخەی عەرەبی وکوردی چاپکراوە، پێکهاتوە لە کۆمەڵێ پێشەکی و وتار و وەرگێڕانی کتێلێکی عەرەبی ولێکۆڵینەوەیەکی وەرگێڕەکەش. خسرۆ پیرباڵ قەساب دانەر و وەرگێڕی ئەو کتێبەیە وناوی ناوە بە موزەفەرنامە، لەبیرمە من لە منداڵی ئەو کاک خەسرۆیەم دەناسی چونکە هاوتەمەنین، بەڵام زۆر هاورێ نەبووین ودوایی ون بوو، تا ئێستا لەگەڵ ئەو کتێبە بیرم کەوتەوە!

کتێبەکە ولێکۆڵینەوەکەی دانەری کتێبەکە بە کوردی وعەرەبی وتورکمانیی نووسراوە، کاک خەسرۆ زۆر جەخت دەکاتەوە لەسەر تورکمانبوونی سوڵتان موزەفەر، کە ئەو سوڵتانە یەکەم کەسە ئاهەنگی لەدایکبوونی پێغەمبەری داهێناوە لە هەولێر، ساڵانە ئەو یادەی کردۆتەوە و وەک ڤیستیڤاڵێک بووە، لە زۆر وڵاتانی ئیسلامی هاتوون بۆ بەژداریکردن لەو یادە.

دانەری کتێب لە شوێنێک ئاماژەش بەوە دەکات کە لقێک لە عەشیرەتی خۆشناوان کە گورگەشینیان پێدەڵێن، دەڵێن سوڵتان موزەفەر کوردە ولە عەشیرەتی ئەوان هاتووە، نازناوی گۆگبۆری بە عەرەبی کەوکەبری بەمانای گورگی شین دێ! بەڵام من ناچێتە عەقڵم چونکە ئەگەر ناوی عەشیرەتی گورگەشین بووە، بۆ نازناوی وەردەگێڕێتە سەر تورکمانی وبەخۆی دەلکێنێ، لەکاتێکدا سوڵتان دەبوایە شانازی بە کوردبوونی خۆی کردبا، کە خۆی وەک پارێزگارێک وموحافیزێکی سوڵتان سەڵاحەدینی ئەیوبی کوردی بوو؟! نەک هێندەش بەڵکو وەک فەرماندەیەکی سەربازی ژێر فەرمانی سەڵاحەدین بوو، دوایی بووە زاوای سەڵاحەدین ئەیوبیش، کە خوشکی بچوکی خۆی ڕابیعە خاتوونی دایە سوڵتان موزەفەر!

لەو سەردەمە هەستی دینی و ماڵباتی زۆر زۆر زاڵتر بوو بەسەر هەموو هەستێکی نەتەوەیی و عەشایەری وشتیتر، دەنا لە سوپای سەڵاحەدین سەدەها قارەمانی کوردی لێبوو خزمایەتی لەگەڵ بکات، بەڵام وەک سیاسەتیش بۆ سەڵاحەدین ئەوە باشتربوو کە خزمایەتی لەگەڵ سوڵتان موزەفەر بکات. سوڵتان موزەفەریش لە جیاتی هاوپەیمانی سوڵتانی موسڵ بێ عزالدین مسعود کە وەک خۆی تورکمان بوو، ئەوپەڕی دژایەتی دەکرد، ولە دژی ئەویش هاوپەیمانیەتی سەڵاحەدینی ئەیوبی هەڵبژارد بەسەر خاوەنی موسڵی تورکمان!
سوڵتان موزەفەر بەڕاستی کەسایەتیەکی زۆر ئازا وبوێر وبەخشندە بووە، لە زۆربەی شەڕەکانی سەڵاحەدین دژی خاچپەرستان وەک سەرکردەی باڵێکی لەشکر بەژداری کردووە، هێندە خۆی و سوپا هەولێریەکەی ئازابوون لەشەڕێک لەگەڵ جەربەزەترین جەنگاوەرانی خاچپارستان داوییەکان و سوارچاکانی هەیکەل بەسەریان سەرکەوتووە پاش شەڕێکی زۆر خوێناوی!

کتێبەکە باسی ڕۆڵی سوڵتان موزەفەر و ڕابیعە خاتوونی ئەیوبی دەکات لە پێشخستنی هەولێر، ودەڵێت تورکمان وکورد وەک برا لە قەڵای هەولێر و شاری هەولێر دەژیان، سوڵتان موزەفەر بچوکترین جیاوازی نەدەکرد لە نێوان کورد و تورکمان و عەرەب و هەتا لە نێوان دینەکانیش، دەڵێ دیموکراتیەتی پەیڕەو دەکرد پێش سەرهەڵدانی دیموکراتیەتی هاوچەرخ لە ئەوروپا!

نووسەر باسی خۆشەویستی سوڵتان موزەفەر و ڕابیعە خاتوون دەکات بۆ هەولێر ودەڵێت ئەو دووانە ڕووح وگیانیان هەولێر بووە. هەروەها باسی ڕۆڵی ڕابیعە خاتوون دەکات لە کاری خێر و چاکەکاری ویارمەتی هەژاران، وەک خوشکی گەورەی زومورەد خاتوون لە شام کەنازناوی ست الشام واتە خوشکی گەورە و خاتوونی شام یان لێنا بوو لەبەر کارە چاکەکان وخێرەکانی.
هەروەها نووسەر دەڵێ بەداخەوە ئێستا قەبری ڕابیعە خاتوون لەناو قوتابخانەیەکی سەرەتاییە لە دیمەشق. بڕوانە وێنەکان. بەوپەڕی بێ ڕێز وحورمەتەوە قەبرەکە لەناو پۆلی خوێندندایە، حکومەتی سوریای تائیفی بەتەواوی فەرامۆشی کردووە! هەروەها وێنەی قەبرەکە و قوتابخانەکەشی داناوە کە من لە خوارەوە دایدەنێم هەرچەند زۆر ڕوونیش نابێت! ئەوەی ئەو دوو خوشکەی سەلاحەدینی ئەیوبی، زومورەد خاتوون وڕابیعە خاتوون بۆ شامیان کردووە لە کاری خێرخوازی بۆ هەژاران ولێقەوماوان و بێوەژنان و هەتا بۆ منالی زۆڵی فڕێدراو، ئەگەر یەک تۆز حکومەتی سوری وەفا و ویژدانی هەبا قەبری ڕابیعە خاتوونی وا بێڕێز نەدەکرد لەناو پۆلی خوێندنی منداڵاندا!

ئەو هەڵەیەی کە زۆر سەرنجی ڕاکێشام ئەوەیە کاتێ دانەر باسی سەردانی زانایانی جیهانی ئیسلامی ئەوسا دەکات بۆ ئیمارەتی هەولێر، یەکێک لەوانە باسی ابن دحية الكلبي الاندلسی دەکات و کە هاتۆتە هەولێر ویەک ساڵ لای سوڵتان موزەفەر ماوەتەوە، تا کتێبێکی نووسیوە بەناوی: التنویر في مولد السراج المنیر. لێی تێکەڵ دەبێ دەڵێ: ابن دحیەی کەلبی هاوەڵێکی نزیکی پێغەمبەر بووە و ئەو نامەکانی پێغەمبەری دەنووسی بۆ پاشاکان! ل ٤١ ٤٢
دوای دیسان دووبارەی دەکاتەوە لە لاپەڕەی ٩٨ ٩٩ هەمان شت دەڵێتەوە، نازانم چۆن جیاوازی ناکات لە نێوان دحية الكلبی سەحابی وابن دحية الكلبی الاندلسی؟!
چۆن دحیە پاش پێنج سەد ساڵ ماوە تا کتێب بۆ سوڵتان موزەفەر بنووسێ؟!

وابزانم ئەو هۆلاکۆ بەزێنەی هەولێر کە باسیشی دەکەن، لە ڕۆژگاری سوڵتان موزەفەر هاتووە، کاتێ ساڵی ٦٢٨ کۆچی تەتارەکان هێرشیان کردۆتە سەر دەوروبەری هەولێر، وسوڵتان بە لەشکرێکەوە بەرەو ڕوویان دەچێ بە فەرمانی خەلیفەی عەباسی، کە پەیمانی ناردنی لەشکرێکی بۆ دەدات، بەڵام تەنها ٨٠٠ کەسی بۆ دەنێرێ، سوڵتان موزەفەر ڕازی نابێت بەو لەشکرە ژمارە کەمەوە بچێتە شەڕی تەتار بەو لەشکرە گەورەوە! دوایی تەتارەکان هەرخۆیان تەنها هێرش دەکەن سەر گووند و شارۆچکەکانی کوردستان وهەولێریش، خەڵکێکی زۆر دەکوژن، بەڵام واز لە شاری هەولێر دەهێنن!

هەرچۆنێکی بێت بمانەوێ یان نەمانەوێ، سوڵتان موزەفەر بەشێکە لەمێژووی هەولێر، دەبێت دان بەو هەقیقەتە دابنێین کە کەسێکی لێهاتوو و یەکسانیخواز بووە هەتا وەزیرێکی مەسیحی بووە، زۆر بەجوانی مامەڵەی موسڵمان ومەسیحی ویەهودی دەکرد.
ئەگەر دەوڵەتی چیای تارێق جەبەلتار ئێستاش وێنەی تاریقی کوڕی زیادی داگیرکەریان لەسەر دراوی کاغەزیان دابنێن، ئاساییە ئێمەش هیچ حەساسیەتێکمان نەبێ دەرهەق بە تورکمانیەتی سوڵتان موزەفەر، کە کەسێکی زۆر خێرخواز و بەویژدان وبێ فەرق وجیاوازی بووە. لەو سەردەمە وڵاتیکی زۆری ئیسلامی لە ڕێگای مەمالیکە تورکمانەکان بەڕێوە دەبرا وەک میسر بۆ نموونە. ئینجا ئەوەش لەبیرنەکەین کە سوڵتان موزەفەر تەنها والیەکی سەڵاحەدینی ئەیووبی بووە، زاواشی بووە، خوشکیشی ڕابیعە خاتوون وەک هەولێریەک ژیاوە، کەوابوو سەلاحەدینی ئەیووبی زۆر ئاگاداری شاری هەولێر بووە لە ڕێگای خوشکی و سوڵتان موزەفەرەوە.

٢٠١٩/٠٤/١٩

# ئەرمەن لە گێڕانەوەی عبدالرزاق بەدرخان دا!

## بەشی یەکەم

هەموو ساڵێك یادی کوشتاری ئەرمەن لە ناو کورد دەکرێتەوە وەک بڵێی کورد خاوەنی دۆزەکە بن، وبێ ئەوەی بە قووڵی بەو باسەدا بچن، وکەمێك خۆیان ماندووکەن شتێ زیاتر بخوێنەوە، بۆ بینینی گۆشەیەکی تر لەو باسەدا. هەندێ بەناو ڕۆشنبیری کورد زۆر بە سەخاوەتەوە کورد تۆمەتبار دەکەن بە هەموو کارەساتێکی مێژووی کۆن و نوێ وەك بڵێی کورد خاوەنی ئیمپراتۆریەتێک بووبن بڕیاری سیاسی ناوچەکە بەدەستی ئەوان بێت! نازانن کورد میلەتیکی بێ دەسەڵات وبەنجبووی بە خوراِفاتی دین و ڕێچکە سۆفیەکان بوون، بە ئاسانترین شیوە فریودەدران! ئێستاش سەرۆکێکی تورکی لە چاخی ئەتۆم و ئینتەرنێت و شۆڕشی زانیاری، بە دنیایەك عەیب و عار و مەلها و گەشتوگوزاری سێکسییەوە توانای فریودانی کوردێکی موسڵمانی زۆری هەیە، ئەی دەبێت ئەو کاتانە خەلیفە چ ڕەمزێکی موقەدەس بوو بێت بۆ کورد؟!

جگە لەوەش جارێکیتر سیاسی وبەناو ڕۆشنبیری کورد لە ژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژیا و دین و بانگەشەی وڵاتە زلەکان، هیچ لە جەور و ستەمی میللەتانیتر نابینێت لە دژی کورد، تەنها کاردانەوەی خۆی دەبینێت لە دژی جەور وستەمی ئەوان! بە تایبەت ئەگەر ئەو میللەتانە لە ئەنجامی هەلەپاسی و ستەمی خۆیان نەتەوەیەکی گەورەتر و بەهێزتریان لێ ڕاست هاتبێت وەك کورد بێ وەی و بەبەزەیی نەبووبن لەگەڵیاندا! لە باسی کوشتاری ئەرمەندا سەدان بەڵگەنامەی ڕووسی و ئەمریکی و ئینگلیزی، ئەوە باسی عوسمانییەکانیش لەولاوە بوەستێ، هەن کە ئاماژە دەکەن بەو تاوانانەی چەتە و منداڵکوژەکانی مورتەزەقەی ئەرمەن ئەنجامیان داوە لە دژی کورد، بە پاڵپشتی چەک و هێزی ڕوسیای قەیسەری مەسیحی لە هەر شوێنیك تیایدا باڵا دەست بوون.

من دەتوانم سەدان بەڵگەی ئەو ئەرشیفانە بهێنمەوە، بەلام گەورەترین بەڵگە لای من بەڵگەکانی میللەتی خۆمانە، بۆیە بەڵگەکانی عەبدولڕەزاق بەدرخانی کوڕی نەجیب پاشای کوڕی میر بەدرخانی بۆتان، بۆ من لە هەموو بەڵگەکانی ڕووسی وئەمرکی و عوسمانی گرنگترە، چونکە عەبدولڕەزاق بەدرخانی لەناو گۆڕەپانەکە بوو وەك کەسێکی سیاسی و ڕابەری عەسکەری وهەزاران چەکداری کورد لەگەڵی بوون. عەبدولڕەزاق بەدرخان مرۆڤێکی خەباتگێڕ وماندوونەناس بوو، تەنها خەمێکی ڕزگاری وئازادی کورد بوو، دۆستی سەرەکی رووسیا بوو، نزیکترین کەس بوو بۆ دڵی ئەرمەنەکان، کە پەیوەندیەکی زۆر باشی لەگەڵیان هەبوو .

لەو كتێبەدا كە لە ئەرشیفی ڕووسیدا پارێزراوبوو [ژینامەی عەبدولڕەزاق بەدرخان]١٣ بۆت دەردەكەوێت كە عەبدولڕەزاق بەدرخان سەرەڕای ڕێز وخۆشەویستی و دۆستایەتی ڕاستگۆیانەی بۆ ئەرمەن، جەنگانی لە دژی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی ئەوسا، وكوژاندنەوەی هەزاران فیتنە و ئاشووب لە نێوان كورد و كورد و كورد وئەرمەندا، هێشتا ئەرمەنەكان بەردەوام لە دژیدا كاریان دەكرد، وسەرئێشەیان بۆ دروست دەكرد، هانی پلەدارە سەربازییە بەرزەكانی ڕووسیایان دەدا لە دژیدا، تا كار بەوە گەیشت خۆشی كەوتە ژێر هێرشی چەتە ئەرمەنییەكان بە پاڵپشتی ڕووسەكان ناچار بە خۆ بەدەستەوەدان كرا، ئەگەر ئەفسەرێكی ناسیاوی خۆی لەوێ نەبا دەشیانكوشت!

ئەو پیاوە خەباتگێڕە زۆر ڕاشكاوانە باسی پەیوەندی خۆی و بنەماڵە ناودارەكەی بەدرخان دەكات لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی، چۆن خەلیفە سوڵتان عبدالحمید هەموو كەس وكاری دەگرێت ونەفییان دەكات بۆ تەڕابلوس پایتەختی لیبیای ئێستا، و چۆن هەتا هاتنی حكومەتی ئیتیحاد وتەڕەقی یش سەرەڕای ئازاد كردنی بوڵغار وئەرمەن و هەموو ڕەگەزەكانی تر، هێشتا ماڵباتی بەدرخان لە زیندان دەهێڵنەوە بۆ هەڤدە مانگ زیاتر! ل٣٩
دوای گەڕانەوەی بۆ توركیا دەڵێ هەستم بەوە كرد كە ژیانمان لە مەترسیدایە، بۆیە عەبدولڕەزاق بەدرخان ڕادەكات بۆ ڕووسیا و داوا دەكات ڕووسیا لێیگەڕێ بە هێمنی بژیت لە سەرزەمینیدا و خەریكی كار وباری خۆی بێت!

ئەوەی لای من گرنگە ئەوەیە عەبدولڕەزاق بەدرخان كە تۆمەتبار دەكرا بە پیاوی ڕووسیا، و هاوكاریكردنی سەربازی لەگەڵیدا، و سەرەڕای ئاسۆفراوانی و كرانەوەی بەسەر ئەرمەنەكان، بەڵام چۆن باسی ئەرمەنەكان دەكات؟! لەكاتێكدا كە ئەو ژینامەیەی لەناو دەسەڵاتی ڕووسەكان نووسیوە، زۆر ئازایانە باسی ڕووسەكان و ئەرمەنەكان دەكات، نەك وەك هەندێ سەركردەی ئاخیرزەمانی ماركسی وماوی كورد، كەشین بۆ مارشەمعونی ئاسووری دەگێڕێ، و سمكۆی شكاك دەداتە بەر نەفرەت بەوپەڕی بێ كەڕامەتی و دوور لە واقیعی مێژوویدا.

ئەرمەنەكان لەلایەن پیاوێك [عەبدولڕەزاق بەدرخان] كە لە یەك بەرەبوون لە دژی عوسمانییەكان بە جۆرێك باس دەكرێت دەزانیت كە ئەرمەنەكان فریشتە نەبوون وەك هەندێ فشنیر شەو و ڕۆژ بانگەشەی بۆ دەكەن! خەڵكانێكی دەمارگرژی دینی مەسیحی بوون، تا سەرئێسقان دڵڕەق و پڕ قەسوەت و موجریم بوون، هەندێ لە سەركردە چەتەكانیان شانازیان بە كوشتنی منداڵی سەر بێشكەش كردووە! تا ماندوو بوون كوشتاریان لە كورد وباقی نەتەوەكانیتر كردووە لە پەنا سوپای ڕووسەكان، هەتا زۆرجاران ڕووسەكانیشیان ئیحراج دەكرد بە تاوانەكانیان، هەرچەندە ڕووسەكانیش بە پاڵنەری دینی چاوپۆشیان لێ دەكردن.

١٣ سەرچاوە:
عبدالرزاق بدرخان [ السيرة الشخصية ] ترجمة دلاور زنكي، من اصدارات مجلة هافيبون – ١
الطبعة الاولى ١٩٩٩، المانيا – برلين

نامەوێ هیچیتر باس بکەم لێدەگەڕێین خودی عەبدولڕەزاق کوڕی میر بەدرخان مەزن بدوێ:
لە سەرەتادا دەڵێت من خاوەنی ئەو کتێبەم ناوم عەبدولڕەزاق کوڕی خوالێخۆشبوو نەجیب پاشام کوڕی نۆبەرەی باوکی میر بەدرخان [میری جزیرە وبۆتان]. من لە تەمەنی ٤٦ ساڵیم.
من زۆر ئەزیەتم دەخوارد کە دەمدیت حکومەتی تورکی بەتەواوی گەلی کوردیفەرامۆش کردوە، وگوێی پێ نادا وژیانی ئەوانی لا بێ ئەرزشە، هەرچەندە کورد میللەتێکی بە سروشت وریا و زیرەکە و حەزی بە مەدەنیەت و شارستانییە، و قابیلیەتی پێشکەوتن و باڵابوونی لە زۆر میللەتانیتر زیاتر تێدایە. لە منداڵییەوە باوەڕێك لە میشکم چەسپابوو کە ڕووسیا ئاواتی هەرە گەورەی ئێمەیە وخەونی میللەتی کورد تەنها لەسەر دەستی ڕووسیای نزیك لە ئێمە دێتە دی، نەك لەسەر دەستی کەسانیتر، بۆیەش من ئێستا لە [بەتلیسم].
ل ٤٠

عەبدولڕەزاق بەدرخان دەڵێت: بروسکەیەکم ناردرا بۆ وەزارەتی دەرەوە بۆ ئیمپراتۆری ڕووسیا کە من بۆیە لەگەڵ ئەوانم تا هەموو خزمەت وتواناياكم بەگەڕ بخەم بۆ تێکشکانی کۆت وبەندی تورکی و دامەزراندنی کوردستانی ئۆتۆنۆمی لە ژێر چاودێری رووسیدا. ل٤٣
لە جێگایەکیتر دەڵێت لە یەکەم ساتەوە بە هەموو بەرپرس وکەسایەتییە ڕووسەکانم گوتوە کە ئەو خزمەتانەی پێشکەشی دەکەم بە رووسیا تەنها لە پێناو پێشکەوتن و بەرزبوونی میللەتەکەمە،" ل ٥٩

ئەوە ئامانجی سەرەکی عەبدولڕەزاق بەدرخان بوو لە پەیوەندیدا لەگەل ڕووسیا، کە ڕزگارکردنی کوردستان بوو بەرەو سەربەخۆیی بە یارمەتی ڕووسیا.
عەبدولڕەزاق بەدرخان باسی ئامانجەکانی دەکات و لە نێویاندا دەڵێ: "دامەزراندنی ئەنجوومەنی هاوبەش لە نێوان کورد وئەرمەن بۆ نەهێشتنی هەر رق و بوغزێک و باشترکردنی نێوانیان و بلاوکردنەوەی خۆشەویستی وتەبایی." ل٦٠

لە ل ٧٤ دەڵێت: "کە هەواڵی گەیشتنی [دیرۆ]م بە کیفیر شامان پێگەیشت لەگەڵ ٣٠٠ چەکداری، کوردەکانی ئەوێم دلنیا کردەوە کە هیچ ترسیکی نییە، وهۆکارێکیش نییە بۆ ترسان وەك من وامدەزانی، بەڵام کاتێ مەلای گوند بەرەو پێشوازیان چوو وەك کاوڕ سەریان بڕی، ودوایی بە نێزەی چەکەکانیان هەشت خێزانی کوردیان بە گەورە وبچووکەوە کوشتبوو. دیرۆ فەرماندەی گشتی هێزەکانی ئەرمەن بوو خۆبەخشانە بەژداری شەڕەکانی دەکرد!

لە ل ٧٥ دەڵێت: جارێکیان ئەفسەرێکی ڕووسی لەگەڵ وەرگێڕەکەی هاتنە لام بۆ وتوێژ دەربارەی چەك، لە کاتی گفتوگۆکاندا وەرگێڕەکە خۆی لە وتووێژەکان هەڵدەقورتاند! کاتێ پێیم گووت تۆ هەقی خۆ تێ هەڵقورتاندنت نییە، دەمانچەکەی راکیشا بە ڕووم و هەڕەشەی لێکردم، و گووتی من ئەفسەرێکی ژەنەڕال [شتابی]م لە سوپای ئەرمەنی!
تۆ بروانە درندەیی تا ئەو حەدە، وەرگێڕێك دەمانچە لە سەرکردەی گەلێك ڕاکێشێ بەبەرچاوی ڕووسەکان، دەبێ ئەو چەتە چەکدارانە چۆن مامەڵەی کوردە ئاساییەکانیان کردبێ؟!

# ئەرمەن نوسخەی مەسیحی داعش

## بەشی دووەم

لەو بەشە بۆت دەردەکەوێ کە ئەرمەنەکان هەتا بەرامبەر ئەو کوردانەش باش نەبوون کە بە دڵ وبەگیان پاراستنیان لێدەکردن لە دژی تورك. لە چەندین شوێن ئەوە ڕوویداوە پاش ئەوەی کورد ئەرمەنی پاراستوە لە مەترسی، لە یەکەم فورسەتدا ئەرمەنەکان دەستیان کردوە بە کوشتنی کوردەکان! ئەرمەنەکان لەناو سوپای ڕووسی کە هەموو وەرگێڕەکانیان لەوان بوون، هەمیشە دڵی بەرپرسە گەورەکانی سوپایان کرمی دەکرد لە دژی عەبدولڕەزاق بەدرخان و کورد بە گشتی! هەتا بە درۆ وهەڵبەستن چەندین گوندی بێوەی کوردیان دایە بەر تۆپی ڕووسی .عەبدولڕەزاق بەدرخان دەڵێ بەرپرسە گەورەکانی سوپای ڕووسی هەموویان زۆر پەستبوون لەو درۆ هەڵبەستنە و بوهتانەنەی ئەرمەنەکان لە دژی کورد هەڵیان دەبەستن، کە ئەوانیان خستۆتە هەڵەی گەورەوە.

لە هەمووی قێزەونتر ئەرمەنەکان وەك داعش لە زۆر لەو غەدرانەی دەیانکرد لە دژی خەڵکی کوردی مەدەنی وبێ چەك، پاش قەتل وعام وتالانی سامانیان کۆمەڵێ کچ وژنی کوردیان وەك سەبایا و جاریە دەبرد لەگەڵ خۆیان! ئێستا دەبێ باشتر تێبگەین بۆ هەندێ لە کوردەکان وا داخدار ببوون لە ئەرمەنەکان، چونکە چەتە ئەرمەنەکان هیچ تاوانێك نەمابوو ئەنجامی نەدەن لە دژی ئەو کوردانەی کە دژی دەوڵەتی تورکیش بوون، ئەی دەبێ چۆن بووبن بەرامبەر ئەوانەی لەگەڵ دەوڵەت بوون؟! هەتا کاتێ پێنج لە ئاغاکانی سەر بە سوارەی حەمیدییە ڕادەکەنە لای بەرەی ڕووسەکان، لە جیاتی ڕێزگرتنیان بە تەحریزی چەتە ئەرمەنەکان، ڕووسەکان ئەوپەڕی سوکایەتیان پێدەکەن!

# وەفا و ڕەوشتی کورد و غەدری ئەرمەن!

با بێینە سەر گێڕانەوەکان: "بەر لە چەند ڕۆژێك بەر لە دەرچوونی یەکەمی کۆلۆنێل [نالکییف] بۆ داگیرکردنی [باشکالی] کورد نەك هیچ خراپەیەکیان دەرهەق بە ئەرمەن نەبوو، بەڵکوبەرگریان لێکردن بە گیان و ڕوحی خۆیان، کاتێ هێرشیان کرایە سەر لەلایەن چەتە وڕێگر ودزی تورك بۆ تاڵانکردنی مولک وسامانیان.

بەڵام پاش داگیرکردنی [باشکالی] ئەرمەنەکان هێرشیان کردە سەر هەندی لە ماڵەکانی کورد تاڵانیان کردن و چەندین تاوانی کوشتنیشیان ئەنجام دا، بەڵام کە تورکەکان سەرلەنوێ خاکەکەیان داگیرکردەوە، و کۆنتڕۆڵی شارەکەیان کردەوە کوردەکان تۆڵەیان سەندەوە لە ئەرمەن بە تاڵان وکوشتنیان، ناچاربوون ڕایان کردە ڕووسیا.

بڕوانە لە کاتێکدا ئەرمەنەکان دەستیان لەو کوردانەش نەدەپاراست کە شەڕی مان ونەمانیان بۆ پاراستنی ئەرمەنەکان کردبوو، کەچی عەبدولڕەزاق بەدرخان پاش ئەو هەوڵەی کوشتنی خۆی وسمکۆش لە ڕێگای دەرچوونی لە خوی بۆ زیفی تووشی ژمارەیەکی زۆری خێزانە ئەرمەنی وئاسووریەکان دەبێ، کە لە ورمێ وسەلماس رایان کردبوو بەرەو ڕووسیا ڤۆلگا دەچوون، ئەوان شپرزە و تۆقیو بوون، هەر لەو ناوەش چەتە ئەرمەنەکان دەیان گووندی فارسەکانیان سوتاندبوو گڕ و دووکەڵیان دیار بوو، بەڵام نەك عەبدولڕەزاق بەدرخان هیچ کارێکی خراپی دەرهەقیان نەکرد بەڵکو یارمەتیشی دان. ل٨٧-٨٨

هەر دوای ئەوە عەبدولڕەزاق بەدرخان دەڵێ ":لە ڕیگادا پیاو و ژن و منداڵی ئەرمەنیمان دەدیت کە ڕایان کردبوو لە قەسابخانەی گووندی [خۆریک] بۆ ڕزگارکردنی گیانیان. منیش یارمەتیم دان و زگم پێ سوتانەوە ئاژەڵم بۆ پەیدا کردن تا سواری بن بگەن بە شاری بیبێژك بە یاوەری سوارچاکەکانی خۆم. هەڕەشەی توونديشم لە کوردی ناوچەکە کرد کە نابێ هیچ کارێکی خراپ دژی ئەرمەن بکەن و زیانیان پێ بگەینن. ئەو کارەش سەرنجی قەشەکانی بیبێژك ی ڕاکێشا بوو، بۆیە نامەی سوپاسگوزاریان بۆ نووسیم " .ل٨٨-٨٩

"بە زەحمەتێکی زۆرەوە لە شاری وان دەرچووین و گەیشتینە ئاڤزین لە ناوچەی کوروندەشت. لەوێ لە هەندێ سەربازی ئەرمەنمان زانی کە پیاوانی دینی ئەو ناوچانە پشتگیری ئەرمەنەکانیان کردبوو و ڕزگاریان کردبوون لە قەسابخانە، بۆیە سوپاسیان دەکەن. وەك پێزانینێك ئەرمەنی نیشتەجێی ناوچەکە پەیمانیان بە کوردانی نیشتەجێی ناوچەکە دابوو کە پشتیان بگرن ونەهێڵن رووسەکان دەستدرێژیان بکەنە سەر، زۆریان لێکردبوون کە ناوچەکە بەجێ نەهێڵن. کوردەکان

باوەڕیان بە پەیمانەکانیان کردبوو و لە ماڵ وشوێنی خۆیان مابوونەوە. بەڵام کە چەتە لۆکاڵییە ئەرمەنییەکانی ناوخۆ گەیشتبونە ناوچەی کورونده‌شت، گوێیان بە تکا ورجای برایانیان لە ئەرمەنەکان نەدابوو بە تووندترین شێوە دەستیان کردە کوشتنی کوردەکان .سەربازەکان ماڵێکیان نیشان دام کە ٦٠ لاشەی مردووی لێبوو، لە گوندێکیتر ٨٠٠ لاشەی لێبوو. هەندێ لە لەو کوردانەی کە لە ژێر فەرماندەیی من دابوون چوون لاشەکانیان ناشت بەپێی رێ وشوێنە ئاینیەکان." ل-١٠٦-١٠٧١٠٧

# ئەرمەنەکان نوسخەی مەسیحی داعش بوون!

عەبدولڕەزاق بەدرخان لە چەندین شوێن بە حەسرەتەوە باسی دەستدرێژی سێکسی و بردنی ژن و کچی کورد وەك کەنیزەک وسەبایا لەلایەن ئەرمەنەکان دەکات. نازانم ئەو مەسیحیانە چۆن فێری ئەو ڕەوشتە نزمە ببوون، لە کاتێکدا ئەگەر موسڵمانیش بان دەمانگووت ڕەنگە لەژێر کاریگەری توراس وکلتوری فیقهی ئیسلامی فێربووبن !

داعشبوونی ئەرمەنەکان هەر لە بردنی ئافرەتی کورد بە کەنیزەك دەرناکەوێت، بەڵکو لە کۆی رەفتار وکار وبیری چەپەڵ و دڕەندەیان دەردەکەوێت. لە سەربڕینی خەلکی کوردی بێ تاوان و لە کوشتنی منداڵ وپیری بێ تاوان و لە تالان ودزی و بە بێ نرخ تەماشاکردنی گیانی مرۆڤ دەردەکەوێت. هێندە توێنووی خوێن بوون هەتا دەستیان لەو کوردانەش نەدەپاراست کە هەزاران ئەرمەنیان لە مردن ڕزگار کردبوو! من دڵنیام لە توندوتیژی داعشیشیان تێپەڕاندبوو چونکە لە ژێر دنەدانی قەشە وپیاوانی دەمارگرژی ئاینی بوون و پشتیان بەهێز بوو بە ڕووسیا، وایاندەزانی رووسیا تا هەتاهەتایی ڕزگاریان دەکات ودەیانپارێزێت، ئەوەش ئەوپەڕی کورتبینی وبێ عەقلی سەرکردە دەمارگرژە ئاینییەکانیان بوو، بۆیە من لە کۆڕێک ڕوو بە ڕوو ڕەخنەم لە ئەرمەنەکان وسەرکردەکانیان گرت کە چۆن ئەو گەلە بچوکەیان لە چاو تورك و کورد دووچاری ئەو دوژمنایەتیە گەورەیە کرد!

عەبدولڕەزاق بەدرخان دەڵێت: "لە گوندی چوبوکلۆ ڕۆیشتین بەرەو گوندی مەلا حەسەنی .چیاکان بەرامبەرمان بوون بەڵام دیمان ٢٠٠٠ خێزانی کورد بارگەیان لەو ناوە خستبوو، کە لە گوندەکانیان ڕایان کردبوو. کە هەواڵی گەیشتنم بەوێ پێیان گەیشتبوو سەد نەفەریان هاتن بۆ لام گووتیان کە ژەنەڕاڵ ترۆخین لەو ناوە بوو نامەیەکی بۆ نووسین کە ئەوانە بێ تاوانن نابێ کەس بە خراپ دەستیان بۆ درێژکات. ئینجا چەکەکانیان لێیان داماڵیبوون. کە ژەنەڕاڵ لەوێ ڕۆیشتبوو، ئەرمەنەکان هێرشیان کردبوونە سەر وبەناچاری ڕایان کردبوو لە گوندەکانیان .٢٧ کچ وژن لە ماڵباتە خانەدانەکان خۆیان کوشت بە خۆ هەڵدانە دۆڵێك پاش ئەوەی دەستدرێژی سێکسیان کرابوە سەر...لە گوندی میندان کاتێ ئەرمەنی هەمان گوند هێرشیان کردبوە سەر ماڵی ئەیوب بەگ ژنەکانیان بە کەنیزەک بردبوون، پیاوەکان و خزمەتکارەکانیشیان کوشتبوون، کەسیان نەهێشتبوەوە، هەموومولک و سامانیانیس تاڵان کردبوون ".ل١٠٢ و ١٠٣

لەلایەکیتر مورتەزەقە و چەتە خۆبەخشەکانی ئەرمەن کاتێ ئامادەکاریان دەکرد بۆ دەرچوون لە لە [کوتور] ٢٧٠ کەسیان لە خەڵکی کورد کوشت لە مناڵ و ژن، مەڕ وماڵاتیان و مولکیان تاڵان کردن، هەتا چەندین کچیان [وەک کەنیزەك] بە پێشەخۆیان دادان. ئەوەی هەواڵی ئەو قەسابخانە و تاوانانەیان پێدام هەندێ لەوانە بوون کە بە چاوی خۆیان بینی بوویان وەك:هۆرکێل حاکمی کاراباخ و باروجیك ئیڤانۆڤ [لە تیمی سەربازی پێنجەمی ڕووسی] و کابتن بلاتونۆف لە تیمی هەشتەم و خەڵکانیتریش ...ئینجا ئاگریان لە خانوو و کەلوپولەکانی گوندەکە بەردا بوو و بۆی دەرچوو بوون." ل ٨٢-٨٣ ئەرمەن لە گێڕانەوەی عبدالرزاق بەدرخان دا!

# بەشی سێیەم

## هەوڵی کوشتنی عەبدولڕەزاق بەدرخان!

هەموو لاپەڕەیەکی ئەو کتێبەی عەبدولڕەزاق بەدرخان ئاماژەیەکی ڕاشکاو و ناڕاشکاوی تێدایە بۆ ئەو سەرئێشانەی ئەرمەن دروستیان دەکرد بۆ تێکڕای کورد، وەهەتا ئەو کوردانەی وەك عەبدولڕەزاق بەدرخان و پیاوەکانی لە یەك بەرە شەڕیان دەکرد لە دژی یەك دوژمنی هاوبەش! ئەو دەستدرێژیانەی ئەرمەن گەیشتە ئەو ڕادەیەی مەترسی لەسەر ژیانی خودی عەبدولڕەزاق بەدرخانیش دروست بکەن و بە موعجیزە ڕزگاری بێت لە ئاگربارانی چەتە ئەرمەن و سەربازە ڕووسەکان!

عەبدولڕەزاق بەدرخان بەدرێژی باسی ڕوداوێکی چەتە ئەرمەنییەکان دەکات و دەڵێت: "جارێکیتر کاتێ پیاوەکانم بە ئەرکی پاسەوانی خۆیان هەڵدەستان، پێیان گووتم ئەرمەنە خۆبەخشەکانی بەرەی جەنگ هەوڵی دزینی ئەسپەکانمانیان دا. یەکسەر پەیوەندیم کرد بە ژەنەراڵ چیرنۆزۆبۆف ئەو دەستدرێژیانەم پێی ڕاگەیاند، و تکام لێکرد سنورێکی بۆ دابنێ. پاسەوانەکان سێ بوون دوویان دوایان کەوتن، سێیەمیان لە پاسەوانی مایەوە، شەڕەکە لە نزیک قوتابخانەکە دەستی پێکرد، سەربازە ڕووسەکان پشتگیری چەتە ئەرمەنیەکانیان کرد، ویەکێ لە پاسەوانەکانیان کوشتم ناوی [عەلۆ] بوو، ئەوەی تریان سەرباز وچەتەکان دوای کەوتن ئەویش بەرەو قوتابخانەکە هات کە بارەگای ئێمە بوو.
لەو کاتانەدا چەتە خۆبەخشەکانی ئەرمەن چوار ئەسپیتریان لێ دزین. کاتێ پاسەوانەکە گەیشتە قوتابخانەکە، پەنای بردە بەرمان و گووتی سەربازە ڕووسەکان وئەرمەنەکان بەدواوەمن بۆ ئێرە و هەوڵی لەناوبردنی هەموومان دەدەن. یەکسەر پێنج تفەنگ بە دەست ڕایان کردە دەروازەی قوتابخانەکە بۆ پاراستنی دەرگای قوتابخانەکە، لەو کاتەدا شەڕە گوللە دەستی پێکرد.
کابتن بلاتونۆف کە دەمناسی، لە نزیك شوێنەکەی ئێمە سەربازگەی داخستبوو کاتێ گوێی لە دەنگی تەقە ببوو، نەیدەزانی من لە قوتابخانەکەم کە وەك بارەگا بەکارم دەهێنا، فەرمانی بە سەربازەکانی کردبوو بچنە سەر بانەکانەوە و گوللە بارانمان بکەن، بە قەزیفەش لێیان دەداین لە پەنجەرەکانەوە. بۆ پاراستنی جەستەمان لە ئاگر پەنامان بۆ ئەو دیوارانەی نێوان پەنجەرەکان دەبرد، ئینجا فەرمانم بە پیاوەکانم کرد تەقە نەکەن بەڵکو دڵیان کەمێ داکەتبێت ئەوانیش ڕاوەستن. بەڵام تەقە وئاگر بەردەوام بوو.

لە هەوڵێکی نائومێدانە نزیك بوومەوە لە پەنجەرەیەك دەستم دەرهێنا بە دەسەسڕەکەم ئاماژەم بۆ دەکردن و هەندێ وشەی ڕووسیش کە دەمزانین بە دەنگی بەرز دەگووتەوە. ویستم تێیان گەیەنم کە ئێمە دوژمن نین، داوام لێکردن ئەفسەرەکەیان بانگ بکەن. بەڵام گوللە بارانیان بەردەوام بوو بێ ئەوەی بەرم کەون. سەربازەکان جنێویان پێ دەدام و دەیانگووت وەرە دەرەوە.

منیش بە ناچاری دەرچووم بۆ هەیوانەکە، کاتێ منیان دیت جلی ئەورووپیم لەبەرە، هیچیتر تەقەیان نەکرد و چەکیان کردین. لەو کاتەدا گوێمان لە دەرگا لێدان بوو کاتێ کردمانەوە دیتم بردەرێکی ڕووسیم بوو [بارۆژیک فیتالیس]. کە منی ناسیەوە فەرمانی کرد بە وەستانی هەموو شتێك.

لە ئێوارە کاتێ چووم بۆ سەردانی ژەنەراڵ چیرنۆزۆبۆف، زۆر شەرمەزار بوو لەوەی ڕوویدا بوو. پەیمانی پێدام بە دەرکردنی فەرمانێك بۆ لە سێدارەدانی ئەو ئەرمەنانەی تێوەگلابوون لەو ڕووداوە و گەڕاندنەوەی ئەو ئەسپانەی کە دزیبوویان..." ل٨٤-٨٥
هەتا سمکۆی شکاک کە هیچ کێشەیەکی لەگەڵ ئەرمەن نەبوو لە دەستدرێژی ئەرمەنەکان ڕزگاری نەبوو. ئەو سمکۆیەی شوهرەتی ئازایی وبەهێزی هەتا دەوڵەتەکانی نیگەران کردبوو، کەچی ئەرمەن لەبەر بوغرابوون بە پاڵپشتی ڕووسەکان، بەبێ هۆ تەنها لەبەر ڕقیان لە کورد ئەویشیان کردە دوژمنی خۆیان! عەبدولڕەزاق بەدرخان دەگێڕێتەوە: " سمکۆ [ی شکاک] ئەو کاتە لە شاری [خوی] بوو، ژەنەراڵ ڕێگای پێدا بە کۆچکردن بەرەو ڕووسیا بە خێزان و پیاو و موڵک وسامانیەوە، کە لە خوی دەرکەوتبوو ئەرمەنەکان دابوویانە بەر دەسترێژی گوللەکانیان. لەپاش ڕووداوەکەی قوتابخانەکە دەنگۆی کوژرانی من و سمکۆ بە دەستی ئەرمەنەکان بڵاوبوبوەوە." ل ٨٧

# ئەرمەن کوردە داماوەکان تێوەدەگلێنن!

عەبدولڕەزاق بەدرخان لەبارەی خەباسەتی وەرگێڕ وچەتە ئەرمەنیەکانەوە دەڵێت: "گوندە کوردیەکان بە دەنگی تۆپ بارانی ئەرمەنەکان بە خەبەر هاتن، هەندێ کەس لە چیای ئاراراتەوە گوللەیان لە سەربازە رووسەکان دەگرت، هەر ڕووداوێکی تەقەکردن ڕوویاندابایە، وەرگێڕە ئەرمەنەکان ڕۆڵێکی خراپیان دەبینی بۆ تاوانبارکردنی خەڵکی گووندنشینی بەدبەختی کورد کە هیچ تاوانێکیان نەبوو، هەموویان لە ژێر دەسەڵاتی سەربازی ڕووسی بوون. زۆربەی ئەفسەرە ڕووسەکان ڕەخنەیان لە ئەرمەن دەگرت زۆر زیاتر لە کورد، چونکە بە ئەزموون بۆیان دەرکەوتبوو کە ئەرمەن درۆزن و و بوهتانچین، بۆیە من هەمیشە پێشنیارم بۆ دەکردن کە ئەفسەرەکان وەرگێڕەکانیان لە نێو کوردی سونەیی یەریڤان و قارس هەڵبژێرن. لە ڕاستیدا پێشنیاری منیان قبوڵ بوو بەڵام بە کردار جێبەجێیان نەدەکرد." ل٩٠

سەرەڕای ئەو غەدر وخیانەت و داعشیەتەی ئەرمەنیش هێشتا دڵی کوردانەی عەبدولڕەزاق بەدرخان هێشتا لە هەموو هەلێکدا ئەوپەڕی جوامێری دەنوێنێت بەرامبەر ئەرمەنەکاندا.
ئینجا عەبدولڕەزاق بەدرخان باسی چەتەیەکی ناوداری ئەرمەن دەکات و دەڵێت: لاتۆ کە شۆڕشگێڕێکی ئەرمەنی ناودارە ویستی بەسەر گوندی [بێداری] لە گوندەکانی بەرواریەکان دابدا، خۆی و بیست و حەوت لە پیاوەکانی بە دەستی کوردەکان کوژران. کوردەکان باقی چەتە ئەرمەنیەکانیان ڕاونابوون هەتا شاری موکس و سێ گوندیان سوتاندبوون.

دوایی عەبدولڕەزاق بەدرخان دیسان باسی هەڵوێستێکی پڕ لە جوامێری کوردانەی خۆی دەکات بەرامبەر ئەرمەن، ودەڵێت: بەرلەوەی بگەڕێمەوە بۆتان، بە ڕەسمی بڕیاردرا کە سوپای ڕووسی لە وان دەکشێنەوە، کاتێ خەڵک گوێی لەو هەواڵە بوو شارەکەیان جێدەهێشت ورایان دەکرد ، ئەو کاتە ٢٧ ئەسپم لابوو هەموویم بەخشیە ماڵباتە ئەرمەنی و کلدانییەکان و خۆشم لەگەڵ کۆچبەران کۆچم کرد." ل١١٤- ١١٥

سەیرم بەوە دێت بەڕێز کەمال مەزهەر لە کتێبی کردستان في سنوات الحرب العالمیة الأولی- ل٢٤٧ دا دەڵێت ئەرمەنەکان لە کورد زۆر پێشکەوتوتر بوون! چەند لێکدانەوەیەکی کرچی مارکسی دەکات بۆ سەلماندنی ئەو پێشکەوتنەی ئەرمەن! بەڵام بەڕای من ئاستی پێشکەوتنی هەر گەلێك دەبێت لە بیر وکردار و کاردانەوەی ئەو میللەتە ڕەنگ بداتەوە. دەبێت لە ئاستی شارستانی و ڕۆشنبیری و لێبوردەیی و مرۆڤایەتی ڕەنگبداتەوە. لە هەمووش گرنگتر ئاستی ژیری ئەو گەلە ڕەنگبداتەوە.

دەبێ چ ژیری و پێشکەوتنێك لە تێکڕای ڕەفتار وکرداری ئەرمەن لەو سەردەمەدا بەدیبکرێت؟! بێیت لەبەر هەڵەی چەند سوارەیەکی حەمیدی و دەرەبەگ و سەرۆک هۆزی کورد، هێرش بکەیتە سەر هەموو کورد و بەوپەڕی قەسوەتەوە بیانکوژیت، هەتا دەست لە دۆستەکانی خۆشت نەپارێزیت؟!
بابڵێین دەرەبەگی کورد کاتی خۆی بە دنەدانی دەوڵەتی تورك، ستەمی زۆری لە جوتیاری ئەرمەن کربوو، بەڕاستیش ستەمیان زۆر کردبوو، بۆیە ئەرمەن ئەو ڕق وقینەیان هەبوو، بەڵام خۆ هەمان ستەم دەکرا دژی جوتیاری کوردی موسڵمان، وەك لە بەڵگەنامە ئەرمەنیەکانیش هاتوە لە کتێبەکەی کەمال مەزهەر.

بۆ دەبێ ئەو ڕق وقینە ئاڕاستەی هەموو کورد بکرێ، بەو کوردە هەژارانەوەش کە وەک هەژاری ئەرمەن دەچەوسێندرایەوە و ستەمیان لێدەکرا؟! بۆ دەبێ سەدان هەزار جوتیار و خێزانە هەژارەکانیان بکوژیت، و مەڕو ماڵاتیان بە تاڵان ببەیت و ئاگر لە ماڵیان بەردەیت، لەبەر ستەمی دەرەبەگ و خاوەن زەوییە نامرۆڤەکان؟! بابڵێین بەشێك لە کورد دواکەوتوو بوو پیلانەکەی بەسەردا تێپەڕی، بەڵام ئەرمەن کە گوایە پێشکەوتووتر بوون لە کورد بۆ پیلانەکەیان بەسەر تێپەڕی؟!

کەمال مەزهەر دەڵێ ئەرمەنەکان پێش ئەمریکاش ڕۆژنامەیان دەرکردوە، باشە ئەگەر وا بلیمەتن بۆ ئاگاداری ئەو پیلانە دەوڵەتی ونێودەوڵەتیە نەبوون بۆ تێکبەردانی ئەرمەن و کورد وتێکدانی پەیوەندییە مێژووییە باشەکەیان لەلایەن دەوڵەتی تورك و ئەڵمانیا و بەریتانیا و نێردە مەسیحییە تەبشیرییەکان!

لە کاتێکدا شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ڕابەری شۆڕشی ١٨٨٠ دەڵێ: "تورکەکان دەیانەوێ ئێمەی کورد بەکاربهێنن تەنها بۆ چەوساندنەوەی برا مەسیحیەکانمان، کە مەسیحییەکانان لەناوبرد، ئینجا نۆرەی ئێمە دێ بۆ چەوساندنەوە"
بە بۆنەی کەمال مەزهەر و کتێبە بەناوبانگەکەی لە وتاری داهاتووم هەڵسەنگاندنێک بۆ بەشێکی کتێبەکە کە تایبەتە بە کوشتاری ئەرمەن دەکەین، دەردەکەوێت کە چۆن نا هاوسەنگ نووسراوە و پڕیەتی لە چەواشەکاری.

٢٠٢٠/٥/٢

# کەمال مەزهەر و فەرامۆشکردنی خوێنی ڕژاوی کورد!
# کتێبی: کوردستان لە ساڵانی جەنگی جیهانی یەکەمدا

## بەشی یەک لە دوو

بێگومان کتێبەکەی کەمال مەزهەر [کوردستان لە ساڵانی جەنگی جیهانی یەکەمدا] نرخی خۆی هەیە لە باسی کێشەی کورد وئەرمەن، بەڵام زۆر سۆڤیەتیانە نووسراوە و کورد تیایدا هەمیشە لە هەڵوێستی بەرگری و تاوانباری دایە، هەرچەندە لە کۆتایی باسی هەندێ هەڵوێستی جوامێرانەی کورد دەکات لە ڕزگارکردنی ئەرمەن لە مەرگ. ئەو کتێبە بۆ خوێنەرێك بە چاوێکی تیژی ڕەخنەییەوە بیخوێنێتەوە زۆر بە سوودە، بەڵام بۆ خوێنەرێکی ئاسایی زۆر زیانبەخشیشە. چونکە هەست دەکەیت نووسەر سنورێکی بۆ دانراوە، یان بۆ خۆی دایناوە ناوێرێ لێی تێپەڕێ. کتێبەکە پاش خوێندنەوەی خوێنەری کوردی ئاسایی دەگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی کە کورد میللەتێکی دەستدرێژیکەر ودز و تاڵانچین، بێ هۆ کوشتاری ئەرمەنەکانیان کردوە، دەبێت تا ماوە ئارەقەی شەرمەزاری بڕژێنێت وهەر داوای لێبوردن بکات لە ئەرمەنەکان، و لە چاکترین حالەتدا پاسا وبیانوویان بۆ بهێنێتەوە. بۆیەش دەبینی زۆرینەی چینی خوێندەواری کورد بە ڕوانگەی ئەو کتێبە سۆڤیەتی میزاجە هەڵوێست وەردەگرێت لەو دۆزە هەستیارە.

## هۆکارەکانی دژایەتی ئەرمەن و کورد
## جیاوازی دین

کەمال مەزهەر کە باسی هۆکاری ناکۆکی نێوان کورد وئەرمەن دەکات دەڵێ دین یەکێك بوو لەو هۆکارانەی ناکۆکی دەخستە نێوان هەردوو گەلەکە. ئەوە ڕاستە چونکە دین لەناو خودی خۆیدا ناکۆکی دروست دەکات لە نێوان مەزهەبەکانی خۆی، زۆرجار دەگاتە دوژمنایەتی وخوێنڕژتن، ئەی چۆن ناکۆکی لەگەڵ دینەکانیتر دروست ناکات؟! زۆر لە دینداری کورد و ئەرمەن بە پاڵنەری ڕقی دینی یەکتریان دەکوشت.

ئێستا خەڵک هەیە ئەردۆگان بە خەلیفە دەبینێ، دەبێ لەو سەردەمەی دواکەوتنەدا هەندێ دەروێش و دێوانەی کورد چۆن خەلیفەی عوسمانیان تەقدیس کردبێ، بە تایبەتی سوڵتان عەبدولحەمید کە لە ئەردۆگان زۆر فێڵبازتر وخەبیستر بوو بۆ یاریکردن بە هەست و سۆزی دینی خەلک بە خراپترین شێوە .

جگە لەوەش پیاوانی دینی ئەرمەن هەمیشە لە ڕیزی یەکەمی توندڕەوان بوون، هەمیشە سەرکردایەتی هەموو جموجۆڵێکی سیاسی و نەتەوەییان دەکرد. قەشە و ماشە ئەرمەنییەکان ڕۆڵێکی زۆر نێگەتیڤیان هەبوو لەو هێرش و قەسابخانانەی ئەرمەن کە دژی کورد و موسڵمانانی تریان ئەنجامیان دەدا. ئینجا پیاوانی کەنیسەی ئەرمەنی ڕۆڵێکی زۆر قێزەونیان هەبوو لە بەدناوکردنی کورد لە ئەوروپا و جیهان، وڵات بە وڵات و شار بە شار دەگەڕان بۆ باسی خراپی کورد کردن و هەتا خەلیفە و تورکیان لە بیرچوبوەوە!

## پێشکەوتوویی ئەرمەن و دواکەوتوویی کورد!

بەڕێز کەمال مەزهەر لە کردستان في سنوات الحرب العالمیة الأولی- ل٢٤٧، لە باسی هۆکارێکیتر دا دەڵێت ئەرمەنەکان لە کورد زۆر پێشکەوتوتر بوون، چونکە ئەوان پێش کورد قۆناغی بەندایەتیان بڕیبوو و گەیشتنە بازاڕی سەرمایەداری! من باسی ئەو لێکدانەوە مارکسیە کاڵ و کرچە ناکەم، بەڵام بەڕای من ئاستی پێشکەوتنی هەر گەلێك دەبێت لە بیر وکردار و کاردانەوەی ئەو میللەتە ڕەنگ بداتەوە .

دەبێت لە ئاستی شارستانی و ڕۆشنبیری و لێبوردەیی و مرۆڤایەتی ڕەنگبداتەوە. کورد سەرەڕای دواکەوتن وپەرتەوازەیشی هێشتا هەڵگری هەندێ سیفات بوون، کە پێشکەوتوترین گەلانی دنیا پێیان ناگەیشتن. بۆ نمونە لێبوردەیی و ڕەوشتی سوارچاکی جەنگاوەری ودەستپاراستن لە ئافرەت و منداڵ و پیر و هەتا پیاوی بێ چەك.

کورد هەرگیز ڕۆژێ وەك ئەرمەن نەچوونەتە گوندێکی ئەرمەن یان تورك یان عەرەب یان فارس ژن و منداڵی سی ساڵە تا ١٢ ساڵە وپیرەمێرد بە جیا لە ژورێك کەن و بە زیندوویی ئاگریان تێپەردەن، کە ئەو کارە چەپەڵە سەدان جار لەسەر دەستی چەتە ئەرمەنە دەمارگرژەکان دووبارە بۆتەوە. چەکداری کورد قەت زگی ئافرەتی سکپڕیان هەڵنەزڕاندوە هەر بۆ گرەوکردن لەگەڵ هاوڕێیەکەی بزانن کوڕی لە زگدایە یان کچ! کە دۆکیومێنتەکان دەڵێن ئەو یاریە وەك پشووی جەنگاوەرە ئەرمەنیەکان بوو لە هەر شوێنێك دەستیان پێی گەیشتبا، هەتا سەربازە ڕووسەکانیشیان فێرکردبوو.

یاریەکیتر پیرەژن و پیرەمێردەکانیان دەکردە نیشانە! هەزاران فەزائیعی تر کە مرۆڤ قێزی لە مرۆڤایەتی خۆی دەبێتەوە کاتێ دەیبیستێ وەك بڕینی مەمکی ئافرەتانی هەموو گوندەکە و بڕینی ئەندامی نێرینەی منداڵی کورد لە ٣ ساڵی بەسەرەوە وشتیتریش ناتوانم بیڵێم!.
هۆکاری ڕقی ئەستووری ئەرمەن!

کاتێ ئەرمەن وەک گەلێکی بچوك و مەسیحی ڕیسك دەکات بە دنەدانی پیاوانی کەنیسە ولە هەموو شەڕەکانی ڕووسیا و دەوڵەتی عوسمانی بە چەك وتفاق و زانیاری و چاوساغیەوە دەداتە پاڵ ڕووسیا، و ڕووسیاش لەو زنجیرە شەڕانە سەرکەوتوو دەبێت، چۆن دەوڵەتێکی گەورەی وەك عوسمانی کە تورکێك حوکمی دەکات تۆڵەی خۆی ناستێنێ لێیان؟!

کوشتارەکانی سوڵتان عەبدولحەمید لە ئەرمەنەکان هەمووی لە تۆڵەی ئەو دانەپاڵەی ئەرمەنەکان بۆ ڕووسیا، و خەلیفەی تورك چەند دەرەبەگی دەبەنگ وچڵێس و مشەخۆری کوردیشیان بەکار دەهێنا و تێوەدەگلاند لەو کوشتارانە، بۆ ئەوەی کورد وئەرمەن قەت تەبا نەبن، بەڵام ئەوەش لەبیر نەکەین بەر لەو مێژووە ئەرمەنەکان ببوونە پیاوی خەلیفە لە دژی کورد جەنگان بۆ ڕوخاندنی ئیماراتە نیمچە سەربەخۆکانی کورد، سەرەڕای ئەوەی هیچ کێشەیەکی ئەوتۆ نەبوو لە نێوانی ئەوان و کورد!

بابڵێین دەرەبەگی کورد کاتی خۆی بە دنەدانی دەوڵەتی تورك، ستەمی زۆری لە جوتیاری ئەرمەن کربوو، بەڕاستیش ستەمیان زۆر کردبوو، بۆیە ئەرمەن ئەو ڕق وقینەیان هەبوو، بەڵام خۆ هەمان ستەم دەکرا دژی جوتیاری کوردی موسڵمان، وەك لە بەڵگەنامە ئەرمەنیەکانیش هاتوە لە کتێبەکەی کەمال مەزهەر. بۆ دەبێ ئەو ڕق وقینە ئاڕاستەی هەموو کورد بکرێ، بەو کوردە هەژارانەوەش کە وەک هەژاری ئەرمەن دەچەوسێندرایەوە و ستەمیان لێدەکرا؟ !

بۆ دەبێ سەدان هەزار جوتیار و خێزانە هەژارەکانیان بکوژیت، و مەڕو ماڵاتیان بە تاڵان ببەیت و ئاگر لە ماڵیان بەردەیت، لەبەر ستەمی دەرەبەگ و خاوەن زەوییە نامرۆڤەکان؟! کورد سەدان هەزار سەربازی سەدامی کەوتە ژێردەستی، سەرباز نەک ئافرەت و منداڵ، بۆچی نەیانی کوشتن؟! جونکە دەیزانی ئەو سەربازانە بەزۆر هاتوون و نەوێراون ڕاکەن لە سەربازی !

بابڵێین کورد دواکەوتوو بوو پیلانەکەی بەسەردا تێپەڕی، بەڵام ئەرمەن کە پێشکەوتووتر بوون لە کورد وەک کەمال مەزهەر دەڵێ، بۆ دەبێ ئەرمەنەکان دەست لە هەژار و جوتیار وچەوساوەی کوردیش نەپارێزن کە ٩٥٪ زیاتر بوون، لەبەرخاتری ڕێژەیەکی کەمی دەرەبەگی نامرۆڤی کورد قەسابخانە بۆ هەموو هەژاری کورد دامەزرێنن؟! ئێمە چی لەو زیرەکی وپێشکەوتنە بکەین کە ئەرمەنەکان نەیانتوانی جیاوازی چەند دەرەبەگێك و تەواوی میللەتی هەژار و چەوساوەی دەستی دەوڵەت و دەرەبەگی کورد بکەن.

# ٢

## پیلانی لێکدانی کورد وئەرمەن کێ جێبەجێی کرد؟!

بەکارهێنانی کورد بۆ لێدانی ئەرمەن پیلانێکی دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی ئیتیحاد وتەرەقیش بوو لە پاش کودەتاکەیان لە ١٩٠٨. بەڵگەنامەی زۆریش هەیە لەو بارە هەتا لەو کتێبەی بەڕێز کەمال مەزهەریش هەندێکی باسکراوە. نەک هەر پیلانێکی دەوڵەتی تورك بوو، بەڵکو هەتا ئەڵمانیای مەسیحیش ئەو پێشنیارەی بۆ تورکەکان کردبوو بۆ لێدانی ئەرمەن بە کورد، لە دژی دانە پاڵی ئەرمەن بە ڕووسیا.

بەڵام دیسان دەڵێمەوە ئەوەی باشتر یارمەتی جێبەجێکردنی ئەو پیلانانەیان دا، هەڵوێستی نەزان و دڕندانەی ئەرمەنەکان بوو، کە بە کورترین ماوە توانیان هەموو کوردێك بکەنە دوژمنی خۆیان، پاش ئەنجامدانی هەزاران کوشت وکوشتار دژی ژن ومنداڵ وپیر و پیاوی کوردی بێ چەك، لە سایەی سوپای داگیرکەری ڕووسیا، هەتا کەمال مەزهەر ئاماژە بەوە دەکات کە وەفدی کوردی کە هاتبوون بۆ پێشوازی سوپای رووسی لە بایەزید، ئەرمەنەکان بەبەرچاوی رووسەکان هەموویان کوشتن! ئنجا باسی قەسابخانەی ڕواندوز دەکات لە حوزەیرانی ١٩١٦ بە دەستی ئەرمەن و مەسیحییە نەستوریەکان، لە ل٢٩٦-٢٩٨. دەڵێ پێنج هەزار ژن و منداڵ و پیاوی کوردیان کوشت، دوایی لە پەڕاوێزدا دەڵێ ئەو ژمارەیە زێدەڕۆیی لێکراوە ڕاست نییە!

بەداخەوە کەمال مەزهەری لە توێ وعەرزی کتێبەکەی تەنها لە چەند لاپەڕەیەك بە شەرمنی باسی کوژراوەکانی کورد دەکات نەک باسی تاوانەکانی ئەرمەن، خۆزگە ئەویشی باس نەکردبا چونکە بە خراپ دەشکێنەوە سەر کورد! دەڵێ لەکاتی قەسابخانەی یەکەم لە ناوچەیەك ١٠٠ کورد کوژران بەهۆی بەرگری نەبەردانەی ئەرمەن لە خۆیان، یانی کورد تەعەداکەر و هێرشکەربوون! دوایی دەڵێ لە دیاربەکر ١٩٥ موسڵمان کوژران بە کوردیشەوە، بەڵام ٧٠ دانەیان بەدەستی خۆیان کوژرابوون لەبەر ناکۆکی لەسەر تاڵان! یانی کوردەکان لەکاتی کوشتن و تاڵانی ئەرمەن کوژرابوون !

هەموو کتێبەکەی کەمال مەزهەر باسی خوێنی ڕژاوی ئەرمەنییەکانە بێ ئەوەی فەسڵێکی تایبەت بۆ خوێنی ڕژاوی کوردیش تەرخان بکات، کە وەك شیوعیەکی سۆڤیەتیش تەنها ئەرشیفی ڕووسی دیتبا سەدان هەزار قوربانی مەدەنی بی گوناهی کوردی بەرچاو دەکەوت، کە هەندێ تەقدیری دەکەن بە ٧٠٠ هەزار قوربانی.

# کوردستان دەبێتە ئەرمەنستان!

شتێکیتریش کە پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت ترسی کورد بوو لەوەی ئەرمەن دەوڵەتی خۆیان لەسەر زەمینی کوردستانیش بنیات بنێن، ئەوەش لەبەر توندڕەوی و دەبەنگی ئەو دوو حزبەی هانشاك و تاشناق ئەرمەنی بوو، کە وەك تورکمانیان لێهاتبوو هەر بیست ماڵێکی ئەرمەنیان لە هەر شارێ و شارۆچکەیەك هەبا دەیانگووت ئەوە ئەرمەنستانە، وەک چۆن ئەوێ ڕۆژێ کابرای تورکمان گووتی هەولێریش شاری تورکمانە!

ئەرمەنەکان دەیان شاری کوردی وەك وان و خەربوت و ئەرزرۆم و سیواس و مامورەت ئەزیز و هەتا دیاربەکر یشیان خستبوە سەر نەخشەی ئەرمنستان! زلهێزەکان لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٩ زاراوەی ئەرمێنیای ڕۆژئاوایان داهێنا لەبەر ئامانجی بەدی خۆیان و بۆ سڕینەوەی ناوی کوردستان لەسەر ئەو شارانەی کە بۆ هەزاران ساڵ کوردستانی بوون وئەرمەن تیایاندا هەمیشە کەمایەتیەك بوون! هەر بۆیەش هەر کە سوپای ڕووسیا وانی داگیرکرد، یەکسەر لە ئەپڕیلی ١٩١٥ دەوڵەتێکی ئەرمەنیان لە وان دامەزراند بەناوی کۆماری وان! ئەو ناوچانەی ناویان ناوە ئەرمینیای ڕۆژئاوا هەمیشە ناوی بە کوردستان هاتوە لە هەموو سەرچاوە خۆماڵی و عوسمانی و بێگانەکانیش .

هەتا والی ئەرزڕۆم پێی دەگوترا والی کوردستان. کونسڵخانەی بەریتانی لەو ناوچەیە ناوی کونسڵخانەی کوردستان بوو، سەرەڕای پشتگیری بەریتانیا لە ئەرمەن! بەڵام زۆر لە مێژە ئەرمەن چاویان لەو خاکانە بڕیبوو، دەیانویست بە زۆر بیانکەنە ئەرمەنستان، هەتا ئەو هەستە پێش ئەو ڕووداوانەش گەیشتە ناخی حاجی قادری کۆیی و کوردی ئاگادار کردەوە لەوەی ئەگەر ئاگاداری خۆیان نەبن ئەوە کوردستان دەبێتە ئەرمنستان!

ئەو قەسیدە مەزنەی حاجی قادر کە کاتی خۆی شیوعیەکی ئایدیۆلۆژستی وەك محمدی مەلا کەریم ڕەخنەی توندی لە حاجی قادر گرێت وبە دوژمنی خەباتی ئەرمەنی لە قەڵەمی دا، لە جیاتی باسی بلیمەتی و هەستی قوڵی پێشبینیەکەی بکات، کە دەگەڕێتەوە پێش کوشتارەکانی سوڵتان عەبدولحەمید.! ل٢٧٤ کردستان في سنوات...

ئەوە چەند سەرنجێکی خێرا بوو لەسەر ئەو بەشەی تایبەت بە کوشتاری ئەرمەن لە کتێبی کردستان في سنوات الحرب العالمية الأولى ی بەڕێز کەمال مەزهەر. هۆکاری ئەو نووسینەش ئەوە بوو بیرۆکەی ئەو تێزەی کەمال مەزهەر زۆر باوە لەناو گۆڕەپانی فیکری وفەرهەنگی کوردی. بەڵام پێویستی بە وەڵامێکی ئەکادیمی و تێر وتەسەل هەبوو، چاکترین وەڵامیش بۆ ئەوکتێبە و تێزە خوار وخێچ وناهاوسەنگەکانی کتێبی [الكرد و المسألة الارمنية ١٨٧٧-١٩٢٠] ی بەڕێز هۆگر طاهر توفق کە کتێبەکەی تێزی دکتۆرایە لە مێژوو لە زانکۆی زاخۆ وەریگرتوە، هیوادارم وەرگێڕدرابێتە سەر زمانی کوردی.

بەڕاستی کتێبەکەی کەمال مەزهەر بە تایبەتی ئەو بەشەی [الدم الارمني المراق] لە ئاست کتێبەکەی بەڕێز هۆگر تاهیر تۆفیق وەك ئەوەیە ماڵت بسووتێ هاواری زیندانیەك و ئازادێك بکەیت، بێگومان زیندانیەکە کەمال مەزهەرە، زیندانی ئایدیۆلۆژیا و پڕوپاگەندەی شیوعیەت و سیحری یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو.

٢٠٢٠/٥/٦

# خانەی چاپەکانیش هەمیشە کورد بچوکتر دەکەنەوە!

ئێستا ئەوە ٣٠ ساڵ زیاترە لەناو خوێندنەوە ونووسین و وەرگێڕان دام، سەرنووسەری گۆڤارێک و ڕۆژنامەیەکم کردوە بە عەرەبی و کوردی.
خاوەنی سەدان وتار و بیست کتێب زیاتر، ئێستاش خانەیەکی چاپ ناوێرێت کتێبت بۆ چاپ کات نەوەک زیان بکەن!
من ئەوەی منی ناسیێ دەزانێ چەندە دوورم لە خۆدەرخستن و هەوڵی خۆناودارکردن، ڕەنگە خەڵکی گشتی من نەناسێت چونکە نە موهەریجی و ماستاوچی حزبێکی دەسەڵاتم، نە نووسەرێکی سووک و مفتەخۆرم! بەڵام ئەوەی خوێنەری جدی بێت، خەمی بڵاوکردنەوەی بیرێکی خۆماڵی بێت لە هەموو بوارەکانی دین وسیاسەت و کۆمەڵ، دەبێ بتناسێ وبەهای خۆتت بداتێ.

من دەیان وتارم بۆ میدیای عەرەبیش نووسیوە، هەمیشە بە تێڕوانینێکی کوردی نووسیمە، هیچ سازشێکم نەکردوە لە پشتکردن لەدۆزی نەتەوەکەم دەنا تەلەفزیۆنی عەرەبی هەبوو داوای پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی تایبەت بەو نەتەوە ناعەرەبانەی ناو وڵاتانی عەرەبی لێکردم، بە پارەکی چاک و ناوداربوونێکی خێراش بەڵام زانیم نیازیان باش نییە و نەمکرد.

سەرپەرشتی کتێبیکی عەرەبیمان کرد بۆ دەزگای میسباری ئیماراتی بەناوی دۆسێی سەلەفیەت لە کوردستان، بە چەندین وتار و وەرگێڕان. عەرەبێکی ئەو دەزگایانە نەیانگووت نووسینەکەت دەدەینە خەبیرێکی عەرەبی بزانین عەرەبی دەزانیت، یان ئەو گوزارشە دەگۆڕین و ئەو وشەیە لادەبەین، یان عەرەبیەکەت خراپە، وەک هەر نووسەرێکی عەرەبی مامەڵەیان لەگەڵ کردین.
هاوڕێیەک بۆ چاکەی من، منی بە دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوە ناساندبوو کە من خاوەن فیکرم و چەند کتێبێکم بۆ چاپ بکەن، دوایی بە منیشی گووت. دوایی قسەمان کرد لەگەڵ بەرپرسانی دەزگاکە دیتم بابەتەکە بە تەواوی گۆڕدرا بۆ وەرگێڕانی چەند کتێبێکی عەرەبی و ئینگلیزی!

منیش پێشنیاری چاپکردنی چەند کتێبێکی خۆمم بۆیان کرد، باسی گرنگی ئەو بابەتانەم کرد کە لەسەریان دەنووسم، سوودی نەبوو! گووتیان بەخوا خوێنەری کوردی هیچ کتێبی نووسەری کورد ناخوێنێتەوە تەنها دوو سێ کەس نەبێ فلان و عەلان و مەلان!
منیش گووتم ئەگەر ئێوە وەک دەزگایەکی چاپ نووسەری کوردی چاک بە خەڵک نەناسێنن، چۆن خوێنەر دەیانناسێ؟! ئەی نازانی خوێنەی کوردی لەو حالەتە دەبێتە خاوەن تێڕوانینێکی بیانی بۆ هەموو کێشەکان و بابەتەکانی ژیانی سیاسی و دینی و کۆمەڵایەتی!؟
یانی بۆ نموونە من وەک کوردێک لەسەر هەڵوێستی فەڵەستینییەکان و ئیسرائیلیەکان لە دۆزی کورد کتێبێکم نووسیوە، کوردێک ئەو کتێبە بخوێنێتەوە باشترە یان کتێبێکی عەرەبی و تورکی لەسەر ئەو دوو لایەنە؟!

کابرا سوور بوو لەسەر ڕای خۆی پێشنیاری چەند کتێبێکی بۆ کردم بیانکەم بە کوردی. کەوتمە هەڵوێستی شەرمکردن و گووتم باشە، بەڵام من سەرەڕای ئەوەی وەرگێڕێکی ئەکادیمی وپرۆفێشناڵم بەڵام حەزم بە تەرجەمەکردنی کتێبی ئەم وئەو نییە، هەست دەکەم گەر وابکەم ستەم لە بیرکردنەوەی خۆم دەکەم، بۆیە وەرگێڕانم لە سنوری نووسینەکانم دەکەم، ئەو دەقانە وەردەگێڕم کە خزمەت بە بیرۆکەکانی ناو وتارەکانم بکات.

سەرەڕای ئەوەش بڕیارم دا کتێبێک وەرگێڕم، بەڵام زامی یەکەمم هێشتا لەبیر نەکردبوو کە گووتی کورد کتێبی کورد ناخوێنێتەوە، پاش سی ساڵ لە کات سەرف کردن لە خوێندنەوە و نووسین و وەرگێڕان بۆ کورد، ئەوجارەش گووتی سەرەتا سی چل لاپەڕەمان بۆ وەرگێڕە دەیدەینە لیژنەیەکی خەبیر لە وەرگێڕان و زمانی کوردی بۆ هەڵسەنگاندنی!
یانی ئەو هەموو ساڵەی نوسین و خوێندنەوە و ئەو هەموو کتێب و وتارانە بە کوردی و عەرەبی هێشتا متمانەی ئەوەت پێناکەن کوردی وعەرەبی دەزانیت بە ڕەوانی، و دەبێ لیژنە بڕیارت لەسەر بدا!

منیش قووتمداوە گووتم باشە، بەڵام هیچ میزاجێکم نەبوو ئەوکارە دەست پێبکەم، ماوەیەکم دایێ گووتم بەڵکو میزاجم دەگۆڕێت، دیتم نەگۆڕا، ئینجا کاتیشم زۆر کەم بوو، نەخۆشیەکەشمی بەسەرداهات ئیتر زانیم پێم ناکرێ، ئەوەبوو لە کۆتایی داوای لێبوردنم کرد کە ناتوانم ئەو کتێبە وەرگێڕم چونکە کاتم نییە، ئەوەش ڕاستییە کاتم تەنها بەشی بیرکردنەوە و نووسینە کوردییەکانم دەکات، بەڵام هۆکارێکی تریش ئەوە بوو هەستمکرد ئەگەر ئەو کارە ئەنجام دەم، خۆم دەسڕمەوە وەک نووسەرێکی دڵسۆزی کورد، کە دەیتوانی بە دوو زمانیتر بنووسێت و پارە و شوهرەتێکی زۆریش بە دەست بهێنێ، بەڵام لەبەر خەمی نیشتیمان و میللەتەکەی بڕیارم دا بە شێوەیەکی سەرەکی هەر بە کوردی بنووسێ، هەتا ئەگەر خوێنەری کوردیش و خانەی چاپەکانیش وەک بازرگانانی سەر سنوور خیار وتەماتە وپیازی ئێرانی و تورکی بهێنن، تا خیار و تەماتە و پیازی جووتیاری کورد بۆگەن بکات!

٢٠٢٠/٦/٤

# بەدر شاکر سەیاب کتێبی: من شیوعی بووم!

## ١

بەر لەماوەیەك پۆستێکم بڵاوکردەوە لەسەر باوکی شیعری ئازادی عەرەبی بەدر شاکر سەیاب، کو شیعرێکی بەهێزی بۆ نەورۆز وتبوو، برادەرێکی لە کۆمێنتێکدا گووتی: من کتێبێکی بەدر شاکر سەیاب م هەیە بە ناوی [کنت شیوعیا] کە باسی ئەزموونی خۆی دەکات لەناو حزبی شیوعی عێراقیدا.

من هەر لە ناونیشانی کتێبەکەوە زۆر بە تامەزرۆ بووم بۆ خوێندنەوەی ئەو کتێبە، هەر ئەورۆ کاک سیروان ماڵی ئاوابێ کتێبەکەی گەیاندە دەستم، هەر لییم وەرگرت جارێ لە دەرەوە بووم لە لایەکەوە دانیشتم چەند بەشێکیم خوێندەوە زۆر بەتام بوو، چونکە ئەو پیاوە واتە بەدر شاکر سەیاب، لەو جۆرە کەسانەیە کە زۆر بە ڕاشکاوی قسە دەکات، منیش ڕاشکاوی گەورەترین کێشەمە.

ئەو یادەوەریانە بەدر شاکر سەیاب لە ساڵی ١٩٥٩ لە ڕۆژنامەی [الحرية] بەغدادی بە ٤٠ ئەڵقە بڵاوی کردۆتەوە، لە ئەڵقەی یەکەمدا دەڵێت: دەمیکە بیرۆکەی نووسینم دەربارەی ئەزموونی خۆم لەناو شیوعیەت لە میشکم دەخولیتەوە، دەمەوێ دەربارەی چۆنیەتی چونە ناو شیوعیەت وچیم دیت لە ناویدا ولە دەستیدا، وچی وای لێکردم ببمە دوژمنی باوەکوشتەی نوسم! ل٧

ئینجا باسی خێزانی خۆی دەکات کە خاوەن ڕەز وبێستانی دار زورما بوون وهەرچەندە زۆر باش بوون لەگەڵ هەژار وجوتیارەکان، بەڵام هەر ستەمکاریان دەکرد وزۆر ستەمی ئەوانم بە چاوی خۆم دیتوە، ئینجا باسی ژنە جوتیاریك دەکات [زەنوبە ] چۆن لەبەر هەژاری وبرسێتی کەمیك برنجی لە عەمارەکەی ماڵیان دزیوە، دوایی کە پییان زانیوە سزای توندی ئەو ژنە هەژارەیان داوە وکەرامەتیان ڕوشاندوە! هەر بۆیە دەڵێت: 'وا گەورە بووم کە دژی جەوروستەم بم ولایەنگری هەژاران بم، شیوعیەتیش هات بانگەشەی خواردن بۆ هەموان وکار بۆ هەمووان ودادپەروەری بۆ هەموان ویەکسانی بۆ هەموان دەکرد، کێ هەیە کار وخواردن ویەکسانی وعەدالەتی بۆ هەمووان نەوێت؟! ئێمە شیوعیەتمان وەها دەناسی لە سەرەتادا. لە ١٩٣٠ یەکەم حزب بەناوی الحزب اللاديني دامەزرا، مامی شاعیریش یەکیك بوو لە دامەزرێنەرانی یەکەمی حزبەکە !حزبی نادینی پییوابوو کە دینەکان هۆی سەرەکی بەدبەختی مرۆڤن. ئینجا باسی خزمێکی خۆیان دەکات کە جوتیارێك بوە، ودەڵێت: زۆر سەخیف ونەزان بوو، هەرچەندە خۆی بەزانا وبە مەعریفەت نیشان دەدا، وناوی عبداللطيف بوو داوای لە خەڵکی دەکرد بانگی کەن بە [لەتیفنوف] لەسەر وەزنی خرۆشۆف!! ئەو لەتیفنۆفە ئیستا بەرپرسی حزبی شیوعیە لە ابی خەسیب لە بەسرە" ل٩

حزبی لادینی یەکیتی سۆڤیەتیان زۆر خۆشدەویست وبە دەوڵەتی بێ دینی وئیلحادیان دەزانی وستالینیشیان زۆر خۆش دەویست!
بەدر شاکر سەیاب دەڵێت: " کۆبونەوەکانی ئەو هەڤاڵانە بێ ئارەق وبتڵ وکاس نەبوو، ژنیکیس بە ناوی بەلقیس مەجلیسەکەی دەرازاندنەوە، کە ئافرەتێکی جوان بوو، باوکی جوتیار بوو، میردەکەی ەبەر بەدرەوشتی تەڵاقی دابوو، ئەو ژنە لەگەڵ هەڤاڵانی ڕادەبوارد بە سێوازێکی شاز نەبادا توشی سکپڕی ببێت، هەڤاڵ فەهد [دامەزرێنەری حزبی شیوعی] یش یەکیك بوو لەوانەی لەگەڵی ڕایدەبوارد "!!

دوایی ئەو هەڤال فەهدە حزبی شیوعی حێراقی دامەزراند، وئەحمەد علوان ێک فۆڕمی دا بە ئێمە تا بچینە ناو حزب شیوعی، بەو سێوەیە بومە حزبی.
لە ئەڵقەی دووەم دەڵێت خۆپیشاندانیان کردوە لە سالی ١٩٥٢ لە بەغداد وخۆی یەکێك لە ڕێکخەری خۆپیشاندانەکان بوە، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچوە وئەویش تا نەگیریت ڕای کردوە بەرەو ئیران، ئینجا دەچێتە کوێت ودوایی دەیەوێت بچێتە بوخارست رومانیا بۆ ڤیستیڤاڵی لاوان. لە ئیران دەبێتە میوانی حزبی تودە وپاسپۆرتی بۆ دەردەکەن.

ئەو کاتە سەردەمی مصدق بوە وئێران لە تەنگژەیەکی سیاسی گەورەدا بوە، تییدا کودەتا کراوە بەسەر مصدق، تێیدا سەیاب هەڵوێستێکی سەیر دەگێڕێتەوە، دەڵێت کاتێ بە تورەیی ثیموتن بۆ بێدەنگن لە کاتێکدا سەدان هەزار کستان هێنابوە سەر شەقام، دەڵێت: وتیان ئێمە دەتوانین زاهیدی رابەری کودەتاکە وردوخاش بکەین بەڵام ئێمە لەسەر سنوری شورەویین، ئەگەر ئێمەی کۆمەنست دەست بەسەر حوکم دابگرین، پێتوایە ئەمریکا بێدەنگ دەبێت؟ هەڵبەتە نەخێر، دەست دەخەنە ناو کێشەکەوە، ئەگەریش دەستیان خستە ناو کێشەکە، شورەوی [یەکێتی سۆڤیەت] زەرەر مەند دەبێت!! ل ١٦

دەڵێت خوێن لە دەمارەکانم دەکولا لە تورەیی وگوتم: ئیوە ئێرانین وسۆڤیەتی نین، لەسەرتانە بەرگری لە بەرژەوەندەکانی ئێرانیەکان بکەن نەك بەرژەندی سۆڤیەت وگەلەکەی، هەڤاڵ سۆڤیەت دەتوانێت بەرگری لە خۆیدا بکات! ئەو ئەو باسە دەکات بۆ سەلماندنی پاشکۆیەتی حزبە شیوعیەکان بۆ یەکێتی سۆڤیەت. دەڵێ کە گەڕامەوە عێراق باسی ئەو هەڵوێستەی تودەکانی ئێرانم کرد، ئەوانیش گوتیان هەڵوێستەکەیان ڕاستە، ونەیاندەتوانی لە غەیری ئەو هەڵوێستە وەرگرن لە پێناوی ئاشتییدا. بەو جۆرە پەیوەندیم تا دەهات لاوازتر دەبوو لەگەڵ حزبی شیوعی وچاوەڕوانی بچوکترین وروژاندنم دەکرد بۆ پچرانی سەرتاسەری.

لە ئەڵقەی سێیەم باسی کێشەی عەرەب وشعوبیەت دەکات، کە چۆن دژی عروبەت بونە وچۆن شیوعیەکان هێرشیان کردۆە سەر نوسینەکانی وتاوانباریان کردوە بە جاسوسی، وئەویش هیرشی کردۆتە سەر هەندێك لەو سەرکردانەی کە کارەساتی بەدڕەوشتیان ئەنجامدابوو " لە نمونەی هەڤاڵ باسم [بهاء الدين نوري] کە سکرتێری حزب بوو و لاقەی هەڤاڵ [مادلين مير] ی کرد، کە پەناهەندە بوو لەلای حزب، دوایی سکی پڕبوو ومنداڵەکەی لە زیندان لە دایك بوو و اوی نا سەلام!

دوایی باسی كتێبیكی دەكات كە وەرگێڕانی جەند شیعرێكی بێگانە بوو لە شیوعی وەك نازم حیكمەت وبابلو نیرۆدا، وڕاسڕەویش وەك ت.س ئیلیوت و ستیڤن سپیندەر. شیوعیەكان زۆر تورە بوون لە وەرگێڕانی شیعرەكانی ڕاست ڕەوەكان وبە تایبەتی ستیڤن سپیندەر كە كاتی خۆی كۆمەنست بوو ووازی هێنا وبوە دوژمنێكی سەرسەختیان ویەكێكە لە بەژدارانی نوسینی كتێبی [ئەو خوداوەندەی نسكۆی هێنا]!!.

لە ئەڵقەی چوارەم باسی دژایەتی شیوعیەكان دەكات بۆ كەسی ئەو وتارادەی بە دەركردن دانی لە كارەكەیی ونانبڕینی لەلایەن هەڤاڵانی كۆنەوە. لەوە دەچێت ئەو جەنگانە ونانبرینەی زۆر كاریگەری هەبوبێت بەسەریەوە، بۆیە داد وپەنا دەبات بۆ زەعیمی تەنها عبدالریم قاسم ودەڵێت: ئێمە دژی سەردەمی گۆڕبەگۆڕین كە رزق ونانی شاعیری گەورە معروف الرصافی یان بڕی چونكە دژی پاشا وڕژێمەكەی بوو، ئەوەتە منیش ئەمڕۆ كە شاعیرێكم لەو كەمتر شاعیر نیم ونیشتیمان پەروەرێ دڵسۆزم ودیموكراتێكی شیلگێرم موحارەبەم دەكەن لە ڕزقم لە سەردەمی عبدالكریم قاسم دا، نەك لەبەرئەوەی دژی كۆمارم، بەڵكو چونكە من عبدالكریم قاسمم لە خرۆشۆف وماركس ولینین خۆشتر دەوێت، وعێراقم لە یەكێتی سۆڤیەت خۆشتر دەوێت....بە هەر شێوەیەك بێت شیوعیەكان لە كۆتاییدا دەتوانن بەدەركردنی بدەن لە كارەكەیدا، دوایی دەیەوێت وەك مترجم لە كۆمپانیایەكی نەوت كار بكات، ئەویشی لێ تێك دەدەن!

ببینە باسی پەنجاكانە هەمان عەقڵیەتی پەنجاكان ئیستا لە كوردستانیش پیادە دەكرێت، بزانن یەكیك ناحەزیانە وا هەوڵی نانبڕینی دەدەن هەتا لای كەرتی تایبەتیش جێگای نەبێتەوە. لە كۆتایی ئەو ئەلقەیە دەڵێت: " ئێوەش ئەی جگەر گۆشەكانم كوڕەكەم [غیلان] وكچەكەم [غیداء] خواتان هەیە، ناهێڵێت لە برسان بمرن، ئەگەر دادپەروەری مرۆڤ كەموكوڕی تێدایە، ئەوە دادپەروەری خوا كامیلە وكەس لە رزقی بۆ نوسراوی مەحروم ناكات! ل٣٢

# بەشی دووەم

ئێستا بەدر شاکر سەیاب بوەتە ئەندام لە حزبی شیوعی عێراقی ونازناوی [جەریر] بۆ خۆی هەڵبژاردوە، ئەوکاتە قوتابی ساڵی دووەم بوو لە خانەی مامۆستایانی باڵا [دار المعلمين العالية] کە ماوەی خوێندن تیایدا پێنج ساڵ بوو. سەیاب نامەیەکی پشتگیری وتەزکیەی لە ئەحمەد عەلوان، بەرپرسی حزبی شیوعی لە ابو الخصيب وەرگرتوە، کە دەربارەی دەڵێت: ئیرانی بوو بە ڕەچەڵەك، وماوەیەك لەگەڵ حزبی تودەی ئێرانی کاری کردوە!

شیوعیەکان بە گەرمی پێشوازیان لێیکرد لە خانەی مامۆستایان، وسەیاب دەڵێت جۆریك لە ئازادی هەبوو بۆ قوتابیان ئەوکاتە بۆ دروستکردنی یەکیتیەکانی قوتابیان، ئێمەی شیوعی ژمارەمان زۆر کەم بوو، هەر پێنج شەشیك دەبووین. باسی هەڵبژاردن هاتە گۆڕێ ودەستمان کرد بە هەڵمەتی هەڵبژاردن "بۆ لای هەر کۆمەڵێك دەچووین بەپێی هەوەستی ئەوان لەسەر تەلی ئارەزووی ئەوان ئاوازی خۆمان لیدەدا، لە نێو قوتابیە کوردەکان بڵاومان کردەوە کە نەتەوەپەرستەکان ڕقیان لە کورد ونەتەوەکەیەتی، بەڵام ئێمە بە برای خۆمانیان دەزانین، بەڵکو لەبەر چاوی ئەوان دەستمان کرد بە جوێندان بە عەرەب ونەتەوەی عەرەب، وتانە وتەشەرە لیدانیان، ودەمانگووت مێژووی عەرەب تەنها بریتیە لە کۆمەڵێ قەسابخانە وکوشتاری، وسەرکردەکانی عەرەبیش تەنها کۆمەڵێ دەرەبەگی حەقیرن وخوێن ڕێژن"

جولەکە پێویستیان بە بانگەشەی ئێمە نەبوو، هەرخۆیان لەگەڵ سیوعیەت دابوون، وئینجا لەسەر وەتەری تائیفیەت دەمازەنی، وبۆ هەندێکی تر هەڤاڵانی کجانی خۆمانمان دەناردە لایان بۆ کێشکردنی لاوان بۆ لای خۆمان.! سەیاب خۆی کاندید دەکات، چونکە خۆشەویست دەبێت، دەردەچێت لە هەڵبژاردندا لە کۆتاییدا دەبیتە سەرۆکی یەکیتی، و جاسم حمودی یس دەبیتە جێگری، هەرچەندە جاسم بە واقیع سەرۆك بوو، چونکە ئەندامێکی باڵاتر بوو لە حزبی شیوعی، بەڵام خۆی نەیویست ببێتە سەرۆك تا لە سێبەر بمینێتەوە وخۆی زۆر دەرنەخات، ولەکاتی قوربانیدا من ببمە قوربانی... چونکە لە حالەتی دەرکردن لە خوێندن حزب بە دەرکردنی پیاوی متمانەپێکراوی خۆی زیاتر زیانی لێ دەکەویت وەك دەرکردنی من، کە ئەندامێکی ئاسایی بووم!! ل٣٤

ئەو جاسم حمودی یە پاش دەرچوون گیرا و دانی بە هەموو زانیاریەکان هێنا، وەك دەیان سەرکردە وئەندامانی باڵای حزبی شیوعی عێراقی، دوایێ بۆ دان نەهێنێت، کە بەر لەئەو مالك سيف، سکرتێری حزب، ویەهودا صديق ی جولەکە، ئەندامی لیژنەی ناوەندی و ڕەفیق چالاك، کە ئەویش

سکرتێری حزب بوو لە پاس مالك سیف دانیان بە هەموو زانیاریەکانیان هێناوە! رەفیق چالاك پاش دانپیداهێنەکانی مالك سیف، بەیانیکی دەررد وتێدا هاتبوو: " دووپشکەکانی مالك سیف هێشتا کونە دوشکەکانیان تۆکمەتر دەکەن لە ناو حزب، دەبێت لەناویان بەرین، خیانەتی مالك سیف دووبارە نابێتەوە"!!

لەگەڵ ئەو پاڵەوانبازیە کە گیرا خیانەتی کرد ودانی بە شتەکاندا هێنا و وەك پۆلیس کاری کرد لە بەشی لێکۆڵینەوەی تاوان!!! ل٣٥

بەدر شاکر سەیاب دەڵێت: ئەگەر خیانەتی مالك سیف پاکانەیەکی بۆ بکرێت، کە لە دواییدا وتی بۆیە وایکرد تا حزب لە دەستی جولەکە و زایۆنیزم رزگار بکات، بەڵام خیانەتی ڕەفیق چالاك هیچ بیانوویەکی بۆ نادرۆزێتەوە، رەفیق چالاك لە گەرەکیکی جولەکان گیرا، وگووتی من ناوم [ابغاهام] ە واتە [ابراهام] وتەنها جولەکەیەکی هەژارە، بەڵام پاش لێدانی دوو داری حەیزەران هاواری لێ هەستا وبە زمانی کوردی گووتی: " زانم "مەبەستی [دەزانم]ە، ودانی بە هەموو زانیاریەکاندا هێنا!! ئینجا دوایی باسی هاندانی قوتابیان دەکات بۆ مانگرتن وپسێوی نانەنەوە، کە کۆتایی دێت بە دەرکردنی سەیاب بۆ ساڵێك لە خانەی مامۆستایان.

سەیاب دەڵێت هەوڵمان دا پەیوەندی بە ڕۆژنامەکاندا بکەین بۆ روماڵکردنی مانگرتنەکەمان، بەڵام هیچیان ئامادە نەبوون، تەنها ڕۆژنامەیەکی تایفی بەناوی [الساعة] کەمیك بایەخی نیشاندا، کە حسین مروة ی خەباتگێڕیش لە دەستەی کارگێڕی بوو، ئەو کاتە تایفی بوو، پێمان وتن: کێشەکەی ئێمە هەرگیز پەیوەندی بە شیوعیەت نیە، بەڵکو کێشەی نێوان سونە وشیعەیە!! "ئەو حەقارەت وبەدرەوشتیە دەبینیت لە ئێمەدا؟ ئێمەی شیوعی خەباتگێر ودوژمنی جیاوازیە دینی ورِەچەڵەکیەکان جۆن دەدوێین؟!
هەڤاڵ حسین مروة [ببورن هێشتا نەببوو بە هەڤاڵ!] لەمنی پرسی: تۆ شیعەیت؟ گووتم: بەڵێ، گووتی: دەڵێن تۆ شیوعی. گووتم: تەنها واوێکیان بۆ هەقیقەتم زیاد کردوە ، یانی شیعی یان کردۆتە شیوعی!!!

لە ئەڵقەی شەشەمدا باسی گەڕانەوەی دەکات بۆ لادیکەی خۆی لە بەسرە پاش دەرکردنی لە خانەی مامۆستایان، دەڵێت ئەو چەند مانگەی لەوێ بووم گەرموگورترین چالاکی حزبی من بوو، هەوڵی بێ برانەوەمان دەدا لە پێناو ڕاکێشانی جوتیارە ساویلکەکان ولادییە فەقیرحاڵەکان بۆ ناو حزب!
کە لەگەڵ مامم عبدالحمید، متمانەپێکراوی حزبی شیوعی وخزمێکی ترمان دەچووینە ماڵە جوتیارەکان ومەجلیسی شەراب خواردنەوەمان دەبەست لە گەڵیان، زۆر سەرسا دەبوون، کە چۆن دەچینە کوخەکانیان وئەرەقیان لەگەڵ دەخۆینەوە ولە دڵەوە دەیاندوێنین، عەقڵیان فڕی بوو بەو

ڕەفتارانەمان! چونکە بە بیریان گوزەری نەدەکرد ئێمەی خاوەن بیستان وموڵک ولەو خێزانە ناودارانە، تەوازوع بنوێنین، و سەردانی ئەوان بکەین!

پەنامان دەبردە بەر فریودانیان، چونکە ماقوڵ نەبوو بۆ جوتیارێکی ساویلکە باسی مادیەتی دیالەکتیکی بکەین، وبڵێین خاڵی سەرەکی ئەو فەلسەفەیە نکولی کردنە لە عەقڵی ڕەها، ومادە بنچینەی بوونە، واتە نکولی کردن لە بوونی خوادا، ولەناوبردنی هەموو بەها روحی و دینیەکان کە ئەوان باوەڕیان پێیبوو!! ل ٤١

پێمان دەگووتن: شیوعیەت یانی هەوڵدان بۆ نەهێشتنی جیاوازیەکان لە نێوان خەڵکدا، تا کەس لەکەس باشتر نەبێت، وهەوڵدان بۆ دابەشکردنی زەویەکان بەسەر جوتیاران، کە ئەوەم بیردەکەویتەوە هەست بە ڕووقایمی ودەبەنگی دەکەم، جونکە ئەو مولکدارانەی بێستانی دارخورمایان هەیە لە بەسرە وئەبو خەسیب، لە هەقیقەتدا خەڵکانێکی هەژار بوون یان مامناوەندی حاڵ بوون لە چاکترین ئەگەردا، داهاتی ساڵانەی ئەو مولکدارانە، کە ناومان نابوون بە دەرەبەگی بۆگەنی ئیستیغلالی ٦٠٠ دیناری ساڵانە بوو، واتە مانگانە داهاتیان ٥٠ دینارێک دەبوو!!

ئاوا یاریمان بە ژێیە هەستیارەکانی ئەو جوتیارە ساویلکانە دەکرد، چونکە برسێتی ئەوان بۆ زەوی، ئەو برسێتییە ترسناکەی کە لە باوباپیرانیان بۆیان جێمابۆوە، ئامانجی خۆی لە تراویلکەی سوری شێوعیەت دۆزیەوە، وەك دەریچەیەك بۆ هەناسەدان لییەوە!

کە ئەو دێرانە دەخوێنمەوە ئێستا تێدەگەم چۆن کاتی خۆی شیوعیەکان جوتیارانی کوردستان ودەشتی هەولێریان سەرتاسەر ڕاکێشابووە ناو حزب، ئەوە بەو جۆرە قسە وباسە فریودەرانە بووە. ئەو جۆرە پەیمان پڵاویە لە هەست ونەستی جوتیاران جیگای خۆی کردبوەوە، بەجۆرێك هاوسەنگی خۆیان لەدەست دابوو .بە نموونە باسی حەمەدێك دەکات کە جوتیارێکی سادە بوو ببوە شیوعی، ڕۆژێکیان لە مەجلسی خواردنەەدا لەبەر خراپی جۆری عەرەقەکە، حەمەد خراپ سەرخۆش دەبیت وکۆنترۆڵی لەدەست دەدات و گوزارش لە خەونە خەونە ترسناکەکانی دەکات :

" دوێنێ چومە لای خاوەن بێستانەکەم وگووتی وەرە حیسابم لەگەڵدا بکە و نرخی ئەو خورمایەی فرۆشتوتە بمدەرێ. پێمگووت: خورمای چی و بێستانی چی؟!... تۆ بێستانت نیە، ومن جوتیارم وخاوەنی بێستانەکەم، کە درێژەی دایی دەنکێ خورمای السایر م تێیگرت، کە نە مرد دەمانچەکەم پڕکرد بە خورمای حلاوي، وپلم پێوەی نا وکوشتم، دوایی پۆلیس هاتن گرتمیان وبەندیان کردم لە زیندانی ئافرەتان، ڕۆژانێکی خۆسم لەو زیندانە بردەسەر، بینە بەرچاوت حەمەد لەناو سەدای ئافرەتی جوان بیت؟؟"!

سەیاب دەڵێت: " خەونەكانی حەمەد جیاوازی نیە لەگەڵ خوەنی هەر شیوعی یەكی تر، دزین وزەوتكردنی پارەی خەڵك، وكوشتن، وهەتك كردنی ناموسی خەڵك، لە مانگەكانی مۆتەكەی سووری ترسناكدا دیمان چۆن ئەو خەونانە جێبەجێ دەكەن یەك بەدوای یەكدا، بینیمانن چۆن ماڵ ودوكانی خەڵك تاڵان دەكەن، مناڵانیان خەڵك دەكوژن، وكاری وا قێزەونیان كرد كە قەڵەم زاتی ئەوە ناكات بینوسێت!! ل٤٣

ئینجا باسی بێ ناوەرۆكی وتەفاهەتی شیعرەكانی خۆی دەكات كە بە بۆنە شیوعی یەكان دەینوسین، ودەڵیت كە شیعری شاعیرانی غەیرە شیوعی بەراورد دەكەین بە شیعری شیوعیەكان ئەو كاتە دەزانی بۆ چ ئاستێكی نزم دابەزیون ئەوانەی سەرم ناكەن ناو لە خۆیان دەنین شاعیر!! ئینجا باسی ڕۆڵی تێكدەرانەی جولەكەكانی ناو حزبی سیوعی دەكات بە زمانێكی تاڕادەیەك عەرەبچیەتی ورەگەزپەرستی پێوە دیارە.

لە ئەڵقەی حەوتەمدا سەیاب لەوە دەچێت زۆر ڕوحی نوكتەی تێدا بو بیت، باسیروداوێكی زۆر خۆشی كوردێك دەكات ودەڵێت: " هاوڵاتیەكی كوردی خەڵكی كوردستان بەژداری خۆپیشاندانێكی شیوعیەكانی كردبوو، مەجلیسی عورفی بە چەند مانگیك حوكمی دابوو، شیوعی یش نەبوو، بەڵكو هاوڵاتیەكی چاك بوو و وڵاتی خۆی خۆشدەویست. ئەو چەند مانگەی كە حوكمدرا بوو زۆر بە درێژی دەبینی وئارامی لی بڕا بوو، لەبەر خۆیەوە بە ناورانەوە دەیگووت: شەش مانگ!! تەنها دوو مانگی تێپەڕاندبوو، بەچی باقی ماوەكە تەواو دەبێت؟! هەڤاڵە شیوعیەكان كە زۆربەیان حەسقەلیەكان [واتە جولەكە] بوون، پێیان دەگووت: بێ ئومێد مەبە، جەماوەری سۆڕشگێر دێت ورزگارمان دەكەن لە زیندان وبەسەر شانەوە هەڵمان دەگرن!

بەو قسە بەتاڵانە قەناعەتیان پیی هێنابوو، ڕۆژێك داوایان لێكردبوو سرووده بەناوبانگەكەیان لەگەڵدا بچرێت :

السجن ليس لنا نحن الاباة السجن للمجرمين الطغاة!

زیندان بۆ ئیمەی سەركەش نیە، زیندان بۆ ملهوره تاوانبارەكانە! ئەو هەژارە لە ئەجامی خوێندنەوەی ئەو سرووده شەش مانگی تر خرایە سەر حوكمەكەی! دیسان بێزارتر بوو لە جاران، هەڤاڵان دیسان پێیانگووت: بێ ئومێد مەبە، جەماوەر ڕادەپەڕێت و دێت ورزگارمان دەكەن لە زیندان وبەسەر شانەوە هەڵمان دەگرن !دیسان متمانەی بەو پەیمانە خۆشانە كرد، توانیان پاش ماوەیەك قەناعەتی پێ بهێنن بەشداری لە مانگرتنیكیان بكات، وكیشمەكیس لە نێوان ئەوان ودەسەڵاتی زیندان دروست بوو، ڕایان كیشانەوە بۆ دادگا، ئەو برادەرە كوردەمان ساڵێكی تریسی بۆ بڕایەوە! توشی لەوەی ڕویدا ئەو هەژارە دوچاری هەژان هاتبوو!

بۆ شەش مانگ هاتبوو کە پێی زۆر بوو ئێستا دەبیت دوو ساڵ بکێشێت، دیسان دەستی بە بێزاری دەربڕین کرد، حەجمانی نەمابوو. هەڤاڵان دیسان دڵنیایان کردوە کە جەماوەری شۆڕشگێر دێت ورزگارمان دەکەن لە زیندان وبەسەر شانەوە هەڵمان دەگرن! کابرا لە تورەییان وەك بورکان تەقییەوە وهاواری کرد: جەماوەر، جەماوەر، کوان لە کوێن؟ بۆ نایەن رزگارم کەن؟!" ل ٤٨

بەدر شاکر سەیاب دیسان باسی دیاردەی بی ناوەرۆکبوون وهیچگەرایی شیعر دەکات کاتێ بە رۆحیەتێکی ئایدیۆلۆژیەوە دەهۆنرێتەوە، هەتا ئیدانەی شیعرەکانی خۆشی دەکات ودەڵێت زۆر بێ کەڵك وهیچ بوون، بە نموونە باسی شیعرێکی نازم حیکمەتی شیوعی وشیعرێکی ئیدیس ستوێل کە خانمە شاعیرێکی ئینگلیز بوو، دەڵێت ئەوەی شیعرە هیچەکەی نازم حیکمەت دەخوێنێتەوە وشیعری Edith Sitwell دەخوێنیتەوە توشی سەرسوڕمان دێت، شیعرەکەی حیکمەت چ بستە باڵایەکە لە چاو شیعرە مەزنەکەی ئێدێس!!

ئینجا باسی دیاردەی تێکشکاندنی بەها ڕەوشتیەکان دەکات لەلای جوتیارەکان لە ژێر کاریگەری بانگەشەکانی شیوعیەت، وباسی حەمەد دەکات وەك نمونە، چۆن جوتیاریکی هەڤاڵی نەخۆش کەوت، و لە نەخۆشخانە کەوتبوو، لە جیاتی یارمەتی دانی دایکی پیر وژنە جوانەکەی دەچوە لایان بە چەند جگەرەیەك کە دەیدایە دایکە پیرەکەی، دوایی بە دزیەوە دزەی دەکردە سەرجیی ژنە جوانەکەی !!دەڵێت ئامانجی خەباتەکەمان فێرکردنی رەوشتی بەرز نەبوو، بەڵکو وروژاندنی تەماعی وکینە بوو، کە تێیدا زۆر سەرکەوتوو بووین!

ئینجا هانی زەعیم عبدالکریم قاسم دەدات بۆ وەستان بە ڕووی شیوعیەت وپشتگیری لە وتاری زەعیم دەکات کە تێیدا ئاشووب وئاشووبگێڕی مەحکوم کرد وەك ئاماژەیەك بۆ کارە ئاشووبیەکانی شیوعیەکان.

ئینجا باسی جوتیاریکی تر دەکات، کە لای باپیری کاری دەکرد وهەموو کەرەستەکانی کشتوکاڵی لەگەڵ خۆیدا دزی وکاری بەجێهێشت .کە باپیرەی ناردی بەدوای جوتیارەکە ولێی پرسی: بۆچی ئەو کەرەستە وئامرازانەت بردوە؟ زۆر بە ڕوو قایمیەوە وەڵامی دایەوە: ئەو ئامرازانە هی منە، منی جوتیار! باپیرەی هیرشی بۆ برد ولە عەرزی دا وبەربوە گیانی بە عەیزەران، سەیابیش کە لەو کاتە رۆمانی دایکی مەکسیم گۆرکی ی دەخوێندەوە، خرۆشا بوو، نێوانیانی کرد ودارەکەی لە دەست باپیرەی دەرهێنا وخستیە دەستی جوتیارەکە تا لە باپیرەی بدات، وخۆم دەستیم بەرز دەکردەوە تا لە باپیرەی بدات کەچی زاتی نەکرد!

ئەو کارەم ئەو کاتە بە پاڵەوانیەك ژمێردرا وسەرکەوتنیك بوو بۆ جوتیاری زەحمەتکیش، هەتا ئەگەر دزیشی کردبیت لە دەرەبەگێکی جەپەڵ!

لە ئەڵقەی هەشتەمدا سەیاب باسی چەندین نمونەی تری دارمانی ڕەوشت وئاکاری شیوعیەکان دەکات، لەوانە باسی ڕوداوێکی ئێران دەکات، ودەڵێت شیوعیەکان لە عیراق بن یان لە ئێران هەمان دارمانی ئاکاریان هەیە. دوایی باسی روداوێکی تری جوتیارە بێ ڕەوشتەکەی بە ناوی حەمەد دەکات، دیارە حەمەد بەڵایەك بووە بۆ خۆی بۆیە سەیاب وا نەمری دەکات بە نوسین؟!

پاش تەواو بوونی پشووی هاوین، سەیاب دێتەوە بەغداد وسەردانی حسین شبیبی وهەڤاڵانی دەکات، کە بەرپرسی بەغدادی حزبی شیوعی عێراقی بوو، دەڵێت حسین نایابترین جگەەی ئینگلیزی پێبوو، نیوەڕۆکەی لەگەڵ ئەوان نانم خوارد، هەرگیز نانی وا خۆشم نەخواردبوو، ئینڤا حسین شبیبی تەکلیفی دەکات ببیتە بەرپرسی حزب لە خانەی مامۆستایان پاش دەرچوونی جاسم حمودی، بەڵام دەڵێت لەبەر ئەوەی من زۆر ئاشکرا بووم بۆ دەسەڵات وساڵێکیش فەسڵ کرابووم، داوام کرد یەکیکی تر هەڵبژێرن، هەرچەندە هیج چالاکیەکی حزبم تێنەدەپەڕاند. دوایی باسی خۆ پیشاندانێك دەکات بە حەیزەران ودوایی کە پۆلیس دێت هەموویان ڕادەکەن تەنها خۆیی وچەند کەسێکی کەم نەبت، وترسنۆکی شیوعیەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ باوەڕ نەبوونیان بە زیندووبوونەوە وژیانێکی تر!

دەڵێت کەسێك لە ئەفسەرێکی پۆلیسی پرسی چیان دەوێت ئەو خۆپیشاندەرانە؟ لەوەڵامدا دەڵێت: نازانم دەیانەوێت لینین بهێنن وبیکەنە پاشا! هەرچەندە پێکەنیم بەو قسەیە بەڵام ئێستا دەزانم است دەکات ، هەرچەندە بە شێوەیەکی ساویلکە گوزارشی لێکرد، چونکە ئەوەی شیوعیەکانی هەموو دنیا هەوڵی بۆ دەدەن – شیوعیە یوگسلاڤیەکانی لێ دەرچێت -تەنها بەستنەوەی وڵاتیان بە سوکانی سۆڤیەت وخستنە ژێردەستی کەرملینە !ڕوداوی ژەنەراڵە سۆڤیەتیەکەت نەزانیوە کە بوە وەزیری بەرگری لە حکومەتی پۆڵەندای شیوعی؟!! ل٦٠.

هەر لەو سیاقەدا باسی سیاسەت هاوردەکردن دەکات بە پیی میزاجی بەرپرسە شیوعیەکە، کە کاتێ هەندێ بازرگان داوای هاوردەکردنی کوتاڵی ژاپۆنیان کرد لەبەر چاکی مادەکە وهەرزانی نرخی، بەڵام ڕەتیانکردەوە مۆڵەتیان پێ بدەن بە بیانوی ئەوەی ژاپۆن وڵاتێکی پاشکەوتوخواز ورەجعیە، وگوتی ئەگەر دەتانەوێ لە چینی شیوعی گەلێر هاوردە بکەن! گوتیان نرخی چین گرانترە! گووتی گرنگ نیە، جونکە چین وڵاتێکی دۆستە وخورمایەکی زۆریشی لە عێراق کریوە! دواجار لە چین کڕیان، کە کوتاڵەکان گەیشتن ولەناو کارتۆنەکان دەریانکرد لە سەریان نوسرابوو لە ژاپۆن دروستکراوە، دیاربوو چینیەکان عێراقیەکانیان فریودابوو!!

# من شیوعی بووم!
# بەشی سێیەم

لە ئەڵقەی هەشتەمدا ٢٥ ئاب ١٩٥٩، سەیاب ناکۆکیەکانی زۆر پەرە دەسێنێت لەگەڵ شیوعیەکان دەگاتە ڕادەی ئەوەی برایەکی بچوکی خۆی، مصطفی شاکر السیاب، وتارێکی لە دژدا بنوسێت لە ڕۆژنامەیەکی سەربە حزبی شیوعی بە ناوی [أتهم اخي]!! براکەم تۆمەتباردەکەم!

سەیاب زۆر بە گاڵتە جاریەوە باسی ئەو وتارە و نووسەرەکەی دەکات وناوی دەنیت بە نووسەرۆکە [الكويتب] دەڵێت چۆن وەڵامی منداڵێکی پۆلی چواری ناوەندی وقوتابیەکی فاشیلی وا بدەمەوە، کە فریویان داوە ئەو کارە بکات؟!

براکەی بە زمانێکی زۆر ڕۆمانسیانەی شۆڕشگێڕانە دەڵێت: " خۆی دۆزیەوە لەناو شەڕێکی حەتمیدا، وپێویستە شەڕەکە بکات لە بەرژەوەندی هێزە نیشتیمانیەکان" واتە شیوعیەکان! ل٦٥
سەیاب دەڵیت سەرەڕای ئەو هەموو پەیمانانەی بە هەژار وجوتیار وکرێکارانی دەدەن، کەچی کە چنگێکتان لە دەسەڵات گیر بوو، هەڤاڵانی گەورە بەرپرس تان بوونە خاوەن ساختمان وباڵەخانە وئۆتۆمبیلی گرانبەها وزەواجی هەڵەخەرجی گەورە، وەك ئێستا دەبینین؟! دیارە گەندەڵی ئەحزابەکانی عێراق زۆر کۆنە، ئەوە باسی ١٩٥٩ دەکات!

براکەی سەیاب دەڵێت، سەیاب نوسراوێکی بە دەستی خۆی نوسیوە دان بە تاوانەکان وهەڵەکانی دەنێت بەرامبەر حزبی شیوعی!!
سەیاب لە وڵامدا دەڵێت: ئەو برایەم بەردەوام سەردانی دەکردم بۆ لۆمەکردنم لەسەر دەرکردنم لە کارەکەم، ودەیگووت ئەوان هێشتا تۆیان خۆش دەوێت، وعزيز الحاج کە هاوڕێی خوێندنم بوو لە خانەی مامۆستایان دەیەوێت بمبینێت، سەرەڕای ئافرەتانی ماڵەوەش هەر هانیان دەدا بۆ چوونە لای عزيز الحاج. کاتێ سەیاب دەچێت بەس جمال حەیدەری هەولێری وحمزە سلمان لەوێ دەبن، وداوای لێدەکەن باسی ناکۆکیەکانی لەگەڵ حزبی شیوعی بنوسێت تا بریارێکی پێویست سەبارەت بەو کێشەیە دەربکەن. سەیاب دەڵێت لاپەڕەیەکم نووسی وباسی جیرۆکی [المومس والعمياء] و [الاسلحة والاطفال]م کرد وەك پێشتر باسم کرد. جەمال حەیدەری کە دەیخوێنێتەوە دەڵێت: باشە، بەڵام هەڵەی خۆتت دیاری نەکردوە!! ئەوەی ئەدەبیاتی شیوعی خوێندبیتەوە دەزانێت ئەو ئیعترافات نووسینە تەقلیدێکی سیاسی باوی سەردەمی شیوعیەت بوو، و زۆربەی جار پاش نووسینی ئیعترافاتەکان دەیانکوشتن!

سەیاب دەڵێت نووسیم تەنها هەڵەی من ئەوەبوو کە وەڵامی هێرش وجوێنی شیوعیەکانم بە هێرش وجوێن دایەوە! وەڵامی سەیاب بۆ براکەی زۆر توونـد دەبیت تا ڕادەی گاڵتەکردن بە کەسایەتی وبچمی براکەی، لەوە دەچێت سەیاب زۆر بریندا بوو بێت بە وتاری برا بچووکەکەی کە بە هاندانی هاندانی حزبی شیوعی لەسەری نووسیبوو.

لە ئەڵقەی دەهەمدا سەیاب باسی چۆنیەتی گیرانی هەڤاڵی نەمر [فەهد] دەکات، و دەڵێت: لە ساڵی ١٩٤٥ حزبێک بە ناوی [حزب التحرر الوطني] دامەزرا کە تەنها ڕوپۆشێك بوو بۆ حزبی شیوعی، خەڵك نەیدەزانی پاشكۆیەكی حزبی شیوعیە کە فێرە بە دامەزراندنی سەندیکای کرێکاران ویەکێتیەکانی قوتابیان وکۆمەڵەی جوتیاران وسەندیکای مامۆستایان!!

گەنجێك بە ناوی عبدالوهاب و خوشكی [خ] زۆر بە گەرم وگوڕیەوە هاتنە ناو حزب وناودار ببوون بە تێکۆشانیان. باوکیان قەساب بوو، کاتێك هەڤاڵان دەگیران، خواردن وگۆشتی بۆیان دەنارده زیندان بە دەستی [خ]. یەکێك لە بەرپرسان ئەو ڕۆژەی ئازاد بوو شوێنی نەبوو لێی بژێت، باوکی [خ] داوای لێکرد لە ماڵی ئەو ژوورێکی پێدەدات ولێی بمێنێتەوە، [خ] یش کچێکی جوان بوو، هەڤاڵ یش بە بیانووی تەسقیف کردنی هەر خەریکی داگیرکردنی بیر ودوایش جەستەی بوو، کار لە کار ترازا وهەڤاڵ کچەکەی کردە ژن! هەر پاش ئەوە بیانووی دۆزیەوە بار بکات بۆ شوێنێکی تر! کە کچە زگی بەرزبوەوە وباوك وبرای لێیان پرسی کێ لەگەڵی خەوتوە، گووتی ئەو هەڤاڵەی لە ماڵمان دەژیا، گووتیان ئاسانە لەگەڵی قسە دەکەین وقەناعەتی پێ دەکەین زەواجت لەگەڵ بکات، بۆ ئەوەی ئابڕومان نەچێت!

کە قسەیان لەگەڵ کرد گووتی: نامەوێ ستەم لە کچەکە بکەم بە هێنانی، چونکە من ڕۆژێک لە دەرەوەم، بیست ڕۆژ لە زیندانم، کاریشم نیە!! ل ٧٤
باوکەکە گووتی: ئێمە هیچمان ناوێت لە سەترکردن ونەهێشتنی ئابڕووچونمان، من ئامادەم بۆ بە خێوکردنی ئەو وتۆش، بەڵام هەڤاڵی [نەمر] سوور بوو لەسەر ڕەتکردنەوە!!

باوکەکە هانای بردە بەر هەڤاڵ [فەهد]، فەهد کە قسەی لەگەڵ کردبوو، ئەوجارە بیانوێکی تری هێنابوەوە: "هەڤاڵ دەزانیت زۆر شت هەیە باوەڕمان پیی نییە بەڵام ناچارین موسایەرەی کۆمەڵ بکەین کە ئیمانی توونـدی پێیان هەیە، وەك ئیمان بە خوا ودینەکان، کە ئێمە ناتوانین بڵێین خەڵکینە باوەڕ بە خوا مەکەن چونکە نیە....ڕاستە ئێمە باوەڕمان بە جیاوازی مەزهەبی وتایفی نیە، بەڵام خۆی بەسەرمان دەسەپێنێت!

دەزانیت من لە تایفەی فلانم [شیعیم] و[خ] لە تایفەی فلانە [سونەیە]، ئەگەر من هاوسەرگیری بکەم لە گەڵیدا، ئەوە باوکم کە ڕێوڕەسم و کاری دینی دەکات بەرامبەر بە پارە، ئەگەر خەڵک بزانن کوڕی ژنێکی هێناوە لە تایفەیەکی تر، دەمرێت لە برسان وپایەی کۆمەڵایەتیمان زەرەرمەند دەبێت!!
لە ئەنجامدا باوك وكوڕەکە بۆ ئاشکرانەبوونی فەزیحەتەکە کچەکە دەکوژن!! تاوانی شەڕەف بەدەستی شیوعی!

دوایی کورەکە بۆ تۆڵە سەندنەوە دەچێتە لای بەرێوەبەرایەتی لێکۆڵینەوەی تاوان، ودەڵێت برادەرێکم منی ناردوە پێتان بڵێم، کە ئامادەیە جێگای فەهد و کەسانی تریشتان نیشان بدات، بە مەرجێك خۆی تاوانێکی کردوە دەیەوێت لێی خۆش بن! گوتیان باشە لێی خۆش دەبین ئەگەر مرۆڤیشی کوشتبێت، عبدالوهابی برای [خ] گووتی: منم ئەوکەسە ی کە شوێنی فەهد تتان نیشان دەدەم، منیشم کە خوشکی خۆم کوشتوە، چونکە هەڤاڵێك زینای لەگەڵدا کردبوو، بەو شێوەیە فەهد گیرا لە پێناو ڕابواردنی ئەو هەڤاڵە. سەیاب دەڵێت: لە ئیران دیتم کاتی ڕامکردبوو بۆ ئەوێ، چیرۆکی خۆیی بۆ گێڕامەوە بە چاوی پڕ لە فرمێسك!! ل٧٥

لە ئەڵقەی یازدەدا سەیاب باسی [لەتیفنوف ] دەکات، گوایە پێی زانیوە کە من لەسەریم نووسیوە ودەڵێت شکات دەکەم! سەیاب دەڵێت بێ منەتم وباسی چەندین شتی خراپتری دەکات وەك دزینی پارەی ئابوونەی جوتیاران وشتی تریش.

باسی نامەی براکەشی دەکات کە دەڵێت: مەبەستت چیە لەو نووسینانەی دژی حزبی شیوعی؟! سەیاب لە وەڵامدا دەڵێت: ئێمە لەشەڕێکی عەقائیدی داین لە دژی شیوعیەت، چونکە مەترسی شیوعیەت کەمتر نیە لە مەترسی ئیمپریالیزمی چەپەڵ!...ئێمە لە جیهاد داین وبەرگری دەکەین لە نەتەوەمان و ئایینمان وداب ونەرێت و سەربەخۆییمان! ل٨٢

لە ئەڵقەی دوازدەمدا سەیاب باسی هەلپەرست حزبی شیوعی دەکات کە بەژداریەکی ئەوتۆی نەبوو لە ڕاپەڕینی کانونی شکۆدار، کەچی پاش سەرکەوتنی شۆڕش هەموو قارەمانیەتەکەیان دایە پاڵ خۆیان، ئەوەی شەهید بوو لە حزبیکی ناسراو نەبوو، گووتیان شیوعی بوو! ئینجا دەڵێت شیوعیەکان بە ئاشکرا دژایەتی عروبە دەکەن وشعوبین، ولەو پێناوە هەڵەیەکی گەورە دەکات وەك کاردانەوە کە ستایشی ستەمکارێکی وەك حجاج بن یوسف الثقفي دەکات ەدەڵێت محمد شرارةی هاوڕێی لە بۆنەیەکدا زۆر هێرشی کردە سەر ئەو " قارەمانەی کە ویستی کوفە بپارێزێت لە داگیرکردنی فارسی، وفەرمانی کرد لە غەیری عەرەب کەس نەیەتە ناو کوفەوە!!"

دیسان دێتەوە سەر باسی [مادلین] کچە جووە شیوعی یەکە دەکات، کە سەیاب دەڵێت: زۆر جوان بووە ودەڵێت: ئارەزووم لێی بوو! بەڵام سەیاب زۆر بە سووکی وبازاڕی باسی جووەکانی حزبی شیوعی دەکات، بە نێر ومێ یان دەڵێت نا شەریف، بە زمانێکی زۆر بازاڕیانەی ناو ژینگە دواکەوتوە عەرەبیەکان! هەتا کە باسی برای مادلین دەکات دەڵێت: برایە [شەریفەکەی] شی ئەندام بوو لە حزبی شیوعی، کە زیندانی بوو لە نوگرە سەلمان، وهەڤاڵان سوودیان لێی بینی، خۆشی بەخش بوو پێیان!! ل ٨٨

دوایی کە پۆلیس بەدوای مادلین دەگەڕێت لە ژێرزەمینێك دایدەنێن لەگەڵ هەڤاڵ باسم [بهاءالدين نوري] ئەو دۆن جوانە بە ناوبانگەی سلێمانی کە بەرلەوەی ببێتە سکرتێری حزب، توانی لاقەی بکات، دوجار مادلین گیرا ولە زینداندا منداڵێکی بوو ناوی نا سەلام! سەیاب دەڵێت دکتۆرە عدوية محمود اديب شاهێدی ئەو لەدایك بوونە بوو ولەبەر ئەو هۆیە نا ڕەوشتیەش حزب و شیوعیەتی جیهێشت.

لە ئەڵقەی سێزدەمدا سەیاب باسی دڵ ڕەقی وقەسوەتی شیوعیەکان دەکات وباسی ڕەوشتی خراپیان دەکان بە گشتی ودەڵێت: شیوعیەکانی هەموو دنیا وان تەنها ئەوانەی یوگسلافیای لی دەرچێت !! بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە نمونەیەك لە ڕۆمانی [الارض البكر حرثناها] ی شۆلۆخۆف دەهێنێتەوە، کە چۆن بێ ڕەحمانە هێرش دەکەنە سەر کۆلاکەکان تالانیان دەکەن وهەتا جلوبەرگی منداڵانیان وبوکەڵە ویاریەکانیشیان تالان دەکەن !کاتێك کەسێکی بە ویژدان بە ناوی ئەندرێ، نارەزایی دەردەبڕێت لەسەر ئەو کارە نامرۆییانە، هاوڕێیەکی پێی دەڵێت: هەی چەپەڵ! وا خزمەتی شۆڕش دەکەیت؟ تۆ دڵت پڕی بەزەییە، بەڵام من دەتوانن هەزاران پیر وپەککەوتە ومنداڵم بۆ ریزکەن، وبڵێن دەبێت بکوژرێن لە پێناو شۆڕش، هەموویان قر دەکەم بە چەکەکەم!! ل٩٥

لە ئەڵقەی چواردەهەمدا سەیاب بەردەوام دەبێت لەسەر باسی ڕەوشت وئاکاری خراپی شیوعیەکان، کەمن بە پێویستی نازانم درێژەی پێ بدەم.
لە ئەڵقەی پازدەهەمدا سەیاب باسی هەڵوێست سۆڤیەت و شیوعیەکان دەکات لە دابەشکردنی فەلەستین، کە چۆن پشتگیریان لێکرد، دوایی باسی جولەکەیەکی هەژارو نەدار [صعلوك] دەکات بە ناوی خضوری کە کۆنە مس وزەرد دەکرێت، کاتێك ڕەگەزنامەی لێ دەسێننەوە، بڕیار دەدات بچێتە ئیسرائیل، ئەو هەژارەی کە بەرگەی گەرما وسەرما وئەزیەتی خەڵکی دەگرت لە پێناو چەند درهەمێك، بەدیار کەوت خاوەنی دە هەزار دینارە، وسەرەڕای خەڵک باسی چاوچنۆکی جولەکە وپارەپەرەستیان دەکات کەچی خضوری بەبێ دڵ لەدڵدان پارەکەی بەجێ هێشت لە پێناو ژیان لەوڵاتەکەی ئیسرائیل! منیش کە پێم دەڵێن شاعیر وئەدیب، وپارەنەویست کە قەسیدەیەکی چاکم پێ باشترە لە هەزاران دینار، خیانەتم لە نەتەوەکەم کرد ونکولیم کرد لە هەموو بەها ڕوحیەکانی لە پێناو چیدا؟ ئەو بیرۆکەیە ئەشکەنجەی دەدام وهەوڵم دا لە دەستی ڕاکەم بە ئەرەق خواردنەوە وئالوودەبوون پێی، بەڵام هەر ڕاوی دەنام تا ئەو ڕۆژەی لە بیری شیوعیەت ڕزگارم بوو. ل١٠٨

# بەشی چوارەم

لە ئەڵقەی شازدەهەمدا سەیاب پەشیمانی دەردەبڕێت لەو رۆژگارەی کە مامۆستا بوو لە ناوندی رومادی ١٩٤٨ – ١٩٤٩ کە چۆن سێ چارەگی دەرسی بە باسکردنی شیوعیەت وپرنسیپەکانی مارکسیزم دەبردە سەر، وئەو گەنجە هیمەت بەرزانەی وڵاتی فریو دەدا بە قسەی شیرین وخەونی رەنگاورەنگ وگفتی هەنگوینی، تا پێیان هەڵدەخلیسکێ بۆ ناو چاڵی کۆمەنستی، ئەو کاتە دڵیان پڕ دەبێت لە حیقد وحەسەد وشەڕ! ئەو دیاردەیە ئایدیۆلۆژیە ئێستاش باوە، ئیسلامیەکان قوتابخانە و دەرسەکانیان بە تەواوی کردۆتە خزمەتی فیکرەکەیان، جاروبار بە چەوساندنەوەی خەڵکیتری جیاکۆتایی دێت، وەک شەڕیان دژی ئافرەتە بێ سەرپۆشەکان، کە چەندین چیرۆک وڕوداوی لەو بارەم بیستوە، هەتا ئەبوبەکر کاروانیش یەکیك بووە لەو کەسانەی حیجابی بە زۆر سەپاندووە لە قوتابخانەی کچان!.

دیسان باسی ڕۆڵی کاریگەری جولەکەکان دەکات لەسەر شیوعیەکانی عێراق، ودەڵێت: فەهد لێیان دوو دڵ بوو ولەسەرەتادا نەیانتوانی پێدزەکەن بۆ ناو حزبی شیوعی، بۆیە جولەکە عێراقیەکان بە فەرمان ورێنمایی زایۆنیزمی جیهانی وبە هاوکاری لەگەڵ چەند غەیرە جولەکەیەك توانیان حزبێکی شیوعی دامەزرێنن، کە رۆژنامەی نهێنیان بە ناوی [وحدة النضال] دەردەچوو. فەهد پێی ناخۆش بوو دوو حزبی شیوعی هەبێت، بۆیە داوای یەکگرتنی کرد، وئەوانیش قبوڵیان کرد وچونە ناو حزبی شیوعی، بەو شێوەیە توانیان بچنە ناو حزبی شیوعیەوە، ئەوەش سەرەتای داگیرکاری زایۆنیزم بوو بۆ حزبی شیوعی. ل ١١٤

لە ئەڵقەی حەڤدەهەم سەیاب باسی ڕوسیەک دەکات کەزۆر زەبەلاح وکەڵەگەت بووە، وپێیان سەیر بووە کەسێک لەو بەهەشتەی سەر دنیا ڕابکات بەپێی بۆچوونی شیوعیەکانی ئەوکاتە، دوایێ ڕوسەکە باسی ئەو دۆزەخەی بۆ کردوون کە ئەوان سەیریان پێهاتووە و گومانیان لێیکردووە..
ئەو ڕوداوە ئاسایيە بۆ کاتی ئێمە، بەڵام لەو سەردەمە لە سایەی ئەو مەکینە زەبەلاحەی پڕوپاگەندەی سۆڤیەتی ئەوسا وەک خەیاڵ بوو کەسێکی ڕاکردوو لەو بەهەشتە خەیاڵیە ببینیت.
سەیاب دەڵێت سەرەڕای ئەو دروشمەی شیوعیەکان بەرزیان کردۆتەوە کە وتەیەکی مارکسە و دەڵێت؛ مرۆڤ پڕبەهاترین سەرمایەیە لە جیهاندا، بەڵام ئەوان گەورەترین دوژمنی مرۆڤن کە بە تەواوی دەیهاڕن...ڕوحی دەهاڕن وڕووتی دەکەنەوە و دایدەماڵن لە هەموو مافێکی لە گوزارشکردن دا.

کە دەشڵێن مرۆڤ بۆ هەتایی فەنا دەبێت، نە قیامەت ونە زیندووبوونەوە ونە بەهەشت ودۆزەخ بوونیان نیە، ئەو شتانە تەنها ورێنەی بۆرژوازین، بەو کارە لە نرخی مرۆڤ کەمدەکەنەوە وبێبەشی دەکەن لە نەمری وخلود، کە هەموو دینەکان موژدەی پێدەدەن .

لە ئەڵقەی هەژدەهەم وەڵامی گۆڤارێک دەداتەوە بە ناوی الوادي، کە ڕەخنەیەکی توندی لە سەیاب گرتوە سەبارەت بە سوک هەڵسەنگاندنی سەیاب بۆ شیعری شاعیرە شیوعیەکانی وەک نازم حیکمەت وسیمنۆف وکەسانی تریش، سەیاب جەخت دەکاتەوە لەسەر ناوەرۆک پووچی ئەو شیعرانەی لە ژێر فشار وزەغتی ئایدیۆلۆجیا دێنە بەرهەم. لە ئەڵقەی نۆزدەهەمدا باسی پروپووچی ئەدەبی شیوعی دەکات بە گشتی ودەڵێت کە شیعرێکی سیمنۆفی وەرگێڕاوە، بەڕاستی لە لوتکەی دزێوی وناوەرۆک پووچیە، کە منداڵێکی شەشی سەرەتایی دەتوانێت شتێکی وا بنووسێت وەک سەیاب دەڵێت؛ لە پێشەکی دیوانەکە.

سکورینۆ دەڵێت سیمنۆف شاعیرێکی شیوعیە، وچاک دەزانێت شتێک لە ئارادا نیە بە ناوی ئەدەبی ناحزبی، ئەو ئەدەبەی لە ژێر ماسکی ناحزبیەت خۆی دەشارێتەوە تا سەر ئێسقان بۆرژوایە.

ئینجا هەر بۆ گاڵتە دوو دێر لە شیعری شاعیری هەرە گەورەی شیوعیەکان عبدالوهاب البیاتی دەخاتە بەر دیدمان کە دەڵێت؛ فاللە في مدینتي یبیعه الیهود، اللە في مدینتي قواد (نعوذ باللە) بەڕاستی سەیاب زۆر باش ئەو ناوە گەورە ودەرگا وێرانە دادەماڵێ، ئەو بەناو شاعیرەی کە هێندەیان پڤدەدا ئەوەی نەشی دەناسی پێیوابوو شاعیرێکی مەزنە، سەیاب البیاتی تۆمەتبار دەکات بەوەی کە عەرەبیەکەشی باش نیە ونمونەیەکی تر دەهێنێتەوە، دەیسەلمێنێت کە کەسێکی نەخوێندەواریش هێندە نەزان نییە بە زمان وبە بەلاغەی عەرەبی .

لە ئەڵقەی بیست ویەک ودوودا سەیاب لە قوتابخانەومامۆستایی دەردەکرێت، ودوایی هەر لە ماڵەکەی خۆیان لە گوندەکەیان دەیگرن ورەوانەی بەغدادی دەکەن، هەر لەورۆژگارەدا سەرکردەکانی حزبی شیوعی فەهد و حسین الشبیبي و زکی بسیم و یهودا سدیق لە سێدارە دەدرێن، هەرچەندە باسی یەهودا ناکەن ، چونکە دەیانگووت خیانەتی کردوە. دەڵێت پاش ئەو گورزە خەڵک زۆربەی لە حزب دەتەکێتەوە وکە گەرایەوە گوندەکەیان مامیشی گیرا بوو، برای بچوکی مستەفا ببوە بەرپرسی حزب لە ئەبی خەسیب..
سەیاب دەڵێت لە ترسی وازهێنانی جوتیاران لە حزب هێندە وەعد ووعودی ڕەنگالەمان پێدەدان تا ڕادەی ئەوەی بە یارمەتی کەسانێک نەخشەی هەموو بێستان وزەویەکانمان کێشابوو وبە کەیفی خۆمان دابەشمان دەکردن بە سەر جوتیاران، ئەوانیش لەبەر ساویلکەیی خۆیان باوەڕیان دەکرد، بە تایبەتی کە نەخشە چاپکراوەکانیان دەدیت، چونکە باوەڕیان بەهەر نوسراوێکی چاپکراودا دەکرد. لە دواییدا لەپاش گیرانی شیوعیەکی نەجەفی برای سەیاب بە گرتن دەدات و لە ئەڵقەی بیست ودوودا کەس نامێنێت [لەتیف] لەتیفنۆف دەبێتە بەرپرسی حزب، دەڵێت هەواڵی نهێنی حزب لەسەر هەموو زمانێک بوو لە عەهدی لەتیفنۆف دا، لە ڕێگای ژن ومنداڵە حەوت ساڵەکەیدا!!!
ل ١٤٩

لە ئەڵقەی بیست وسێدا سەیاب باسی ڕۆمانی بەناوبانگی جۆرج ئۆرویل دەكات بە ناوی [١٩٨٤] ودەڵێت ئەو كتێبە بە توندترین شێوە فەزحی شیوعیەت دەكات بەبێ ئەوەی هیچ باسی شیوعیەت بكات، بەڵام شیوعیەكانیش زوو زانیان لەسەر ئەوانە، پاش ئەوەی بە توندترین شیوە هێرشیان كردە سەر نووسەرەكەی ودەیان تۆمەتی ئامادەیان خستە پاڵی وەك خۆفرۆشی ئیمپریالیزم وجاسوس وهتد..

ئینجا بەراوردیک دەكات لە نێوان ڕۆمانەكە وحزبی شیوعی عێراق، بەو شێوەیە لە ئەڵقەی بیست وچوار وپێنجییشدا سەیاب بەردەوام دەبێت لەسەر گێڕانەوەی رووداوەكانی ڕۆمانەكەی جۆرج ئۆرویل كە لیرەدا پێویست بە باسكردنی ناكات، ڕۆمانەكە بۆ ئەوكاتە زۆر شتێكی نوێ بووە.

لە ئەڵقەی بیست و شەشدا سەیاب باسی ئەو زیادەرەویەی شیوعیەكان دەكات لە ڕۆلیان لە ڕوداو و شۆڕشەكانی عێراق ولە گەورەكردنی ڕۆڵی هاوڕێ فەهد دامەزرێنەری حزبی شیوعی عێراق، دەلیت: " شیوعیەكان شانازی بە سەرۆكەكەیان دەكەن لە هەموو قۆناغێكی ژیانییدا لە سەردەمی منداڵیدا لە تەلكێفدا، وەك زانراوە لە بەرتلەی موسڵ لە دایكبووە لە خێزانێكی سریانی، ودوایی بە گەنجی لە ناسریە بوو، دوایی وەك قوتابیەكی دەركراو لە حزبی نادینی، ئینجا وەك كرێكاری بەفر فرۆشتن لە ناسریە، ئینجا وەك قاوەفرۆش لە دوكانی براكەی لە بەسرە، وئینجا وەك سكرتێری حزبی شیوعی، دەڵێ بە دووری نازانین بلین پێش دۆزینەوەی ماركسیزمیش بە ماركسی بزانن." مەبەستی سەیاب ئەوەیە هێشتا حزبی شیوعی لە حوكمدا نەبوو بە ڕەهایی كەچی لاسایی [براگەورەی] ڕۆمانی ١٩٨٤ی جۆرج ئۆروێل یان دەكردەوە، ئەی كە دەسەڵاتیان گرتە دەست چۆن؟!

لە ئەڵقەی بیست وحەوتدا سەیاب دیسان باسی ڕوداوەكانی كەركوك دەكات بۆ چەندەمین جار باسی ڕوداوێك دەكات كە زیاتر لە چیرۆكێكی هەڵبسەستراو دەچێت، گوایە شیوعیەكان پاش كوشتنی خێزانیك بە پیاو و ژن و منداڵەوە، منداڵێكی شیرەخۆر ماوە ومەمكی دایكی دەبرن دەیدەنە دەستی وئەویش دەست دەكات بە مژینی، ودوایی دەستی منداڵەكەش دەبڕن!!!!! ل ١٧٩
ئینجا دیسان ڕوداوكانی ڕۆمانەكە دەگێرێتەوە ولە ئەڵقەی بیست وهەشتەمیشدا هەر باسی ڕۆمانەكە دەكات تا رادەیەک ناكرێت ئەوكارە وەك یاداشتی كەسێك حسیب بكریت.
ئەوە گرنگترین ڕووداوەكانی ناو ئەو یاداشتنامەیە بوو، هیوادارم سوودی هەبوو بێت.

# کەسایەتی سەڵاحەدین

# لای هادی العلوي لە کتێبی [الشخصیات غیر قلقة في الاسلام]

# بەشی یەکەم

کەسانێك هەن وەك خۆر وان ڕووناکی بەسەر هەموو کەسێك بڵاودەکەنەوە، سەر بە هەر بیرێك و ئایدیایەك بن ڕاستی وەك خۆی باس دەکەن، هەرچەندە ئەو جۆرە مرۆڤانە ژمارەیان لەچاو ئەوانیتری لایەنگیر وموتەحەیز زۆر کەمترە بەڵام هەر هەن .زۆر کەم وادەبێت ئیسلامیەك دانی خێر بە سێکیولارێك یان کۆمەنستێك دابنێت، بە پێچەوانەوەش کەمجار کۆمەنستێك دەبینیت کەسێکی یان شتێکی ئیسلامی پێ باش بێت، یان باسی بەژداریەکی ژیاری ئیسلام بکات.

بەڵام کەسانێك هەن پەیوەست نابن بە هیچ دەمارگرژیەکی دینی وتایفی و نەتەوایەتی لە گووتنی هەقیقەت .بیرمەندی گەورەی عێراقی کۆمەنیست هادی العلوي ١٩٣٢ -١٩٩٨ ، یەکێکە لەو بیرمەندە پاك و نەزیهو ڕاستگۆیانەی کە ئەوەی ناسیبێت شایەدی ڕاستگۆیی و مرۆیی دەدا، مەرج نیە هەموو قسەکانی بسەلمێنین، بە تایبەتی دەربارەی دۆزی کورد، بەڵام زۆر ڕاستگۆیانە ڕای خۆی دەردەبڕێت، کەسیش نیە هەڵوێستە مرۆییەکەی لەپاش لێدانی هەڵەبجە نەزانێت کاتێ بریاری بەرائەتی خۆی دا لە ناسنامەکەی ودەڵێت: " ئەی مناڵی کوردی سوتاو بە گاز لە گوندە بچوکەکەی لەسەر جێگاکەی، یان لە گۆڕەپانی یاری، ئەوە بەریبوونی خۆمە لە خوێنی تۆ پێشکەشی دەکەم....بەشەرمەوە پێشکەشی تۆی دەکەم و هەستی شەرمەزاری سەرتاپای داگیرکردووم لە بەرامبەر خەڵکدا، کە من هەمان ناسنامەی ئەو فڕۆکەوانە هەڵدەگرم، کە لەسەر تۆ خۆی ئازاکرد. خۆزگە خەڵك ڕزگاریان کردبام لەو ناسنامەیە هەتا بەرائەتێکی هەقیقیم گیرکەوتبا لە خوێنە بە نرخەکەت، منی کۆست کەوتوو بە تۆ و گریاو بۆتۆ لە تاریکایی شەوە دەرێژەکانم. لە زەمەنی دەسەڵاتی گورگە مرۆییەکان، هیچمان دەست نەماوە لە گریان زیاتر. لەمنی قبوڵ کە هەی غەدر لێکراو، ئەوە بەرائەتی منە لە ناسنامەکەم"

هادی العلوي پییوایە کورد گەلێکە بەژداریەکی سەرەکی کردوە لە شارستانیەتی ئیسلام وپێشی وایە: "لەناو کوردا مەزنترین سەرکردەی ئیسلام لە پاش حەزرەتی [محمد] و هاوەڵانی دەرکەوتووە کە سەڵاحەدینە، کە ئیبن کەسیر لە کتێبی البدایة و النهایة دەڵێت: " ڕەچەڵەکی دەگەڕێتەوە بۆ "شەرافەتمەندترین گەلانی کوردی "اشرف شعوب الاكراد! نازانم ابن كثير ئەو تێرمەی بە هەڵە بەکارهێناوە یان بەڕاستی پێیان وابوە کورد کۆمەڵە گەلێکن لەناو نەتەوەیەکدا؟!

هادی العلوي لە كتێبی [الشخصیات غیر قلقة في الاسلام ل ٢٣٩-٢٤٤] بەشێوەیەك باسی سەڵاحەدینی ئەیوبی دەكات، كە جێگای شانازیە كەسێكی قاڵبووی ناو فەرهەنگی دینی ومەزهەبی شیعی لە بەشی یەكەمی ژیانیدا، و دوایی كەسیكی شیوعی كۆمەنست بەو هەموو ئینسافە باسی سەڵاحەدین بكات، كە پێیوایە مەزنترین سەركردەی ئیسلامە لە پاش حەزرەتی محمد. ئەمرۆ سەڵاحەدین ئیبتلا بووە بە دەست حیقد وبێ ئەمەكی بەشێك لە نەزانانی نەتەوەی خۆی گوایە هیچی بۆ كورد نەكردوە، وهەروەها بەدەستی شیعە چونكە كۆتایی بە دەوڵەتە ڕزیوەكەی فاتیمیەكان هێناوە زۆر بە سیاسەت و ئاشتیانە، كە گومانم نیە ئەگەر شیعەكان دەسەڵاتیان بەسەر سەڵاحەدین شكابایە تەفروتونایان دەكرد، سەڵاحەدین هێندە ئینسان بوو هەتا دوا رۆژی ژیانی خەلیفەی فاتیمی عاضد بە ڕێز وحورمەت هەڵسوكەوتی لەگەل دەكرد، كە خەلیفە مرد ئەسەفی بۆ كێشا و گووتی بمزانیبا بە لادانی ناوی لە وتاری هەینی تووشی خەم دەبیت و وا زوو دەمرێت نەمدەكرد!!!

كەی سونییەكی سەرسەخت وا بە میهرەبانی دەدوێت بەرامبەر خەلیفەیەكی شیعی؟! ئەو لایەنە كوردیەكەیەتی دەدوێت !هادی العلوي دەربارەی دەڵێت:

"ئەگەر بەسەرحوكمی ڕاشدیەكان تێپەڕین بە كە تێكهەڵكێشراو بوو بە پرنسیپی بزاڤی مێژوویی باڵاچوو، صلاح الدین لە نێو ئەو فەرمانڕەوایە بە ژمارە كەمانەیە كە خاوەن شەعبیەتێكی بێ وێنە بوون و خەڵك خۆشیان دەویست، هەرچەندە خەڵككە لەوە ڕاهاتبوون كە ڕقیان لە دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوایان بێتەوە و هیواخوازی لەناوچوونیان بكەن. ئەوەش تەنها ناگەڕێتەوە بۆ قارەمانیەتی ئەو لە بەرهەڵستكاری داگیركردنی ئەوروپاییدا، چونكە دەسەڵاتدارانێك بەرلەو و لەپاش ئەویش ئەو ئەركەیان ئەنجامدا بوو، كەچی ئەو پایەیان نەبوو لە دڵی خەڵك .زاهر بیبەرس وەك ئەو قارەمان بوو، هوشیاری گەلی نەمری كرد لە ڕێگای ئەفسانەیەک بەناوی خۆی. بەڵام خەڵك وەك سەركردەیەكی قارەمان خۆشیان دەویست. لە ڕاستیدا دەكرێت بەراوردی سەڵاحەدین بە نورەدین [زەنگی] شەهید بكرێت، كە گەل ئەو نازناوەی پێدا، هەرچەندە لەسەر پێخەف و جێگای خۆشی مرد .لەوانەیە ئەزموونی نورەدین قووڵتر بێت. پسپۆڕی بەتوانای كتێب ئیبراهیم زەیبەق پێیڕاگەیاندم لە پاش توێژینەوەیەكی تێروتەسەل دەربارەی سەڵاحەدین لە ڕێگای ساغكردنەوەی كتێبی ابو شامە كە دوایی باسی دەكەین لێرەدا ئەوەی پەیوەستە بە سەڵاحەدین پوختی دەركەینەوە و دەڵێین: ئەو لە كەسایەتی سیاسی وعەسكەری، گوزارشی لە تایبەتمەندیەكانی كۆمەڵگای كوردی دەكرد وەك ئێمەی عێراقی دەیناسین لە ئەنجامی بەرخوردی ڕۆژانەمان لەگەڵ ئەو گەلە چیایە".

ئەوەی سەرنجی ڕاكێشام زیاتر ئەو تەوافوقە فیكریە من بوو لەگەڵ هادی العلوي، دەربارەی كەسایەتی سەڵاحەدین كە لە وتارێكمدا بە ناوی [خەسڵەتە كوردیەكانی سەڵاحەدینی ئەیوبی] باسم

کردوه، لێرە هادی العلوي پێیوایە سەڵاحەدین چونکە لەسەر فیترەت و سروشتی کوردی خۆی مابوەوە وسەرەڕای هەرسکردنی فەرهەنگی ئیسلامی و عەرەبی وگرتنی گەورەترین دەسەڵات لە دەستی، وبایەخدان بە حەدیس، بەڵام توانی سروشتی کوردیانە و سەرڕاستانەی کوردی خۆی بپارێزێت، دەقە حەدیسە نێگەتیڤەکانیش کاری لێنەکەن، بەرەو دەمارگرژی و توندوتیژی ببات، بۆیە سەڵاحەدین لەگەڵ ئەهلی تەسەوف و مەزاهیبەکانی تریش زۆر نزیك بوو، بەڵکو لەوپەڕی هێزەوە زۆر بە ڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵ خەلیفەی فاتیمی عاضد دەکرد، هەرچەندە ودەیتوانی بە کودەتایەکی خوێناوی لایبەرێت، بەڵام سیاسەتی هێمنانەی قۆناغ دوای قۆناغی لەگەڵ بەکارهینا، هەتاکاتێ ناوی عاضدی لە وتاری هەینی نەهێشت، کە پاش چەند ڕۆژێك مرد، پەشیمانی دایگرت و گووتی بمزانیبا وا پێی دەمرێت ناوم لە وتاری هەینی نەدەسڕیەوە!!!

ئینجا ڕەوشتی بەرزی و لێبوردەیی لەگەڵ مەسیحیەکان و خاچ پەرستەکان وێنەی نەبووە لە هەموو مێژووی ئیسلام دا .هادی العلوي لەو بارەیەوە دەڵێت:

"ئەو هێشتا نزیك بوو لە ژینگە کوردیە ڕەسەنەکەی، باپیرەی ڕاستەوخۆی ناویکی کوردی هەڵگرتبوو و هەروەها مامیشی کەناوی شێرکۆ بوو، ئەو ناوەش تا ئێستاش باوە لە نێو کوردان. هێشتا کاتێکی وا زۆری پێنەچوو بوو لە جیابوونەوەی لە ژینگەی ڕەسەنی خۆی بەشی ئەوە بکات پێکهاتە بەهایەکانی لەبیر بچێتەوە تا ڕادەی گۆڕان بۆ کەسایەتیەکی ڕەق و وشکی شارنشینی تواوە لەناو جەوی شارە گەورەکاندا. ئەو کلتوری عەرەبی بەدەست هێنابوو لە چوارچێوەی ئیسلامیەکەیدا. ودیوانی الحماسة ی سەرلەبەر لەبەر بوو. مێژوو نووسانیشی لە ڕیزی ئەهلی حەدیسی حسێب دەکەن. ئەو زۆر دیندار بوو هەتا نوێژی بە کۆمەڵی کرد کاتێك لەسەر پێخەفی مەرگ بوو لە دوا نەخۆشیدا .لەکاتی گەرمەی شەڕ وتێکەڵچووندا داوای لە یاوەرانی دەکرد بەشەکانی فەرموودەی پێغەمبەری بۆ بخوێننەوە. فەقیهێك دەقێکی عەقیدەی سونی بۆ نوسیەوە، لەبەری کرد و داوای لە منداڵەکانی کرد لەبەری کەن، بەڵام لە نێو ئەو هەمووانە ویژدانێکی کوردی پاراست کە کاریگەریەکی بەرچاوی هەبوو لە ژیانی سیاسی وعەسکەرییدا."

تەنها سەرنجێکی ترم لەسەر ئەو دەقەی هادی العلوي ئەوەیە سەڵاحەدین ئەگەرچی بایەخێکی زۆریشی بە حەدیس دابوو وەك دیندارێک، بەڵام زۆر دوور بوو لە میزاجی توندوتیژی ئەهلی حەدیس و سەلەفیەت بە گشتی کە لێبوردەییان لەگەڵ موسڵمانانی مەزهەبەکانی تریش نیە، نەك غەیرە دینان، هەتا لە کاتی جەنگەکانیدا زانایانی سۆفیەتی لەگەڵ خۆی دەبرد بۆ پرس وڕا پێکردن و بەرزکردنەوەی ورەی جەنگاوەرانی.

دەربارەی دینداری گەل دۆستی و دینداری سیاسەتبازی دەڵێت:

"لەو ئەزموونەدا دیاردەیەکی دەگمەن خۆی دەنوێنێت لە سنوری ئایینی و سوڵتانیدا پێکەوە. ئەوەی هاوبەشە لە نێوان فەرمانڕەوا دیندارەکان مەیلی هێزی خوێناویە وەك بەرهەمی توندوتیژی ئایدیۆلۆژیا کاتێك لە دەسەڵات دەبن، کە دینداری سیاسەتبازی دادەبڕێنێت لە دینداری شەعبی، مەبەستم لە دینداری خەڵکی عەوام ڕەشۆکییە کە بەرژەوەندیە سیاسی و ئابووریەکان نایانجوڵێنێت .کاریگەری دینداری لە دەسەڵات پێچەوانەی کاریگەری دیندارییە لە خەڵکی ئاسایی، سەڵاحەدین لە دینداریدا نزیکتر بوو لە دینداری مرۆڤێکی ئاسایی تا دینداری سوڵتانێك، ئەوەش خۆی بەرجەستە دەکرد لە جەنگەکانی و ڕەفتاری ناوخۆییدا. لێرەدا لە سەردەمی ئەودا هیچ شارێکی ئازادکراو لە ژێر چنگی فەرەنگیەکان ئیستباحە نەکراوە، وەك چۆن ئیسپانەکان بەو شارانەیان دەکرد کە لە ئەندەلوس دا لە ژێر ڕکێفی موسڵمانانیان دەهێنایە دەرەوە، یان کاتێك فەرەنگیەکان شارێکی ئیسلامیان داگیر دەکرد. سەڵاحەدین پابەندبوونێکی تووندی بە یاساکانی جەنگی ئەو سەردەمە نیشان دەدا. لە کاتێکدا فەرەنگیەکان دێوەزمەکی ترسناك بوون لە دڵی خەڵکی شارە داگیرکراوەکان، بەڵام سەڵاحەدین و سەربازانی هێندە مایەی ترسناکی نەبوون لەلای خەلکە فەرەنگیەکان، ئەوەندەی وەك جەنگاوەرانی بەتوانا هەیبەتدار بوون .

هادی العلوي پێیوایە سەڵاحەدین هەیبەتدار بوو، بەڵام ترسناك نەبوو لای خەڵک لە ستەمی بترسێن، ودەڵێت:

"لە پەیوەندیدا لەگەڵ گەلدا سەڵاحەدین وەك عومەری کوڕی خەتاب ، هەیبەتدار بوو، بەڵام ترسناك نەبوو، بەو جۆرە بوو لە ژیانی تایبەتی لەناو کۆشکیدا وهەروەها لە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەست وپێوەندەکانیدا کە ئەمین بوون لە نەزەواتەکانی. ئەوەش حالەتێکی تایبەتە لە ڕەفتاری خەلیفە و سوڵتانەکان لە سەرەتای دەستپێکی خەلافەتی عەباسییەوە. هیچ لە دەست وپێوەندەکانی و وەزیرەکانی و سەرکردەکانی دووچاری سزایەکی هەڕەمەکی زادەی چەمووشی ئیستیبدادی نەهاتوون. توندترین سزا لەکار لادان بوو، هەروەك وای کرد لەگەڵ وەکیلی خەزانەیدا لەبەر بنتیاتنانی کۆشکێك." ..."

سەڵاحەدین لە ژینامەیدا هەروەها لە سیاسەتیدا نمونەی سوڵتانێك بوو کە خەڵك لێی نەدەترسا، چونکە ترسناك نەبوو، ڕیزیان لێدەگرت و خۆشیان دەویست چونکە تاڵانی نەدەکردن، وژیانێکی ناوەندی و ئەستۆ پاکانە دەژیا دوور لە گەندەڵی کۆشك وتەلارەکان .کۆی ئەوەش ئاکاری پیاوێکی کوردی ئاسایی بوو. بەڵام گرنگیەکەی لەوەدایە کە توانی ئەو ئاکارانر بپارێزێت لە کاتێکدا سوڵتان و دیندار بوو".

# بەشی دووەم

## كوشتنی سەهرەوەردی وعمارة اليمني شاعير

هادی العلوي پێیوایە سەڵاحەدین لە ژیانیدا دوو هەڵەی گەورە كردوە وەك دەڵێت:

-لە سێدارەدانی عمارة اليمني شاعير

-لە سێدارەدانی فەیلەسوف شهاب الدين السهروردي!

لە ڕاستیدا ئەوەی زیاتر باسی دەكرێت كوشتنی سەهرەوەردی یە، با گوێی بۆ بگرین ودوایی سەرنجەكانمان دەخەینەڕوو:

"لێرەدا سەڵاحەدین دووهەڵەی لەسەر تۆمار دەكرێت، یەكێكیان لە سێدارەدانی عمارة اليمني شاعیرە پاش تێوەگلانی لە پلانێك بۆ گەڕاندنەوەی خەلافەتی فاتیمی و ڕوخاندنی سەڵاحەدین . هەرچەندە تاوانی ناوبراو لە نێو تاوانە گەورەكان دەژمێردرێت لە سەردەمی جەنگدا، دەبوایە سەڵاحەدین دوودڵی كردبا لەبەردەم شاعیرێكی گەورەدا و بە زیندانیكردنی بەسی كردبا.. دووەم لە سێدارەدانی فەیلەسوف شهاب الدين السهروردي بوو. ئەوەش لە ئەنجامی سكاڵانامەیەكی پیاوانی ئایینی حەلەب ڕوویدا كە كوفری ئەویان دەسەلماند و داوای موستەهەقی كوشتنیان دەكرد. پیاوانی دینیش دەسەڵاتێكی زۆریان هەبوو لە سەردەمی ئەمیرە جەنگەكانی تورك، هەروەها نورەدین و سەڵاحەدین پشتیان بە پیاوانی ئایینی دەبەست لە پێناو هاندانی خەڵك وگۆشكردنیان لە دژی فەرەنگیەكان ، بە حوكمی مۆركی ئایینی جەنگی خاچداران. لە بەدبەختی دایە كە تاقە فەرمانێكی لە سێدارەدان جێبەجێ كرابێت لە مێژووی ئیسلامیدا لە دژی فەیلەسوفێك لەسەردەستی ئەو كوردە دادپەروەرەدا بووە".

سەرەڕای ئەوەش هادی العلوي پێیوایە سەڵاحەدین زۆر ئەستۆپاك بوو و دژی گەندەڵی بوو و ڕێزی جیاوازیەكانی دەگرت و پشتگیری ڕەخنەی هەقیقی دەكرد لە گەندەڵی وهەر خۆشی لە پشت هاندانی ڕەخنەگرێكی سەرسەختی وەك الوهراني دەكرد، كە هەتا كەس وكاری سەڵاحەدینیشی نەدەپاراست لە رەخنە توندەكانی، ولەو بارەیەوە دەڵێت:

"لە سەردەمی سەڵاحەدین چەندین ڕۆشنبیر و ئەدیبی پایەبەرز پێگەیشتن كە لە سایەی پاراستن و هاندانی ئەو چالاك بوون، لە نێو پزیشكەكانی موسای كوڕی مەیمون بوو، كە گەورەترین فەیلەسوفی جولەكە بوو لە سەردەمی ئیسلامیدا. موسای كوڕی مەیمون خەڵكی ئەندەلوس بوو،

به ناچاری لەویٚ ببوه موسڵمان بۆ ڕزگار بوون له گێچەڵ پێکردن، کاتێ هاته قاهیره له سەردەمی سەڵاحەدین گەڕایەوە بۆ دینی خۆی! ....

له هەلکەوتوو و بلیمەتەکانی سەردەمی الوهرانی خاوەنی مەقامات - جۆرێکه له ئەدەبی نووسین - بوو. له سایەی پاراستنی سەڵاحەدین ئەدەبێکی ڕەخنەیی دەنووسی لەسەر دەسەڵاتدارانی دەوڵەت وله براکانی سەڵاحەدین خۆی دەستی پێکرد، و گەندەڵی کارگێڕی ریسوا دەکرد و سەرکۆنەی فەقیه و قازیەکان و ئەدیب و شاعیران و سۆفیەکان و پزیشکانی دەکرد. لەوانەیه هەرخۆی ئاراستەی کردبێت بۆ ئەو ئەرکە، وەك هەوڵیك بۆ جەنگان لەدژی گەندەڵی پاش ئەوەی نەیتوانی به دەسەڵات وهێز ڕێی پێ بگرێت. ئەوەش ڕەخنەیەکە کە له شا المعظم ی برای سەڵاحەدین ی گرتوە:

" "ثم أن الملك المعظم – أدام الله أيامه – كما تعلم، ينهب الأيام نهبا، ويقطع الأوقات الى اللذات وثبا، أنفق بعد وصوله الى ديار مصر نحواً من مائة وسبعين ألف دينار، كأنما وقعت في بئر، فلم يظهر لها حس ولا خبر، إلا على المساخر والقوادين"..

شا موعەزەم -خوا دەوامی بدات- وەك دەزانی ڕۆژگار بەتاڵان دەبات، کاتەکان به بازدان دەبڕێت بۆ گەیشتن به لەزەتەکان، پاش گەیشتنی به وڵاتی میسر سەد وحەفتا هەزار دیناری خەرج کرد، وەك بڵێی ئەو پارەیه کەوتبێته بیرەوە، هیچ دەنگ و هەواڵی نەبیسترا، تەنها لەسەر قەشمەر و گەوادان"...
دیاردە فەرهەنگیەکانی سەردەمی سەڵاحەدین کە زیاتر له بیست ساڵی خایاند پێویستیان به توێژینەوەی تایبەت هەیه هیوادارم کەسانێکی بۆ پەیدا بێت له مێژوونووسانی نەوەی نویٚ پیی هەڵستێ. ئەو سەردەمەی الوهراني هێنایه کایەوە و موسای کوڕی مەیمونی تێیدا له دایك بوو، شایەنی بایەخ پێدانه".
الوهراني هێندە بلیمەت بوو له نوسینیکیدا باسی خەونی دیتنی ئاخیرەت دەکات دەڵێی ئەمرۆ بۆ کوردستان گوتراوە کاتێ باسی فریشتەی ڕوحکێشان عزرائیل دەکات کە چۆن شافاعەتی بۆ پزیشکان دەکرد و بایەخی پیدەدان و میهرەبانی بۆ دەنواندن چونکه ئەو دکتۆرانه ئەرکی عزرائیلیان ئاسان دەکرد له دنیادا کاتی روحی خەڵکی دەکێشا، له ڕەخنەیەکی پەنهانی له ئەنجامی نەزانی وهەڵه و چاوبرسێتیان!!.

دەربارەی کەسانێکی سۆفی و پیاوانی ئایینی دەڵێت: " ڕایان کرد لە ماندووبوونی پیشە و کارەکان بۆ گۆشە و مزگەوتەکان و مەزارگاکان بە بیانووی عیبادەت و گۆشەگیری لە خەڵك ، کارو پێشەیان خواردن و نووستنە هەتا دەمرن..ئەوانە وەك کولەکەی باخچەن ئاو دەخۆنەوە وجێگاکەش تەسك دەکەنەوە"

بە نسبەت لە سێدارەدانی عمارة اليمني شاعیر، ئەو شاعیرە بە حیساب سونیەکی شافیعی بووە هەر خەریکی کاسبی بوە لای ئەو وەزیر وئەم وەزیر، چڵکاو خۆرێکی ناوداری خەلیفە فاتیمیەکان بوو، وەك زۆر لە نووسەر و ڕۆشنبیری بەناو سونی ژێر کاریگەری شیعە کە وڵاتێك نەماوە چەند دانەیەکی وای تێدا نەبیت بە کوردستانیشەوە. کاتێ سەڵاحەدین حوکمی گرتە دەست، هیچ لایەکی لە شاعیرانی دەربار نەکردەوە و خەریکی کاری زۆر گەورەتر بوو لەوەی گویێ بگرێت بۆ شاعیریکی مەراییکەر تا شیعری بەباڵادا هەڵدات، بۆیە شاعیری ناوبراو چەندین شیعری گووت لە دژی سەڵاحەدین و هاندانی خەڵك لە دژی ڕاپەڕین ودوایی بەژداری کردنی ڕاستەوخۆی لە پیلانی کوشتنی سەڵاحەدین دا! سەڵاحەدین تا جموجۆڵی شاعیر لە سنوری شیعرە توندەکانی بوو کە پڕاوپڕ بوون لە سوکایەتی و تۆمەت هەلبەستن لەدژی سەڵاحەدین، هیچ توخنی نەکەوت، بەڵام کە کارەکە گەیشتە پلانی کرداری لەگەڵ حەشاشە تیرۆرستەکان و خاچ پەرستەکان، هیچی تر نەیتوانی چاوپۆشی لێبکات وەك هادی العلوي دەڵێت ئەوە خیانەتی مەزن بوو.

# هەقیقەتی فەلسەفی سەهرەوەردی

سەهرەوەردی ناوی يحيى بن حبش بن أميرك ی، ناسراو بە شهاب الدين السهروردي بوو، لە ٥٤٩ هیجری لە دایك بووە لە سەهرەوەرد، ودەڵێن لە ساڵی ٥٨٧ هیجری كوژراوە، هەرچەندە ساڵی مردنی جیاوازی لەسەر هەیە.

خەڵكانێكی زۆر بە ئاگایی وبێ ئاگایی لە مەسەلەی لە سێدارەدانی سەهرەوەردی لەلایەن سەلاحەدین بێ ئەوەی لەو بابەتە وردبنەوە، هەندێكیان تەنها لەبەر قینی مەزهەبی و هەندێكی تر لەبەر هەرزەكاری فیكری ونەزانی و كەسانیكی تریش لەبەر هۆكاری ئایدیۆلۆژی و دەمارگرژی نەتەوەیی تۆمەتی ستەمكاری دەدەنە پاڵ كەسایەتیەكی دادپەروەر و بێفیز و خۆشەویستی خەڵك وجەماوەری وەك سەلاحەدین، كە بەڕای هادي العلوي لە جوامێریدا وێنەی نەبووە لە پاش حەزرەتی محەمەد .

سەهرەوەردی لە خەیاڵی ئەو كەسانە فەیلەسوفێكی گەورەی بێ گوناە و بەری و ئاسایی مێژوو بووە، زانایان و خەڵك و دەسەلاتی سەلاحەدین لە هیچ و خۆڕایی ئەو كەڵە فەیلەسوفەیان كوشت ! سەلاحەدینێك كە بۆ ژنە خاچپەرستێك بگریێت چونكە شیرەخۆرەكەی لێی ڕفێندرابوو، وەك ابن شدادی مێژوو نووس بە زیندوویی تۆماری كردوە لە كتێبی [ النوادر السلطانية والمحاسن اليوسفية] دەڵێت:

"كە ژنەكە گریانو فیغانی بوو، سەلاحەدین دڵی پێ سوتاوە و چاوەكانی ئاویان تێ تزا وفەرمانی كرد بە دۆزینەوەی منداڵەكە دەسبەجێ، دوایی دیتیان منداڵەكە فرۆشرابوو بە كەسێك و لێیان كڕیەوە و دایانەوە دەستی دایكی و بەسواری ئەسپ و بە پاسەوانی سەربازەكانی خۆی گەیاندیە ناو كەسوكاری !

بەزەیی بێ سنووری هێندە مەزن بوو جەنگاوەرە خاچ پەرستەكانیشی گرتبۆوە، تاڕادەی ئەوەی شیعە قیندارەكان تۆمەتی مەیلداری بە مەسیحیەتی دەدەنەپاڵ لەبەر لێبوردەیی و تۆلەرانس وتەساموحی لەگەڵ جەنگاوەرە خاچپەرستەكان، نە مەدەنیەكان!! دەیانەوێت هەر شارێكی گرتبا وەك داعشی كردبا تا لێی ڕازیین!! شوهرەتی جوامێری سەلاحەدین هێندە دەنگی دابوەوە لە ئەوروپای كۆنی سەردەمی كڵێساش، تارادەی ئەوەی خەڵكانێكی مەسیحی ڕەچەڵەكیان دەگەڕاندەیەوە بۆ خانەوادەیەكی میرزادەی مەسیحی، بەڵكو لە فەرەنسا تا ئەمڕۆش ناو لە منداڵەكانیان دەنێن سەلاحەدین ! Saladinوەك دكتۆر لویس بوزێ دەڵێت لە ڕۆژنامەی لوفیگارۆ Figaro لە ٢٢ تشرینی دووەمی ١٩٩٣ لە ڕاگەیاندنی مەرگنامەیەك ناوی ئەو كەسەی وا بڵاوكردبوەوە Marie

Bernard Saladin! وەك لە كتێبی )صلاح الدين الأيوبي بين العباسيين والفاطميين والصليبيين) سيد حسن الأمين دا هاتووە سەرەڕای ئەوەی تەرخان كراوە بۆ ناوزڕاندنی سەڵاحەدینی مەزن.

سەڵاحەدین بەو هەموو لێبوردەیی و شكۆوە ماقوڵە فەرمان بكات بە كوشتنی فەیلەسوفێكی موسڵمان؟ !ئەگەر هۆكارێكی تر لە پشت ئەو سزایە نەبێت؟!

بە نسبەت سەهرەوەردی یش، ئەو كەسێكی تابڵێی سەرچڵ و هەڵەشە بوو بە شەهادەی نزیكترین كەس و دۆستی خۆی، فخرالدين الماردينی كە دەربارەی وتویەتی: "ئەو لاوە چەندە زیرەك و زمان پاراوە! كەسم وەك ئەو نەدیوە لەو سەردەمەدا. بەڵام من لیی دەترسم لەبەر زۆر هەڵەشەیی و بێ باكی و كەم تەحەفوزكردنیدا، كە ببێتە هۆی لەناوچوونی ".

هەروەها ماردینی ئاماژە دەكات بە گوێنەدانی بە هیچ ئیعتاباراتێكی كۆمەڵایەتی، بۆیە نامۆ دەردەكەوت بە دەوروبەرەكەی، سەرەڕای قسە قووڵ و سەیرەكانی ابن تغري بردي دەڵێت: "سەروشكلی زۆر پیس وپەڵۆس بوە، نەخۆی دەشۆرد ونە جلەكانی، ونە نینۆكی دەكر ونە قژی كورت دەكردەوە!" وابن خلدون یش دەربارەی دەڵیت زانستی گەورەتر بوو لە عەقڵی، وەك خيرالدين الزركلي لە الاعلام دا ئاماژەی پێدەكات!.

لە دوا بەشی ئەو بابەتە باسی هەقیقەتی هۆكاری كوشتنی سەهرەوەردی دەكەین كە ئایە لەبەر جیاوازی ڕاو فەلسەفە بوو یان هۆكارێكی سیاسی ل دواوە بوو؟!

# سەڵاحەدین و کوشتنی سەهرەوەردی
# بەشی سێیەم

چیرۆکی سەهرەوەردی لە سەرچاوەکان لەوەوە دەست پێدەکات کاتێ بە پەیامێکی تایبەتەوە بەرەو دیاربەکر و ئەنادۆڵ و سوریا دەچێت، بەر لەوەی بچێتە حەلەب و لەلایەن پاشای ئەوێ شا زاهری کوڕی سەڵاحەدین [الملك الظاهر أبو المنصور غياث الدين غازي، ( ٥٦٨ه  [(٦١٣ -میوانداری بکرێت، ناوبانگی وای دەرنەکردبوو، ئەگەرچی بۆ هەرکوێ ڕۆیشتبا سەرنجی خەڵکی بۆخۆی ڕادەکێشا بە زیرەکی و شیعرە ناسکەکانی وبیرە فەلسەفیە نامۆکانی، کە لە حەلەب گیرسایەوە و بووە مایەی بایەخ پێدانی کوڕی سەڵاحەدین، کە لیی دەگێڕنەوە زۆر حەزی لە دۆستایەتی ئەهلی تەسەوف و عیرفان بووە وەك هەر کوردێك کە بە گشتی تا ئەمڕۆش زیاتر حەزیان بە مەسلەکی ئەهلی تەسەوفە لەناو گروپە ئاینیەکانی ئیسلامدا .

لەبەر ئەوەی سەهرەوەردی بڕیاری دابوو هەموو نهێنیەکانی دەعوە وبیروڕاکانی بە ئاشکرا بە گوێی خەڵکی دادات بە ئاشکرا، پیاوانی دینی حەلەب سکاڵایان لەدەست دەکرد وداوای دوورخستنەوە وسزادانیان دا لە شازاهیری ئەیوبی، کوڕەکەی سەڵاحەدین سکاڵاکانی پشتگوێ دەخست، بۆیە ئەوان سکاڵاکانیان گەیاندە خودی سەڵاحەدین، تێیدا نووسیبویان: ئەگەر وابروات سەهرەوەردی عەقڵی شا تێك دەدات، ئەگەریش ئازاد بکرێت عەقڵی خەڵکی گشتی تێك دەدات!

ئەوەش تا ڕادەیەکی زۆر ڕاستە چونکە بانگخوازانی ئەو قوتابخانەیەی سەهرەوەردی پێگەیاندبوو، لە ڕووی عەقڵیەوە زۆر زیرەك بوون کەسانێکی وەك ابن سینا و اخوان الصفای پێگەیاندبوو، دەکرێت بڵێین جگە لە بیروباوەڕە دینیە شیعیەکانیان، بایەخیکی زۆر و زەوەندیان بە زانستە عەقڵیەکان و فەلسەفیەکان دەدا، وتاریان کاریگەری لەسەر نوخبەی ڕۆشنبیر وخەڵکی گشتیش بەجێ دەهێشت. هەرچەندە مەودایەکی گەورە هەبوو لە هەڤدژی نێوان ئەو بیروباوەڕە فەلسەفیانە و بیروباوەڕە مەزهەبیە دینیەکانیان و ئەو دەرەنجامە تەسکانەی کە هەوڵیان بۆ دەدا لەڕێگای فەلسەفەوە.

کە سکاڵای زانا سونیەکان و خەڵک زۆر بوو لەسەر بە ئاشکرا تەبشیر کردنی سەهرەوەردی بە بیروراکانی، خەڵک کە دیتیان کورەکەی سەڵاحەدین هیچ ڕێکارێك ناگرێتەبەر لەدژی سەهرەوەردی، بە ناچاری نامەیەکی زۆریان بۆ سەڵاحەدین نووسی، سەڵاحەدین یش، وەك سەرکردەیەك پاراستنی بەرەی ناوخۆی لە دەست ئەو زانایانە بوو کە ڕۆڵی میدیا و ئامادەباش کردنی خەڵک یان دەگێڕا، بۆیە کاتی ئەوەی نەبوو دانیشێ گوێ لە فەلسەفە و بیروڕاکانی فەلسەفی سەهرەوەردی بگرێت، ئەوە نە کاری ئەو پیاوە سەربازیە گەورەیە بوو، نە خۆشی سەری لەو ڕموز

و غموزانەی فەلسەفە دەردەچوو، بۆیە کارەکەی خستە ئەستۆی زانایانی دینی چونکە تۆمەتەکەس هەر دینی بوو، بۆیە داوای کرد لە زانا ئاینیەکان لێپرسینەوەی لەگەڵ بکەن .

بەناوبانگترین بەشی ئەو گفتوگۆیە کە لە سەرچاوەکان گێڕدراوەتەوە لە دادگایی کردنی سەهرەوەردی دەڵێت:

"قازی گەورەی دیمەشق کە دادگایی سەهرەوەردی کرد کتێبەکانی ئەو فەیلەسوفە خوێندۆتەوە، تەنها ڕستەیەك هەڵوەستەی پێکرد، کە سەهرەوەردی لە کتێبیکیدا نووسیبووی: [خودا دەتوانێت پێغەمبەرێك دروست بکات]، بە سەهرەوەردی گووت:
-تۆ دەڵێیت خودا دەتوانێت پێغەمبەرێك دروست بکات، ئەوەش ئەستەمە چونکە هیچ پێغەمبەرێك لە پاش محەمەد نییە.
-سەهرەوەردی گووتی: سنوور نیە بۆ هێزی خوا، ئەوەی توانای بەسەر هەموو شتێکەوە هەبیت ئەگەر شتێکی ویست لێی عاسێ نابێت.
-قازیەکە وەڵامی دایەوە: خودا توانای هەموو شتێکی هەیە جگە لە دروستکردنی پێغەمبەرێکی تر، موستەحیلە.
-سەهرەوەردی گووتی: ئایە دروستکردنی بە ڕەهایی موستەحیلە یان نا؟

بێگومان قازی حەلەب یش باوەڕی بەوە هەبوو خوا هەموو کارێکی پێدەکرێت، بەڵام لە چڕبوونەوە لەسەر ئەو پرسە دیارە مەرامێکی تایبەتی هەبوو، چونکە ئەو و پیاوە دینیەکانی تری حەلەب دڵنیا بوون لە باتینیەتی سەهرەوەردی، وباتینیەکانیش ڕوئیای تایبەتیان هەیە بەرامبەر پێغەمبەرایەتی کە لای ئەوان بە هاتنی حەزرەتی محمد کۆتایی نەهاتووە! و بە ئاشکرا لە کتێبەکانیان بانگەشە بۆ پێغەمبەرایەتی محمدی کوڕی ئیسماعیل دەکەن کە ناوزەدی دەکەن بە الناطق السابع [قسەکەری حەوتەم] و پێغەمبەر محمدیش لایان ناطق السادسە!

ابو ایوب السجستانی کە ئەویش پێیدەڵێن فەیلەسوفی گەورەی ئیسماعیلی لە کتێبی اثبات النبوات دەڵێت:" ئەوەی لە سنوری ئیبراهیم ڕاوەستا و باوەڕی پێ هێنا وبروای بە بانگەوازی ئەو کرد، وتێنەپەڕاند بۆ سنوری موسا، ئەوە جیاوازی کردوە لە نێوان ئەو و موسا، کە سنوری ئەو وئەویان بەیەك گەیشتوون، ئەوەی لە سنوری موسا ڕاوەستا و باوەڕی پێ هێنا وبروای بە بانگەوازی ئەو کرد، وتێنەپەڕاند بۆ سنوری عیسا، ئەوە جیاوازی کردوە لە نێوان ئەو و عیسا، کە خوا سنوری ئەو وئەویان بەیەك گەیاندوە، ئەوەی لە سنوری عیسا ڕاوەستا و باوەڕی پێ هێنا وبروای بە بانگەوازی ئەو کرد، وتێنەپەڕاند بۆ سنوری محمد صلی الله علیە و الە، ، ئەوە جیاوازی کردوە لە نێوان ئەو و موسا، کە خودا سنوری ئەو وئەویان بەیەك گەیشتوون، ئەوەی لە سنوری محمد صلی الله علیە و علی الە وەستا و باوەڕی پێ هێنا وبروای بە بانگەوازی ئەو کرد، وتێنەپەڕاند بۆ سنوری القائم [واتە پێغەمبەرەکەی ئیسماعیلیەکان]، ئەوە جیاوازی کردوە لە نێوان ئەو و خاوەنی قیامەت [!!!]، کە خودا سنوری ئەو وئەویانی بەیەك گەیاندوون!"

" إن من وقف على حد إبراهيم وآمن به وصدقه في دعواه ولم يعبره إلى حد موسى فقد فرق بينه وبين موسى والذي أوصل حده بحده ومن وقف على حد موسى وآمن به وصدقه ولم يعبر إلى حد عيسى فقد فرق بينه وبين عيسى والذي أوصل الله حده به ومن وقف على حد عيسى وأمن به وصدقه ولم يعبره إلى محمد صلى الله عليه و على اله فقد فرق بينه وبين محمد، و الذي أوصل الله حده بحده، و من وقف على محمد صلى الله عليه و على اله، وآمن به وصدقه ولم يعبره على حد القائم كما قال: بعثت أنا والساعة كهاتين فقد فرق بينه وبين صاحب القيامة والذي أوصل الله حده بحده ". ١٤

نەك هەرهێندە لە هەندێك كتێبی تری ئیسماعیلیەكاندا هاتووە كە باوەڕیان وایە پێغەمبەرایەتی پایەكی بەشەریە و خەدیجەی خێزانی پیغەمبەر ، محمدی كردۆتە پێغەمبەر!!
قال ابراهيم بن الحسين الحامدي لە یەكێك لە لە نهێنیترین كتێبی بانگەوازی ئیسماعیلیەكان، كنز الولد، دەڵێت: "فرفعت (خديجة منزلته) كما ذكرنا بأمر ولي الأمر, وسلّمت إليه رتبة النبوة والرسالة, وهو ما روي أنّ خديجة أسلمت يوم الاثنين وقت الظهر، وهو اليوم الذي بُعث فيه، والوقت الذي قام به مرسلاً" كنز الولد، دار الاندلس، عني بتحقيقه د. مصطفى غالب."

پاش ئەوەی بۆ پیاوانی دینی حەلەب ئیسماعیلیەتی سەهرەوەردی ڕونبوەوە و خۆشی بێ باكانە قسەی دەكرد لە كۆرەكان، قازی حوكمی مەرگی بەسەردا پاش ئەو وتووێژە، بەڵام هەتا مەسەلەی كوشتنیشی زۆر باسی لەسەرە هەندێك دەڵێن بە "خنكاوی مرد، وهەندێكی تر دەڵێن بە شمشێر كوژرا و بەهێزترینی ئەو ڕایانەش ئەوەیە كە دەڵیت خۆی مانی گرت لە خواردن وخواردنەوە تامردن" شخصيات قلقة في الاسلام، ص ١٣٢

كەسانێكی زۆر بی ئاگایانە لەسەر ئەو مەسەلەیە سەڵاحەدین تۆمەتبار دەكەن بە دژایەتی فەلسەفە بە سەرسەختی، كەچی سەڵاحەدین وەک باسمان كرد، هەر ئاگاشی لە فەلسەفە و باسەكانی نەبوو، ڕاستە هەموو مەزاهیبە ئیسلامیەكان لە دژایەتی فەلسەفە و تاڕادەیەكیش زانستی كەلام و مەنتق، كەوتبونەتە ژێر كاریگەری حەنبەلیە سەلەفیەكان و ئەهلی حەدیس، سەڵاحەدین كە شافیعی و ئەشعەری بوو لە ڕووی مەزهەبیشەوە نەرمكێشتر بوون لە مەزهەبەكانی تر بەرامبەر فەلسەفە و زانستی كەلام و مەنتق ، ئینجا سەڵاحەدین تەنها داوای دادگایی كردنی كرد، ئەوەی حوكمی مەرگی بەسەردا قازی دیمەشق بوو، كە ئەو كاتە قازیەكان پایەی خۆیان هەبوو وەک كارمەندە دینیەكانی دەوڵەتی ئەو سەردەمە نەبوون.
بێگومان هۆی كوشتن وسزادانی سەهرەوەدی فەلسەفە و كوفر نەبوو، هەرچەندە دەكرێت ئەوەش لە دژی بەكار هێنرابێت، بەڵام لە ڕاستیدا هۆكارێكی سیاسی لەدواوە بوو وەك لە ئاماژە مێژوویەكان دەردەكەوێت، كە ئەو سەر بە ترسناكترین هێزی نەیاری چەكداری ئیسماعیلیەكانی قەڵای ئەلەموت بوو.

---

**١٤ كتاب اثبات النبوات، للفيلسوف الاسماعيلي ابو يعقوب اسحق السجستاني، حققه وقدم له تامر عارف، الطبعة الثانية، دار المشرق، بيروت ـ لبنان، ص ٤٢-٤٣.**

# بەشی چوارەم و کۆتایی

## بۆچی سەهرەوەردی کوژرا؟!

سەهرەوەردی بەڕای من شەهیدی تەسەوف و فەلسەفە نییە، ڕاستە لە سەرەتای ژیانی داکەوتبوە ژێر کاریگەری شێخانی تەسەوف، بەڵام پاش چوونی بۆ ناو ئیسماعیلیەکان و قەڵای ئەلەموت، زۆر لە بیروباوەڕەکانی گۆرانیان بەسەردا هات، بە گەواهی نوسەرانی دۆست بە تەسەوف دەلێن سەهرەوەردی خاوەنی بیروڕای نامۆ ولادەرانە بوو، وەك لێکۆڵەر عەزمی طه لە کتێیی: التصوف الإسلامي: حقيقته وتاريخه ودوره الحضاري دەڵێت: " لە ڕاستیدا چەندین بیرۆکە هەیە کە سەهرەوەردی لە کتێبەکانی دەربڕیون، سەرەڕای قورسی و ئاڵۆزی بۆ تێگەیشتن، بیروڕای تێدایە زۆر پیچەوانەی عەقیدەی ئیسلامی بووە، کە لە ناوەرۆکی یەکیتی بوون [وحدة الوجود] نزیك دەبێتەوە، و [حەکیمی خوداوەندی] الحكيم المتألە لە پایەی پێغەمبەران وبەرزتر دادەنێت، سەهرەوەردی خۆی پێ [قوتب]ێك بوو کە دەبیت سەرۆکایەتی ڕووحی بگریتە دەست ، وشایەنی ئەوەیە ببێتە جێنشینی خوا، کە ئەوەش فەقیهەکانی هاندا بۆ دژایەتیکردنی و تەکفیرکردنی"

سەرەڕای ئەوەی ئێمە پاکانە بۆ ئەو کوشتنە ناکەین، لە ژێر هەر پاساوێکدا، بەڵام سەهرەوەردی بە پێی سروشتی هەڵەشە وموتەهەوری، قسەی زۆر ترسناکی دەکرد لە کۆڕ وکۆبوونەوەکاندا، کە هەتا سەرانی دەعوەی ئیسماعیلی باتینیش لێی ڕازی نەبوون.

لەو بارەیەوە بەرای من ڕاسترین ئاماژە کە کرابیت بۆ هەقیقەتی ئەو تۆمەتەی دراوەتە پاڵ سەهرەوەردی ئەوەیە کە مێژوونووسی ناودار بروکلمان ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی کە زانایانی حەلەب پییان وابووە سەهرەوەردی پابەند بووە بە بیروڕاکانی قەرامیتەکان. زانراویشە کە قەرامیتەکان بیروباوەڕیان ئیسماعیلی باتینی بوو، ئەوکاتەش ئەو بزاڤە باطنیانە لە جەنگێکی سەخت دابوون لە دژی هەوڵەکانی سەڵاحەدین بۆ ڕزگارکردنی خاکی داگیرکراوی موسڵمانان، وچەندین جار هەوڵی کوشتنیان دا، و هیندەی نەمابوو لەیەکیك لە هەوڵەکان سەریش کەون. ئەگەر باسی شەڕانگێژی و ڕەشەکوژی ئیسماعیلیەکانی بزاڤی حەشاشەکان بکەین کە سەدان کەسایەتی گەورەیان ڕەشکوژ کرد پێویستمان بە باسێکی سەربەخۆ دەبێت.
دەکرا ئەو تۆمەتانە وەك هەڵبەستراو بێت، ولە ئەنجامی بەدخوێندنەوەی سەهرەوەردی یان گرانی تێگەیشتنی فەلسەفە و گوزارشەکانی ئەو بوایە، بەڵام ناکرێت هیچیتر چاو لەوە بپۆشین کە ئیسماعیلیەکانی ئەو سەردەمە بە پێی سەرچاوەکانی خۆیان دەیسەلمێنن کە سەهرەوەردی بانگخوازێکی، بەڵکو سەرتۆپی بانگخوازانی ئیسماعیلی باتنی بوو، لە قەڵای ئەلەمۆت ئامادەکرا بوو بۆ ئەو ئەرکە!

گرنگترین سەرچاوە لەو بارەیەوە نوسرابێت کتێبی [السهروردی] مصطفی غالب، مؤسسة عزالدین للطباحة و النشر ١٩٨٢، کە خۆشی شیعەیەکی ئیسماعیلی باطنییە، مصطفی غالب ١٩٢٣ - ١٩٨١ گەورەتری وناودارترین لێکۆڵەرە لە فکر و مەزهەبی ئیسماعیلیەکاندا، وهەموو ژیانی لەو پێناوە داناوە، یەکەم کتێبی لە ساڵی ١٩٥٣ دەرکرد بە ناوی: تاریخ الدعوة الإسماعیلیة، دوایی زیاتر لە ١٠٣ کتێبی نوسیوە و ساغکردۆتەوە لەسەر ئیسمایلیەت، کە ناوداترینیان ئەوانەن: أعلام الإسماعیلیة- سنان راشد الدین- الإسماعیلیة في بلاد الشام- الثائرالحمیري- في رحاب إخوان الصفا- الإمامة وقائم القیامة- مفاتیح المعرفة- المفید والمستفید- آغاخان في سوریة- القرامطة بین المد والجزر. ئەوە سەرەڕای دەیەها دەستنوسی لەپاش جێماوە!

**لەو کتێبەدا زۆر هەقیقەت ئاشکرا دەکات دەربارەی سەهرەوەردی.**

نووسەر دەڵێت سەهرەوەردی لە پاش ئەسفەهان، خۆی گەیاندە قەڵای ئەلەموت کە چەقی بانگخوازانی دەعوەی ئیسماعیلی نەزاری بوو، پڕ بوو لە زانایان، تێیدا سەهرەوەردی هەموو زانستە تەئویلی و فەلسەفیەکانی خوێند، و هەر زوو چوە ڕیزی بانگخوازە گەڕۆکەکان بۆ بڵاوکردنەوەی بانگی ئیسماعیلیەت بە هۆی زیرەکی و لێهاتنویدا! ل ١٧

"پێویستە باسی چەند جموجۆڵێکی نهێنی سەهرەوەردی بکەین، بەرلەوەی بچێتە ناو گفتوگۆکردنیەکانی لەگەڵ فەقیهـ و زاناکانی شاری حەلەب، لە هەقیقەتدا سەهرەوەردی بانگخوازێکی گەڕۆکی بانگی ئیسماعیلی نەزاری بوو، و پەیوەندیەکی بەهێزی هەبوو بە قەڵای ئەلەموت ، هەموو جموجۆڵێکی لە ئەنادۆڵ و سوریە بە ئاگاداری وزانینی و فەرمایشتی سەرکردایەتی دەعوەی ئیسماعیلی بوو وەك زانراوە لە سیستمی دعوە وپایەی بانگخوازان. چونکە ئەو کاتەش ئیمامی دەعوە سنان راشد الدین بوو لە شاری مسیاف، سەهرەوەردی سەردانی کرد بۆ وەرگرتنی تەعلیمات و ئیرشادات بەپێی ئسوڵی دەعوەدا. کە گەیشتە ئەوی کۆبوونەوەیان کرد دەربارەی چالاکی دەعوە لە حەلەب، سەهرەوەردی پێشنیاری کرد کە بە ئاشکرا بانگەوازی بکات لە مزگەوتەکان و کۆڕ و کۆبوونەوەکان، و بە ئاشکرا باسی پرەنسیپەکان بکات، بەڵام سنان ڕازی نەبوو بەو کارە ترسناکە، کەچی سەهرەوەردی سوور بوولەسەر جێبەجێکردنی پلانەکەی بە هەر نرخێك و دەرەنجامێك، هەتا ڕێگەی ڕاست بۆ خەڵك ئاشکرا بکات کە بەرەو هەقیقەتی تەواویان دەبات!!! ل٢٢"

بێگومان ئەو سنان راشد الدین کە کابرایەکی خەڵکی بەسرە بوو لە وەچەی فاتیمیەکانیش نەبوو، دوایی بوە ئیمامی ئیسماعیلیەکان چەندین جار بە پیلانی ئەو هەوڵی کوشتنی سەڵاحەدین دراوە!
ئیمامی ئیسماعیلیەکان سنان لە سەهرەوەردی تورە بوو نامەی نووسی بۆ سەرکردایەتی دەعوەی ئەوکات لە قەڵای ئەلەموت داوای سزادانی کرد چونکە مەترسیە لەسەر دەعوە!

لە گەواهیەکیتردا مصطفی غالب، کە بەرگریکارێکی سەرسەختە لە ئیسماعیلیەکان وهەموو ڕێچکە باتینیەکان لە نوسینەکانیدا، دەیسەلمینێت کە زانایانی سونی دەوڵەتی سەڵاحەدین هێندە ساویلکەش نەبوون لە پرسیارکردنیان دەربارەی بوونی پێغەمبەرایەتی لە دوای حەزرەتی محەمەد

[د،خ] دوایی نووسەر دەڵێت: " ڕاست نیە کە مێژوونووسان دەڵێن کە فەقیهەکان ئەو ناکۆکیەیان کردە بیانوێک بۆ لەناوبردنی سەهرەوەردی، و بەڵکو بەڕای من هۆی سەرەکی و گرنگتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سەهرەوەردی لە مەجلیسەکانی باسی ئیمامەت و پیویستیەتی بوونی ئیمامەتی دەکرد بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لەو کێشانەی پێوەی دەناڵێنێت، و قسەکانی پاڵپشت دەکرد بە هەندێك تیوری فەلسەفی ئیسماعیلی پەیوەند بە عەقڵ و سنورەکانی وهتد...هەتا ڕۆژهەڵاتناس فۆن کریمەر پشتگیری لەو بابەتە دەکات کە دەڵێت: سەهرەوەردی لە گفتوگۆکانیدا باسی کێشەی ئیمامەتی دەکرد بە شێوەیەکی فەلسەفی، ئەوەش فەقیهەکانی ئەهلی سونەی توڕەکرد، کە قسەکردن لەبارەی ئیمامەت بۆ وروژاندنی بیروڕای باتینیە ڕوخێنەرەکانە.

هەروەها ڕۆژهەڵاتناس هۆرتن یش پشتگیری لەو ڕایە دەکات کاتی دەڵێت: "مەزهەبی سەهرەوەردی لە بازنەی دەعوەی ئیسماعیلیدا دەڵێت کە کوڕەکانی ئیمام عەلی بریتین لە وێنەی تەجەلی و خۆنیشاندانی خودا، بۆیە وەك هەوڵیکی سیاسی حسێب کرا لەسەری بە ئامانجی کودەتا لە دژی رژێم، و جاڕەنووسی وەك چارەنووسی حەلاج بوو. هۆرتن لەو ڕایە پشتی بەستبوو بەو قسەیەی سەهرەوەردی کە لە حکمة الاشراق دا هاتوە ودەڵێت: " جیهان هەرگیز خالی نیە لە حیکمەت و کەسێك کە بە ڕوونکردنەوەی بەڵگە و حوجەتەکان هەڵسێت" ل ٢٥

سەهرەوەردی لە بانگخوازانی دەعوەی ئیسماعیلی بوو کە لایان دا لە پرنسیپەکانی دەعوە و پرنسیپە عەقڵانیەکانی وەك چۆن بانگخوازی تریش لایاندا، وسیستمی التقیة خۆپاراستن یان فەرامۆش کرد ونهێنیەکانیان ئاشکرا کرد، سەرەڕای ترسناکی ئەو ئاشکراکردنە، ئەو لە پێشەکی حکمة الاشراق دا هاتوە ودەڵێت: " واتێمەگە کەوا حیکمەت لەو ماوە نزیکە سڕاوەتەوە، چونکە جیهان هەرگیز خالی نەبووە لە حیکمەت و کەسێك کە بە بەڵگە و حوجەتەکان هەڵبستێت، و کە ئەویش خەلیفەی خودایە لە زەویدا، هەرواش دەمێنێتەوە تا مانەوەی زەوی وئاسمان..." ٥٣ – ٥٤

نووسەر دەڵیت: ئەوەش هەمان ڕای ئیسماعیلییە لە زەرورەتی بوونی ئیمامدا، وەك خەلیفەی خوا لەسەر زەوی، کە مانای دین بە خەڵك بگەیەنێت.. ل ٥٤.
کەوابوو فەیلەسوفە گەورەکەمان سەهرەوەردی، هەموو فەلسەفەکەی لە هەوڵدان بۆ هێنانەوەی شکۆی خەلیفەیەکی ئیسماعیلی بۆ سەر دەسەڵات چر ببوەوە، کە بەڕای من ئەو نمونەیەی حوکمکردنی پشتاوپشتی ئالی بەیت، لەبەر تەقدیسکردنیان زۆر ترسناکتر بوو لە حوکمی خێزانە دەسەڵاتدارە ئاساییەکانی تری مێژووی ئیسلامدا، لەبەر ئەو قەداسەتەی کە دەدرایە ئالی بەیت و مودەعیەکانیان. دەبێت ئەو فەلسەفە و عیرفانە بایەخ و گرنگی چی بێت کە مونتەهای ئاواتی فەیلەسوفەکە هەوڵدانە بۆ ملکەچ پێکردنی جیهان بۆ خەلیفەیەکی فاتیمی ئیسماعیلی تیرۆرست، کە هەموو پاشا موسڵمانەکان و هەتا زۆر لە پاشاکانی ئەوروپای ئەو کاتەش بە ناو هاتنی فیدائیەکانی حەشاشەکانی قەڵای ئەلەموت ترس و لەرزیان لی دەهات و خاوەیان پێی دەدا؟!

کەوابوو کوشتنی سەهرەوەردی لەسەر سیاسەت بووە و وەك ئایکۆنێکی هەرەبەرزی حزبی ئیسماعیلەکانی دوژمنی سوڵتان سەڵاحەدینی ئەیوبی، نەك لەبەر بیروڕا و فەلسەفەدا بە گەواهی خودی ئیسماعیلیەکان، دەنا سەڵاحەدین زۆر لەوە لێبوردەتر بووە و سنگ فراوانتر بووە بۆ جیاوازیەکان. چونکە ئیسماعیلیە نەزاریە حەشاشەکان کە سەهرەوەردی داعی وبانگخوازێکی هەرە گەورەی ئەوان بوو هێندە کۆمەڵێکی ترسناك وتیرورست بوون لەبەر شوهرەتیان ناویان واتە وشەی حەشاش Assassin لە زۆربەی زمانە ئەوروپیەکانیش بە مانای بکوژێکی بەکرێگیراو، هەتا دانتی لە کۆمێدیای ئیلاهیەکەی لە سەدەی چواردەمی زاینیدا ئاماژە بە کەسێك دەکات وەك حەشاشێکی یان بکوژێکی خائین.Lo Perfido assassino

گوێبگرە بۆ ئەو وەڵامەی سنان ڕاشدینی ئیمامی ئیسماعیلیەکان بۆ سەڵاحەدینی ئەیوبی نوسیوە کە مەزنترین سەرکردەی جیهانی ئیسلامی ئەو کاتە بوو: "نامەکەتم خوێندەوە ولە ناوەڕۆکی تێگەیشتین و سەرنجی هەڕەشەکانماندا بە وشە و بە کردار، بەخوا مایەی سەرسوڕمانیە مێشێك گزە گز بکات لە گوێی فیلێك و مێشولەیەك بە پەیکەرێك وەبدا، زۆر بەر لەتۆ ئەو شتانەیان پێ گوتین ووردوخاشمان کردن بێ ئەوەی کەس بتوانێت ڕزگاریان بکات....تۆ ناتوانیت هەڕەشە لە مراوی بکەیت بە فڕێدانی بۆ ناو ڕوبار! ئاگاداریەکانت بە تەواوی وەرگرە من لەناو ڕیزی خۆتدا بەسەرت سەردەکەوم، وتۆڵەت لێدەکەمەوە لە شوێنی خۆت، وەك ڕوخێنەری خۆتت لێدێ...کە ئەو نامەیەمان دەخوێنیتەوە ڕەحمەت بۆ گیانی خۆت بنێرە، سەرەتای سورەتی النحل وکۆتایی صاد بخوێنەرەوە!! " ١٦٩ الحشاشون فرقة ثورية في تاريخ الإسلام، برنارد لويس.
بیهێنە بەرچاوت بەو شێوەیە مامەڵە و قسە لەگەڵ سوڵتان سەڵاحەدین بکات دەبێت، لەگەڵ خەڵکی تر چۆن ڕەفتاری کردبێت و چۆن دوا بێت؟!

سەهرەوەردی کادرێکی چالاکی ئەو گروپە ترسناکە بوون کە بە ئاشکرا هەڕەشەیان لە خودی سەڵاحەدین دەکرد و سەدان کەسایەتی موسڵمان و بەڵکو خاچ پەرستانیشیان تیرۆر و ڕەشکوژ کرد، هەر ئەوەشە هۆی کوشتنی سەهرەوەردی نەك فەلسەفە و فەیلەسوفی، بە نسبەت فەلسەفەوەش، فەلسەفەی ئیسماعیلیەکان و سەهرەوەردی تەنها کۆپیەك بوو لە فەلسەفەی ئەفلاتونی نوێدا، کە هەوڵیدەدا مرۆڤ ڕزگاری بێت لە بەربەستی جەستەیی و بگەڕێتەوە بۆ نیشتیمانی ئاسمانی خۆی، ئیسماعیلیەتیش داوای لە شوێنکەوتکانی دەکرد کە بەربەستی مادی لەبەرچاویان هەڵگرن کە شەریعەت دادەپۆشێت، وبەرزبنەوە بۆ جیهانی ڕوحانیەتی ڕووت. من نەمزانیوە ئەو فیرقەیە وسەهرەوەردی هیچ داهێنانێکی فەلسەفیان کردبێت لە فەلسەفەی ئەفلۆتینی ئیشراقی Plotinus دەکرێت لە ئایندەدا بە درێژی باسی ئەو فەلسەفەیە باتینیەی ئیسماعیلیەکان بکەین.

# نکوڵی بورهان غەلیۆن بیرمەندی حەداسەوی سێکیولار

# لە کوردستانی سوریا

ئەوە یەکەم هەڵەی بورهان غەلیۆن نییە بەرامبەر کورد، لەپاش هەڵگیرسانی شۆڕشی گەلانی سوریا، کاتێ لە ئۆکتۆبەری ٢٠١١ بورهان غەلیۆن لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەنالی دوتشەڤێلی ئەڵمانی؛ کوردی لە سوریا وەک کۆچبەرانی ئاسیاوی فەرەنسا شوبهاند بە نەفەسێکی شۆڤینی کە ئەوەی غەلیۆن بناسێت توشی ڕاتەکانی دەکات. ئێمە بە حوکمی هاوسۆزیمان لەگەڵ شۆڕشی گەلانی سوریا ئەو لێدوانە زۆر ئازاری داین، بەڵام هێندەی نەبرد لە ٢٠١١/١٠/٢٨ بورهان غەلیۆن لە فەیسبوک وئەنتەرنێتەوە لێبوردن نامەیەکی ئاراستەی کورد کرد لەمەڕ لێدوانەکانی کە ئەو وروژانەی ئەو کاتەی کپ کردەوە، هەرچەندە من نیشانەیەکی پرسیاری گەورە لە زیهنمدا لەسەر ئەو پیاوە دروست بوو.

بەڵام هێشتا ئەوەمان لەبیر نەچۆتەوە وسەرەڕای هاتنیشی بۆ کوردستانی عێراق کەچی لە چاوپێکەوتنەکەی [ڕوداو] دا لەو مانگەی ئەپریلی ٢٠١٢، ئەگەر ڕاست بێت وبەتۆمارکراوی چاوپێکەوتنەکە هەبێت، ئەوە ئەوەی ئەو وتویەتی لە قسەی نوسەرە موخابەراتەکانی ڕژێمی سوریای وەک منذر الموصلی وئەمسالەکانی دەچێت وەک لەوەی لە قسەی ڕۆشنبیرێکی عەلمانی لیبراڵ ودیموکراتخواز، کە سەر زمان وبن زمانی مافی مرۆڤ وباسی عەقڵ ودژایەتی کردنی تێڕوانینە نا دیموکراتیک وسەلەفی وئسوڵیەکانە. بورهان غەلیۆن لەو چاوپێکەوتنەدا دەستەواژەو و ناوی (کوردستانی سووریا)ی قبوڵ نییەو دەڵێ "شتێك نییە بەناوی کوردستانی سووریا، ئەمە گواستنەوەی نموونەی عێراقە. ..

سەبارەت بەداواکردنی فیدرالی لەلایەن کوردەکانی سوریاوە وتی "کورد نابێ وابەستەی وەهمی فیدراڵی بێ، چونکە سوودی نییە، وا پیشاندەدات کە کورد داوای جیابوونەوە دەکات". هەروەها دەڵێ ئەوان ئامادەنین دوای رووخانی رژێمی بەشاری ئەسەد ئۆتۆنۆمیش بدەنە کورد "ئێمە ئۆتۆنۆمی قبوڵ ناکەین، چونکە هیچ هەرێمێك نییە لەسووریا کە رێژەی ١٠٠%ی دانیشتووانی کوردبن"!! کەوابوو نیمچە فەیلەسوفێکی وا بەو شێوەیە قسە بکات بۆ دەبێت ئەتاتۆرک وژەنەڕاڵە کەمالیستەکان وکەمالیستەی ئاینیەکەی ئۆردۆگان وسەدام وحافز ئەسەد مەعزور نەبن لە چەوساندنەوەی کورد دا؟!

من دەمێکە ئاشنایەتیم لەگەڵ بیر وهزری غەلیۆن دا هەیە لەوەتی بۆ یەکەم جار کتێبی [نقد السياسة: الدولة والدين]م خوێندەوە لە لەندەن پێش نزیکەی ٩ ساڵ، بەڕاستی ئەوەی گوێم لێدەبێت لەسەر دەمی ئەو ڕۆشنبیرە [حداثوی] یە لەوەتی هەڵگیرسانی شۆڕشی سوریا مرۆڤ توشی سەرسوڕمانێك وگومانێکی گەورە دەکات لە بورهان غەلیۆن و لە خودی خۆمیش! سەرسوڕمانی من لەو کەڵە ڕۆشنبیرە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە چۆن سیکیولارستێکی ڕادیکاڵی وخاوەنی ئەو ناونیشانە قەبە وزلانەی وەك:

(المسألة الطائفية ومشكلة الأقليات، ثقافة العولمة وعولمة الثقافة، بيان من أجل الديمقراطية، اغتيال العقل، مجتمع النخبة، نقد السياسة: الدولة والدين) کە بەڕاستی هەمووی کتێبی ناوەرۆکدارن بە دەستی ئەکادیمیەکی گەورە وپسپۆر لە بواری سۆسیۆلۆژیای سیاسی لە زانکۆی سۆربۆن - کە لانکی بیری فەلسەفی ودیموکراتیە لە فەرەنسا- نوسراون، توشی سەرسوڕمان دێت، کە ئەو خاوەن چەندین دکتۆرایە بە زارزمانی نایب عەریفێکی وەك [عەلی حەسەن مەجید] قسە دەکات، بەو پەڕی ناهەستیارانەی نەفامانەوە، بەبێ ئەوەی هەست بەو زامە مێژوویە گەورەیەی کورد بکات، لە دەستی سیاسەتە بەد وشۆڤێنیستەکانی ڕژێمی بەعسی بۆگەن، کە دەگاتە ئاستی قڕتێخستن وجینۆسایدی مەعنەوی.

یان بەبێ ئەوەی هەست بە دزێوی لە دەربڕینی ئەو قسانە بکات، کە هێشتا تەنها ئۆپزسیۆنێکی دەرەکیە، ولە زۆربەی خۆپیشاندانەکانی ناوەوە وچاوپێکەوتنەکان لەگەڵ شۆڕشگێڕانی ناوەوە، سەدان جوێن وتەوهینی پێدەکرێت لەبەر بەد هەڵسوڕاندنی ئەنجومەنی نیشتیمانی ئەستەنبۆڵی وەک ناحەزانی ناوی دەنێن، چونکە بۆ کورد وزۆر کەسانی تریش ساغ بۆتەوە، کە ئەو ئەنجومەنی نیشتیمانیە سەرەڕای بوونی ڕەگی بەعسیزم لە خودی خۆیان، تورکیا وئەردۆغانیش دەرسی شۆڤێنیەتی کەمالیزمیان دادەدەن، وکێشەی کوردی سوریایان بۆ کردونەتە خەتی سور. ئەگەر نا چۆن ڕۆشنبیرێکی سێکیولاریستی نیشتیمان پەروەر دەربارەی کورد دەڵێت: " ئەگەر هاتنە ناو ئەنجومەنی نیشتیمانی چاکە، گەر نەهاتنیش ئەوە چش!!" وەک کوردەکانی سوریا لێیدەگێڕنەوە.

کە گومانیش لە خۆم دەکەم، تۆ بڵێی ئەو بورهان غەلیۆنەی کە من چەند کتێبێک وچەندین وتاریم خوێندۆتەوە هەمان ئەو بورهان غەلیۆنە بێت کە من بەزۆر لە تەرحەکانی سەرسام دەبووم؟! تۆبڵێی وەک فیلمەکەی عادل ئیمام نەبێت کە دوو دەور بوون، ویەکێکیان تا سەر ئێسقان ڕۆشنبیر وناسک وخاوەن بڕوانامەی بەرز وئاشتی خواز وهەقبێژ، وئەوی تریان تا سەر ئێسقان لۆتی وشەڕانگێژ وتاوانکار؟!

شتێکی تریش پێویستە بگوترێت ئەوەیە کە کوردەکانی سوریا نابێت لەبەر چەندین هۆ و هۆکار هەمان ئەزموونی کوردستانی عێراق بگوێزنەوە بۆ کوردستانی سوریا، چونکە نەك هەر غەلیۆن، بەڵکو ئاپۆ [عەبدوڵلا ئۆجلان] نیش تا دوا ڕۆژی لە ژێر سایەی موخابەراتی سوریا، نکولی لە بوونی کوردستانی سوریا دەکرد، و زۆر لە لێکۆڵەرە عەرەبەکان گەواهی بە قسەکانی ئەو دەهێننەوە! خالید بەکداشی دامەزرێنەر وسەرۆکی حزبی شیوعی سوری تا مردن، بەهەمان شێوە کێشەی کوردی بە دژی یەکێتی خاکی سوریا وجیاوازی نانەوە دادەنا!

بەڕای ئێمە شۆکێکی زۆر گەورەیە بۆ جەوی سیاسی گشتی لە سوریا داوای فیدراڵیەت بکەیت، چاکتر وایە هەوڵی زامنکردنی هەقی یەکسانی مرۆیی وفەرهەنگی نێوان کورد وعەرەب زامن بکرێت لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمیەکدا چاکترە لەوەی کورد لەو قۆناغە دابڕێت لە شۆڕشی گەلانی سوریا، چونکە ئەو دابڕانە بە قازانجی ئەسەد ورژێمەکەی کۆتایی دێت کە لە مەرگ زیاتر هێچی پێ نییە بۆ کورد، لە یادیشیان نەچێت کە کوردستانی عێراقیش دروشمە بەراییەکانی لامەرکەزیەت وئۆتۆنۆمی بوو دوایی باسی فیدراڵیەت هاتە ئاراوە.

کورد لە سوریا پێویستی بە کارێکی زۆر هەیە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی سوریەکان ونوخبەی ڕۆشنبیر بۆلای خۆیان، چونکە وەك دەردەکەوێت هەتا غەلیۆنیش شارەزاییەکی ئەوتۆی نییە لەسەر کورد وکێشەکەی، هەرچەندە پیاوی فیکر و قەڵەمە، بەلکو کەڵە شۆڕشگێڕ ومافناسێک کە زۆربەی ژیانی خۆی لە زیندانەکانی بەعسدا بەسەر بردوە [هەیسەم مالح] بە شۆڤێنی ناوی دەبرێت، ، تۆ بڵێی ئەو جەهل وتەجهیلە خەتای کوردیشی تێدا نەبێت؟ ئەگەر نوخبەکانی سوریا وابن ئەی دەبێت مرۆڤە ئاساییەکان بۆچوونیان چۆن چۆنی بێت.؟!

٢٠١٢/٤/١٨

# شێخەکەی سەددام عائز القرني دزینی کتێبی کردوە بە پیشە!

دەڵێن شاعیرێکی گەورەی وەک فورەزدەق دەڵێت: "چاکترین دزی ئەوەیە کە دەستی تێدا نابڕێت" کە مەبەستی لە دزینی شیعر و وێنەی شیعری وئەندێشەی کەسانی تر بوە. بەڵام ئەگەر یەکێک بیرۆکەی شیعرێکیش بدزێت لە پاڵ دەیەها شیعری خۆی لەوانەیە خۆ ڕزگار کردن زەحمەت بێت، بە بیانووی لێکچوونی ئەندێشەیی یان ئەوەی عەرەب پێی دەڵێت [ توارد الخواطر] بەڵام بێیتو کتێبی خەڵک سەرتاسەر بدزێت وتەنها جەند دیکۆرێکی بۆ زیاد کەیت وەک گۆڕینی ناونیشانەکانی یان پاش وپێشخستنی بابەتەکانی یان زیاد کردنی چەند بابەتێکی لاوەکی کە هیچ شتێک نەخاتە سەر ناوەرۆکی دزراوی کتێبەکە، ئەوەیان دزییە بە رۆژی ڕوناک.

بێگومان ئەو جۆرە دزیانە زۆر دەکرێت بەڵام لەبەر نەبوونی چاودێری ورەخنەگرانی چالاک زۆربەی ئەو دزیانە پەردەپۆش دەکرێت وبەسەر خەڵک تێدەپەڕێت. ئینجا ئەو دزیانە کەسانێک دەیکەن کە لەڕووی ڕەوشتیەوە زۆر پەڕپوت بن وبیانەوێت بەسەر شانی خەڵک سەرکەون یان حەزیان لە زیادکردنی بەرهەمی جاپکراویان بێت بە خێرا تا لەناو مەجلیسدا بڵێن"من ئەوەندە کتێبی چاپکراوم هەیە!" من خۆم حالەتێکی وام دۆزیەوە بەڵام لەبەر چەند ئیعتبارێک بێدەنگیم لێکرد، ئەوەی سەیرە لەو حالەتەدا ئەوەیە کە ئەو کەسەی دزیە ئەدەبیەکەی کردوە لە هیچی کەم نییە، لە شوهرەت وناوبانگی و ئەستێرەی کەناڵە ئاسمانییە خەلیجیەکانە، ولە ڕووی مادیشەوە تابلێی دەوڵەمەندە.

کەوابوو بۆ دەبێت ئەو پیاوە لەو ئاستەوە ئەو کارە سوکە بکات، وهەوڵ کۆشسی ئافرەتێک بدزێت کە مامۆستای سەرەتایی و دایکی منالێکی نەخۆشە بە نەخۆشی ئوتیزم [مەنگۆلی] ە؟؟!! بەڕاستی لە هەندێک حاڵەتە دزیەکانی بەناوبانگان بۆم دەردەکەوێت کە دزی کردن جاروبار وەک نەخۆشییە، دەنا بۆ دەبێت کەسێکی میدیایی بەناوبانگی وەک [ئەلان شوگەر] خۆی ئیحراج کات ولە سوپەر مارکیتێک چەند میوە و سەوزەیەک بدزێت کە هەموویان نرخی ١٠ دەقیقەی کاری ئەوی نەدەکرد؟!

سلوى العضيدان خاوەنی کتێبی [هكذا هزموا اليأس] بەر لە دادگایی کردن دەڵێت کاتی خۆی کە ئەو کتێبەم نووسی بە هەزار دەردەسەری وبێ کاتی کە منالە نەخۆشەکەم زۆربەی کاتی داگیرکردووم، یەکەم دانەم بە دیاری نارد بۆ شێخ عائز قەرنی وکە ئەویش سوپاسنامەیەکی بۆ ناردم، لە دواییدا بۆم دەرکەوت کە ئەو کتێبەی منی کۆپی پەیس کردوە وناوی خۆی خستۆتە سەر لەگەڵ گۆڕینی چەند دیکۆرێکی لەفزی، ئەوە گەورەترین خەنجەر بوو کە پێم کەوتبێت لە ژیاندا، من تۆمەتباری شێخ عائز قەرنی ناکەم، چونکە تاوانبار کردن بوارێکی تێدایە بۆ گومان وبەرگری لە خۆکردن، بەڵکو

باسی هەقیقەتێکی ئاشکرا دەکەم وەک خۆر لە سەعات چواری ڕۆژدا، کتێبی [لا تیأس] ی شێخ عائز قەرنی ٩٠ %لە کتێبی مندا دزراوە بە هەمان دارشتنی من بۆ بابەتەکان وبەهەمان کۆمێنتەکانی من وبە هەمان هەڵەی چاپکردن، ئەوەی مایەی پێکەنینی گریانهێنەرە ئەوەیە هەتا سەرەتاییەکەی کتێبەکەم کە بەخۆم نوسیبوم بیرۆکەی خودی خۆم بوو، کرابوە بابەتێك وخزاندراوەتە ناو بابەتەکان!!

چۆن نەڵێم گەورەترین تانەم لێدراوە لە ژیانم، شێخ عائز قەرنی وەک نمونە وقدوەیەک بوو بۆ من، لە هەوڵ وکۆشش وپشت بەخۆبەستندا کەچی دێت وئەو کۆششەی من لە ماوەی چوار ساڵدا بۆ نوسین وکۆکردنەوەی بابەتی کتێبەکەم ]هکذا هزموا الیأس [لە نێوان شەو وڕۆژێکدا دەدزێت!!
ئینجا لەو چاوپێکەوتنە دەڵێت کەوا خۆی و مێردەکەی قسەیان کردوە لەگەڵ شێخ عائز کە تێیدا بە ئاشکرا دانی بەو دزییە ئەدەبییە ناوە کە بە قەولی الفرزدق [دەستی لەسەر نابڕێت] وداوای لێبوردنی کردوە بەڵام ئەو شێرە ژنە نەکەوتۆتە ژێر کاریگەری شەرم و عفا الله عما سلف، بەڵکو سێ مەرجی بۆ شێخ داناوە کە:

١ -داوای لێبوردنێکی بە نوسین دەست.

٢ -پەیمان دان بە بڵاونەکردنەوەی کتێبەکە

٣ -کێشانەوەی لە بازاڕەکاندا.

بەڵام شێخ ڕازی نەبوە، بۆیە ئەویش مەسەلەکەی هەموو داوەتە دادگایەکی تایبەت بە وەزارەتی ڕاگەیاندن، لیژنەی مافی دانەر لەو وەزارەتە لە پاش خوێندنەوە و بەراوردکردنی دوو کتێبەکە بڕیاری سزادانی شێخ عائز قەرنی دا بە بڕی ٣٣٠،٠٠٠ هەزار ریاڵی سعودی، کە ٣٠٠،٠٠٠ درایە سلوی العضیدان وەک قەرە بوو، هەروەها بڕیاری کێشانەوەی کتێبە دزراوەکەی شێخ عائز قەرنی درا لە بازاڕەکاندا وخرایە سەر لیستی قەدەغەکردنی هێنانی لەدەرەوەش!

ئینجا لەپاش ئەوەی بڕیاری دادگاش دەرچوو بەکاوەخۆ شێخ عائز قەرنی هاتە سەرخەت ونووسەری کتێبەکە دەلاوێنێتەوە بەقسەی شیرین وکچی شیرینم وبەڵام هێشتا بە ڕاشکاوی دانی پیا نانێت و دەڵێت وەرە ئەوە لەو ٩٠ کتێبەی من چاپم کردوە هەرچیەکەت بە دڵە بیبە!! بەڵام لە تەعویزی چیدا؟! دەبێ ئەو ٩٠ کتێبە چۆن تەئلیف کرابێت؟؟ الله اعلم.١٥

[١٥] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەو لینکانە: http://alweeam.com/archives/٢٨٤٤٤
http://www.alarabiya.net/articles/٢٠١٢/٠١/٢٣/١٩٠٠٨٣.html
http://www.alarabiya.net/articles/٢٠١٢/٠١/٢٤/١٩٠٢٦١.html

# کتێبێکی تریش

هێشتا لەو کێشەیە دەربازی نەبوە شێخە ستایشکەرەکەی صدام لە لایەن شاعیرێکی میسری بە ناوی سمیر فراج تۆمەت بار کرا بە دزینی کتێبێکی بە ناونیشانی: " شعراء قتلهم شعرهم" کە لە چاپی مکتبة مدبولي قاهيرة یە لە ساڵی ١٩٩٧ ، کتێبە دزیاریەکەی شێخ بە ناونیشانێکی نزیك لەوە بڵاوکرایەوە بەناوی: "قصائد قتلت أصحابها"، کە لەدوای شەش ساڵ لە چاپکردنی یەکەم کتێبدا چاپکراوە. من لەوە زیاتر ناتوانم قسە لەسەر کتێبی دوەم بکەم چونکە کێشەکە هێشتا لە سەرەتایە١٦.

لە ٢٠١١/١٢/٢٨ بەبەتێکم بڵاوکردەوە بەناوی [شێخ عائز قەرنی و قەسیدەکەی سەدام : بەدرۆخستنەوەیەکی درەنگ] تێیدا گومانم خستبوە سەر ئەو بە درۆخستنەوە درەنگەی شێخ عائز قەرنی بۆ قەسیدەکەی سەدام وەک لەو نوسینە هاتبوو: " لە پاش لە سێدارەدانی سەدام وئەو هەرایەی نایەوە گوایە لە رۆژی جەژن ورۆژێکی پیرۆز لە سێدارە دراوە، هەر لەو کاتانەدا کە عەرەب کێرڤی عەرەبچیەتی وسونەچێتیان زۆر بەرز ببوەوە، هەر لەو ساتانەدا قەسیدەیەک بەناوی شێخێکی داعیەی بەناوبانگ شێخ عائز قەرەنی بڵاوبوەوە لەسەر سەدام کە سەرتاسەری ستایشی سەدامی [شەهیدی عروبە وئیسلام بوو] ڕاستییەکەی لەبەر هەلوێستی عەرەب بە گشتی وسعودیەکان بە تایبەتی ئەو قەسیدەیە زۆر لەگەڵ کەشی گشتی روداوەکە دەگونجا وکەس گومانی لە ڕاستی قەسیدەکە نەبوو" من گەیشتبومە ئەو باوەڕەی کە ئەو قەسیدەیە ئەگەر هی شێخ عائز قەرنی یش نەبێت بەڵام لەبەر حەزی شوهرەت کە شێخ ئامادەیە دزی بۆ بکات خۆی لێ گێل کردوە تازە لەبەردەم چەند کوردێکی سادە وبێ ئاگا قەسیدەکە بە درۆ دەخاتەوە :

" وابزانم شێخ عائز قەرنی لەگەڵ ئەجوائەکە ئاوێتە ببوو لای خراپ نەبوو لە ڕێی ئەو قەسیدەیە ئەگەر هی ئەویش نەبوبێت کەمێک سەرسامی وحەزی شوهرەتی زیاتر بخاتە سەر ئەوەی هەیەتی !!بەتایبەتی خۆشەویستی سەدام لەو رۆژگارە وتا ئەمرۆش لای زۆر لە عەرەب جێگای شانازی کردنە نەک شەرمەزاری، ئەگەر ئەو قەسیدەیە لە ستایشکردنی سولحی نێوان عەرەب وئیسرائیل یان لە ستایشی خومەینی با بۆ نموونە ئەو هەموو ساڵەی دەویست شێخ عائز قەرنی

[١٦] دەتوانیت بۆ زانیاری زیاتر ئەو لینکە بخوێنیتەوە: http://www.masdr.net/inf/news-action-show-id-٩٧٤٦.htm

بێدەنگ بێت وله موناسەبەیەکی بچوکی کوردان لەبەر دڵی ئەوان تازە ئەو قەسیدەیە بەدرۆ بخاتەوە؟؟ "

پاش ئەو دزینە ئەدەبیە من یەك تۆزقاڵ گومانم نەماوە کە قەسیدەکەی سەدامیش هەر هی خۆیەتی، چونکە ئەوەی دزی ئەدەبی بکات لە پێناو شوهرەتدا کە خەریکە دەتەقێتەوە لەبەر پڕی شوهرەت زۆر ئاسانە درۆش بکات لەبەر ئیحراج بوونی بەردەم چەند گەنجێکی کورد بڵێت من شێخە ستایشکەرەکەی صدام نیم.

٢٠١٢/١/٢٤

# ئەبدەیتی وتارو عائز قەرنی و دزینی کتێب!

ئەو وتارەی سەرەوە لە ساڵی ٢٠١٢ وە نووسراوە، بەڵام ئەو پیاوە چونکە بە دزی فێرە و دزینی کتێبی کردوە بە پیشە، دەمنادەم دزیتری لێ ئاشکرا دەبێت.

لە ساڵی ٢٠١٠ کتێبێکی لە مكتبة العبيكان بڵاوکردۆتەوە بە ناونیشانی "الصحيحان" زانای سوری الشّيخ صالح أحمد الشّامي تووشی شۆك هاتبوو کە دیبووی، گووتی ئەو کتێبە لە بەرگەوە بۆ بەرگ دزراوە لە هەوڵی چەندین ساڵانی زۆری لە کتێبی "الجامع بين الصحيحين للإمامين البخاريّ ومسلم."

تەنها چەند پاش وپێشێکی بابەتەکانی کردووە، پێشەکییە گرنگە ٣٠ لاپەڕەکەی دانەری کتێبەکەی لاداوە، کە باسی منهەجیەتی نووسینی کتێبەکە دەکات، لە جیاتی پێشەیەکی لاوازی چەند دێڕێکی بۆ داناوە! ناوەکەشی گۆڕیوە بۆ "الصحيحان" کردوویەتی بە هی خۆی!

ئەو دزینە لە ٢٠١٠ ڕوویداوە، بەڵام تازە و بەو یەك دوو ساڵەی ڕابردوو ئاشکرادەکرێت!

پاش وروژاندنی بابەتەکە لەلایەن قوتابیانی الشّيخ صالح أحمد الشّامي لە تویتەر بە ترێندی "عائض القرني يسرق من جديد" عائز القرنی تەنگاو بوو ڕایکردە لای شێخ ساڵح بۆ چارەسەرکردن و تەپسکردنی ئابڕووچوونەکەی، زۆر بێ شەرمانە بە ڕاشکاوی داوای لێبوردنی کرد لە دزیەکەی وەك هەموو جار! قەرەبووی مادی دایە شێخ، وشێخ ساڵحیش ڕازیبوو چاوی لێ ببۆشێت، چونکە خۆی کەسێکی بێوەیە وحەز بە کێشە ناکات، تەنها مەرجێکی ئەوە بوو ئەو کتێبە چاپ نەکاتەوە، تائێستاش نەوێراوە چاپی بکاتەوە!

لە ٢٠١٨ دزییەکیتریشی لێ ئاشکرابوو، کاتێ لە ڕادیۆیەکی کەنداو بەرنامەیەکی بانگخوازی دینی پێشکەش دەکرد، دەقگەلێکی زۆری دەخوێندەوە لەبارەی ژیانی سەحابە، تا میراتگرانی زانای دینی عبد الرّحمن رأفت باشا، زانیان کە دەقەکان هی کتێبی صور من حياة الصّحابة باوکیانە، عائز دەیخوێنێتەوە بێ بچوکترین ئاماژە بە خاوەنی دەقەکان! سکاڵایان لێیکرد لە دادگا، وەك کتێبی دادگای کتێبی لا تيأس ئیدانەکرا بە دزین و پێشێلکردنی مولکایەتی فیکری و سزادانی بە ٣٠ هەزار ڕیاڵ بۆ خاوەنی کتێب و لەگەڵ ١٢٠ هەزار ریاڵ بۆ خانەی چاپی کتێبەکە دار الأدب الإسلامي، و قەدەغەکردنی لە ڕادیۆ و بڵاوکردنەوەی ئەڵقەکان.١٧

[١٧] https://arabi٢١.com/story/١١٨١٥٦٤/%D٩٪٨٧٪D٩٪٨٤-%D٨٪B٩٪D٨٪A٧٪D٨٪A٦٪D٨٪B٦-%D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٩٪٨٢٪D٨٪B١٪D٩٪٨٦٪D٩٪٨A-%D٨٪B٣٪D٨٪A٧٪D٨٪B١٪D٩٪٨٢-%D٩٪٨٣٪D٨٪AA%D٨٪A٨-%D٩٪٨١٪D٨٪B٩٪D٩٪٨٤٪D٨٪A٧

# ئەتاتۆرک مامۆستای هیتلەر و مۆسۆلینی!

کتێبی ئەتاتۆرك لە خەیاڵدانی نازیدا! Ataturk in the Nazi imagination

هیتلەر وەک مرۆڤێکی نازی عاشقی هەموو ئەزمونێکی توندوتیژ بووە، جا ئەو ئەزموونە لە دین بێت یان لە نادینی هیچ جیاوازیەکی نەبووە لای ئەو! زۆرجار سەرسامی یەکێک ودژەکەشی دەبوو !

هیتلەر و دەستەبژێری نازی زۆر سەرسامی لایەنی جەنگاوەری و جیهاد بوون لە ئیسلامدا. زۆر ستایشی ئەو وتارە جەنگاوەرییەی ئیسلام دەکەن بۆ جەنگاوەری و موژدەی بەهەشت و ڕوباری شیر و هەنگوێن و ئافرەتی حۆری جوان! هیتلەر چەندین جار وتویەتی: ئێمەی ئەڵمان دووچاری دینێکی هەڵەی وەک مەسیحیەت بووین، دەبوایە ئیسلام دینی ئێمە بایە! هەتا هیملەر کە سەرکردەیەکی نازی هەرە نزیکی هیتلەر بوو دەڵێت: دینی جەنگاوەران دەبێ وا نێر بێ و بە زمانی دنیا قسە بکات، نەک وەک زمانی پڕ ترسنۆکی وتەمەڵی مەسیحیەت! وتارێکی تەواوم لەسەر ئەوە دەبێت!
ئەو هیتلەرەی کەوا سەرسامی جەنگاوەری ئیسلام بوو، لە هەمان کاتدا سەرسامی کەسێکی فاشیستی دژەدینی وەک ئەتاتۆرک بوو، ئەویش لەبەر هەوڵە بەرجەستەکانی لە دامەزراندنەوەی ئومەتی تورکی لەڕێگای سڕینەوە و لەناوبردن و سەرکوتکردن و بەتورککردنی ئەرمەن ویۆنانی و کورد و نەتەوەکانیتر!

هەموو خەڵکی کەمێ ئاگادار بە مێژوو سەرسامی هیتلەر بە مۆسۆلینی فاشیست دەزانن، بەڵام کەم کەس ئاگاداری ئەو چیرۆکە نەوتراوەیە، کە هیتلەر تا سەرئێسقان سەرسامی ئەتاتۆرک بووە! بەڵکو دەڵێت ئەتاتۆرک مامۆستای من و مۆسۆلینیشە! ستیفان ئیهریگ لە کتێبی: ئەتاتۆرک لە ئەندێشەی نازیدا Ataturk in the Nazi imagination
ئەو چیرۆکی سەرسامییە بە دوورودرێژی باس دەکات.

هیتلەر هەر زوو لە ١٩٢٠وە دەڵێت ئەتاتۆرک ئەستێرەی گەشاوەی ئەوە لە ئاسمانێکی زۆر تاریک!
هەر لە ١٩٣٨ دەڵێت قوتابی یەکەمی ئەتاتۆرک مۆسۆلینی یە، و قوتابی دووەمی هیتلەرە منم!

ئەوەی سەیرە ئێستا لە ئەڵمانیا ناوهێنانی هیتلەر و ستایشکردنی نایاسایە و مرۆڤی لەسەر سزا دەدرێ، کەچی ئەو ئەتاتۆرکە فاشیستە بۆتە بتێکی بەردەوامی ناو سیاسەت و دەوڵەتی تورکی. ناکرێ بە بیانووی سێکیولاربوونی ئەو فاشیستە قبەڵ بکەین کە دەستی سوورە بەخوێنی ملیۆنەها کورد وئەرمەن و خەڵکانیتر. بەر لە هەموو کەسێک دەبێ سێکیولارە دیڤوکراتخوازەکان ئەو بتەی ئەتاتۆرک بشکێنن، ئەخر ناکرێ مامۆستای هیتلەر و مۆسۆلینی بە یاسا و دەستووریش پەسند بکرێت!

٢٠١٩/٤/١٥

# نەجیب مەحفوز چۆن باسی سەید قوتب دەکات؟!
# بەشی ١-٢

وەك زۆر لە بنەما و بیرورِا هەڵەکانیان، بنەمایەك هەیە لە نێو ئەهلی حەدیس دەڵێت: كلام الأقران يطوى و لا يروى! واتە قسەی هاوپیشەکان لەسەر یەکتری دەپۆشرێت و ناگێڕدرێتەوە! یانی ئەو کەسانەی هاوکار وهاوپیشە و هاوسەردەم بوون لە شوێنێکدا! بەڵام بەڕای من ئەو بنەمایە هەر لە بنەڕەتدا زانستی حەدیس هەڵدەوەشێنێتەوە، چونکە بۆ نمونە قسەی ئەهلی حەدیس دەرهەق ئیمامێکی گەورەی وەك ئەبو حەنیفە نابێت بە هەند وەرگیرێت، چونکە دەکرێت لە حەسەد و چاو پێ هەڵنەهاتن بە بلیمەتی ئیمام، یان لە تێنەگەیشتن لە ئاستی وتاری ئەودا وا بەو شێوەیە دابەزیوون بەسەری و نەوە دوای نەوەش چاولێکەریان کردوە! بەڕای من شتەکە ڕێژەییە،هەندێك جار: قسەی هاوپیشەکان لەسەر یەکتری دەپۆشرێت و ناگێڕدرێتەوە!

وەك لە نمونەی ئەبو حەنیفە باسمان کرد، هەندێك جاریتر: قسەی هاوپیشەکان لەسەر یەکتری دەگێڕدرێتەوە و داناپۆشرێت [كلام الأقران يروى و لا يطوى] ئەگەر زانیمان ئەو کەسەی قسەکان دەکات کەسێکی دادپەروەر و بابەتخوازە، بۆ نمونە بەڕای من قسەی حەزرەتی عومەر لەسەر خالید بن ولید یان ابو هريره زۆر گرنگترە لە هەزاران لاپەڕەی کە ئەو دوو کەسایەتیە تەقدیس دەکرێن. ببینە حەزرەتی عومەر چۆن مامەڵەیان دەکات وەك مرۆڤی ئاسایی و گوناهکەر وتاوانکەر، کەچی قوتابخانەی ئەهلی حەدیس دەیانفرێنێتە ئاسمانی تەقدیسکردندا! لەو بارەیەوە گەواهی نەجیب مەحفوز لەسەر سەید قوتب م لا زۆر گرنگ بوو، چونکە هێندەی من سەرنجم دابێت، نەجیب مەحفوز کەسێکی زۆر ڕاستگۆ و بابەتخواز و پیشەوەرە لە باسکردنی نزیکترین کەس تا دوورترین کەس، وە بە یەکێك لە ڕەخنەگرانی توندی سەردەمی جمال عبدالناصر دەناسرێت.

پەیوەندی نێوان سەید قوتب(١٩٠٦ –١٩٦٦ م ) و نەجیب مەحفوز(١٩١١ –٢٠٠٦م )، دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سییەکانی سەدەی پێشوو، بەڵام ئەو پەیوەندیە، بە پلە یەك پەیوەندیەکی ئەدەبی بوو، وەك نەجیب مەحفوز خۆی لە یاداشتەکانی باسی دەکات، و سەرەڕای یەکتر دیتنیان بە بەردەوامی، بەڵام هەرگیز ئەو پەیوەندیە نەچۆتە بواری ئینسانیەوە! سەید قوتب چاکە وفەزڵی لەسەر نەجیب مەحفوز هەبووە، بەوەی وەك ڕەخنەگرێکی تا ڕادەیەك ناسراو، یەکەم کەس بووە نەجیب مەحفوزی پێشکەشی خوێنەران کردوە لە ڕۆمانەکەی بە ناونیشانی كفاح طيبة، هەروەها لە دوای ئەوەشدا لەسەر ڕۆمانی خان الخليلي و القاهرة الجديدة ی نووسیوە بە شێوەیەکی پڕ لە حەماسەت وسەرنج ڕاکێش مژدەی لە دایک بوونی ڕۆمان نووسێکی گەورەی داوەتە خوێنەران، کە لە کۆتایشدا هەروا دەرچووا!

وەك هەمیشە سیفەتی حەماسەت ئاسای خۆی لە وەسف كردنی ڕۆمانی كفاح طيبة سەید قوتب بە جۆش وخرۆشەوە دەڵێت: ئەگەر بە دەست من بوایە ئەو چیرۆكەم دەخستە بەر دەستی هەموو كوڕ و كچێك، چاپم دەكرد و بڵاوم دەكردەوە لەسەر هەموو ماڵێك بە خۆڕایی!!
بێگومان نەجیب مەحفوز لە زۆر شوێن دا پێزانینی خۆی نیشان دەدات هەتا جارێكیان گووتی: كەسێك ئاوڕی لێ نەدەدایەوە، یەكەم كەس لەسەر منی نووسیبێت سەید قوتب بوو، ئینجا دوایی أنور المعدّاوي.. وەك دوو ئەدیبی لاو شتێكی نوێیان لا بوو، منیش گەنج بووم و شتێكی نوێم پێ بوو.

هەر لە یاداشتەكانی نەجیب مەحفوز دەڵێت: سەید قوتب یەكەم ڕەخنەگری ئەدەبی بوو كە ئاوڕی لە بەرهەمەكانی من دایەوە ولەسەری نووسی، لە ساڵانی چل دا، ئەوكات و سەردەمە ناسیم، كە سەید بە شێوەیەكی بەردەوام دەهات بۆ دانیشتن لەگەڵمان لە گازینۆی ئۆپرا..ئەو پەیوەندیەی كە دەیبەستینەوە زیاتر ئەدەبی بوو لەوەی مرۆڤایەتی بێت.

بۆیە ڕای نەجیب مەحفوزم لەسەر سەید قوتب پێ گرنگە، چونكە ئەو ئەدیبە بلیمەتە زۆربەی كەسایەتیەكانی لە ژیانی واقیعیدا هەڵبژاردوە و زۆر وریایانە و بلیمەتانە بە ناخیان دادەچێتە خوارەوە، لایەنی باش وخراپی كەسایەتیەكەی دەخاتە ڕوو، بێ گوێدانە نزیكی و دووری، دۆستی ونەیاری، ئایدیۆلۆژیا و و بیری ئەو كەسە. بۆ نمونە ڕەخنەگرێك دەڵێت: كەسایەتی "كمال أحمد عبد الجواد" لە "السكرية" دا هەر خودی نەجیب مەحفوزە، كە پڕە لە لایەنی نێگەتیڤ، و كەسایەتی السيد أحمد عبد الجواد [سی سەید] یش لە هاوسێیەكی خوازتوە، كە باوكێكی وا دیكتاتۆرو و توندوتیژ و پڕ هەڤدژی بووە!

لە [اولاد حارتنا] دەڵێن، ڕوخساری كەسایەتی باوك الجبلاوي، هەمان ڕوخساری باوكی خودی نەجیب مەحفوزی هەڵگرتووە لە ڕووی جدیەت و دیسپلین وعەقڵمەندی، هەتا چایخانەكانی ناو ڕۆمانەكەی خەڵكی ئەو ناوە دەیانناسیەوە لە ڕۆمانەكانی!
پاڵەوانی ڕۆمانی "السراب" لە كەسایەتیەكی هەقیقی دەوروبەری خۆی وەرگرتبوو بە ناوی حسین بدر الدين، كە گەنجێك بوو دەسەپاچەی سێكسی هەبوو، دایكی زاڵ بوو بەسەر كەسایەتیدا، دەرچووی كۆلێژی ماف بوو، دەوڵەمەند بوو، ئالوودەی تلیاك بوو و چووە زیندان، دەڵێن لە ڕێگای هاوڕێیەكی نەجیب مەحفوز زانیبووی كە ئەو چیرۆكەی ئەوی نووسیوە، ئەو كەسە كون بە كون بەدوای نەجیب مەحفوز دەگەڕا بۆ ئەوەی بیكوژێت! بە ناچاری ماوەیەك نەجیب مەحفوز خۆی شاردەوە!!

وەك ئاماژەم پێدا، نەجیب مەحفوز سەرەڕای پێزانینی بە پێشکەشکردن و ناساندنی سەید قوتب بە خوێنەران لە کتێبێکیدا بە ناوی [المرایا] کە لە ١٩٧٢ یەکەم چاپی کرا، کە بریتیە لە چیرۆکی چەندین کەسایەتی ئەدەبی و فیکری و سیاسی کاریگەر و گرنگ لە ژیانی خودی نەجیب مەحفوز و میسر بە گشتیدا، هەرچەندە نەجیب مەحفوز هەموویان بە ناوی هەقیقی خۆیان باس ناکات، جاروبار کەمێك گۆڕانکاریان بەسەردا دەهێنێت بۆ شاردنەوەی! بەڵام هەندێك لەو کەسایەتیانە لە کاتی خوێندنەوەی دەقەکەدا دەناسرێنەوە لەلایان خەڵکی شارەزا، هەندێکیان هەر نووسەر خۆی ئاماژەی بە ناویانی داوە، تێیدا زۆر بە بلیمەتانە باسی ڕەهەندی دەروونی وفیکری کەسایەتیەکانی دەکات.

لەوانەیە کەسانێك بڵێن نەجیب مەحفوز بۆیە بەو شێوەیە باسی سەید قوتبی کردوە چونکە ئیسلامی بووە، و خۆشی عەلمانیە، بەڵام هەر لە باسی کەسکی عەلمانی ناسراوی وەك محمود درویش ی شاعیری گەورەی فەلەستینی و عەرەبدا، کە هەر بەناوی خۆی پۆرترێیەکەی لەسەریدا نووسیوە، و زۆر تاڵتر لە سەید قوتب باسی دەکات، وەك کەسێکی گۆشەگیری، بێ هەستی ، ماستاوچی، واستەچی، هەلپەرست ، فاشیل لە خۆشەویستی، بەس خەریکی خوێندن، و دژی خەباتی قوتابیانی زانکۆ، تا ڕادەی تاوانبارکردنی بە ڕاپۆرت دان لەسەر هاوڕێیانی!!

لەگەڵ ئەوەشدا نەجیب مەحفوز زۆر خاڵی پۆزەتیڤی سەید قوتب باس دەکات لە ڕووی ئاستی فەرهەنگی و ئەدەبی ورەخنەیی سەید، بەڵام لە هەمان کاتدا باسی خاڵە نیگەتیڤەکانیشی دەکات وەك مرۆڤێکی توند لە تێروانینیدا بۆ مەسیحیەکانی وڵات، توند و هەڵەشە لە وەرگرتنی هەڵوێستدا کە سەر بە وەفد بوو، توندترین وەفدی بوو، کە بوە حزبی سەعدیەکان، توندترین سەعدی بوو، کە بووە ئیخوان سکەی شەمەندەفەری ئیخوانی بەرەو توندترین ڕێگا پاڵ دەنا، تا ڕادەی وەڵام دانەوەی بیروڕاکانی لەلایەن خودی مورشیدی ئیخوان هوزەیبی!
با بزانین نەجیب مەحفوز چۆن سەید قوتبی ناسیوە پۆرترێیەکەی وەك خۆی وەردەگێڕینە سەر کوردی:

# بەشی ٢-٢

با بزانین نەجیب مەحفوز چۆن سەید قوتبی ناسیوە پۆرترێیەکەی وەك خۆی وەردەگێڕینە سەر کوردی:

ئەو ئەمڕۆ وەك ئەفسانەیە، وەك ئەفسانەش لێکدانەوەی جیای بۆ دەکرێت. هەرچەندە من لە مامەڵەی برایانەی ڕێزدارانەم زیاتر لەو نەدیوە، بەڵام قەت هەستم بە ئاسودەیی نەکردوە لە بینینی ڕوخساری و تێڕوانینی تیژ و دوو چاوی زەق. من لە سالۆنی ئەدەبی دکتۆر ماهر عبدالکریم ناسیم لە ڕۆژگاری جەنگی جیهانی دووەمدا، ئەو کاتە تەمەنی سی ساڵ بوو، وەك مامۆستای زمانی عەرەبی کاری دەکرد لە قوتابخانەیەکی ناوەندیدا، جاروباریش بابەتی ڕەخنەیی لە گۆڤارە ئەدەبیەکاندا بڵاودەکردەوە یان شیعری کلاسیکی دەنووسی.

ئەو ئەزهەری بوو، هیچ شارەزای زمانێکی تری بێگانە نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا سەرنجی ڕاکێشام، وڕیزی خۆی لام سەپاند، بە بەهێزی لۆژیکی کاتێ گفتوگۆی دەکرد لەگەل کەسانێك کە ناسراو بوون بە فراوانی و قووڵی فەرهەنگ و ڕۆشنبیریان و شارەزایی زۆریان بە زمانە بیانیەکان، وەك دکتۆر ابراهیم عقل و سالم جبر و زهیر کامل. ئەو کەسێکی هێمن بوو زۆر پەیوەست بوو بە ئەدەبی گفووگۆ، هەرگیز بۆ جارێکیش نەمدیت توندی نیشان بدات یان هەڵچێت و یان لە بابەتخوازی لابدات، قەتیش لە ئاستی بەرزی ئەوان کەمتر دەرنەدەکەوت ڕۆژێك، دەتگووت هاوشانی ئەوانە بە هەموو مانای وشەوە، بۆیە قەناعەتم هێنا بە بیرتیژی و توانای گفتوگۆ و شارەزایی و زانیاری فراوانی، هەرچەندە هەموو ئیعتیمادێکی لەسەر کەلەپور [تراث] و کتێبی وەرگێڕاو بوو. هیچ گومانێکم نەبوو کە زیرەکتر بوو لە هەموویان، لە ابراهیم عقل و سالم جبر و زهیر کامل.

هەتا ڕەخنەکانیشی لە کتیبە مۆدێرنەکان لاواز و بێ ناوەرۆک نەبوون، بە بەراورد لەگەڵ ڕەخنەی کەسانێکی پسپۆری هەڵگری بڕوانامە پاریسیی و لەندەنیەکان، ئەگەر جیاوازیەکی وردیش لە نێوانیاندا هەبوو، تەنها بۆ چاوێکی وردبین ئاشکرا دەبوو. ڕۆژێکیان دکتۆر ماهر عبدالکریم دەربارەی پێی

گووتم :
-گەنجێکی بلیمەتە، جێگای داخە کە بۆ بەعسەی خوێندن نەنێردراوە.

دکتۆر ماهر عبدالکریم لەو کەسانە بوو کە قسەکانی بە بە تەرازوێکی زۆر هەستیار دەکێشا. هەرچەندە عبدالوهاب اسماعیل [مەبەستی سەید قوتبە] باسی دینی نەدەکرد، سەرەڕای خۆ نیشاندانی وەك کەسێکی مۆدرن لە بیرکردنەوە و پۆشاك و پەیڕەوکردنی لە ستایلی فەرەنسی لە نانخواردندا، و چوونی بەردەوامی بۆ سینەماکان، بەڵام کاریگەری دینی لەسەر ئەو و ئیمانی و بەلکو دەمارگرژی هەرگیز لە من شاراوە نەبوو. لەبیرمە نووسەرێکی لاوی قیبتی کتێبێکی پێدا کە چەندین وتاری ڕەخنەی ئەدەبی وکۆمەڵایەتی بەخۆگرتبوو، ڕۆژێکیان باسی ئەو ئەدیبە لاوەی بۆمن کرد لە قاوەخانەی الفیشاوي، و

گووتی:

-ئەو لاوە بلیمەت و ئاگادارە و هەستیارە و خاوەن شێواز و بیرکردنەوەی ڕەسەنە.

منیش بە بەرائەتەوە لێیم پرسی، خۆشم ئەدیبەکەم خۆش دەویست:

-دەی باسە کەی لەسەری دەنووسیت؟

زەردەخەنەیەکی نامۆی کرد و گووتی:

-چاوەڕوانبە، و چاوەڕوانیەکەت زۆر دەکێشێت!

-مەبەستت چییە؟

زۆر بە سووربوونەوە گووتی:

من بەژدار نابم لە بنیاتنانی قەڵەمێك، کە بەیانی دروست بوو هەوڵی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ ڕوشاندنی توراسی ئیسلامیمان بە هەموو شێوازێکی پڕ پێچ وپەنا.

منیش بە نارەزاییەوە لێیم پرسی:

-کەوابوو لەوە تێبگەم کە تۆ دەمارگرژیت؟ بێ باکانە وەڵامی دایەوە: هەڕەشەم لێ مەکە بەو کلێشانە، چونکە کار لە من ناکات.

-بەداخەوە بۆ ئەو هەڵوێستەت - سوودی نیە لەسەر ئەو بابەتە گفتوگۆ بکەیت لەگەڵ وەفدیەك [ئەندامێکی حزبی وەفد]، من ڕۆژێك وەفدی بووم، بەڵام با بەڕاشکاوی پێت بڵێم متمانەم بە غەیرە دینەکانی تر نییە!

ئەو بەڕاستی وەفدی بوو، دوایی لە وەفد جیابوەوە لەبەر دکتۆر احمد ماهر کە زۆر سەرسام بوو پێی. لە سەردەمی سەعدییەکا بەرزکرایەوە بۆ بۆ پایەی پشکنەر [مفتش]. چەند بێ سەبر ببو، ئارامی لێ بڕابوو بە هۆی کوشتنی احمد ماهرەر، دەتگووت هەمان ئەو گوللەیەی بەرکەوت کە بەر ئەو پیاوە کەوت و کوشتی! زۆر بە خەمەوە بە منی گووت - :مەزنترین پیاوی ئەو نیشتیمانە لە دەست چوو. ئەو گلەیی لە تەندروستی خۆی دەکرد هەر هەلی بۆ ڕەخسابا، بەو بیانوەش لە ڕەمەزاندا بە ڕۆژوو نەدەبوو، بەڵام باسی هەقیقەتی نەخۆشیەکەی بۆ کەس نەدەکرد، هەروەها لە ژیانیدا بایەخی بە ئافرەت نەدا، و هەرگیز ژنی نەهێنا، لەو بوارەوە زۆر ئەستۆ پاك بوو .سەرەڕای جدیەتی ڕەوشتی و هەڵمەتی ڕاستگۆیانەی لەدژی لادەرەکان، لایەنێکی بۆ من دەرکەوت کە قەت باوەڕم نەدەکرد ئەگەر بەخۆم لێیم نەدیتبا. ئەویش ئەوە بوو نووسەرێک هەبوو خاوەنی گۆڤارێك و چاپخانەیەك بوو، کە زنجیرەیەک کتیبی مانگانەی دەردەکرد عبدالوهاب زۆر بە سووك سەیری دەکرد و دەربارەی دەیگووت:

ئەگەر گۆڤاری خۆی نەبا کەس یەك وشەشی بۆ بڵاونەدەکردەوە. چەندە تووشی سەرسوڕمان بووم کاتێك وتارێکیم بینی لە گۆڤاری الرسالة دەربارەی خاوەن گۆڤارەکە کە بەرزی کردبووەوە بۆ حەوت تەبەقەی ئاسمان! نەمزانی چۆن ئەو شتە تەفسیر کەم، تا زانیم کە لەگەڵی پێك هاتووە بۆ بڵاوکردنەوەی کتێبێکی بە مە بلەغێکی باش کە هیچ نووسەری تر وەری نەگرتبێت! یەکسەر هەڵوێستی کوێرانەییم بیرکەوتەوە لە نووسەرە قیبتیەکە، زۆر بێزار وجاڕس بووم بە ئاشکراکردنی ئەو لایەنە هەلپەرستەی لە کەسایەتی ئەودا، بۆیە گومانم کەوتە ڕاستگۆیی و ئەمانەتی .لەوەو بەدواوە لە دەروونمدا جۆرێك لە نفوری بەردەوامم هەبوو بەرامبەری، سەرەڕای هاوڕێیەتیمان.

بەردەوام بوو لە کارکردن وەك پشکنەر و نووسەر هەتا وەزارەت کەوتەوە دەستی وەفد لە ساڵی ١٩٥٠، دوایی نارەحەت بوو لە مامەڵەکردنی لەلایەن وەزیری وەفدەوە، بۆیە نامەی دەست لە کارکێشانەوەی پێشکەش کرد، و خۆی دابڕاند بۆ کاری ڕۆژنامەگەری. لەو ماوەیەدا ناسراو بوو بە هێرشکردنی بەردەوامی بۆسەر حوکمەتی وەفد، لە هەمان کاتدا دەستیکردبوە نووسینی کتێبی هاوچەرخ دەربارەی ئایینی ئیسلام، کە بە شێوەیەکی بێ وێنە سەرکەوتنی بە دەست هێنابوو. ئەوەبوو شۆڕشی یۆلیۆی ١٩٥٠ هەڵگیرسا لە کاتێکدا ئەو سەرقاڵی هێرشکردنە سەر وەفد و بەرگریکردن بوو لە ئایینی ئیسلامدا، بەلایەنی کەمەوە دوو ساڵ تێپەڕی کەقەت یەکترمان نەبینی و هەواڵی تایبەتی لەمندا بڕا. ڕۆژێکیان لە سەردانی مامۆستا سالم جبر بووم و پێی گووتم :لەوەدەچێت بەوزووانە ئەستێرەی بەختی عبدالوهاب اسماعیل بدرەوشێتەوە ..

بە بایەخەوە لێم پرسی:

-مەبەستت چییە؟

-ئەو بۆتە موقەرەبەکان [نزیکەکانی دەسەڵات]

-وەك نووسەرێکی سیاسی یان وەک نووسەرێکی ئایینی؟

-بەڵکو وەك یەکیك لە ئیخوانی موسلمین.

بە سەرسوڕمانەوە گووتم:

-ئیخوان؟! بەڵام من دەمناسی وەك سەعدیەکی توندڕەو.

بە تەوسەوە گوتی:

-پاکی و بێ گەردی بۆ ئەو خوایەی گۆڕان دەکات و ناگۆڕێت!

دوایی لە پاش نزیکەی ساڵێك چاومان بەیەك کەوت لەبەردەم باری ئەنگلۆ زۆر بە گەرمی تۆقەمان کرد، پێکەوە بە دەم قسەوە هەنگاومان دەنا تا باسی شۆڕش هات، کاتێ زۆر بە تەحەفوزەوە گووتی: -شۆڕشێکی پیرۆزە، بەڵام زەحمەتە بزانیت چییان دەوێت..

لە قسەکانی هەستم بە تاڵاویەك دەکرد نهێنیەکەیم پێ هەڵنەهێنرا و نەشی درکاند .توانای پاراستنی نهێنیەکانی هەبوو کە بە دەگمەن ئەو توانایە لە ناو مسریەکان دەست دەکەوێت. پێیم گووت:
-زانیومە بوویتە ئیخوانی موسلمین؟

زەردەخەنەیەکی لێلی کرد و گووتی :

-هەر موسڵمانێك چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێت! اي مسلم عرضة لذلك!

-جێگای داخە کە تۆ وازت لە ڕەخنەی ئەدەبی هێنا.

بە دەم پێکەنینەوە گووتی:

-ئەی لەو ئاواتخوازیە جاهیلیانە!

لێرەدا جیا بووینەوە و هەستم دەکرد لە ئایندەدا پێك ناگەینەوە تەنها بە ڕێکەوت نەبێت لە ڕێگادا. لە یەکەم بەریەك کەوتی شۆڕش و ئیخوان دا یەکیك بوو لەو ئەندامانەی جەماعەت کە دەستگیر کران، پاش دادگایی کردن بە ١٠ ساڵ زیندان حوکم درا. ساڵی ١٩٥٦ ئازادکرا لە زیندان، پێمباش بوو سەردانی کەم بۆ پیرۆزبایی، چووم بۆ ماڵەکەی لە شەقامی خیرت. لە ڕاستیدا زۆر نەگۆڕا بوو، سەری سپی ببوو، وەك چاوەڕوانە بۆ هەر پیاوێکی تەمەنی پەنجا و حەوت و پەنجا و هەشت دا، کێشیشی زیادی کردبوو تا ئەو ڕادەیەی وا هەستم کرد تەندروستی لە جاران باشتر دیاربوو. پاش چاك وچۆنی، پرسیار کردن لە حاڵ و ئەحواڵ، ئەو هێستا وەك هەمیشە سەنگینی و ساردی دەماری دەگمەنی خۆی پاراستبوو، بەبێ پێشەکی هاتە سەر باسە گشتیەکان، و بەو پەڕی متمانەوە بیروڕاکانی دەردەبڕی..
-پێویستە قورئان شوێنی هەموو یاسا هاوەردەکان بگرێتەوە.

دەربارەی ئافرەتیش گووتی: پێویستە ئافرەت بگەڕێتەوە ماڵەوە، قەیناکا بخوێنێت، بەڵام بۆ ماڵ نەك وەزیفە، هیچی تیدا نیە کە دەوڵەت گەرەنتی مووچەیەکی بۆ بکات لە حالەتی تەڵاق یان لەدەستدانی بە خێوکەر.

بە توندی گووتی:

سۆشیالستی و نیشتیمانی و ژیاری ئەوروپی شتی پیس وقێزەونن، پێویستە لە دەروونمان دا ڕیسەکێشیان کەین..
زۆر بە توندی هێرشی کردە سەر زانست ، تا ئەو ڕادەیەی واقم ورما و لێیم پرسی:

-هەتا زانستیش؟!

-بەڵێ، ئیمە ناتوانین شتێکی ئەوتۆ لەو بوارە پێشکەش بکەین، ئێمە لەو بوارەدا پێشمان کەوتوون و هەر واش بە بە جێماوی دەمێنینەوە هەرچەندە هەوڵمان دا و تێکۆشاین، هیچ پەیامێکی زانستمان پێ نییە

پێشکەشی جیهانی بکەین، بەڵام پەیامی ئیسلام و تەنها پەرستنی خوامان هەیە، نەك سەرمایەداری و مادیەتی دیالەکتیکی....

زۆر گوێم بۆ ڕاگرت و بە سەرکوتکردنی هەڵچوونەکانم تا ئەرکی موجامەلە پێشێل نەکەم، دوایی

هەڵسام بۆ ڕۆیشتن ولێیم پرسی:

-ئەی چی دەڵێی دەربارەی ئایندە؟

-هیچ پێشنیارێکت پێیە؟

-بەڵێ پێشنیارێکم پێیە، بەڵام دەترسم نەفامی وجاهیلی بێت، ئەویش ئەوەیە بگەڕێیتەوە بۆ ڕەخنەی

ئەدەبی!

لەسەرخۆوە گووتی:

-ئۆفەرێکی کارکردنم پێگەیشتوە لە دەرەوەی وڵات.

-ئەی چیت بڕیاردا؟

-بیری لێدەکەمەوە ..

ماڵئاواییم لێکرد و ڕۆیشت. لە پاش تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر ئەو یەکتربینینە، ڕۆژنامەکان هەواڵی پیلانێکی نوێی تری ئیخوانیان بڵاوکردەوە، ئەو کاتە هیچم نەزانی دەربارەی چارەنووسی عبدالوهاب ئیسماعیل [سەید قوتب] کە پێموابوو وڵاتی جێهێشتووە بۆ کارکردن لە دەرەوەی وڵات. بەڵام هاوڕێم قەدری رزق بۆی دووپات کردمەوە کە ئەو دەستی لە پیلانەکەدا هەبووە، و بەرەنگاری ئەو هێزەی کردۆتەوە کە بۆ دەستگیرکردنی ڕۆیشتوون، لە ئاکامدا گوللەیەکی کوشندەی بەرکەوتوە و جەستەی بێ گیانی کەوتۆتە سەرزەوی١٨.

---

[١٨] المرایا، عبدالوهاب اسماعیل، ل ٢٥٧، نجیب محفوظ

# کێشەی نەوال سەعداوی و قەدەری بایۆلۆژی خۆی!

زۆر لە مێژە بەرلەوەی کوردستان بەجێ بهێڵم لە ١٩٩٥ نامیلکەیەکم لەسەر نەوال سەعداوی نووسی بە ناوی [نەوال سەعداوی و ئایدیۆلۆژیای ڕق] ئەوکاتە نە ئینتەرنێت و نە فەیسبوك و نەهیچیتر نەبوو، تەنها گۆڤار و رۆژنامە هەبوون، ئەویش بە هەزار حاڵ تا نوسینێکت بڵاو دەبووەوە. من ئەوکاتەش لەناو ئیسلامیەکان زۆر گفتوگۆم دەکرد لەسەر مافەکانی ئافرەت وبەزۆر لە بۆچوون و مامەڵە و چارەسەرەکانی ئیسلامیەکان بۆ کێشەی ئافرەت ڕازی نەبووم، بۆیە زۆر سەرسام بووم بە تێزەکانی شێخ محمد الغزالي، وتا ئێستاش پێموایە کەس بەقەد ئەو زانایە ڕاستگۆ وبە پەرۆش نەبووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئافرەت، وکەس لەناو بازنەی دینی ئیسلامی وا بوێرانە بەرگری سەرسەختی خۆی لە ئافرەتان نەکردوە و ڕەخنەی لە دەقەکان نەگرتووە، کە لە ڕێز وپایەی ئافرەت دادەبەزێنن!

زۆربەی کتێبەکانی نەوال سەعداویم خوێندبووەوە، کەمێکی نەبێت کە لە کوردستان دەست نەدەکەوتن، پاش ئەوەی چەند ڕۆمان وکتێبیکی تری نوال السعدوای م دەست کەوت، بڕیارم دا دیسان بیانخوێنمەوە و لێکۆڵینەوەکیان لەسەر بکەم، ئەوەبوو هەوڵەکەم ئەو نامیلکەیەی [نەوال سەعداوی و ئایدیۆلۆژیای ڕق] لێکەوتەوە، کە بێگومان لە ئاستی خواستی خۆمدا نییە، بەڵام بۆ ئەوکاتە کارێکی باش بوو، خەڵکێک بە تایبەتی لەناو زانکۆکانی سەلاحەدین و زانکۆیتر سوودیان لێ بینی. من لەو لێکۆڵینەوەیەدا سوودم لە کتێبێ جورج الطرابيشی وەرگرت بە ناوی [انثی ضد الانوثة] لەو کتێبەدا لە ڕۆشنایی زانستی شیکاری دەروونی جۆرج تەرابیشی کارێك بە نەوال سەعداوی دەکات با بە دەواری شڕی نەکردبێت !

لە نووسینەکەمدا من ویستم بیسەلمێنم کە جیهانبینی نەوال سەعداوی لەسەر بنچینەی کێشمەکێش و ڕق دا دامەزراوە، لە ڕووی سەراع وکێشمەکێشەوە نەوال سەعداوی تەبەنای تیۆری کێشمەکێشی مارکسی دەکات لە پەیوەندیدا لە نێوان پیاو وژن دا، کە مارکسیەت پێی وایە ئەو پەیوەندیە کۆنترین جۆری پەیوەندی نێوان چەوسێنەر وچەوساوەیە، وئافرەت لەو هاەکێشەیەدا ڕۆڵی چەوساوە و پرۆلیتاریای بینیوە، وپیاویش ڕۆڵی چەوسێنەر و بۆرژوا !بێگومان لە کێشمەکێشەش لە کۆتاییدا دەبێت لایەنێك سەرکەوێت، وگەیشتن بە تەبایی تێدا نییە، یانی کێشمەکێشێکی هەتا هەتایی لەناو یەکەی خێزاندا!

جۆرێکی تر لە کێشمەکێشی نەوال سەعداوی لەو ناتەبایەی نێوان قەدەری بایۆلۆژی خۆی وەك ئافرەت و قەدەری نەفسی خۆی لە نوسینەکانی ڕەنگ دەداتەوە، دەیان دەقم هێنابووەوە لە نوسینەکانی کە ئەو ئافرەتە ڕازی نییە بە قەدەری بایۆلۆژی خۆی کە وەك ئافەت خەڵقکراوە، ونایەوێت قەدەری کۆمەڵایەتی بگۆڕێت لە هەڵگرتنی ستەمەکە، بەڵکو دەیەوێت قەدەری تەشریحی و بایۆلۆژی خۆشی بگۆڕێت لە ئافرەتەوە بۆ پیاو! بۆیە بەرلەوەی ڕقی لە پیاو بێت، ڕقی

ئاڕاستەی پێکهاتەی تەشریحی ئافرەت دەکات، وله یەکیك له ڕۆمانەکانی کەوابزانم مذکرات طبیبة یە، کە باسی خۆی دەکات، لەبەردەم ئاوێنەیەك وەستاوە بە ڕووتی تەماشای جەستەی خۆی دەکات زۆر بە بێزراویەوە ودەڵێت، خۆزگە ئەو دوو مەمکەم بە چەقۆ ڕیشەکێش بکەم! لە سۆنگەی ئەو نارەزاییەی بە پێکهاتەی جەستەیی خۆی بە ڕاشکاوی دەڵێت کە چەندە ڕقی لە خوایە کە ئەوی وەك مێ دروستکردوە، و وەك براکەم دروستی نەکردووم!

ئەمڕۆ فێمنستی کوردیش تەبەنای ئەو وتارە توندڕەوەی فێمنستی کێشمەکێش وسڕینەوەی خێزان و سەراوژوورکرنی هەموو بەها کۆمەڵایەتیەکان دەکات، هەر بۆیەش هێمایەکی گەورەی ئەو ئاڕاستە پڕ کێشمەکێشەی بانگ کردوە بۆ کوردستان تا زیاتر لێی بەهرەمەند بێت! ئێمە لە کوردستان پێویستیمان بە زۆرترین بڕی تەبایی و پێکەوە ژیان و ئاسایش هەیە، ماندوو بووین لەو هەموو کێشمەکێشەی حزبی و تایفی وسیاسی و نیشتیمانی و ئەقلیمی و داعشیە، پێویستمان بەوە نیە ماڵەکانمان بکەینە چەقی کێشمەکێشەکان، چونکە کورد لە چاو میللەتانیتردا، زۆر کراوەتر و مایل بە هەقن ئەگەر لەو هەقە تێگەیشتن .پێویستە فێمنستانی کورد زیاتر فۆکەسی کار و وتەکانیان بخەنە سەر چۆنیەتی وەرگرتنی مافەکانیان نەك چۆنیەتی خۆشکردنی ئاگری کێشمەکێشی نێوان پیاو و ئافرەتان.

ئەوەی نەوال سەعداوی و فیمنستە سەرەڕۆکانیتری خۆرئاوا و کوردستانیش دەیڵێن، باوەڕناکەم لای هیچ ئافرەتێکی ئاسایی ساغ و پیاوێکی پیاو مایەی قبوڵکردن بێت، چونکە ئەگەر بە زۆر وبە فشاریش جێبەڤێ کرا، وەك لە سوید بۆ نمونە کراوە، ئەوە پیاوەکان ژنی وایان هەر ناوێت، و وەك پیاوەکانی سوێد دەچن لە وسیا و پۆلۆنیا وئەمریکای لاتینی ژن دەهێنن!

٢٠١٤/١١/٢٤

| بابەتەکان | لاپەڕە |
|---|---|
| **بەشی یەکەم هونەر و گۆرانی و مۆسیقا** | ٤ |
| تێڕوانینێک لە هونەری هەڵکەوت زاهیر دا | ٤ |
| لە بەدبەختی شێخ لەتیفی سەلەفی مێبازێکی وەك هەڵکەوت زاهیر بەرگری لێ دەکات! | ٩ |
| ماناکانی پشت پشتگیریەکانی هەڵکەوت زاهیر لە مەلا | ١٠ |
| و بانگخوازەکانی وەک لەتیف و ئەمجارە هەڵۆ! | ١٠ |
| زۆر دیندارە و زۆریش فاسیدە! | ١١ |
| کورد ئایدڵ ڕزگاربوونی کورد بوو لە عەرەب و تورک ئایدڵ | ١٣ |
| میللەتێکی بێ منەت لە سامانەکانی, شڤان و عەدنان بە نمونە! | ١٤ |
| بەرگرییە لە ماریا هەورامی یان؟ | ١٨ |
| هێشتا مەلا هەڵۆم پێ باشترە لە شارستێنی! | ١٩ |
| دیاردەی گەڕانەوەی هونەرمەندان بۆ دین! | ٢١ |
| هونەرمەندێکی ئیسلامییش ئافرەتی کوردی پێ دایناسۆرە! | ٢٢ |
| دەنگی ئەفسانەیی زیاد ئەسعەد لە نێوان شێرکۆ بێکەس و عەدنان کەریم دا!! | ٢٥ |
| تەلەفۆنەکەی زیاد ئەسعەد! | ٢٩ |
| هۆمەر دزەیی ئەو دەنگە ئەفسانەییەی یادەوەری منداڵیم | ٣١ |
| ئەو گۆرانیە مێژوویکە بۆ کورد | ٣٤ |
| مەلا دەشتی ئەو جارە بە گوێی مەلا مەزهەر بکە! | ٣٦ |
| کورد نەك شۆڤێنی نییە هەستی نەتەوایەتی زۆر لاوازیشە! | ٣٧ |
| میزاجی سەلەفییەت دژی هەموو ژیانە نەک هەر ماملێی مەزن | ٣٩ |
| ئەو عەقڵیەتە بۆگەنانەن قەبری ماملێ و عەلی مەردان دەشێوێنن! | ٤٠ |
| یوسف ئیسلام خۆزگە هەر گۆرانیبێژەکەی پێشوو بایت | ٤١ |
| چاکەتەکەی فوئاد ئەحمەد | ٤٢ |
| مەلا و ئەخلاق | ٤٣ |
| **بەشی دووەم**<br>**دراما و بەرنامەی تەلەفزیۆنی و سۆشیال میدیا** | ٤٤ |
| میدیای ئەڤین ئاسۆ وبە تورك کردنی خۆبەخشانە | ٤٤ |
| کەناڵی سپیدە وپەتای داعشیەت! | ٤٦ |
| ئەبو عەنتەر و دەسەڵاتی کوردی | ٤٨ |
| گاڵتەپێکردنی تەلەفزیۆنی بە کەسانی وەک سەباح پەرۆش و بێگەڵاسی! | ٥٠ |
| بۆچی زنجیرەی غرابیب سود ڕاگیرا؟! | ٥٢ |

| | |
|---|---|
| سۆشیال میدیای تەزویری کوردی! | ٥٤ |
| دوو ڕووەکان لە هەر کوێ بن یەک مەعدەنن! | ٥٥ |
| حیجاب و سفور پێوەری هەڵکشان و داکشانی ئیسلامیەکان! | ٥٧ |
| ڕەوشتی ئیسلامییەکان لە نێوان لەبەرکردن و داکەندنی حیجاب ونیقاب! | ٥٩ |
| هذا المساء یان هاککردنی مۆبایلی ئافرەتان! | ٦١ |
| تەرزە دراما! | ٦٢ |
| مامەڵەی عەرەب لەگەڵ سەرکردە ناعەرەبەکان لە مێژوو و دراما‌دا!! | ٦٤ |
| هەڵسەنگاندنێك بۆ الرسالة ئەو فیلمەی کە هەمووومان پازدە جار زیاتر دیومانە! | ٦٨ |
| بۆ زنجیرە تورکیەکان لە کەناڵەکانی MBC ڕاگیرا؟! | ٧١ |
| ماڵئاوا ئیمپراتۆری کۆمێدیا سەمیر غانم | ٧٢ |
| عەمرۆی بانگخواز و ڕێکلامی مریشکی بەهەشتی! | ٧٣ |
| میدیای تەمەڵی کوردی! | ٧٤ |
| بەشی سێیەم لە حزوری پەشێو وشیعر و شاعیران | ٧٥ |
| دەربارەی شیعرە نامۆکەی پەشێو بۆ بارزانی! | ٧٥ |
| دەربارەی شیعری [لە دەستم دێ] ی پەشێو و ئەو هەرایەی نایانەوە! | ٧٩ |
| ئێوە کێن بە پەشێوی مەزن بڵێن تۆ کێی؟! | ٨٧ |
| هەر ئەوەی بە پەشێو کرا سوکایەتی نەبوو! | ٨٩ |
| پەشێو دەربارەی شارچیەتی! | ٩١ |
| شەهادەی پەشێو | ٩٢ |
| پەشێو و کارە نەگریسەکانی سۆشیال میدیای کوردی | ٩٣ |
| بوەستن ئێوە لە حزوری پەشێودان | ٩٤ |
| ئەفسانەی پەیوەندی پەشێو لەگەڵ کوردستانی موکریانی! | ٩٧ |
| دەربارەی شیعرە قرتاوەکەی پەشێو بە دەستی ئیسلامی کورد لەسەر فەلەستین*! | ٩٩ |
| ئۆپۆزسیۆنی لەسەر شێوازی ڕەنج! | ١٠٦ |
| کەڵەشێرەکەی نەزار قەبانی | ١٠٨ |
| بمانبەخشن.. نەزار قەبانی | ١١٣ |
| مەحمود دەروێش وپاشگەزبوونەوە لە کوردستان! | ١١٥ |
| شێخ عائز قەرنی و قەسیدەکەی سەدام : بەدرۆخستنەوەیەکی درەنگ | ١١٨ |
| بۆ ئیمانییەکەی مەهاباد باشترە لە ئیمانی ساختەی فەرهاد! | ١٢٠ |
| سێ پیاوی شاعیر و ئەدیب و نووسەری کورد کۆڵەگەی ڕزگاری ئافرەتان بوون لە خۆرهەڵاتدا! | ١٢١ |

| | |
|---|---|
| بەشی چوارەم دەربارەی خوێندنەوەی چەند ڕۆمان و کتێب و نووسینێك | ١٢٣ |
| ڕۆمانی ماڵئاوا ئاسمان "وداعا ايتها السماء"ی حامد عبدالصمد | ١٢٣ |
| ئەو ڕۆمانە شاکارێکی هەولێریانەی فەرهاد پیرباڵە! | ١٢٨ |
| لێکۆڵینەوەیەکی گرنگی فەرهاد پیرباڵ | ١٣٣ |
| کەنیزەی ئەرمەنی کورد و کەنیزەی ئێزدی داعش لە ڕۆمانێکی فەرەنسیدا | ١٣٤ |
| لە خەوما و فەقیرانەی خزمانی شێخ! | ١٣٦ |
| ئەرمەن لە گێڕانەوەی عبدالرزاق بەدرخان دا ! | ١٤٢ |
| کەمال مەزهەر و فەرامۆشکردنی خوێنی ڕژاوی کورد! | ١٥٤ |
| کتێبی: کوردستان لە ساڵانی جەنگی جیهانی یەکەمدا | ١٥٤ |
| خانەی چاپەکانیش هەمیشە کورد بچوکتر دەکەنەوە! | ١٦٠ |
| کەسایەتی سەلاحەدین لای هادی العلوي لە کتێبی [الشخصيات غير قلقة في الاسلام] | ١٧٨ |
| نکوڵی بورهان غەلیۆن بیرمەندی حەداسەوی سێکیولار لە کوردستانی سوریا | ١٩٤ |
| شێخەکەی سەددام عائز القرني دزینی کتێبی لا تحزن! | ١٩٧ |
| ئەبدەیتی وتاری عائز قەرنی و دزینی کتێب! | ٢٠٢ |
| ئەتاتۆرک مامۆستای هیتلەر و مۆسۆلینی! | ٢٠٣ |
| نەجیب مەحفوز چۆن باسی سەید قوتب دەکات؟! | ٢٠٤ |
| کێشەی نەوال سەعداوی و قەدەری بایۆلۆژی خۆی! | ٢١٢ |

# تا ئێستا ئەو ژمارانە دەرچوون

# لە زنجیرەی دۆسێیە فەرهەنگی و فیکریەکان:

**ژمارەی دۆسێکان:**

**ئەندەلوس لە نێوان داگیرکردن و لێبوردەییدا ( ١ )**

**ئەزموونی سێکیولاریزم لە ئیسلامدا! جەلالەدینی ئەکبەر دامەزرێنەری یەکەم حوکمی سێکیولاری لە ئیسلامدا! ( ٢ )**

**ئەفسانەی مەسیحی دەجال و مەهدی ( ٣ )**

**پزیشکی پێغەمبەرایەتی و مەلا عەلی کەڵەك ( ٤ )**

**ئیبن تەیمیە سەلەفیەت و تەعریب ( ٥ )**

**ئیمام نەجمەدین تۆفی، هەوڵێکی تری سێکیولاری لە ئیسلامدا ( ٦ )**

**فەرهاد پیرباڵ: بەهلولەکەی دەسەڵاتی کوردی! ( ٧ )**

**کورد لە نێوان دۆزی فەڵەستین و ئیسرائیل دا! ( ٨ )**

**خەلافەتی عوسمانی لە شەریعەتەوە بۆ عەلمانیەت (٩)**

**عەبدلواحید خولانەوە لە بازنەی چەمکە سواوەکانی ڕابوونی سەلەفی ( ١٠ )**

**عەبدولڕەحمان سدیق ڕیفۆرم یان یاریکردن بە وشە؟! (١١)**

**دەتوانی هەموویان لە پێگەی کوردپیدیا دابەزێنیت لەگەڵ هەموو کتێبەکانی نووسەر لەو لینکەی خوارەوە:**
**https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=٢٠١٥٠٦٣٠٢٢٥٢٠٣١٢٤٦٥٩&lng=١**

## بەرهەمەکانی تری نووسەر:

- داعش کێیە و مەشروعیەتی لە کام سەرچاوە وەردەگرێت.
- نەورۆز و توندڕەوی سەلەفیەت
- ئەدیب و گزیری پۆلیس کێشەی ئەدەب وسیاسەت لە وڵاتە سۆشیالیستەکان .. وەرگێران.
- خوێندنەوەیەک: لە کتێبی ئەو (حەسەن البنا)یەی کە کەس نایناسێت
- ئافرەت لە نێوان سەرەڕۆیی فێمینیزم و توندڕەوی ئاینیدا.
- ئافرەتی کورد لەژێر هەژموونی گوتاری فیمینیزمی دا
- ئیسلامی سیاسی و فیگەرەکانی لە کوردستان و ئیسلامستان
- کوردستان لە پەنجەرەی غوربەتەوە
- دواهەمین داوای شەیتان...کۆمەڵە چیرۆک
- باوکانی سەلەفیەت دەروازەیەك بۆ سەلەفیناسی
- پەیوەندی شیعە و کورد لە ڕۆشنایی عروبەت و میللەتگەرایی
- مۆتەکەی تورکی لە ئەتاتۆرکەوە تا ئەردۆگان
- چەند باسێکی ئیسلامی سیاسی و کلتوری لە چەند دیمانەیەکدا
- میحنەتی خەلقی بوهتان سکانداڵەکەی عەبدوللەتیف سەلەفی
- گەندەڵستان؛ چیرۆکی ئەزمونێکی تێکشکاو لە باشووری کوردستان
- ڕابوونی مەرگ
- کوشتنی فەرەج فۆدە هەڵوەشانەوەی ئەفسانەی میانڕەوی ئیسلامی
- نەوەیەکی زێڕینی شۆڕش چەند یاداشتێك لە شۆڕشی هەنگاریای ساڵی ١٩٥٦ [وەرگێڕان]

هەموو کتێبەکان دەتوانیت لە سایتی کوردیپیدیا دابەزێنیت لەو لینکە:

http://kurdipedia.org/default.aspx?lng=٨&main=٢٠١٥٠٦٣٠٢٢٥٢٠٣١٢٤٦٥٩&qr=true&report=relateditems

# محەمەد هەریری



لە ساڵی ١٩٦٦ لە هەولێر لە دایکبووە. لە بواری نوسیندا بە "محەمەد هەریری" ناودێر کراوە. کۆلێژی ئادابی بەشی ئینگلیزی لەزانکوی سەلاحەدین تەواو کردووەو، لە ساڵی ٢٠٠٦ لە وڵاتی بەریتانیا ماستەری لە لە وەرگێڕانی زمانی ئینگلیزی بەدەست هێناوە.

* لە کۆتایی هەشتاکانەوە دەنوسێت لەسەر بابەتی سیاسی و دینی و فیکری و کۆمەڵایەتی.

* لەساڵی ١٩٩٥ کۆچی هەندەرانی کردووەو لە بەریتانیا نیشتەجێ بووە. سەرنوسەری روژنامەیەکی کوردی و گوڤارێکی عەرەبی بووە، بە کوردی و عەرەبی و جاروبار ئینگلیزیش دەنووسێت.

بە بەردەوامە لەنوسین لە رۆژنامەو ماڵپەرە کوردی و عەرەبیەکان، وەك نوسەرێکی کوردی سەربەخۆ خاوەن رای تایبەتی خۆیەتی لەسەر زۆربەی ئەو کێشانەی لە گۆڕەپانی کوردستان و جیهانی ئیسلامیدا روو دەدات.

* سەرەکیترین بواری نووسینی دەربارەی توندڕەوی دینییە لە کوردستان و جیهانی ئیسلامیدا بە گشتی، لەو بوارەدا سەدان وتاری بڵاوکراوەی هەیە. توندڕەوی دیینی بە تایبەتی سەلەفیزم بە هەموو فۆرمەکانیەوە. بەڕای نووسەر خوێندنەوەیەك و فکرێکی نامۆیە بە سروشتی دینداری کوردی، ڕاستە لە کۆنەوە کەمێك چەمکەکانی لە رێگای مەزهەبی شافیعیەوە هاتۆتە ناو کورد، چونکە پەیوەندی ئەحمەد و شافیعی وەك پەیوەندی مامۆستا و قوتابییە، هەتا دەڵێن ئیمام ئەحمەد کراسێکی شافیعی شۆردووە و ئاوەکەی خواردۆتەوە! لە کتێبی تاريخ الإسلام الذهبي: ابن خزيمة دەڵێت: "ئایە ئەحمەدی کوری حەنبەل جگە لە منالێك لە منالەکانی شافیعی زیاتر بوو؟"

بەڵام وەك ئەو لێشاوە سەلەفیەتە نەبووە کە جێگای مەترسی جیدی بێت لەسەر رووحیەتی دینداری کوردی. نووسەر پێی وایە دەبێت کورد ڕزگاری بێت لە هەموو فۆرمە ئیسلامە نامۆکانی عەرەبی و غەیری عەرەبی، خاوەن دیدو خوێندنەوەو فۆرمی تایبەتی خۆی بێت.

گرنگیەکی تایبەت دەدات بە دۆزی ئافرەت لە ئیسلام و کۆمەڵگای کوردیدا، تا ئێستا سەدان وتار و چەند کتێبێکیشی تایبەت کردووە بە دۆزی ئافرەتی کورد، کە پێی وایە کەوتۆتە نێوان بەرداشی توندڕەوی دینی و توندڕەوی هەندێ لە فێمنستەکان.

* هەروەها لە بواری ڕەخنەی سیاسیش دەنووسێت، بە تایبەتی لەسەر ئەزموونی دەسەڵاتی کوردی. نوسەر خەبات لە پێناو سەربەخۆیی کوردستان و بەرقەرابوونی دیموکراتیەت و مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی گەورە بە گشتی و کوردستانی باشوور بە تایبەتی دا دەکات.


A Series of Cultural & Intellectual Dossiers

Dossier Number: (12 )


















ئەو دۆسییەی بەردەستت کۆمەڵێ وتاری هونەری و ئەدەبین دەربارەی هەندێ لە حالەتەکان و دیاردە هونەری و ئەدەبییەکان نووسراوە، تیایدا وەك نووسەرێك ئەو بوارە گرنگانەی مێژووی میللەتەکەمان هەڵدەسنگێنم، بە تایبەتی لە سەردەمی ئەو گەندەڵستانە و جەنگەڵستانەی کوردایەتییەشێوێنراوەدا.

لە بواری مۆسیقا و هونەردا کەسانێکی ئاست نزم و نقووم بوو لە گەندەڵی دراوی و جەستەیی و چەژەیی، باڵیان بەسەر گۆڕەپانەکە کێشاوە، ڕۆژانە زەوقی هونەریمان لەناو دەبەن. دەیانەوێت ڕەسەنایەتی بە هونەر و ئاواز و مۆسیقای کوردی نەهێڵنەوە. لە بواری دراماشدا، ئەوە دەڵێم هیچ میللەتێك لەسەر گۆی زەوی مێژووی پڕ لە درامای جەرگبڕ نییە وەك کورد، کەچی کاتێك دێن بۆ بەرهەمهێنانی درامایەکی هونەری، سیناریۆ و ئەدا و نواندن و دەرهێنان لەوپەڕی پەڕپووتی خۆی دەنوێنێ، بە قەد منداڵێکی وڵاتانیتر نازانن نواندن بکەن!

بەشێکی کتێبەکەشم بۆ شیعر و شاعیران تەرخانکردووە، لە سەرووی هەموویانەوە شاعیری گەورەی بێ وێنەی کورد عەبدوڵڵا پەشێو، کە لە دەیان بۆنەدا بابەتم لەسەر نووسیوە، بە شانازیەوە وەك مامۆستایەکی ژیانی خۆمی دەزانم، وانەی خۆشەویستی گەل ونیشتیمان و زمان لەو فێربووم.

# Some Opinions About Art, Literature, Books & Writing

Written by: Mohammed Hariri

First Edition: May 2022

DESIGN : HADI HUNAR